دیوانی حریق

مه لاسالحی کوری مه لانه سروه لای زده یه

لیکولینه وه و لیکدانه وه

نه وزاد که لهور

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

التفسير

منتدى اقرأ الثقافي
---
www.iqra.ahlamontada.com

دیوانی حەریق

مەلا ساڵحی کوری مەلا نەسروڵڵای زێوەییە

لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی

نەوزاد کەلهور

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ
نوسینگەی تەفسیر

ناوی کتێب: دیوانی حەریق
لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی: نەوزاد کەلهور
چاپ و بڵاوکردنەوەی: نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن/هەولێر
نەخشەسازی ناوە: شنۆ حمدامین
خەت: نەوزاد کۆیی
بەرگ: ئەمین مخلص
نۆرە و ساڵی چاپ: یەکەم ١٤٣٢ك – ٢٠١١ز
تیراژ: ١٥٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردن (٨٠٨) سالی٢٠١١ پێدراوە

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر نوێنەی شیرین بڵاس
www.tafseer-pub.com
tafseroffice@yahoo.com
Mob:0750 460 81 22
Tel: 066 26 12 122

پێشەکی

حەریق ناوی مەلا سالح کوڕی مەلا نەسروڵڵای زێوییە، زێویە دێیەکە لە سورداش لە ناوچەی سلێمانی، پاڵی داوە بەلای رۆژهەڵاتی کێوی پیرەمەگرونەوە، مەلا نەسروڵڵای باوکی خەڵکی دێی کاشتەرە، کاشتەر و لۆن دوو دێن پاڵیان داوە بە کێوی شاهۆوە، کە کەوتووتە نێوان هەورەمانی لوهون و جۆانڕۆوە، مەلا نەسروڵڵا بە فەقێیەتی وڵاتەکەی خۆی بەجێهێشتووە لە پاشان بە مەلایەتی لە دێی زێویە گیرساوەتەوە و ژن دێنێ.

حەریقی شاعیر لە ساڵی ١٨٥١ز لە دێی زێوە لە دایك بووە، سەرەتا خوێندنی فەقێیاتەی لەلای باوکی دەست پێ دەکات پاشان دەچێتە سلێمانی و لە مزگەوتی شێخ مەحمەدی بەرزنجی درێژە بە خوێندن دەدات، پاشان دەچێتە قەرەداغ، لە بیارەش باسی (نیکاح) لە کتێبی (منهاج)ی نەوەوی لای شێخ حەیدەر دەخوێنێ، جارێکی دیکەش دەگەڕێتەوە سلێمانی و دوایش دەچێتە پێنجوێن (گەلنبەوی) لە زانستی مەنتیق دەخوێنێ لای مەلا عبدالرحمن ی پێنجوینی لەوێوە دەچێتە موکریان، ماوەیەکیش لەو ناوەدا بە فەقێیەتی دەسوڕێتەوە، پاشان رێگای دەکەوێتە خانەقای (شێخ بورهان) و لەوێوە دەکەوێتە داوی تەریقەتەوە و تەریقەت لە (شێخ یوسف شمس الدین) (شێخ بورهان) وەردەگرێت، پاش تەواوکردنی خوێندن دەبێتە مەلایەکی زانا و پایەبەرز و دەچێتە گوندی (ساحیب)ی ناوچەی سەقز و دەبێت بە مەلا و مودەریسی ئەو دێیە هەر لەوێش ژن دێنێت و خەریکی وانە گوتنەوە دەبێت.

لێکۆڵینەوە لە ژیانی و شیعری شاعیرانی کلاسیکی کارێکی ئاسان نییە، لەبەر ئەوەی گەلێك شتی سەیر و سەمەرە تێکەڵ بە ژیانیان کراوە، خودی شاعیرانیش نەیانکردووە بە خوو ژیانی خۆیان بنووسنەوە یاخود هەر هیچ نەبێت لە دامێنی هۆنراوەکانیان مێژووی دانانی شیعرەکانیان بنووسیبایە ئەوەش دەبووە یارمەتیدەرێکی باش بۆ لێکۆڵەرەوە، ئەوەی بۆ ئێمەش ماوەتەوە هەندێك دەستنووسە لە کاتێ خۆی شیعر دۆستان نووسیویانە، ئەوەش کە ماوەتە لەبەر بێ خزمەتی یاخود لە دەلاقە و پەنجەرەی مزگەوتەکان یاخود گەورە ماڵان ماوەتەوە و دلۆپە لێی داوە و یاخود لەبەر کۆنی پەڕەکانی رزیوون بە ئاسانی ساغ نابێتەوە.

دیوانی حەریق هەتا ئێستا سێ جار چاپ کراوە، جاری یەکەمییان لەلایەن کوردی مەریوانیەوە و لە ساڵی ١٩٣٦ لە بەغدا چاپکراوە، کە دەبێت ئەرك و ماندووبوونی کوردی بە هەند وەربگیرێ، چونکە توانیویەتی ئەو دیوانە لە فەوتان رزگار بکات، دڵنیام ئەگەر ئەوان نەبوونایە بەشێکی دیکەی شیعرەکانی حەریق لەناو دەچوون و نەدەگەیشتنە دەستمان لە هەمان کاتیشدا دەبێت ئەوەش بگوترێت سەردەمی شاعیر کە تێیدا ژیاوە لەگەڵ لەچاپدانی شیعرەکانی حەریق جیاوازییەکی زۆر نیە لە نێوانیان نزیکەی سی ساڵێك دەبوو، ئەگەر هەوڵی زیاتریان بدایە دڵنیام شتی راستر و دروستر لەسەر ژیانی ئەو شاعیرە بەدەست دەکەوت هەروەها بەرهەمی زیاتری ئێستا لە بەردەست دەبوو.

چاپی دووەمی هۆنراوەکانی حەریق لەلایەن مەحموود خاکی، چاپی دووەمی لەشاری کەرکوك و لە چاپخانەی (الجمهوریە) چاپ کراوە لەگەڵ پێشەکیەك لەلایەن محەمەد محەمەد رەشید نووسراوە، کە ئەویش بە

دەســتکاری کورتکردنــەوەی لــە کتــێبی (مێــژووی ئــەدەبی کــوردی) مامۆســتا علاالدین سجادی وەرگیراوە لەگەڵ پێشەکی دیوانی حەریقی چاپی ساڵی ١٩٣٨

ئەو چاپە هۆنراوەکانی بە پیتی ئەبجەدی ریز کردووە لە هەندێك شوێنیش هەندێك وشە لێکداوەتەوە وشەکانیش خوێنەری ئاسایی مانایان دەزانیت.

چاپی سێیەمی هۆنراوەکانی حەریق کە چەند هۆنراوەیەکی زیاتری لە خۆ گرتووە کە لە چاپی کەرکوکدا نیە، ئەو چاپە لەلایەن سەید نەجمەدین ئەنیسی لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە، لە بڵاوکراوەکانی (محەمەدی سەقز)یە لە ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی لە چاپ دراوە لە شاری مەهاباد.

سەید نەجمەدین ئەنیسی لەو چاپەیدا هەستاوە هەندێك لەو کەسانەی وتار یان بابەتیان لەسەر حەریق نووسیوە، ئەو کۆی کردۆتەوە لەگەڵ دیوانەکەدا بڵاوی کردۆتەوە (وەکو پێشەکیەکەی عەلاء الدین سجادی لە مێژووی ئەدەبی کوردی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، رەفیق حلمی، باخچەی شاعیران عبدول عزیم ماوەتی و عەبدلقادر ساڵح، حەریق ئەدەب و تەسەوف، جمال محەمەد لە گۆڤاری سروە، نووسراوی هێمن.

جگە لەوانەش لێکۆڵەرەوە سەید نەجمەدینی ئەنیسی هەستاوە ناونیشانی بۆ هۆنراوەکان داناوە جا نازانم ئەوەی لە خۆوە بووە یاخود ئەو دەستنووسەی پشتی پێوە بەستووە، ناونیشانی بۆ هۆنراوەکانی داناون ئەو لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە پەیڕەوی رێزبەندی هۆنراوەکانی نەکردووە بە پیت، بەڵکو تێکەڵاوی کردوون من بەش بە حاڵی خۆم نازانم چۆن چۆنی هۆنراوەکانی رێکخستووە لەسەر چ بنچینەیەك!

وە ئەگەر بێت و بەراوردێك لە نێوان چاپەکەی کەرکوك و مهاباد بکەین دەبینین لە هەندێك شوێندا جیاوازی بەرچاو دەکەوێت لە هەندێك وشە و هەروەها چوارین تیکەڵ بە هۆنراوە کراوە.

من لام وایە کۆمەڵێك شتی سەیر و سەمەرە تێکەڵ بە ژیانی حەریق کراوە، کە ئەو شتانە زیاتر لە ئەفسانە دەچن، بۆ نموونە سەید نەجمەدینی ئەنیسی دەڵێت (حەریق کاتێك لە دێیی قاراوەی ناوچەی بۆکان خەریکی مەلایەتی و دەرس گوتنەوە دەبێت و هەر لەم ئاوایی بە هۆی هۆنینەوەی چوارینەیەك سالح خانی ئیعزامۆل مولك ئاغای قاراوا کە کەسێك و پیاوێکی ساماندار و خاوەن دەسەڵات و دەست رۆیشتوو بووە ریشی دەتاشێت[1]. هەروەها هێمن دەڵێت (نازانم لە کوێ بەڵام لەسەر شیعرێك ئیمزامۆل مولك فیئودالی مەشهور ریشی لوس تاشیووە، ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی ببیتە سابلاغ و ببێتە مەلای مزگەوتی حاجی سەید حەسەنی خزمی خۆم[2]، هەروەها د. مارف خەزنەدار (دەڵێت جارێکییان بەشیعرێك یەکێ لە کوڕەکانی شێخ عوسمانی تەوێلە دادەشۆرێنی، ئاغای دێیەکە ناوی ئیمزامۆلرلك بووە بۆ ئەتك ریشی تاشیووە)[3].

من پێم وایە ئەو سێ کەسەی ئەو بەسەرهاتەیان گێڕاوەتەوە سەرچاوەکەی یەك سەرچاوەیە، بەڵام نازانم کامیان لە کامیان وەرگرتووە، چونکە هیچ کامێکییان دەستنیشانی سەرچاوەیان نەکردووە کە لە کێوە ئەو قسەیان وەرگرتووە لەلایەك و لەلایەکی دیکەوە قسەکەی سەید نەجمەدینی ئەنیسی کە

---

(١) دیوانی حەریق، لێکۆڵینەوەی سەید نەجمەدینی ئەنیسی، چاپخانەی مهاباد، لاپەڕە٢

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٦٥

(٣) د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی چوارەم، دەزگای ئاراس، لاپەڕە ٤٥٠

دەڵێت بەهۆی هۆنینەوەی چوارینەیەك لای هێمن کە دەڵێت لەسەر شیعرێك، ئێمە نازانین ئەو شیعرە یا ئەو چوارینە کامیە!

کە ئعیزامومولك ئەتکی کردووە وە هەروەها لە چوارینە بۆ کێی گوتووە!

کاتێك (د. مارف)یش دەڵێت بە چوارینەیەکی یەکێك لەکوڕەکانی شێخ عوسمانی تەوێلەی داشۆڕیوە ئێمە دەڵێن کامە چوارین و کام لە کوڕەکانی شێخ!

کاتێك خوێنەر دیوانەکەی حەریق دەخوێنیتەوە هیچ شیعرێك یاخود چوارینەیەك بەرچاو ناکەوێت کە بۆنی ئەوەی لێ بێت هێرش کرابێتە سەر کەسێکی ئەوتۆ کە ئەو کارەی بەرامبەر ئەنجام درابێت نەخوازەللا کەسێکی وەکو بنەماڵەی شێخ عوسمانی تەوێلە، چونکە هەموومان ئەوە چاك دەزانین کە حەریق سۆفی شێخ بورهان بووە، ئەویش خەلیفە و ڕێگاپێدراوی شێخ عوسمان بووە، کەواتە ڕێگای تێ ناچێت حەریق کارێکی ئەوتۆی ئەنجام دابێت، وە ئەگەر بگەڕێینەوە ڕەهەندە مێژووییەکەی سەردەمی حەریق کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتایی سەدەی بیستەم پیاوانی ئاینی بە تایبەتی مەلا پلەو پایە و شوینێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی دیار و بەرچاوییان هەبووە و شانیان لە شانی ئاغا و دەرەبەگ داوە یاخود بە مانایەکی دیکە بڵێین بنکەی جەماوەری خۆیان هەبووە، بۆیە کارێکی ئەوها ئاسان نەبووە ئەو ئەتکەی پێ بکرێت.

هەروەها د. مارف خەزنەدار دەڵێت (حەریق ئاشنایەتی لەگەڵ شێخی بورهان شێخ یوسف شمس الدین پەیدا دەکا و لە خانەقای ئەو دەمێنێتەوە و ئیجازەی تەریقەتی نەقشبەندی لە شیخی بورهان وەردەگری، ماوەی ژیانی

ساڵح لە خانەقا وەك ساڵیكێك بووە ساڵێك نابێت ژن بهێنێت، بەڵام ئەو بەدزی ژنی هێناوە، لەبەر ئەوە شێخ لە خانەقا دەری كردووە[١].

هێمن دەڵێت: حەریق لەخانەقا ماوەتەوە، لە كن شێخ ماقوڵ بووە، خەڵك رێزی لێ گرتووە، تا بۆتە مامۆستای تایبەتی كوڕەكانی شێخ، بەڵام هەوەسی پیاوانە و تەبعی شاعیرانەی حەریق ئۆقرەی لێ بڕیوە، نەیتوانیوە وەك سەید رەشید و مام سیف و مەلا حوسین و مام جەعفەر دیار مەمەد و كاكی شفەلی و مەحمود دوشا و وە دەیانی تر تا مردن بەڕەبەنی بژی و بێ ژن و هاوسەر هەڵكا، بەدزی شێخ ژنی هێناوە و ماڵی پێكەوە ناوە، دوژمنان لە هەموو دەور و زەمانانداا هەن، ئەم خەبەرە بە گوێی شێخ گەیشتووە و حەریقی لەخانەقا دەركرووە[٢].

دیارە حەریق زانایەكی ئاینی بووە، دەبێت ئاگاداری ئەوە بووبێت ژن نەهێنان لە ئیسلامدا نیە، نەك هەر ئەوەندە بەڵكو ژنهێنان یەكێكە لەسوونەتەكانی پێغەمبەر(ﷺ) كەواتە ناكرێت كەسێكی وەكو حەریق كە هیچ بیانوویەكی نیە و ژن نەهێنێ، هەروەها كەسێكی لەخواترسی وەكو شێخ یوسف شمس الدین چۆن دەبێت پیاوانی خۆی لەسەر ژنهێنان لە خانەقا دەربكات! بەگوێرەی سونەتەكانی ئیسلام دەبێت شێخ هاندەری ژنهێنان بووبێت، نابێت ئەوەش لە بیر بكەین كە شێخ یوسف شمس الدین زیاتر لە ژنێكی هەبووە.

پێغەمبەر(ﷺ) هانی لاوەكان دەدات و دەفەرموێت: (یا مَعْشَر الشَباب من إستطاع الباءه فلیَتزوج فانه أغض البصر وأحصن للفرح، ومَنْ لمْ یستطیع فعَلیهِ

---

(١) د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی كوردی، بەرگی چوارەم، دەزگای ئاراس، لاپەڕە ٤٥٠

(٢) سەید نەجمەدین ئەنیسی، دیوانی حەریق، چاپی مهاباد، لاپەڕە ٤٨.

بالصَوم فانه له وجاء)[١].

هەروەها لە فەرموودەیەکی دیکە دەفەرموویت (یا مَعشَرَ الشَباب مَنْ إستطاع منكم الباءه فليَتزوج، ومَنْ لم يستطيع فعليهِ بالصوم، فانه له وجاء)[٢]. دیسان لە فەرموودەیەکی دیکەدا دەفەرموویت: (جاء ثلاثة رهط إلى بيوت أزواج النبي(ﷺ) يسألون عن عبادة النبي(ﷺ) فلما أخبروا كأنهم تتالوها، فقالوا: وأين نحن من النبي(ﷺ)؟ قد غَفَرَ له ما تقدم من ذنبهِ وما تأخر، قال أحدهم: اما انا فأني أجُلى الليل أبدا، قال آخر: أنا أصوم الدهر ولا أفطر، وقالَ آخر: أنا أعتزل النساء فلا أتزوج أبداً، فجاء رسول الله(ﷺ) فقال: أنتم الذين قلتم كذا كذا؟ اما والله اني لأخشاكم لله وأتقاكم لله وأتقاكم له، لكني أصوم وأفطر، وأصلي وأرقد، وأتزوج النساء، فمن رغب عن سنتي فلَيسَ مني)[٣].

حەریقی شاعیر لە ماوەی ژیانیدا، ژیانێکی سوفیانە و هەژارانەی رابووواردووە بە بەڵگەی ئەوئەی جارێك داوای گوێدرێژ لە مەلا ئەحمەدی لاسور ئەکا، دیارە ئەویش نایداتێ، کەواتە شاعیر خاوەنی گوێدرێژیش نەبووە.

لە عوزرا بوو مەلا بۆیە جوابی دا وتی نایدەم
وولاخ دەس ناکەوێ چش، سا چاکە هەر پیادەم

شاعیر لە ساڵی ١٩٠٧ لە شاری مهاباد و لە تەمەنی ٥١ ساڵیدا کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی مەلا حاجی دەنێژرێت.

---

(١) صحيح البخاري، للإمام أبي عبدالله البخاري، دار صادر، الطبعة الأولى، ٢٠٠٤م، ص٩٣٢
(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو.
(٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

هونەری شیعری حەریق

حەریق یەکێك بووە لە شاعیرانی کلاسیکی لە کوردستانی باشوور، هەروەکو هێمنی شاعیریش دەڵێت حەریق یەکێك لەو شاعیرانەی باشوور کە توانی شیعری کلاسیکی کوردی باشور بگوازێتەوە بۆ کوردستانی رۆژهەڵات و یاخود نوێنەری شیعری کلاسیکی کوردییە لە کوردستانی رۆژهەڵات.

شاعیر بەوپێیەی شاعیرێکی کلاسیکییە پەیڕەوی ئەو رێبازەی کردووە لە رووی کێشەوە، زۆربەی شیعرەکانیشی لەسەر کێشی هەزەجە کە رەنگبێت زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی کوردی لەو بەحرە هۆنراوەی زۆریان گوتبێت، هەروەها شاعیر لە رووی کێشەوە پەیڕەوی شیعری کلاسیکی کردووە، هەموو شیعرەکانی یەکێتی قافیەی تێدایە.

بەڵام دیسانەوە گەر سەیری دیوانەکەی بکەین هەموو پیتەکانی زمانی عەرەبی تێدایە نیە، هەروەها پیتەکانی کوردی کە بریتین لە (پ، چ، ژ) بەرچاو ناکەوێت.

گەرچی حەریق تەمەنێکی زۆری نەبووە، هەموو٥٦ ساڵ ژیاوە، بەڵام گەر بەراورد بکەین تەمەنی لەگەڵ شیعرەکانی کەم دێنە بەرچاو، رەنگبێت بەرهەمێکی زۆری فەوتا بێت نەگەیشتبێتە دەست ئێمە، لێکۆڵەرەوەکان باس لەوە دەکەن حەریق بەزمانی کوردی و فارسیو عەرەبی هۆنراوەی گوتوە، دیارە ئەوەش بەدوور نازانرێت، چونکە شاعیرانی سەردەمی حەریق و پێش ئەویش زمانی عەرەبی و فارسییان زانیوە ئەوەش لە رێگای پرۆگرامەکانی خوێندیناوە لەلایەکی دیکەشەوە شاعیرانی هاوچەرخی ئەو شیعرییان بەو سێ زمانەوە گوتووە و جار جاریش بە زمانی تورکیش هۆنراوەیان هۆنیوەتەوە،

بەڵام بەداخەوە حەریق جگە لە زمانی کوردی هیچ بەرهەمێکی بە زمانەکانی دیکە لەبەردەستی ئێمەدا نیە.

گەر بێت و شاعیر بەراورد بکەین لەگەڵ شاعیرانی سەردەمەکەی خۆی ئەوە بەرچاو دەکەوێت لە وشەکانی حەریق سوکتر و ئاسانترن لە شاعیرانی دیکە کەواتە دەتوانین بڵێین ئەوەی شاعیر لە ئەوانی دیکە جیا دەکاتەوە ئەوەیە ئەو وشانەی ئەو بەکاریهێناوە سوکترن لە شاعیرانی دیکە.

من لام وایە کە چ شاعیرێك هێندەی حەریق لە (نالی)یەوە نزیك نەبووە، یاخود بە مانایەکی دیکە بڵێم شیعری حەریق لە هەموو شاعیرەکانی دیکە زیاتر بۆنی شیعری نالی لێوەدێت رەنگبێت ئەوەش جۆرە شانازی کردنێك بەخۆی کە دەتوانێت وەکو نالی شیعر بڵێت.

بۆ نموونە نالی دەڵێت:

ئەی تازە جەوان! پیرم و ئوفتادە و کەوتووم
تا ماوە حەیاتم
دەستی بدەرە دەستی شکستەم کە بەسەرچووم
قوربانی وەفاتم
تۆ یوسفی نەو حوسنی لەسەر میصری جینانی
من پیرم و فانی
لەم کولبەی ئەحزانە زیندووم و نەمردووم
هەروا بە تەماتم[1].

---

(١) دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و فاتح عبدالکریم

حەریقی شاعیر لە غەزەڵێکدا لەسەر کێشی ئەو شیعرەی نالی دەڵێت:

ئەی حضری رەهی روحت ساکینی قـەعری زوڵمـاتم
سـەرمایەی سـەودا کـە دەڵـێن زوڵفـی دونایـە
هەرپێچشـی تـایێکی صـەد ئاشـووبی تیایـە
بیـدە بـە دڵـم، شـیفتە بـۆ شـیفتە چـاکە...
بیخـەملم، ئـەو قەیـدە بـە دێوانـە ڕەوایـە[1].

حەریق دەڵێت:

ئـەی خضري رەهـی زولمـەتی نێـو ئـاوی حـەیاتم
بـێ شەمسـی روخـت سـاکینی قـەهری زوڵمـاتم
ئەفسـوردەیی سـەرمایی حـوزورز شـەهواتم
رەنجیـدەو ئـازوردەیی دەسـتی خەتـەراتم

ئەو کاتەی ئەحمەد پاشای بابان میری بابانەکان بووە لە شاری سلێمانی، بە پێویستی زانیووە دەستەیەك لە سەربازی هەبێت بۆ پاراستنی ئەمارەتی بابان، بۆیە هەستاوە بە ڕێکخستنی سوپا کە لەلایەن گەنجانی ئەو شارەیێك هاتبوو، نالی گەلێك بەو تاقمە مومتازە دڵخۆش دەبێت و دەڵێت:

ئـەم تاقمـە مومتـازە کـەوا خاسـیەیی شـاهن
ئاشـووبی دڵـی مەملەکـەت و قـەلبی سـوپاهن
سەف سەف کە دەوستن بە نـەزەر خـەتتی شـوعاعن
حەلقەکـە دەبەسـتن وەکـو خەرمانـەیی مـاهن

---

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

حـەریق هەسـتاوە لەسـەر هـەمان کێش و قافیـە بـۆ قوتابیـانی قوتابخانـەی روشدیە هۆنـراوەیەکی نووسیوە کە شان بە شانی نالی دەدات:

ئەم تاقمە شـیرینە لـە مەکتـەب کـە دیـارن
جـەللادی دڵـی عالـەم و ئاشـووبی دیـارن
شیرین سەنەم و دڵبـەر و فـەتتان و عـەیارن
خاڵی لە خەلەل جوملە وەکو نەقـدی عـەیارن

حەریق هەر بەوەندە نەوەستاوە، بـەڵکو لـە قەسـیدەیەکدا بەرپەرچـی نـالی دەداتەوە عەشقی مـەجازی رەت کردۆتـەوە، قەسـیدەکەی نـالی لەسـەر بـەحری (هەزەج)ە، نالی لەو قەسیدەیە ستایشی کچ دەکات، بـەڵام بـە پێچـەوانەی نـالی، حەریق ستایشی کوڕ دەکات.

نالی دەڵێت:

عیشقت، کە مەجازی بێ، خواهیش مەکە ئـیلا کـچ
شیرین کچ و، لەیلا کچ و سـەلما کـچ و عـەزرا کـچ
فەرقی کوڕ و کچ ڕوشن، وەک فەرقی مەهـ و میهرە
ئەم فەرقی شەو و ڕۆژە وەک فەرقە لە کوڕ تا کچ

وەڵامەکـەی حـەریق لەسـەر هـەمان کێشـی هەزەجـە، لـە رووی ناوەڕۆکـەوە پێچەوانەی (نالی)یە کە کچی کردووە بە عەشـقی مـەجازی و کـوڕیش عەشـقی حەقیقی.

حەریق دەڵێت:

عیشقت کـە حـەقیقی بـێ تالیـب مەبـە ئـیلا کـوڕ
هەم حـەزرەتی لـەولا کـوڕ هـەم یوسـفی والا کـوڕ

ئەو نورە کە مەنشەءبوو بۆ عاشقی مەبدەءبوو
تێفرکە لە ئەو نوورە مەعلوم و هووەیدا کوڕ
عیشقێ کە بە قووەت بێ مائیل بە مرووەت بێ
نەمدیوە کە تاڵیب بێ ئیلا کە تەڵەب کا کوڕ

لە سەرەتا هۆنراوەی ئومێدا بە شیعری دڵداری دەستی پێ کردووە، کاتێك دەگاتە خانەقای شێخ بورهان ئاڕاستەی شیعری دەگۆڕێت بەرەو سۆفیزم، ئیتر پشت لە لایەنەکانی دیکەی شیعر دەکات و تاوەکو رۆژی کۆچی دوایی کردنی خۆی یەکلا دەکاتەوە بۆ شیعری ئاینی و سۆفیزم، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت کەم بەرچاو دەکەوێت هۆنراوەیەکی ئاینی بۆ کەسێك گوتبێ، بەڵکو لەناو هۆنراوەکەدا باسی لە گەورەیی و خۆشەویستی کەسانێك دەکات وەکو خۆشەویستی پێغەمبەر(ﷺ) و شێخ بورهان.

شاعیر شانازی بە خۆیەوە دەکات هاتۆتە مەیدان کە کێ دەتوانێت شان لە شانی بدات:

بێرەمەیدانی فەساحەت ئەسپی خۆت لێگدە حەریق
تا بزانم کێ بە شیعرت سوحبەت و یاری ئەکا؟

هەروەها لە رووی رەوانبێژییەوە حەزی لە جیناس و وشە ئارای کردووە وەکو:

هەوری خەفەتە بەفری غەمی داوە بەسەرما
یا سەرسەری دوریتە کە لێی کردمە سەرما
گاهێ بە شەراڕەی غەم و گەهە سەرسەڕی هیجران
خۆشی نەبوو بۆ من نە بە گەرما نە بە سەرما

لە نێوان هەردوو (سەرسەر) یەکەم و دووەم و (بەسەرما) یەکەم و دووەم جێناس هەیە لە نێوانیان.

یاخود:

مەنوارە بە ظاهر کە بەبێ قووتم و رووتم
رووتی و قووتی خەیاڵت غەزەلی چاکە لە بەرما

هەروەها:

حوزنی من و حوسنی تۆ ئەشکالە تا ئاخر نەفەس
بوچ زەکاتی حوسنی تۆ یا حوزنی من ناگا بە کەس

لە رووی تەشبیهەوە شاعیر دەڵێت:

برهان وەکو کەنعان شەرەف کەند لەمصر بوو
کردت بە مەدینەی ئەمەل و کەعبەی غایەت

لە نێوان بورهان و کەنعان هەروەها شەرەف کەند و مصر، هەروەها لەف و نەشردا دەڵێت:

چۆن ئەکەی مەنعی دڵی من تۆ لەشەهدی لێوی خۆت
لێوی تۆ وەک شەکرستان و دڵی من وەکی مەگەس

هەروەها :

قوریت سبەبی بوعدە لە یار و لە دیارم
رازیم بە جەف گەر وەفاییە دیارم

لە رووی تەناسوبەوە شاعیر دەڵێت:

خودا عومرت بدا باقی وەرە ساقی بدە راقی
کە تۆ هەمرازمی مەی بێنە تۆ دەرمانی دەردانم

پیتی (أ)

بەناوی خوای گەورە

عاشقی سەر و قەدت قومری صفت زاری ئەکا
رووی گوڵی تۆ بلبلی دڵ فێری غەمخواری ئەکا[1].
خۆت وەکو سولطان و چاوت حاکم و بڕۆت شمشێر
تیری مژگانت وەزیرە مەشقی خونخواری ئەکا[2].
کەوتە نیو ظلماتي زوڵفت دڵی ئەسکەندەرم
خضري زیندە ماچی لێوت دێ رزگاری ئەکا[3].

---

(١) قومری= کوکوختی باڵندەیەکە وەکو کۆترە، زاری ئەکا=ناڵە و گریان واتە هەر کەسێك عەشقی سەروی قەد و باڵای تۆ بێت، قومری ئاسا هەردەم ناڵە و گریانیەتی، دەم و چاوی تۆ وەکو گوڵ وایە، هەر کەسێك بیبینێت دڵی بۆت دەچێت هەردەم غەم دەخوات و کاتێك لێت دوور بکەوێتەوە.

(٢) خۆت وەکو سوڵتانی فەرمان دەردەکەی، چاوەکانیشت هەروەکو حاکم وانە بڕیار دەردەکەن وبڕۆکانیشت شمشێرە فەرمانەکانی چاوت جێبەجێ دەکات، مووی برژانگەکانیشت وەکو وەزیرن فێری خوێنڕشتنیان دەکات.

(٣) ئەسکەندەری مەقدونی کوڕی فلیب لە ساڵی (٣٣٦)پ. ز بۆتە پاشا و لەساڵی (٣٢٣)پ. ز مرد، ئەسکەندەر لە تەمەنی(٢٠) ساڵیدا لەپاش مردنی باوکی بووە بە پاشا، زیرەك و شارەزایی زانستەکانی سەردەمی خۆی بوو، ورەی بەرز و بە توانا بوو لە بەهاری ٣٣٤پ.ز دا بە لەشکری (٤٠) هەزار سەربازیەوە بە مەبەستی داگیرکردنی ئێران کەوتەڕێ.
لە هلسپوت (داردنیل)ەوە تێپەڕی بەرەو ئاسیای بچووك، لە کەناری خەلیجی ئەسکەندەرۆنە لەگەڵ سوپای ئێراندا کەوتە جەنگەوە و سەرکەوت، لەپاش ئەمە داریووشی سێیەم داوای ئاشتی کرد، بەڵام ئەسکەندەر بەوە رازی نەبوو، دوای ئەوە سوریا و میسری داگیر کرد، لە پاش ئەوە گەڕایەوە کەوکامیل نزیك هەولێر جەنگێکی سەختی لەگەڵ لەشکری داریوش کرد دووبارە سەرکەوت، دوای ئەوەی هەموو ئێرانی داگیر کرد و خۆی ناونا شاهنشای ئێران کچی داریۆشی مارە کرد، ئینجا بەرەو هیند رۆیشت تا (بەنجاب) لە

ساڵی ٣٣٤ پ ز گەڕایـەوە ئێـران و دوای ئـەوە نـەخۆش کـەوت و لـە تەمـەنی ٣٢ سـاڵیدا لەکۆشکی (نەبوکەس نەسر) لەبابل مرد و تەرمەکەیان برد بۆ ئەسکەندەرییە.
ئەسکەندەر بووە هۆی بڵاوکردنەوەی شارستانیەت و زمانی یۆنانی لە رۆژهەڵاتدا، و پـتر لـە (٦٠) شاری لە ناوچە جیاجیاکاندان بەناوی ئەسکەندەر دروست کـرد. (فەرهـەنگی دیـوانی شاعیران (نالی–سالم–کوردی) د. محمەد نوری عارف، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٩، ل٥١
خضري زیندە، کۆمەڵێ لە زانایان باوەڕییان وایە کە ئەو بەندە مەشهورە بە (خضر) و، بـە گوێرەی ئەوەی لە حەدیسەوە دەرئەکـەوێ، بـە تایبـەتی ئـەوەی کـە بوخـاری غـەیری ئـەو ریوایەتیان کردووە لە حەزرەتەوە(ﷺ) ئەو بەندە کاتێك دائەنیشت لەسـەر عـەرزی سـاف سپی گیای لێ ئەڕوا و سەوز ئەبوو، جا لەبەر ئەوە بوو ناونرا بە (خضر).
گەلێك لە زانایان لەسەر ئەوەن کە ئەو زاتە (نبی) بووە، واتە خاوەن شەریعەت بووە بـەڵام بۆ خۆی و فەرمانی گەیاندنی بە خەڵکی پێ نەدراوە، بە چەند بەڵگەیەك:
١–خودا دەفەرمووێ ﴿ءَاتَيْنَٰهُ رَحْمَةً مِّنْ عِندِنَا﴾ و رەحمەت پایەی نبوەت)ە.
٢–خودا دەفەرمووێ ﴿وَعَلَّمْنَٰهُ مِن لَّدُنَّا عِلْمًا﴾ وە عیلمی لدنی کە بـە واسـیتەی مامۆسـتاوە نـەبێ هەر عیلمێکە کە بەوەحی خودایی بێ ئەویش بە (نبوەت)بێ.
٣–حەزرەتی موسا داوای لێ کرد ببێ بە تابیعی ئەو، وە هەرکەسێ کە پێغەمبەرێ تابیعـێ بـێ ئەبێ بە پێغەمبەر بێ.
٤–ئەگەر خضر پێغەمبەر نەبووایە بە موسای نەئەفەرموو ﴿ وَكَيْفَ تَصْبِرُ عَلَىٰ مَا لَمْ تُحِطْ بِهِۦ خُبْرًا ﴾.
٥–لەکاتی بەیانی کردەوەکانی خۆی خضر فەمووی ﴿وَمَا فَعَلْتُهُۥ عَنْ أَمْرِى﴾ واتە بـە ئـەمری خـودا ئەمانەم کردووە.
٦–ریوایەت کراوە کاتێ موسا پێی گەیشت و فەرمووی (السلام علیك) وەڵامی داوە و فـەرمووی (وعلیك السلام یا نبی بنی اسرائیل) جـا موسـا فـەرمووی چـۆن ئـەزانی مـن پێغەمبـەری بـەنی ئیسرائیلم؟ ئەویش فەرمووی ئەو کەسی تۆی ناردووە بۆ لای من پێی وتووم کە تۆ پێغەمبـەری بەنی ئیسرائیلی.
وە زۆریش لە زاناکان فەرموویانە ئەو بەندە کە مەشـهورە بـە خضـر (نـبی) نـەبووە بـەڵکو وەلی و دۆستی خودا و پیاوێکی خاوەن پایە و مایەی رۆحی بووە، چـونکە ئایـەتی قورئـان نەصە لەوەدا کە ئەو زاتە خاوەن رەحمەت بووە لەلای خوداوە لە عیلمی (لـدنی)دا بەشـدار بووە ئەمە بە قەتعی مەعلومە.
بەڵام پلەی پێغەمبەریتی بەڵگەیەکی بـەهێزی لەسـەر نییـە و ئەصـل (عـدم نبـوە)ەوە ئـەو بەڵگانەش کە گێراونەتەوە لەسەر پێغەمبەریتی خضر ئەو نەتیجە نادەن، چونکە رەحمـەت

مـن بـه میزانـی طبیعـت گەوهـەر ئەفرۆشـم دڵـم
وا لەشـامی زوڵفـی تـۆدا کسـبی عگـاری ئـەکار[1].

گەلێ مەعنای هەیە وەکو (نبوە)و (ولایە)و (علم)و (کەرامەت)و حورمەت و غەیر ئەمانە لە صیفاتی بە نرخ و قیمەت.

﴿وَمَا فَعَلْتُهُۥ عَنْ أَمْرِى﴾ موجیب نییە بۆ (نبوە) بەڵکو مەعنای ئیلهام لەوێدا بەهێزترە، وە فەرموودەی (وکیف تصبر) دەلیل نییە لەسەر نبوەت، چونکە گەلێ لە ئەولیای خاوەن پایە بە جۆرێ مەستی نوور و رەحمەتی خودان تەوانایان نییە بە دەقیقە لە یادی خودا دەرچن، وە لە خودا بەولاوە کەسیان لەبیر نیە و بێجگە لەخودا گوێ بە هیچ کەس نادەن، وە زیادە لەمانە لازم ناکا هەرکەسێ (نبی) بێ هەموو شت بزانێ، لەوانەیە یەکێ لەئەولیا (مختص) بێ بە گەلێ زانیاری و گەلێ کاروباری کە ئەوانە هەر لای ئەوبن و بەس کەواتە حەق وایە لە (ولایە) بەولاوە پایەکی تر بۆ خضر دانەنرێ بەوەی بناسرێت.

باسی ئەوەی خضر ئێستە ماوە یا مردووە؟ وە تا کۆتایی دنیا نامرێ بۆیە پێی ئەڵێن: خضري زیندە...ئەوە وەکو بازێ لە زاناکان فەرموویانە زۆر ئەبێ بەهۆی سەرسام بوون و دامانی ئینسان، چونکی ئیعتباری ویلایەت بۆ کەسێ و دەوامی ژیانی لە دونیادا یا نەمانی نە لە ئەصلی دینە و نە لە فەرعی دین و نە لە ئیسپاتیا سوودی هەیە نە لە بوونیا زیانێ ئەگا بە قەواعیدی دین.

کەوایە داخستنی دەرگای ئەم باسانە گەلێ باشترە لە کردنەوەیان بە تایبەتی لەناو عەوامدا، تەفسیر نامی، عبدالکریم مدرس، بەرگی پێنجەم، ل٥١، دار الحریە. واتە دڵی من من وەکو ئەسکندەر کە هەموو شوێنی داگیر کرد، ئێستا کەوتۆتە ناو تاریکایی زوڵفت کە ڕەشە، کێ هەیە رزگاری بکات! وە ئەگەر کەسێکی وەکو خدری زیندە بێت بە ماچێك رزگاری بکات.

(١) میزان: تەرازو ناوی بورجی حەوتەمە، گەوهەر شتی گرانبەها، شامی سەرەتای شەو یان ئێوارە، چواندنی زولف کە رەشە بە سەرەتای شەو چواندووە، واتە من بە سروشتی تەرازوو شتی گرانبەها دەفرۆشم دڵم، چونکە من لەناو زوڵفی رەشی تۆدا خەریکی کارو کەسابەتم.

دەبێت مەبەستی ئەوە بێت هەر کاتێك شەو داهات و دنیا تاریك بوو ئەو کاتە دەچمە خەڵوەت و خەریکی خوا پەرستی دەبم.

مەیخەرە ژێر پێتەوە، گەر حەز ئەکەی ژیرببێتەوە
دڵ کە منداڵە شکر خەندەی لەبت چاری ئەکا[1].
مرغی دڵ بەرژا لەبەر قرچەی هەتاوی فرقنت
تاوەکو کەی داوی زولفیشت گرفتاری ئەکا[2].
طوطي دوکانی حوسنت بلبلی طبعي منی
خستە نیو بەندی طماع و فێری بازاری ئەکا[3].
مەستی بادە و چاوی ئەوم و پێم ئەلی مەستی مەیە
سەیری کەن بوختانی ناحەق چۆن بەلەب جاری ئەکا[4].
بیرە مەیدانی فصاحت ئەسپی خۆت لنگدە (حەریق)
تا بزانم کێ بە شیعرت صحبت بازی ئەکا؟[5]

---

(١) لب: لێو واتە دڵم وەکو منداڵێك وایە هەردەم بە دواتەوە دەگرێ تۆش گەر دەتەوێت ئەو دڵەم ژیر ببێتەوە هیچی دیکە نەگرێ، مەیخەرە ژێر پێتەوە و فەرامۆشی مەکە، دڵی من بە خەندەی لێوت ژیر دەبێتەوە لە نێوان (ژێر بێتەوە)و (ژێر پێتەوە) جیناس هەیە.

(٢) دڵ وەکو باڵندەیەك وایە ئێستا لێت جیابۆتەوە خەریکە لەبەر قرچەی گەرما دەبرژێ لەبەر گەرمی، تۆش هەتاکەی بە زوڵفەکانت داو بۆ ئەو دڵەی باڵندەی من دادەنێیەوە.

(٣) واتە من لەبەر دەرگای جوانی تۆدا شیعری جوان و دڵرفێن دەڵێم، یاخود دەبێتە هۆی ئەوەی هۆنراوەی جوان بڵێم، یاخود دەبێتە سەرچاوەی ئیلهامی من لە هۆنراوە گوتن، بەوەش منی خستە نێو بەندی تەماع و فێری کڕینو فرۆشتنی کرد، کەواتە تۆ دوکاندار شتی جوان دەفرۆشی، منیش کڕیار بە هۆنراوەی جوان دڵرفێن.

(٤)مەستی: خۆشەویستی، مەی: شەراب، ئارەق، بوختان: قسەی ناهەق واتە من عەشق و خۆشەویستی چاوی ئەوم کەچی ئەو پێم دەڵێت مەستی ئارەقی، وەرن سەیر بکەن چۆن بە لێوەکانی ئەو بوختانەم پێ دەکات.

(٥)فەساحەت: زمان پاراو، صحبت: گفتوگۆ، بازی: ئینجا، واتە حەریق وەرە مەیدانی زمان پاراوی ئەو ئەوەی لە تواناتدا هەیە بیکە یاخود زمان پاراویت بخەگەر، ئینجا بزانم کێ هەیە بتوانێت شان لە شانی هۆنراوەت بدات و وەکو تۆ هۆنراوەی بڵێت.

هەروی خەفەتە بەفری غەمی داوە بە سەرما
یا سەرسەری دوریتە کە لێی کردوومە سەرما[1].
گاهی بە شەرارەی غەم و گەھ سەرسەری هیجران
خۆشی نەبوو، بۆمن نە بەگەرما و نە بە سەرما[2].
کەوتۆتە سەرم ئەشک و غوباری ئەلمی دڵ
یعنی کە قوری محنتە کردوومە بە سەرما[3].
گەر ئەچمەوە (صاحب) نیە مونسی جان
گەر دێمە سەقز ناری سەقەر وا لە جگەرما[4].

---

(١) سەرسەر: صرصر: بای سارد خوا دەفەرموێت: ﴿إِنَّآ أَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمۡ رِيحٗا صَرۡصَرٗا فِي يَوۡمِ نَحۡسٖ مُّسۡتَمِرّٖ﴾(القمر:١٩) واتە: ئێمە بایەکی بەردەوامی توند و سەخت و ساردمان هەڵکردە سەریان لە رۆژگارێکی شومدا یەك هەفتەی خایاند. هەروەها ﴿وَأَمَّا عَادٞ فَأُهۡلِكُواْ بِرِيحٖ صَرۡصَرٍ عَاتِيَةٖ﴾ واتە گەلی عاد بە رەشەبایەکی ساردی بەهێزی وێرانکەر لەناوبران.
واتە هەوری خەفەت وەکو بەفر بە سەرم دا دەبارێت و سەری سپی کردووم یاخود ئەو خەفەتە هی دووریتە وەکو بای سارد و بەهێز لێی کردوومە بە سەرما لەنێوان سەرمای یەکەم و دووەم جیناس تەواو هەیە.
(٢) گاهی: جارێ، شەرارە: پڕوشك، هەندێك جار غەمی دووری تۆ وەکو پڕوشکی ئاگر بۆم دێت کە گەرمە، هەندێك جاریش وەکو بای سارد دێت کە هەردووکیان زۆر خێران، بەڵام هیچ کامێکیان سوودی بۆ من نیە نە لە گەرما و نە لە سەرمادا.
(٣) ئەشك: فرمێسك، ئەلەم: ئێش و ئازار، محنت: دەرد و بەڵا،واتە بەهۆی دووریتەوە ئێش و ئازار و دڵ هێندە زۆرە کەوتۆتە سەرم کە هەردەم فرمێسك و تەم لە سەرمە هەر دەڵێی قوری دەرد و بەڵایە بە سەرما هاتووە غوبار تەپ و تۆز لەگەڵ فرمێسك تێکەڵاو بووە و قوڕی لێ پێك هاتووە.
(٤) صاحب: گوندێکە لە رۆژهەڵاتی شاری سەقز، مونس ئیسمی فاعیلە واتە هاودەم و هاونشین و دڵدەرەوە، جان: گیان، روح، ناری سەقر: ئاگری دۆزەخ ﴿سَأُصۡلِيهِ سَقَرَ ٢٦ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا سَقَرُ﴾(المدثر:٢٧) واتە: ئەو بێ ویژدانە بە سەریەوە ناچێت دەبێت بیەگەینمە دۆزەخ، جا تۆ نازانیت دۆزەخ چییە؟
واتە ئەگەر دەچمە گوندی (صاحب) ئەوا هیچ هاونشین و هاودەمم نیە دڵنەوایم بکات، وە

شـــاهمه حواســـم کـــه ســـەکەم چـــەندە کەساســـم
بـــه خـــوا نیـــه غـــیرەت لـــەخیال و لـــه نظرمـــا[1]
هـــەر چـــەندە بـــه جســـمانی کـــه دوورم لـــه حضـــورت
رووحانیـــه ثابتـــة لـــه نێـــو زبـــدەی ســـەرما[2]
طوفـــانـــی سروشـــکم چـــووە ســـەر جـــوودی وجـــودم
کەشتی تـــەنی نقـــوم کـــرد و نـــه نـــوح و نـــه ئـــەثرمـــا[3]

ئەگەر دەچە شاری سەقز ئەوا خراپتر چونکە ئاگری دۆزەخ هەموو وا لە جەرگمدایە. لە دەرونزانیدا بەریەرەکانی بەدواوە چوون (صراح الأحجام الأحجام) واتە: هەر کاتێك مرۆڤ بەرەو رووی دووکاری چون یەکە دەبێتەوە و نازانێت کامیان هەڵبژێرێ، کارەکانیش ناخۆشن. پێشینانان گوتویانە (دارێکم لە دەستە سەرێکی ئاگرە و سەرەکەی تری پیساییە).

(١) حواسم: هەستەکانم کۆی حاسەیە، نظرما: لە روانینما واتە هەموو هەستەکانم شاهیدن لەسەر ئەوەی من کەساسم، بە بەڵگەی ئەوەی نە چاوم دەبینێ و نە گوێم دەبینێ و نەزمان دێتە قسەکردن ئەی هەموو کەسم، ئەوە وای کردووە نە غیرەتم بمینێ لە خەیاڵ و لە روانین و تەماشاکردنتا.

(٢) جسم: لەش، پابت: جێگیر، واتە هەرچەندە بە لەش لێت دوورم، بەڵام بە بیروهۆش و روحانیەت تۆ هەردەم لە نێو بیر و مێشك و خەیاڵمدای و لەبەرچاومی، بۆ ساتێکیش لێم جیا نابیتەوە.

(٣) طوفان: لافاو، سروشك: فرمێسك، أثر: شوێنەوار.

واتە هێندەم فرمێسك رژاند هەتا لافاوی لێ دروست بوو هەروەکو لافاوەکەی حەزرەتی نوح کە کێوی جودی گرتەوە و گەشتیەکەی لەوێ لەنگەری گرت ﴿ وَقِيلَ يَٰٓأَرۡضُ ٱبۡلَعِي مَآءَكِ وَيَٰسَمَآءُ أَقۡلِعِي وَغِيضَ ٱلۡمَآءُ وَقُضِيَ ٱلۡأَمۡرُ وَٱسۡتَوَتۡ عَلَى ٱلۡجُودِيِّۖ وَقِيلَ بُعۡدٗا لِّلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾ (هود:٤٤) واتە: فەرمان بە زەوی کرا ئاوەکەت با رووبچێت بە ناخیدا، ئەی ئاسمان تۆش با بەس بێت و باران مەبارێنە ئیتر ئاوەکە رووچوو فەرمانیش بە رێکی و تەواوی ئەنجامدرا، کەشتیەکەش لەسەر کێوی جودی لەنگەری گرت و وترا نەك دووری لە بەزەیی خوا و تیاچوون بۆ بەرەی ستەمکاران.

جا کە شتێ لەنێو فرمێسکی من نقوم بوو نە نوح و نە شوێنەواری بە جێما.

لەوساوە کە تۆ رویی، دڵم رویی بە دوتا
هێلانەی تەن هەروەکو مأوای سقر ما[1]
بێ فەوجی وەفاکەت کە جەفایە وەرە ئەم شەو
ئەم لەشکری ئاهی منە بێ فتح و ظفر ما[2]
لەم قەسوەتەدا، تاوەکو کەی پەردەی ظلمت
بەرچاوی دڵم بگری، دەسا بێ بە گوزەرما[3]
ئاوێنەی دڵ ژەنگی قەساوەت روخی پۆشی
خاکستری دڵ سوختەیی بێنە بە سەرما[4]

---

(١) لەوکاتە کە تۆ رۆیشتی و بەجێت هێشتم بە لەش، بەڵام دڵم بە دواتا هات لێت جیا نەبۆوە، لەشی من وەکو هێلانە وابوو کە شتی زیندووی تێدا نەبێت ئەو هێلانەیەش بۆتە ئاگری دۆزەخ بۆ من.

(٢) جەفا: شتی بێ نرخ و بێ کەڵک، ئاه: هەناسەیە لە دڵ و دەروونی خەفەتاوی دێتە دەرەوە، فەتح: رزگار کردن، ظلمت: تاریکی.
واتا سوپای وەفاکەت هەوڵێکی زۆریدا، بەڵام بێ هودە و بێ نرخ بوو، جا وەرە ئەم شەو بەرامبەر لەشکری ئاه و خەفتەتی من چۆن دەتوانیت زەفەری پێ ببات و رزگاری بکات.

(٣) گوزەر: پێدا رەت بوو: ظلمت: تاریکی، قەسوەت: سەخت و ناخۆش، ئەو دێرە پەیوەندی بە دێری پێش خۆیەوە هەیە واتە هەتاکەی وەفات نابێت و بە هێز و دەسەڵاتەی هەتە پەردەی تاریکی لە نێوان من و خۆتدا داداوەتەوە بەرچاوی دڵمت گرتووە، دەسا بە وەفای خۆت لای ببە بەڵکو ببێ بە گوزەرما.

(٤) روخ: روومەت، خاکستر: خۆڵەمێش. واتە دڵ وەکو ئاوێنە راستگۆیە، بەڵام بەهۆی دڵڕەقییەوە ژەنگی گرتووە سەرتاپای رووی داپۆشیوە و وێنەکان وەکو خۆی پیشان نادات، جا کەوایە ئەو خۆڵەمێشە دڵ کە ورد بووە بە سەرما دا بکە.

مـــەنوارە بـــە ظـاهر کـــە بـــەبێ قـــووتم و رووتم
رووتـــی و قـــووتی خـــەیاڵت غـــەزەلی چـــاکە لەبـــەرما[1]
ســـــەرمایەی ئـــــەم ملکـــــی خیالاتـــــە (حـــــەریقی)
حەیفی کە تەلەف بـوو بـە هـەدەر چـوو بـە ضـررما[2]

---

(١) واتە بە چاوی سەر و بە ئاشکرا تەماشام مەکە کەمن کەسێکی هەژار و بێ خۆراك و برسیم و بێ جلوبەرگم، ئەو رووت وقوتیەکە تۆ تەماشای دەکەی ئەوە نییە بەڵکو رووت قوتی ئەوەیە کە خەیاڵت هەردەم وەکو ئەو غەزەڵانەوایە کە من لەبەرمایە.

(٢) تەلەف: بۆگەن ، ضرر: زیان، هەدەر: بەفیڕۆ لەناو چوو واتە: هەم ئەو دەست مایە کە مولك خاوەنی خەیاڵاتە حەریقی، جێگای داخە کە هەموو بۆگەن و بێ کەڵك بوو بەمەش بە خۆڕایی دەڕوا و بەمەش بە زیانی من کۆتایی دێت.

پیتی تاء

قوربـــان وەرە قوربانـــە ســـا بمکـــە بـــە قوربانـــت
رەنگـــین کـــە بـــە خوێنـــاوم کـــاکۆلی پەرێشـــانت[1]
ئازادییـــە ئـــەم رۆژە ســـا فـــەرموو بـــە ئازانـــە
تـــیرت لـــە کەمانتخـــە بـــۆ قـــەتلی شـــەهیدانت[2]
جەژنانـــەی مـــن روحـــە کردوومـــە بـــە قوربانـــت
تـــۆش ماچـــی کـــەرەم فـــەرموو لـــەو سـێوی زنخـــدانت[3]
طفلـــی دڵـــی بێچـــارە مدەیەکـــە گرفتـــارە
غـــەمخواری دڵ ئـــازارە نـــاوکی موژگانـــت[4]

---

(١) قوربان: وشەیەکە بۆ ڕێزلێنان، قوربان، کاتی قوربانی و خوێن ڕشتنە، کاکۆلی پەرێشان: قژی پەرش و بڵاو، زولفی ئاڵۆز و شێواو، واتە قوربان ئێستا کاتی قوربانی کردنە کە دەکاتە (١٠، ١١، ١٢، ١٣) مانگی (ذوالحجة) خەڵکی قوربانی دەکات بۆ زیندووکردنەوەی یادی حەزرەتی ئیبراهیم و ئیسماعیلی کوڕی (سەلامی خوای لێ بێت) وەرە تۆش من بکە بە قوربانی خۆت، ئینجا بەو خوێنەی لە من دەڕژێت قژ و زوڵفی ئاڵۆز و شێواوت ڕەنگینە، لە جیاتی ئەوەی لە خەنەی بگری.

(٢) کەمان: پارچە چەرمێکە وەکو کیسە وایە تیری تێ دەکرێت واتە ئەم ڕۆژە ڕۆژی ئازادییە تۆش وەرە زۆر بە ئازانە تیرت لە کەمانت خە وەرە جەنگەوە بۆ ئەوەی بەو تیرانە بەرامبەرەکەت شەهید بکەی.

(٣) زەنەخدان: چەناگە، واتە ئەو دێرە پەیوەندی بە دێرەکانی پێش خۆییەوە هەیە، کە کاتی قوربانی ڕۆژەکانی جەژنی قوربانە، خەڵکی لەو ڕۆژانە جەژنانە دەدەنە یەکتری، من لەو ڕۆژە کە جەژنە گیانی خۆم کردووە بە جەژنانە، دەی تۆش وەرە ماچێك لەو گەردەنەت کە وەك سێو خڕ و سوورە بکە بە جەژنانە بۆ من.

(٤) طفل: منداڵ، مدەیەکە: ماوەیەکە، موژگانت: پرژانگ. واتە دڵ وەکو منداڵ وایە بۆ ماوەیەکە بێچارە و گرفتارە، هەردەم خەم دەخوات ئازار دەکێشێ بەهۆی برژانگەکانتەوە کە وەکو تیر وایە دەیهاوێژێ لە دڵم ڕادەچێت بریندارى دەکات.

روح و دڵ و دین هەرسێ مجموع بە یەک دەفعە
قوربانی ساتێکی لەعلی لەبی مەرجانت[1]

مقصودی من إضهارە بۆ ئەمثلە ی مەدحت
بۆ تحفەی ئەوصاف و ئەزهاری گوڵستانت[2]

ئەی خسرەوی پەروێزم شیرین شەکر ڕێزم
فەرهاد دڵی کوشتم چاوی ڕەشی فەتانت[3]

ممکن نیە تقسیم ضرب عەدەدی زەخمت
منها کە لە تقسیمە ضرب خەمی چوگانت[4]

---

(١) بەیەك دەفعە: بەیەك جار، مەقصود: مەبەست، لەعل: بەردێکی سوری بەنرخە، لەب: لێو، مەرجان: بەردێکی سوری بەنرخە. واتە روح و دڵ دین هەرسێ بە جارێك بە قوربانی ساتێکی لێوەکانت بێت ئەو لێوە وەك ئەو بەردە بەنرخە سورە وایە لە نێوان لێوەکانت وەکو دانەی مەرجان وایە.

(٢) مقصودی: مەبەست، إظهار: دەرخستن، مدح: پیاهەڵگوتن بە چاکە، تحفە: شتی بە نرخ و بەنرخ و دەگمەن، ئەزهار: کۆی زەهرەیە گوڵ، گوڵستانت: باخی پڕ لە گوڵ.
واتە مەبەستی من لە بەدیار خستنی جوانترین پیاهەڵدانی تۆ وەکو ئەو شتە گران و بەنرخانە وایە کە گوڵێك بێت لە نێو گوڵزاردا.

(٣) خسرەوی پەروێز: ئەوەی نەوشیروانی دادپەروەر بووە، لە سەردەمی ئەودا پێغەمبەر (ص) لەنیمچەدورگەی عەرەب پەیدا بووە، پاشایەکی خاوەن شکۆ بووە، دەوڵەمەندی گەنجینەکانی بوون بە ئەفسانە، دڵداری لەگەڵ شیرین بووە بە سەرچاوەی چیرۆکی شیعری لە ئەدەبیاتدا. (دیوانی نالی، د. مارف خەزنەدار).
واتە: تۆ وەکو خسرەوی پەروێز دادپەروەر و خاوەن گەنجینەی زۆر، هەروەکو شیرینیش گفتوگۆت خۆشە و وەکو شەکر وایە، بەوچاوە ڕەشت دڵت کوشتم.

(٤) ممکن نییە: نابێت، تقسیم: دابەش، ضرب: لێکدان، زەخم: برین، چوگان: چەماوە، چەوگان گۆچان دارێ کە دەسکەکەی ڕاست و باریکە و سەرەکەی کەمێ چەماوەیە لە یاری (چەوگان بازی) دا دەکێشرێت بە تۆپدا، (لە هەندێك شوێن قاشوانێی پێ دەڵێن، هەروەها

دڵ طـــالبي روخســـــارت جـــــان طـــالبي گوفتـــــارت
فرزنـــدەی خـــیرەد رۆیـــی بـــۆ لـــەعلی بەدەخشـــاند[1]
بێســـتانە کـــەناری دڵ بـــۆ نـــەخلی قـــەدت قوربـــان
دیـــدەم وەکـــو روبـــارە بـــۆ ســـەروی خـــەرامانت[2]
قەلعـــەی دڵەکـــەم قوربـــان نیشـــانەیە بـــۆ تـــیرت
ســـینەم وەکـــو ســـەحرایە بـــۆ جلێـــوەی مەیـــدانت[3]
بـــۆ چـــاوی کـــەوا مەســـتە، دڵ ســـتە ســـەرم مەســـتە
ئـــەم ئەبرۆیـــە پێویســـتە بـــۆ قـــەتلی مرحینانـــت[4]

ئەو دار سەرچەماوەی کە دەهۆڵی پێ لێدەدرێت، فەرهەنگی دیوانی شاعیران (نالی و سالم و کوردی)، د. محمد نوری مارف.

واتە: ناکرێت ژمارەی برینەکانت لێك بدرێت بە دابەش و لێکدان چونکە بەوانە خەم وات لێ دەکات بەژن و باڵات وەکو گۆچان بچەمێتەوە.

(١) جان: گیان، خێرە د: هۆش، لەعل: لێو، بەدەخشان: ناوی ناوچەیەکە لە تورکستانی ئەفغانستان کە بە لەعل بەناوبانگە، هەروەها بە مانای لەعلیش هاتووە (دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی) د. مارفە خەزنەدار.

واتە: دڵ هەردەم تامەزرۆی روخسارتە و حەز دەکات تێر بۆت بڕوانێ و لێ تێر نابێت هەروەها گیانیش عەشقی قسە خۆشەکانتە، ئەوانەش وایان کردووە هۆش و بیرم بڕوات بۆ وڵاتی بەدخشان کە پڕ لە لەعل ئەو لەعلانەی لە لێوەکانی تۆ دەچێت.

(٢) بستان: باخچە، نار: ئاگر، نەخل: دارخورما، دیدە: چاو، سەرو: دەرختێکی بەرزە، خەرمان: بە روبوومی دانەوێڵە.

(٣) قەلعە: قەڵات، سەحرا: بیابان، جلیوە: خۆپشاندان، مەیدان: گۆرەپان. واتە: قەلاتی دڵم بۆتە جێگای نیشانەی تیرەکانی تۆ، سینەشم وەکو بیابان وایە بۆ پیشاندانی جوانی خۆت هەروەکو چۆن خەڵك بۆ خۆبەدیار خستن یاری کردن دێنە گۆڕەپان.

(٤) مەست: سەرخۆش لە ئەنجامی خواردنەوەی مەی هۆشی نەمێنێ.

واتە: بۆ ئەو چاوانەی کە خەڵك سەرخۆش دەبێت، دڵیش لە ئاستیدا زۆر سست دەبێت هەرکاتێك تەماشای چاوەکانی دەکەی بەچاوی سەر، سەرخۆش دەبێت ئاگای لە خۆی نابێت، ئەبرۆکانیش کە وەکو تیر وایە پێویستە بۆ کۆشتنی خۆشەویستەکانت.

تەنها کە احریقی‌ای من بر شمع شبستانت
مەمکوژەرەوە توخوا سات و بە رفیقانت[1]

ئەم خوسرەوەی خوبانە کەوا دەیتە نظارەت
شیرینە ئەگەر دڵ برفێنێ بە ئیشارەت[2]

ئیسمێکی شەریفی هەیە منع لە تەصرف
جسمێکی لەتیفی هەیە لایق بە صەدارت[3]

نقدی دڵ و روحم هەیە بۆ موژدە لە رێدا
زۆر لایق و شایستە بیدەم بە ئیشارەت[4]

---

(١) شمع: مۆم، مەبەست رووی گەش و جوانە، سبستان: تاریکای بەمانای شوێنی نوستنی ژنانی پاشاش دێت کە لە کاتی نوستن چرا دەکوژێتەوە و تارێك دەبێت. واتە: تەنها رووی گەشی تۆ کە وەکو مۆم وایە بۆ من شەوە تاریکەکان رۆناك دەکەیتەوە بە رووی گەشت، جا تکایە سوێند بە رەفیقەکانت دەست هەڵگرە لەم کوشتنە.

(٢) خسرەوی خوبان: دلبەری شۆخ و شەنگ، نقارەت: تەماشاکردن.
واتە: ئەو دڵبەرە شۆخ و شەنگە هەر کاتێك بەدیار دەکەوتێت تەماشای دەکەی هێندە شیرین و جوانە بە تەنها ئاماژەیەك دڵی مرۆڤ دەفرێنێ.

(٣) ئیسم: ناو، منع: قەدەغەکردنی کەسێك لە کارێك، تصرف: هەڵسوکەوت، جسم: لەش، لەتیف: نەرم و شل و ناسك، لایق: شایان، صدارەت: پێگەی بەرز.
واتە: ئەو دولبەرە شۆخ و شەنگە ناوێکی هێندە بەرێز و خۆشی هەیە، هەموو مرۆڤێك لە هەڵسوکەوت کردن رادەگرێت، لەش و لارێکی هێندە نەرم وشل و ناسکی هەیە هەر شایانی ئەوەیە لە شوێنی بەرز دانیشێت.

(٤) واتە رەخنە لەوە هەیە کە دڵ و روحم بۆ نەبووە قوربانی لە خۆشی ئەو موژدەیەدا کە زۆر قابیل و شایستەی ئەوەیە دڵ و روحم بیدەم بە تەنها ئیشارەتێك.

حەیفە سەگی قاپیت لە زیانا بی زەمانی
بێ باکم ئەگەرنا هەزار جورم و جینایەت[1]
میوەی ئەمەلم کاڵە بە دوو چاوی کالی
کالای خەیالم هەموو رۆیوە بە غارەت[2]
لەو وەختەوە تخفیف کرا ئیسمی شەریفت
من سووکی لەلام بۆتە نهایات و وەزارەت[3]
نقطە ی دهنت وا دڵی هێناومە تەنگی
جێگای خەیاڵی نیە بۆ فکری بەکارت[4]

---

(١) واتە: جێگای داخە من سەگی بەردەگاتم و لە زیانا بم بۆ ماوەیەك ئەگینا من باکم نییە ئەگەرنا هەزار تاوان و گوناه دەکەم.

(٢) ئەمەل: هیوا، کاڵ: نەگەیو، غارەت: بە تاڵان.

واتە میوەی هیوا و ئاواتم هێشتا نەگەییوە بە هەردوو چاوە کاڵەکەانی، هەرچی کەلوپەلیش هەیە لە خەیاڵمدا هەموو بە تاڵان چووە و هیچی نەماوە و فەوتاوە.

لە دیوانی حەریق، مەحمود خاکی کاڵە نووسراوە تاڵە بەڵام ئێمە (کاڵ)مان بەلاوە پەسند وبوو چونکە میوە دەبێت کاڵ بێت پێ نەگەیشتبێ، جگە لەوەش میوەی کاڵ لەگەڵ چاوی کاڵ جیناسی تەواو دروست دەبێت.

(٣) تخفیف: سوك، نیهایەت: کۆتایی.

واتە: لەو کاتەوە ناوی بەڕێز و گەورەی تۆ سوك کراوە بە سوکی ناوت دەبەن، ئا لەو رۆژە سوکی لەلام بۆتە پلەی کۆتایی وەزارەت.

(٤) نقطە دەهن: مەبەست دەم و لێوی جوان

واتە: ئەو قسە جوان و رێك و پێکانەی دەربارەی جوانی دەم و لێوت دەکرێت دڵی منی هێناوەتە تەنگی واتە دڵی تەنگ کردووم، لە بیر و هۆشی تۆشدا جێگای خەیاڵی تێدا نەهێشتۆتەوە.

تۆ صاحب چاه زنخدانی قوربان
سەد یوسف کنعانی دەیبەیتە زیارەت[1]
باکم نییە لەو خەنجەرەی دەیکەی بە کەمەردا
شمشێری بڕۆت جەرگی بڕیوم بە ئیشارەت[2]
شیطانی رەقیب دوژمنە بۆیە کە رەحمان
رەحمی نیە بۆ حالی دڵ پڕ لە حەرارەت[3]

---

(١) چاه: بیری ئاو، زەنخدان: چاناگە، چاه زنخدان: ئەو چاڵەی لەسەر چەناگەی مرۆڤدا هەیە، یوسف: حەزرەتی یوسفی کوڕی یەعقوب، لای باوکی خۆشەویست بوو، براکانی ئیرەییان پێ دەبرد، بە فێڵی سەیران بردیانە دەشتی کەنعان فڕێیان دایە ناو بیر و پاشان کاروانچی هاتن لە بیرەکە دەریانهێنا و لەگەڵ خۆیان بردیانە میسرو فرۆشتییان ﴿ وَشَرَوْهُ بِثَمَنٍ بَخْسٍ دَرَاهِمَ مَعْدُودَةٍ وَكَانُوا فِيهِ مِنَ الزَّاهِدِينَ ﴾
واتە: تۆ خاوەنی ئەو چاڵەی کە لە چەناگەتدا هەیە قوربان سەدکەسی وەکو حەزرەتی یوسف دێتە زیارەتت.
شاعیر ئەو دێرە هۆنراوەی وەرگرتووە (ئیقتیباس) لە ئایەتی قورئانی پیرۆز، ئەوەش بەڵگەیە کە حەریقی رۆشنبیرییەکی ئاینی هەبووە ﴿ قَالَ قَائِلٌ مِنْهُمْ لَا تَقْتُلُوا يُوسُفَ وَأَلْقُوهُ فِي غَيَابَتِ الْجُبِّ يَلْتَقِطْهُ بَعْضُ السَّيَّارَةِ إِنْ كُنْتُمْ فَاعِلِينَ ﴾ (یوسف: ١٠)
(٢) بە کەمەردا: بە بشتدێنتا: بە ناوقەدتدا.
واتە: من باکم لەو خەنجەرە نیە کە دەیکەی بە ناوقەدتدا لێی ناترسم و بە خەیاڵمدا نایەت، بەڵکو ئەوەی من لێی دەترسم برۆکانتە کە جەرگی بڕیوم بە ئیشارەت.
(٣) رەقیب: ئەوەی چاودێری خەڵك دەکات، رەحمان: سیفاتی خوایە بۆ خوا بەکار دێت، حەرارەت: گەرمی.
واتە: شەیتان وەکو دوژمن وایە هەردەم خۆی مەلاس داوە بۆ ئەوەی بزانێت لە هەڵسوکەوتم، هەربۆیە خوداوەندی رەحمان رەحمی نییە بۆ ئەو کەسانەی کە هەردەم دڵییان پڕ لە حەرارەتە واتە کەف و کولی خۆشەویستیان لە دڵدایە.

ئـــەی دڵ وەرە شـــادی کـــە لـــەبۆ بـــەزمی وصـــالت
وا دیومەتـــــەوە دلبەرەکـــــەی تـــــازە نهالـــــت[1]
مدەییکـــــە ئـــــەی بلبلـــــی گۆشـــــەی قفســـــی غـــــەم
فصـــلت بـــووە لـــەم گـــول بەدەمـــەی نـــەوخط و خالـــت[2]
خـــامۆش و نمـــد پـــوش و مجـــرد لـــە علایـــق
نەمبیســـــتووە ئـــــاوازی دەمـــــی طفلـــی منالـــــت[3]
ســـا هەڵســـە لـــە شـــوکرانەی ئـــەم موژدەیـــە ئـــەی دڵ
ئامادەکـــــە ئەســـــباب طـــرب و صـــــفت حالـــــت[4]

---

(١) وصال: بەیەکگەیشتن، نهال: درەختی تازە رواو.
واتە: دڵ وەرە شادی بخەرە نێوانمان بە هۆی بەیەك گەیشتنی منو دڵبەرەکەم، چونکە ئێستا ئەو دڵبەرەی خۆم دەبینم، چ دڵبەرێك! ئەو دڵبەرەی کە تازە پێدەگات هەروەکو ئەو درەختەی کە تازە دەڕۆی ناسك و جوانە.
(٢) مدەیەکە: ماوەیەکە، فصل: جودابونەوە، خط و خاڵت: ئەو مووە تازانەی کە لە رووی گەنج دێت، یاخود کینایەیە بۆ برۆ و برژانگ.
واتە: ماوەیەك بولبول لە قەفەس بەندکراوە، و جودا بۆتەوە لە گوڵ و ناتوانێت بچێتە سەر گوڵ بنیشێت و بخوێنێ، منیش دەمێکە بولبول ئاسا غەم دایگرتووم دوورم لە بینینی برۆ و برژانگت.
(٣) خامۆش: بێ دەنگ، نمد: لباد لە خوری دروست دەکرێت وەکو رایەخ خەڵك لەسەری دادەنیشێت، علایق: پەیوەندی.
واتە: ئەو کەسەی کە لە نێو لباد دەنوێ پەیوەندی خۆی دەپچڕێنێ و بێ دەنگی هەڵدەبژێرێ وەکو ئەو منداڵە کە گوفتاری نابیسرێت کەس لەئاوازی ناگات.
(٤) واتە: ئەی دڵ هەستە بۆ شوکرانەی ئەو موژدەیە کە پێت بەخشرا، ئامادەکە هەموو پێویست و هۆکارەکانی بەزم و رەزمی خۆش و ئاهەنگ ئامادە بکە بۆ ئەو خۆشیەی بەسەر روتا هاتووە.

فرشی غەزلت راخە لەنێو حوجرەی دڵدا
فخر العلما بنێرە دیوانی خەیاڵت[1]
بۆ پێشکەشی ری عەد بکە ئەوصاف جمیلی
خەرج کە لەریی دعوەت ئەودا سەروماڵت[2]
حەدم چییە عەد بکەم ئەوصافی جمیلی
مردوت مری کرمانجی لەبۆ عەقل و کەمالت[3]
ژاتێکە موبررایە لە ئەنواعی نەقائیض
ئەتیر چ دەلیی دەرهەق مەفقود خەجالت[4]

---

(١) غەزەل: هۆنراوەی دڵداری لەسەر یەك کێش و غەروزە، حوجرە، ژووری مزگەوت شوێنی حەوانەوەی فەقێ.

واتە: وەرە فەرشی خۆشەویستی راخە لەناو دڵمدا هەروەکو چۆن لە حوجرە خەڵك دەحەوێتەوە تۆش ئەوها وەرە بحەوێیەوە لە نێو دڵمدا کە جێگای خۆشەویستی تۆی تێدا دەبێتەوە (فخری العلی دەبێت کەسێکی دیار و ناسراوی شاعیر بێت) سا ئەو کەسە بنێرە بۆ نێو خەیاڵی خۆت بۆ ئەوەی لە خەیاڵتدا بێت.

(٢) واتە: بۆ ئەوەی دیاری پێشکەش بکەی وەرە هەرچی سیفاتی جوانی هەیە یەکە یەکە بژمێرە بیکە دیاری بۆی، پاشان هەرچی سامان و ماڵت هەیە خەرج بکە بۆ داوەتکردنی.

(٣) عەد: ژماردن

واتە: ئەو دێرە پەیوەندی هەیە بە دێری پێش خۆی، من حەدم نییەکە هەتا بتوانم سیفەتە جوانەکانت بژمێرم، هەی مردووت مرێ ماڵوێران تۆ چەند نەزانی هەی سڵاو لە عەقڵت.

(٤) موبرا: بێ تاوان، نەقائیض: کەم و کوڕی، خەجالەت: شەرمەزار.

واتە: ئەو زاتە واتە رئیس العلما یاخود فخر العلما کەسێکە بێ تاوان و خاوێن و بێ خەوشە لە هەرچی کەموکوڕی هەیە، ئەی باشە ئێستا چ دەڵێی دەرهەق شتێکی ون بوو تەنها شەرمەزارییە قسە کردن لەسەری.

پێی ببێژە لەبۆ شوکت تو فەخری زەمانە
با بوەستە ئەرز و فەلەکیش چەتری جەلالت[1]
شایستەی شانت کە رئیس العلما
رێم ناکەوێ حەدم نییە تعداد فەصالت[2]
تا رۆژی قیامەت لە جەلالدا بێ جەلالت
نەیبینی ئیلاهی چە بەشەر رۆژی زەوالت[3]
پەرواز نیە بلبلی دڵ بۆ تەرەفی گول
تا دیویەتی پەروانە سیفەت شەمع جەماڵت[4]
مەقبولە لەلای فەخری جیهان شیعری (حریقی)
چت بێ هەیە مدعی بیکە سۆالت[5]

---

(١) پێی بڵێ لەبۆ شان و شەوکەت و گەورەیی فخر زەمانە، با بە سەرپێ بوەستێ لەسەر زەوی و ئاسمانیش ببێتە چەتر و سایە و سێبەر لەبۆ گەورەیی ئەو زاتە.

(٢) تعداد: ژماردن.

واتە: رئیس العلما شایستەی ئەو گەورەییە، لەبەر ئەوە من ناتوانم و حەدم نییە کە خەسڵەت و سیفاتەکانی بژمێرم.

(٣) جەلال: گەورەیی خاوەن شکۆ، زەوال: لەناوچوو.

واتە: هەتا رۆژی قیامەت ئەو گەورەی و شکۆممەندییە با لەگەڵدابێت و لێت جیانەبێتەوە، یاخود هیچ کەسێك نەبینێ رۆژی لەناوچووندا.

(٤) پەرواز: فڕین، پەروانە: پەپولە، شەمع: مۆم.

واتە: بولبولی دڵ هەردەم فڕین دەدات بۆ ئەوەی بگاتە گوڵ، جا بولبولی دڵی من هێندە عەشقی ئەو فرینە نییە بەڵکو من وەکو ئەو پەپولە وام کاتێ جوانی مۆم دەبینێت هێندە لێی نزیك دەبێتەوە هەتا باڵەکانی لە ئاگری مۆمەکە دەدات و لە عەشقی جوانیدا خۆی دەسوتێنێ.

(٥) مەقبول: پەسەند، مدعی: ئەو کەسەی داوای لەسەر خەڵك هەیە داواکار.

واتە: ئەو هۆنراوانەی من دەیڵێم زۆر پەسند و جوانە لای فەخری جیهان (دیارە ئەو

تاریکە دڵم ڕۆشنی شمسی هیدایت
نقطە ی دڵەکەم مەبد عهاتوتە نیهایەت[1]
ڕۆژم وەکو شەو وایە بەبێ شمسی جەمالت
صبحی ئەمەلم چاوەنوارە بە غایەت[2]
نامەی عەمەلم ڕوو ڕەشە وەک صفحەی قلبم
غەیری ڕەشی ڕەنگی نییە خوشحال و حکایەت[3]

جۆرێکە لە شانازی کردن بە شیعری خۆی) دەی تۆش داواکار چ شتێکت هەیە و چ پرسیارێکت هەیە بیکە، ئەو نیوە دێرەش بێ منەتی شاعیر دەردەخات.

(١) شمس: ڕۆژ، هیدایەت: ڕێگا پیشاندان، نهایەت: کۆتایی.

واتە: دڵم تاریکە بەهیچ شێوەیەك تروسکایی ڕووناکی تێدا نییە، بەڵام بەهۆی پرتە و بڵێسەی ڕووناکی تۆوە ڕێگای ڕاستم پیشان دەدرێت و ڕێگای دڵم لێ ون نابێت، چونکە بەهۆی ئەو خاڵە ڕەشانەوە کە دڵیان داپۆشیوم گەیشتۆتە کۆتایی.

(٢) جەمال: جوان، صبح: بەیانی، ئەمەل: هیوا، غایەت: مەبەست، عەمەل: کردەوە، صفحە: لاپەڕەی کتێب: ڕوو، قلب: دڵ.

واتە: هەرکاتێك تۆ لێم دیار نابیت ڕۆژم لێ ئاوا دەبێت، یاخود هەر کاتێك جوانی تۆ کە وەکو تیشکی ڕۆژ وایە و لێم ئاوا دەبێتو شەو دادێت، هەرکاتێکیش بەیانی دادێت هیوام نوێ دەبێتەوە پڕ بە دڵ بەمەبەست چاوەڕوانت دەکەم.

(٣) عەمەل: کردەوە، صفحەی قلب، ڕووی دڵ، لاپەڕەی دڵ

نامەی کردەوەکانم ڕەشە هەروەکو لاپەڕەی دڵم، جگە لە ڕەنگی ڕەش هیچ ڕەنگێکی دیکەی تێدا نیە یاخود هەرچی کردەوە خراپەکانی ناودڵم گوازراوەتەوە ناو کتێبەکەم کە دڵم ڕەشە دەفتەرەکەش ڕەش بووە ئاماژەیە بۆ ئایەتی ﴿يَٰوَيۡلَتَنَا مَالِ هَٰذَا ٱلۡكِتَٰبِ لَا يُغَادِرُ صَغِيرَةٗ وَلَا كَبِيرَةً إِلَّآ أَحۡصَىٰهَاۚ﴾ الكهف: ٤٩، ئەوە چ کتابێکە ورد و درشتی تێدا تۆمار کراوە، کەواتە ئەوەی دڵم هەیە هەموو چۆتە ناو کتێبەکە، هیچ سەرگوزشتەیەکی تێدا نییە ببێتە مایەی خۆشحاڵی.

ئاهێکـــــه جگـــــەر ســــــۆز و نگاهیکـــــه دڵ ئـــــەفروز
بابـــێ لـــــه طـــرف تـــــووه بـــــه تـــــاثـــیرو ســـــیرایەت[1]
بـــــەرقی بـــــەرق، دوژمـــــنی دیـــــن، منکـــــر بـــــه دبـــــین
کـــەی دێتـــه ســـەر اخـــری مـــن هەســـتیم بـــه رعایـــەت[2]
عصـــیان بـــه اضـاعـــەی دل و نســـیان بـــه اطـاعـــەت
وەک جووتـــــه بـــــرا صـــــحبیتان گـــــەیومت غایـــــەت[3]
ســـــید ســـــەندو شـــــاهدی ســـــادیقمه محمـــــد
بـــــی ســـــقیلی تـــــو دڵ نیـــــەتی درکـــــی درایـــــەت[4]

---

(١) ئاهێکه: وشەیەکه له کاتی هەست کردن به خەفەت دەردەبردرێ، نگاه: تەماشاکردن، دڵ ئەفروز: خورپەی دڵ، له طرف تۆوه: لەلایەن تۆوه، سیرایەت: بڵاوبوونەوەی شت.
واته: ئاهت که هەناسەیەکه لەسۆز و جگەرەوه دەردەچێت و به تەماشا کردنیشت که رووم تێ دەکەی و دەتبینم خورپه له دڵمەوه دێت، ئەوەش هەموو بەهۆی ئەوەوەیه کـه لـەلای تۆوه کارم تێدەکات و بەهەموو لایەکمدا بڵاودەبێتەوه.
(٢) بەرق: بروسك، بەرقی: بریسکەدار، منکر: خراپ، رعایەت: سەرپەرشتی.
واته: با بێ دوژمنی دین پیاوی خراپ و بەدبین هەروەکو بریسکەی بروسك و کـەی کۆتـایی هەتا من هەستم به چاودێری و سەرپەرشتی کردنی.
(٣) عصیان: یاخی بـوون، اضـاعة: بەفیڕۆچـوون، نسیان: لەبیرچـوونەوه، اگاعـه: گوێڕایـەڵی، صبحت: گفتوگۆ، غایەت: مەبەست.
واته: یاخی بوون و به فیڕۆچوونی دڵ هەردووکیان لەبیر خۆت بەرەوه بـه گوێڕایـەڵی ئینجـا هەردووکیان دەست له ملی یەکتری دەکەن دەبنه جووته برا و هاودەم و هاوشـینی یـەکتری بەمەش دەگەنه مەبەستی خۆیان.
(٤) سید: گەورە، شاهد: جوان شۆخ و شەنگ، سـیقل: خاوێنکردنـەوەی خەنجـەر ، درك: پـەی بردن، دیرایەت: تێگەیشتن.
واتـه: گـەورە و پیشـتوان و جـوان و شـۆخ و شـەنگه و راسـتگۆمه محمـد(ﷺ) هـەروەکو

ئـــەی پادشـــەهی مـــولکی ویلایـــەت بـــە عەدالـــەت
مـــەزلومی شـــەڕی نەفســـم و هاتومـــە شـــکایەت[1]
کەوتومەتـــە ژێـــر دەســـتی شـــیاطـــین و نەفســـم
دەســـتێ بـــدەرە دەســـتی شکەســـتم بـــە عینایـــەت[2]

خەنجەر خاوێن دەکرێتەوە لە ژەنگ و پیسی ئەویش دڵ و دەروونم خاوێن دەکاتەوە، بەبێ تۆش دڵ هیچ شتێك دەرك بێ نابات و لێ تێناگات.

(١) ویلایەت: فەرمانڕەوا، عەدالەت: دادپەروەر.

واتە: ئەی پاشا و خاوەن موڵك و فەرمانڕەوایی دادپەروەر، من زۆلێکراوم لەلایەن نەفسمەوە بۆیە هاتوومە شکایەت کردن لە نەفس لەلایەن پادشاهەکی دادپەروەر وەکو تۆ.

ئیمامی غەزالی دەفەرموێت: (روح و نەفس) یەکێکن، وە لەم بارەیەوە کە هۆی گیانداری و ژیانە ناو ئەبرێ بە (رۆح) و، لەو بارەیەشەوە کە فەرمانڕەوا هەڵسوڕێنەری کارە بە (نەفس) ناونەبرێ.

پاش ئەوە کە (روح) و (نەفس) یەکێ بوون لەسەر رووناکی ئایەتەکانی قورئان جار جار بە صفەتی (امارة) و جار جار بە صفەتی (لوامة) و جار جار بە (مطمئنة) ناو ئەبرێ. وە هەر ئەوسێ نەفسە هەر ئەو نەفسەن کە لەگەڵ روحدا یەکێکن.

بەڵام لە گیانی خۆیدا بە تەبیعەت ئەمارەیە و فەرمان ئەدا بە بەجێهێنانی ئارەزووی خۆی. وە پاش ئەوە کە بە بەندەیی و تاعەت مەشغوڵ کرا وای لێ دێ لە نێوان ئەحواڵی موختەلیفە ئەمێنێتەوە، لە رووی زۆر هێنانی هێزی ئارەزووی بەدەوە ئارەزووی بەهێز دەبێ کاروباری ناباری دێ بەسەردا و تاوان ئەکا و لەبەر هێرش هێزی (اطمئنان) روو ئەکاتەوە بۆ لای هەق و عیبادەت و سەرزەنشتی خۆی ئەکا لەسەر گوناه، وە لەم کاتەدا ناونەبرێ بە (لوامة) وە ئەگەر بە تەوفیقی خودا لەم حاڵە پەستە رزگار ببێ و شیفای بۆ بێت و دامەزرێ ناونەبرێ بە نەفسی (مطمئنة)، جا لێرەدا بۆیە نەفسی لەوامە هاتۆتە پێشەوە، چونکە ئاگادارە لەسەر تاوانەکان. (تەفسیری نامی، بەرگی٧، ل١٧٥، عبدالکریم مدرس).

(٢) عنایەت: دەست گرتنی خەڵك بۆ سەرخستنی کاری.

واتە: من ئێستا کەوتومەتە ژێر دەسەڵاتی شەیتان و نەفسم کۆنترۆڵم لەدەست خۆم نەماوە ئەوان چییان بوێت وام هەڵدەسوڕێنن، جا ئێستا گەلێك پێویستم بە یەکێکی وەکو تۆ هەیە

قوربـــان بـــه فـــدای قـــاپی ســـەگی قاپیەکـــەت بم
وابزانـــه ســـەگم رامگـــره بـــۆ حفـظ و حمایـــەت[1]
وەك تـــاژی لـــه دوی صـــەیدەوە مـــن دەبمـــه تـــوفیلی
بـــەو شـــەرتە کـــەوا پـــس نـــەگریت بـــێ بەعنایـــەت[2]
بـــێ تویشـــەم هاتوومەتـــه دەرمـــالی کریمـــان
هـــەرجارە بـــەبێ تـــوێش و دەچـــن ئـــەهلی ولایـــەت[3]
برهـــان وەکـــو کـــەنعان شـــەرەف کەنـــد لـــه مصـــر بـــوو
کـــردت بـــه مەدینـــەی ئەمـــەل و کەعبـــەی غایـــەت[4]

که دەستم بگرێت و رزگارم بکات.

(١) حفظ و حمایەت: پارێزگاری و پاسەوانی کردن.

واتە: قوربان من ئامادەم خۆم بکەمە قوربانی ئەو سەگەکەی کە لەبەر دەرگاتەوەیە، هەر وابزانە منیش سەگم رامگرە وەکو سەگێك لەبەر دەرگات بۆ ئەوەی پارێزگاریت بکەم وەکو پاسەوانێك.

(٢) صەید: ڕاو، تاژی: تانجی، توفیلی: مشەخۆر (ناوی کەسێك بووە چووتە دەعوەت بێ ئەوەی دەعوەتی بکەن.

واتە: من هەروەکو ئەو کەسە مشەخۆرەم کە هەردەم لەسەر خەڵك دەژیم چۆن ڕاوکەر تاژی لە نێچیر بەردەدات کاتێك بەدوایەوە دەبیت هەتا دەیگرێ، بەڵام بە مەرجێك وەرە دەستم بگرە و ڕێم پیشان بدە.

(٣) تویشو: زەخیرە، کەریم: سەخی

من بێ زاد و زەخیرەم مایە پوچم و هیچم نییە بۆیە ناچارم بچمە بەر دەرگای کەسانی نان بدە و بەخشندە، دیارە کەسانی بێ توێشو دەچنە بەر دەرگای فەرمانڕەوایان.

(٤) برهان: مەبەست شێخ بورهانە، کەنعان: بنەماڵەی کەنعانیەکان و حەزرەتی یوسف، شەرف کەند: ناوچەیەکە و شوێنی شێخ بورهان، مصر مەبەست جێگای حەزرەتی یوسف کە تێیدا بووە بە پاشا.

واتە: شەرف کەند کە جێگای بورهانە و مصریش شوێنی حەزرتی یوسف ئەمانە هەروەکو شاری مەدینە ئاوەدان بوون کە پێغەمبەر (ص) ئاوەدانی کردەوە، بەوەش بووە جێگای هیوامان.

هەم شەمسی بە ئیسنادی و هەم قوتبی بە ئیرشاد
ئەو خەرقە بەسە بۆ نەزەری ئەهلی کیفایەت[1]
هەم حازر و هەم غایب هەم جەمع و پەریشان
لە مەجمەعی تەقەیوزی سنە لە تۆ بوو بە روایەت[2]
بۆ باسی سیفاتت چە جەلای چە جەمالی
هەر عەقلی کە کول بو هەموو کول بو لە بیدایەت[3]

---

(١) ئیسناد: گەڕانەوەی شتێك بۆ شتێك هەروەکو گەڕانەوەی حەدیس بۆ پێغەمبەر(ﷺ)، شمس: رۆژ، قوتب: شیخ پیر، خەرق: جلوبەرگی سوف و دەروێشان، نەزەر: بۆچوون: خەیاڵ.
واتە: تۆ هەم ناوت (شمس)ە و هەم وەکو تیشکی رۆژ وایت هەمیش تۆ شێخ و پیرێکی خاوەن ئیرشادی و رێنمایی خەڵك دەکەی، ئەوەش باشترین بەڵگەیە کە تۆ لە لوتکەی ساکاری دایت جلی دەروێشتان لەبەر کردووە، ئەوەش بەسە بۆ ئەو کەسانەی بیر دەکەنەوە.
(٢) واتە: تۆ لەکاتی ئامادەبوون دیار نەبوو و لە کاتی کۆڕبەستن و تەنهایی لە شوێنی کۆبوونەوەی خەڵکی سنە باس دەکرێیت و ناوت دەهێنن.
(٣) کول: وەکو دەڵێن ئەو چەقۆیە کول بووە واتە تیژی نەماوە، کول: گشت.
واتە: باسی گەورەیی سیفاتت چ گەورە و جەلال یاخود چ بە جوانی خوڕەوشتت جمالت هەر عەقلێکیش کە بیری نەکردەوە و بێ کەڵك بوو لە هەردوو سیفاتی جەلال و جەمالت ئەوە هەموو بۆ سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە.
لەنێوان کول و کول جیناسی تەواو هەیە.

سـه‌د هـه‌روه‌کو مه‌نسـور و هـه‌زار وه‌کـو شـبلی
جـا رووکه‌شـی دەرکـه‌ن بـه هـه‌وای دەرک و دیرایـه‌ت[1]
سـه‌ردانیٚ لـه مه‌یـدانی مریـدانی (حـه‌ریقی)
بـۆ گـوی شـه‌قین چـاکه خۆشـت وت به‌کنایـه‌ت[2]

---

(١) مه‌نسوری کوڕی حه‌لاج له‌ساڵی ٣٠٩کۆچی له دایك بووه و له‌ساڵی ٩٢٢ زایـنی لـه سێداره دراوه، یه‌کێکه له سۆفیه به‌ناوبانگه‌کان.
ئه‌بوبه‌کری شبلی له‌ساڵی ٨٦١ لـه‌دایك بـووه و له‌سـاڵی ٩٤٥ زایـنی کۆچـی دوایـی کـردووه ئه‌ویش هه‌ر سۆفی بووه، دەرك: حاڵی بوون، دیرایه‌ت: تێگه‌یشتن.
واته: سه‌د که‌سی وه‌کو مه‌نسـوری حـه‌لاج و هـه‌زاری وه‌کـو ئـه‌بو بـه‌کری شـبلی ئه‌وانـه بـا خۆیان دەرخه‌ن ئه‌و رووکه‌شه له‌سه‌ر خۆیان لابه‌ن به هـه‌واو خۆشه‌ویسـتی تێگه‌یشـتن لێـك حاڵی بوون.
(٢) کنایه‌ت: وشه‌یه‌که بۆ مانا و مه‌به‌ستی دیکه به‌کاردێت.
حه‌ریقی وه‌ره مه‌یدانی موریدانی خواپه‌رسـت، دەی ئێسـتا ئه‌وانـه واباشـه بـه‌ڕه‌ڵڵا بکـرێن، جاران ئه‌گـه‌ر حوشـتر سـك و زای زیـادی بکردایـه لـه‌نێو عه‌ره‌بـه‌کان گـوێی شـه‌ق دەکـرا و به‌ره‌ڵڵا دەکرا و کاری پێ نه‌دەکرا دەی ئه‌و قسه‌یه‌ت زۆر خۆشه که به کینایه دەیکه‌ی.

پیتی دال

چاوەکەم ئەمڕۆ لە گوڵشەن گوڵ بە عیشوە خۆی نواند
نەک نمەک گیر بم، بە مەرگی تۆ قەسەم، هیچ نەمدواند[1]
گول بە تۆزی پێتەوە لاف و گەزافی لێ ئەدا
وا شوکر و سوزی نەسیم هات و ئەویشی لێ ستاندا[2]
نەشتەری موژگانی تۆ هاتوتە سەر سەفحەی دڵم
هەر خەتی بوو، غەیری خەتتی سەبزی تۆ پاکی کراند[3]
لەشکری ئاهم لەگەڵ جەیشی حەبەش دەعوا ئەکا
حیرەتم ماوە کە چۆن ئەو دلبەرە دڵمی رفاند؟[4]

---

(١) گوڵشان: شوێنێك پڕ لە گوڵ و گوڵزار بێت، عیشوە: بە شۆخ و شەنگ سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی راکێشێ.
واتە: چاوەکەم ئەمڕۆ لە ناو گوڵ و گوڵزاردا گوڵم دیت زۆر جوان بوو، خۆی رازاندبۆوە و سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی رادەکێشا نازی بەسەر خەڵکدا دەکرد، بەڵام بۆ ئەوەی نمەکی تۆ نەمگری سوێند بە مەرگی تۆ من خۆم تێنەگەیاند و قسەم لە گەڵدا نەکرد.
(٢) لاف و گەزاف: خۆهەڵکێشان، نەسیم:شنە
گوڵ ئەو لاف و گەزان و خۆهەڵکێشانەی بەوە لێدەدا کە تۆزی پێی تۆی پێوەبوو، بەڵام سوپاس بۆ خوا ئەوا بەهۆی هاتنی شنە بای تۆوە ئەوەشی نەما و پشتی لێ ستاند کەواتە کە جاران بەهۆی تۆوە ئەو لاف و گەزانەی لێ دەدا، ئێستا ئەوەی نەما، لەمەولا چی دەکات؟
(٣) موژگان: برژانگ، سەفحە: روو
واتە: برژانگەکانت وەکو تیر وایە و دەیهاوێی دەیدەی لەسەر رووی دڵم هەروەکو ئەو تازە مووانەی کە تازە لەسەر رووی گەنجانی تازە دێت.
(٤) ئاه: ئەو هەناسەی لە دڵ و دەروونی خەماوییەوە دێتە دەرەوە، حیرەت: بە سەرسورمان

بـــۆ گـــوڵی رووت هـــاتم و پەرچـــەم دەبیـــنم بۆیـــە وا
مـــاهی نـــەورۆزم بەشـــێوەن وەك محـــرم خـــۆی نوانـــد[1]
تـــۆ لـــە ئـــەوەل گـــری وەفـــات هینایـــە نیـــو مەیدانـــەوە
ئێســـتا چـــەوگانی خیلافـــەت پشـــتی ســـەد وەعـــدی شـــکاند[2]
توخـــوا قـــەت غیرەتـــە بـــۆ تـــۆ ئـــەری ســـەرووی رەوان
گـــوڵ بـــەبێ تـــو وا لـــە باغـــا خیـــوتی خـــۆی لـــێ چـــەقاند[3]
بـــا وجـــود ئینســـاف بـــدەم چـــاکە گـــولیش موشـــتاقتە
هـــەر لـــە شـــەوقی تۆیـــە ســـەرپۆش و گرییـــانی درانـــد[4]

لەشکری ئاهم واتە ئەو دەنگەی لە دەمم دێتە دەرەوە لەگەڵ سوپای حەبەشە هەردووکیان بەیەکەوە دەعوا دەکەن، منیش سەرم لەوە سورماوە کە ئەودوڵبەرە نازادارە بە چ شێوەیەك دڵمی فڕاند و لێی ستاندم.

(١) من بە خەیاڵی رووی تۆ هاتم وەك گوڵ گەش و جوانە بەڵام کاتێك هاتم پەرچەمت کە رەشە بەسەر رووتدا هاتۆتە خوارەوە جوانی رووتی شاردۆتەوە مانگی نەورۆز کە سەرەتای بەهارە دەشت و دەر رازاوەتەوە وەکو جوانی رووت بەڵام بەهۆی پەرچەمتەوە ئەو مانگی نەورۆزە بۆتە مانگی محرم کە مانگی شین و ماتە خەڵکی رەشپۆشە.

(٢) چەوگان: گۆپاڵ دارێکە سەری چەماوەیە، وەعد: پەیمان.

واتە: تۆ بووی یەکەمجار قسە و باسی وەفات خستە سەر باس و هێناتە مەیدانەوە ئێستاش وەکو ئەو دارە خوار بوویتەوە واتە راست نەبووی بۆیە ئەو قسانەی لەمەوپێش دەتکرد و پەیمانت لەسەردا بوو هەموو بە پێچەوانەوە بوو خاوەنی پەیمانی خۆت نەبووی.

(٣) سەری رەوان: باڵا بەرزی دڵبەر

واتە: توخوا ئەوە چ غیرەتێکە بۆ تۆ ئەی دڵبەری باڵا بەرز و رێك و پێك، گوڵ بەبێ ئامادەبوونی تۆ هاتووە لە باغدا لێی دانیشتووە رەشماڵی لێ هەڵداوە واتە هیچ حسابێکی بۆ تۆ نەکردووە و بە هیچت نازانێت، تۆش بە چ غیرەتێك قبوڵت دەکرد؟

(٤) واتە: با ئینسافەوە دان بەوە بنێم گوڵیش ئارەزووی بینینی تۆیە حەز دەکات جوانی تۆ ببینێت، هەر لەبەر جوانی تۆیە گوڵ سەرپۆشی سەری خۆی فڕێدا و جوانی خۆشی بەدیار

هەرکەسـی مایـل بـە بیرێکـە و تـەریقێکی هەیـە
تـۆ بـە شـوعلەی غـەم (حـەریقی) وەجاخـت هەلگرانـد[1]

بـەو نـورە کـە ظـاهر بـوو لەسـەر رووی محمـد
عالـەم هـەموو ئاشـقتە بـوو وەك مـووی محمـد[2]

مـەخجول و سـەر ئەفگەندەیـە نەسـرین و بنەوشـە
بـو مـووی سـەمەن بـوی دوو گیسـوی محمـد[3]

مـەجذوبـە هـەموو کـەس بـەرموزو بـە ئیشـارە
مـەجبورە لـە دەس سـاعید و بـازوی محمـد[4]

خست، سەرپۆشی گوڵ کاتێك خونچە دەکرێتەوە پەری گوڵ بەدیار دەکەوێت جا کرانەوەی خونچە فرێدانی سەرپۆشی گوڵە.

(١) مایل: مەیل، شوعلە: کلپەی ئاگر.

واتە: هەر کەس مەیلی بەلای بیرێکەوە دەڕوات و یا خاوەنی تەریقەتێکە، رێبازێکی هەیە، تۆ بە گلپەی ئاگری غەم (حەریقی)ت وەجاغت لەناوبرد.

(٢) ظاهر: ئاشکرایە، ئاشفتە: دوچار ژیانی سەخت.

واتە: ئەو رووناکییەی کە بەدیارکەوت لەسەر روو دەم و چاوی محمد(ص) خەلکی کە ژیانیان لە سەختی و نارەحەتیدا بوو گەلێك ناچاری ئەو محمدە بوون.

(٣) خجل: شەرمن، سەرفگەندە: سەرلێشێواو، سەمەن: دەرختێکی بچووکە و گوڵەکانی بۆنیان خۆشە، دووگیسو: پرچی درێژ.

واتە: گوڵی نەسرین و بنەوشە هەستیان بە شەرمەزاری و سەرلێشێواوی کرد، ئەو کاتەی رووی جوانی و موەکانی (محمد) یان دیت.

(٤) مجذوبە: راکێشان مەبەست ئەو کەسەی سەوداسەری عەشق بێت، رموز و ئیشارەی درکاندی رازی نهێنی بە پیشاندنی شتێك بە چاو یاخود بە دەست، مەجبور: ناچار، سەعید و بازو: دەست و باسك.

واتە: هەرکەسێك عەشقی ئەو محمدەی هەبێت و سەوداسەری خۆشەویستی لە دڵدا بێت ئەوە ناچاری پێویستی بەهێز و باز و باسکی ئەو دەبێت گەر بە ئیشارەتێکیش بێت.

سەروی چیمەنیش لە گل و خاری غەمایە
لەرزیانە لە حەسرەت قەدی دلجوی محمد[1]

لالەش وەکو من سینە پڕ حەسرەت و داغە
تا دیویەتی روخساری گولبوی محمد[2]

گردی ذقن سپی پرر ئەسپی عەجایب
زەخمی هەیە بۆ شاه و گەدا کوی محمد[3]

زاهد وەرە پێش تۆ سەری ئیمانی زەعیفت
روو بکە لە میحرابی دوو ئەبرۆی محمد[4]

---

(١) سەرو: دەرختێکی گەلا باریك و تیژە، چیمەن: سەوزایی، خار: دڕك و داڵ، حەسرەت: داخ و خەفەت، دل چوی: ئەو شتەی دڵ دەیەوێت و پەسندی دەکات.
واتە: داری سەروی ناو چیمەنیش کە پێوی لەناو گڵ و دڕك و داڵی غەمدایە، لەرزە لەرزیانە لە داخ و خەفەتی ئەو باڵاییەی کە دڵ حەزی لێ دەکات.

(٢) لالە: گوڵاڵە: چرا، سینە: سینگ کە دڵی تێدایە، گوڵبوی: بۆنی خۆش واتە گوڵاڵە سورەش کە بۆنێکی خۆشی هەیە هەروەکو دڵ و دەروونی پڕ لە ئاه و خەفەت و حەسرەت لەو رۆژەوەی کە روخساری جوانی محمدی دیوە و لە بۆنی خۆشی تێر نابێت ئەوە وای کردووە دڵمان پڕ لە ئاه و حەسرەت بێت بۆ ئەوەی جارێکی دیکە پێی شاد ببێتەوە.

(٣) گردی ذقن: چەناگەی خڕ و جوان، زەخم: برین.
واتە: چەناگەی خر و جوانی و سپی لەشتی جوان کە بۆتە جێگای سەرسوڕمانی خەڵك کە ئەوە وای کردووە برینێك بۆ شاه کەوا ئەمەش هەر بە محمد سارێژ دەکرێت ئەو برینە.

(٤) زاهید: خواپەرست و تەرکی دونیای کردبێ و ﴿ وَشَرَوْهُ بِثَمَنٍ بَخْسٍ دَرَاهِمَ مَعْدُودَةٍ وَكَانُوا فِيهِ مِنَ الزَّاهِدِينَ ﴾ (یوسف: ٢٠).
واتە: ئەی کەسی تۆبەکار کە دەستت لە دونیا شوشتوە وازت لێ هێناوە وەرە پێش ئەوەی سەری ئیمانی زەعیفت دابنێ لە روویەکی میحرابی نێوان برۆکانی محمد واتە خۆت بدە بە دەستی محمد هەتا ئیمدار بێت

بورهانـــــه لەســـــەر نفـــــی منافـــــات شـــــەو و رۆژ[1]
مـــــوویی کـــــه پەرێشـــــانه لەســـــەر رووی محمـــــد
عالـــــەم وەکـــــو مـــــن جـــــەرگی بـــــراوه بـــــه نیگـــــاهو
رم کـــــــردن و ئێســـــــتا ئـــــــاهوی محمـــــــد[2]
روح و دڵ و دینـــــت هەیـــــه هەرســـــێکی (حـــــەریقی)
خـــــەرجی کـــــه لـــــه رێـــــی و صـــــف و ثنـــــا جـــــوی محمـــــد[3]

---

(١) بورهان: گوندێکه له وڵاتی موکریان شێخێکی لێ بووه به ناوی شێخی بورهان، ناوی یوسف کوری محمده، له ساڵی ١٣٤٢کۆچی لـه ئـاوایی لاجـان لـه دایـك بـووه، دەچـێته هـەورامان لەسەر دەستی شێخ عوسمـان سـیراج الـدین تەمەسـوك دەکـا خـەریکی ئـادابی تەریقـەت دەبێ، له ساڵی ١٣٢٨ کۆچی کۆچی دوایی دەکـات، حـەریق یـەکێك بـووه لـه سـۆفیەکانی شـێخ بورهـان، نـەفی: دوورخسـتنەوه لـه شـارێك بـۆ شـوێنێکی دیکـه، منافـات: یـەکتر دوورخستنەوه.

واته شێخی بورهان هەردەم لەسەر دوورخستنەوەیه بەشەو و به رۆژ موو پەرش و بڵاو بـوو پەرێشانه کاتێك رووی پێغەمبەر ئیشاره بەوه بنێت کـه هـەر کاتێـك دەچـێته خـەڵوەوه و رووی جوانی پێغەمبەر (ﷺ) دەبینێـت زۆر پەرۆشـی ئەوەیـه کـه بێگاتـێ و بـه خزمـەتی بگات.

(٢) نیگاه: تەماشا کردن، ئیسناد: گەڕانەوەی شتێك بۆ شتێك، اهو: مامز

واته خەڵکی هەروەکو جەرگیان براوه و ئاگایان له خۆ نییه بۆ تەماشاکردنی رووی جـوانی پێغەمبەر(ﷺ) هەروەکو چۆن ئاسك رمی تێ دەگرێ بـۆ راو کردنـی خـەڵکی بـەو شـێوەیه عەوداله بۆ بینینی محمد(ﷺ).

(٣) حەریق هەسته به یەك جار روح و دینت و دڵت که هەیه هەرسێکی به جارێك خەرج بکـه لـه پێناو و له رێگای وەسف و ستایشی پێغەمبەر(ﷺ).

پیتی راء

عشـــقت کـــە حـــەقیقی بـــی تالـــب مەبـــە ئـــیلا کـــورِ
هـــەم حـــەزرەتی لـــەولا کـــور و هـــەم یوســـف والاکـــور[1]
ئـــەو نـــورە کـــە مەنشـــە ءبـــوو بـــو عاشـــقی مەبـــدءبـــوو
تـــی فکـــرە لـــەو نـــورە مـــەعلوم و هویـــدا کـــور[2]
عەشـــقی کـــە بـــەقوەت بـــی مایـــل بـــە مـــروەت بـــی
نـــەم دیـــوە کـــە تالـــب بـــی ئـــیلا کـــە تەلـــەب کـــا کـــورِ[3]

---

(١) ئەو هۆنراوەیە وەڵامی عەزەلێکی(نالی) بەحەریق هەوڵی داوە دێربەدێر وەڵامی نالیبداتەوە من وای بۆ دەچم مەبەستی حەریق ئەوە بێت کە بە خەڵك بمسەلمێنێ کە هۆنراوەکانی لە ئاستی هۆنراوەی (نالی)یە، یاخو دبڵێن هۆنراوەکانی شان لە شانی نالی دەدات.
واتە کە تۆ عاشقێکی بەراستی جگە لە کوڕ تاڵبی هیچ کەسێکی دیکە مەبە ئەی نابینی حەزرەت لە رەگەزی نێرە هەم یوسف جوان و باڵا بەرزیش دیسان کوڕ، دەکرێت ئەوەش بگوترێت کە حەزرەت کوڕ بووە، ئاماژە بە فەرموودەی (لولاك لولاك لما خلقت (الأملاك) واتە ئەگەر نەمازنیا تۆ لە دایك نابێت گەردونمان دروست نەدەکرد، فەرموودە ناسەکان دەڵێن ئەوە فەرموودەیەکی زەعیفە.
ئەگەر وەك رەخنەی کۆمەڵایەتی تەفسیری واقعی کۆمەڵگای کوردەواری بکەین ئەو بۆچوونەی (حەریق) تەواو دروستە، چونکە سەردەمی حەریق واقعی کۆمەڵگای کوردەواری زیاتر مەیلی بەلای کوڕەوە بوو، بەوە دڵخۆش بووە کە ببێتە خاوەن خاوەن پشت و پەنا کە بەرامبەرەکەی حسابی بۆ دەکات بەڵام ئەوە لە خاوەن کچ چاوەڕوان ناکرێت.
(٢) ئەو نورە کە هەڵگیرسا لە شوێنی بەدیارکەوتنی ئەوە بو عاشقێکی خاوەن بیرو باوەڕ، جا وەرە تۆ تێفکرە لەو نورە کە مەعلوم و ئاشکرایە کە کوڕە.
(٣) مایل : ئارەزووی شت بکات، مروەت: پیاوەتی.
واتە: هەر عەشقێك ئەگەر بەهێز بێت هەردەم ئارەزووی ئەو شتە دەکات کە جێگای پیاوەتی و جوامێری بێت دیارە ئەوەش دەبێت هەر لە کوڕ بوەشێتەوە بۆیە جگە لە کوڕ داوای هیچ شتی دیکە مەکە.

عەشـــقی کـــە بـــە غـــەوغا بـــوو وەک عەشـــقی زلێخـــا بـــوو
سەرگەشـــــتە و ریســـــوا بـــــۆ یوســـــف والا کـــــورِ[1]
شـــیرین کـــە شـــەکر رێـــز بـــوو بـــۆ کـــێ بـــوو دڵ ئـــاوێز بـــوو
بـــۆ خوســـرەوی پـــەرویز بـــۆ فـــەرهادی هـــەوا خـــوا کـــورِ[2]

---

(١) غەوغا: ئاژاوە، زلێخا: کچی (تیموس)ی پاشای مغرب بوو و ژنی (بوتیفار)ی عەزیزی مسر بوو.
زلێخا عاشقی حەزرتی یوسف بوو، بەڵام حەزرەتی یوسف نەیدەویست خیانەت بکات، لە ئەنجامدا زلێخا هەوڵی ئەوەی دا لە ماڵەکەی خۆیدا کردەوەی خراپی لەگەڵدا بکات، بەڵام حەزرەتی یوسف خۆی نەدا بە دەستەوە و رایکرد بەڵام زلێخا لە پشتەوە کراسەکەی راکێشا و درِاندی، پاشان گوتی یوسف دەستدرێژی کردۆتە سەرم، پاشان منداڵێك شاهیدی لەسەر ئەوەدا ئەگەر حەزرەت کراسی لە پێشەوە درِا بێت ئەوە حەزرەتی یوسف خەریکی دەستدرێژی بووە بۆ سەر یوسف وە ئەگەر کراسەکەی لە پشتەوە درِا بێت ئەوە حەزرەتی یوسف هەوڵی داوە خۆی رزگار بکات و زلێخا لە پشتەوە رایکێشاوە ﴿وَإِن كَانَ قَمِيصُهُۥ قُدَّ مِن دُبُرٍ فَكَذَبَتْ وَهُوَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ﴾ (یوسف: ٢٧).
سەرگەشتە: سەرگەردان، ریسوا: شەرمەزار.
هەر عەشقێك ئەگەر بە گێرە و کێشە و ئاژاوە بوو هەروەکو عەشقی زلیخا بۆ یوسف کە سەرگەردان و ریسوا و شەرمەزاری بوو، بەڵام بالا بەرز و جوان کوڕ بوو سەربەرز بوو.
(٢) شەکەر رێز: قسە خۆش، دڵ ئاوێز: دڵی بە کێوە بوو، خوسرەوی پەرویز: نەوەی نەوشێروانی دادپەروەر، لە سەردەمی ئەودا پێغەمبەر (ص) لە دایك بووە، خاوەن شکۆ بووە، دەوڵەمەندی و گەنجینەکانی بوون بە ئەفسانە دڵداری لەگەڵ شیرین بووە بە سەرچاوەی چیرۆکی شعیر لە ئەدەبیاتدا، فەرهەنگی نالی دیوانی نالی، د. مارف خەزنەدار.
فەرهاد: ناوی هونەرمەندێك بووە لە سەردەمی خوسرەوی پەرویزدا، عەشقی شیرین بووە، هەروەکو خوسرەو عاشقی شیرین بوو، دەڵێن خوسرەو فەرمانی بۆ فەرهاد دەکرد کە شاخی بێستون هەڵکەندێ و هەروەها ناوی پێنجەمین پاشای بنەماڵەکەی ئەشکانیەکان بووە.
واتە: شیرین قسەی خۆشی بۆ کێ دەکرد، دڵی بۆ کێ دەچوو عەشقی کێ بوو، هەر بۆ خوسرەوی پەرویز لایەنگیری فەرهاد نەبوو!

کـــــچ مـــــایلی والایـــــه وەک داوی بـــــەلا وایـــــه
کـــورِ وەک کـــوڕی شـــا وایـــه بـــێ خـــەوف و محابـــا کـــورِ[1]
کـــچ تـــەبعی کـــەچ و نـــاقص کـــورِ تـــەبعی تـــەر و خـــالص
هـــام صـــحبت هـــەم جـــالس خـــۆش منظـــور ســـیما کـــورِ[2]
کـــچ زوڵفـــی پەرێشـــانه کـــورِ پەرچـــەمی ئەفشـــانه
کـــاکول بـــه جەمعیـــەت هـــەم شـــان کچـــه یـــا کـــور[3]
کـــچ صـــاحب لەرزانـــه کـــور مـــەردە لـــه مەیـــدانا
کـــور هـــام دەمـــی ئینســـانه خـــۆش مەشـــرەب و گویـــا کـــور[4]

---

(١) مایل: مەیل، بەلا: گرفت، خەوف: ترس
کچ ئارەزوو مەیلی والایە و ئاشکرایە، ئەوەش وای کردووە ببێتە بەلا بۆ خاوەنەکەی واتە کچ هەردەم دەبێت ئاگاداری بێ نەوەکو داوی بۆ دابنرێتەوە کەس و کاری تووشی بەلایەکی کۆمەڵایەتی بکات، بەڵام هەرچی کوڕە ئەوترسەی لەسەر نییە لێی بێ غەم بە مەترسە لێی هەروەکو کوڕی شا وایە.
(٢) ناقص: کەم، خالص: بێ گەرد، صحبت: گفتوگۆ.
واتە: کچ لە سروشتی خۆیدا تەبیعەتی کەچ و ناتەواوە، بەڵام هەرچی کوڕە تەبیعەتی تەڕ و جوان و بێ گەرد لە هەمان کاتیشدا لە هاونشین و گفتوگۆ دا سەر و سیمایەکەی جواین هەیە بۆیە دەبێت کوڕ پەسند بکەین.
(٣) پەرێشان: زولفی ئاڵۆز و شێوا، ئەفشان: بڵاو و پەخشان، کاکوڵ: پەرچەم کە دێتەوە سەر نێو جەوان، هام شان: ئاوکوف.
واتە: کچ زولفی ئاڵۆز و شێواوە بەڵام پەرچەمی نیە هەتا بشێوێت بەڵکو کوڕ پەرچەمی هەیە و بڵاوبۆتەوە پەرچەمیشی بە شێوەیەکی گشتی دێتە سەر نێو چەوانی با ئێستا وەرە بڕیار بدە کوڕ یان کچ ئاوکوفە.
(٤) لەرزانە: جولانەوەی لە جێگای خۆی، هاودەم: هاونشین، خۆش مەشرەب: قسە خۆش.
واتە کچ خاوەنی جولانەوەی خۆیەتی لە شوێنی خۆی، بەڵام کور وانیە پیاوی مەیدانە کەواتە لە رۆژی لێ قەوماندا کچ بە کەڵکی ئەوە نایەت بێتە مەیدان و بەرگری بکات، بەڵام کوڕ وانیە پیاوی مەیدانە لە رۆژی تەنگانەدا.

هەرکەس بە تەبیعەت بێ ئەربابی مرووەت بێ
لەم نقتە تەماشا کا خانم کچ و ئاغا کور[1]
قامەت کە وەکو نەی بی کێ دیویە لەگەل بەی بی
ئەم نیسبەت ئەخلاقە دەرحەق کچە یا کور[2]
سەد حەیفی کە تۆ (نالی) بەوپیرییە منداڵی
بەم تەرزە لە عەشق ئەدوی زیبا کچ و دیبا کور[3]

---

(١) ئەرباب: خاوەن، مروەت: پیاوەتی جوامێری.
واتە هەر کەسێك خاوەنی خورەوشت و تەبیعەتێکی جوان بێت و هەروەها خاوەنی جوامێری و پیاوەتی بێت ئەەوا لەو نوقتەوە تەماشا بکە کچ وەکو خانمان دادەنیشێ بەڵام کوڕ وەکو ئاغا خاوەن دیوەخانە و میوانی دێت و میوان بەرێ دەکات و خەڵك دێنە سەر سفرە و خوانی.
(٢) قامەت: باڵا، نەی: شمشاڵ واتە باریك و رێك و جوان.
واتە کێ دیویەتی بەژن و باڵایەك کە وەکو شمشاڵ باریك و جوان و رێك و پێك بێت ئەو جوانی رێك و پێکییە لەگەڵ بۆنی خۆش لە کێ هەیە! دیارە ئەو نیسبەتەی باڵا شمشاڵی بۆنی خۆش ئەخڵاق بەرزییە بۆ کێیە کچ یا کوڕ!
(٣) بەم تەرزە: بەم جۆرە، زیبا: جوان دیبا: قوماش ئاوڕیشم.
واتە سەد جار حەیف و مخابن بۆ تۆ نالی ئێستا پیری بەڵام بیرکردنەوەت منداڵانەیە بەو جۆرە بیر لە عەشق دەکەیتەوە و لێی دەدوێی چونکە ئەگەرچی کچ جوان، بەڵام کوریش وەکو قوماشی ئاوریشم وایە کاتێك لەبەر دەکرێت عەیبی دادەپۆشی یەکێك لە میکانیزمەکانی بەرگری (نکوص)ە، واتە گەرانەوە بۆ سەردەمی منداڵی (نالی)یش کە بەو پیرییە لەعەشق دەدوێ گەڕاوەتەوە سەردەمی منداڵی.
بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە (حەریق) بەڵگەی چییە کە نالی ئەو هۆنراوەیەی لە سەرەوەی پیری گوتبێ، لە کاتێکدا لێکۆڵەرەوانی شیعری نالی دەڵێن تەمەنی نالی لە ٥٦ ساڵ تێنەپەڕی نەکردووە، دیارە ئەوەش جێگای پرسیار و هەموو کەس قەناعەتی پێ ناکات.

مووی کە لە رووی کوڕ بێ ریحانەی نیو باغە
سەد جەرگی لەبوداغە صاحب خط و ئینشا کور[1]
بۆ خلوەتی تەنیایی فی الواقعە کچ چاکە
ئەما کە لە عەشق بدویی ئەدنا کچ و ئەعلا کور[2]
بۆ خەلوەت تەنیا کچ بۆ بەزمی تەماشا کور
بۆ فاسقی ریسوا کچ، بۆ عاشقی سەودا کوڕ[3]
کچ وەختی شکا سەدی نامینی چە سەرحەدی
نەقسی نیەتی عەدا مەحفوز و موبەرا کوڕ[4]

---

(١) خط: دێر، ئینشاء دروست کردن.
واتە هەر تاڵە مووێك گەر لە رووی کوڕ بێت، ئەو تاڵە مووە وەکو ریحانەی رەش وایە کە لە نێو باغدا هەبێت کە بۆن خۆش دەکات دیارە خەڵکیش دڵی دەچێتە باغ و بۆنی خۆش بەهەمان شێوە کوڕیش سەد جەرگ بۆ داغە، چونکە ئەو لە خۆیەوە شت دادەهێنێ.
(٢) خەڵوەت: تەنیایی، فی الواقعە: لە راستیدا، ئەدنای: ژێر، اعلی: بەرز.
لە راستیدا کچ بۆ کاتی تەنهایی زۆر باشە کە ببێتە هاونشین و هاودەمی کور بەڵام کە بێتو لە عەشق و خۆشەویستی بدوێی ئەوە کچ لە ژێرەوە و کوڕ لە سەرەوە
(٣) ریسوا:شەرمەزار، سەودا: عشق و شەیدایی.
بۆ کاتی تەنیا کچ باشە بۆ ئەوەی جێگای بەتاڵ نەمێنێ کوڕیش بۆ بەزم و تەماشا کردن کچ دیسان بەدەستی کەسی فاسق و ریسوا شەرمەزار دەبێت بۆ عاشقی و شەیدا بوون دیسان کوڕ.
(٤) مەحفوز: پارێزراو، موبەرا: کەسێك لە تاوان دوور بێت.
هەرکاتێك کچ کاتی شکا و بەسەرچوو واتە کچێنی نەما تامی نامێنێ، کە ئەوەش دوژمن ئەوە بە کەمی دەزانی بەڵام کوڕ هەردەم مەحفوز و بێ تاوان دەتوانی خۆی پیشان بدات یاخود بە مانایەکی دیکە کچ شەرمی لە ناو خۆیەییەوە هەستی پێ دەکرێت ناتوانرێت بشاردرێتەوە بەڵام کوڕ وەکو کچ نییە دەتوانێت بێ تاوانی خۆی پیشان بدات.

لەم تەبعی کە چە لادە عومرت هەموو بەبادە
خوی ساقی و چاو بادە مضبوط، مهیا کور[1]
ئەم عەشقە مجازاتە ئەنجامی مەجازاتە
غواسی حقیقەت بە دور دانەی دەریا کور[2]
هەر عیشقێ حەقیقی بێ وەک احەریقی بێ
مەیلی بە دەقیقی بێ بۆ مەعریفە و تولا، کور[3]

---

(١) ساقی: مەی گێڕ، بەرباد: لەناوچوون، مهیا: ئامادە.
واتە ئەو تەبعەی کەچ و خراپەی کە هەنە دەستی لێ هەڵبگرە تەمەنت هەموو لە ناوچوو بەبێ سوود، خۆی مەی گێڕ و سەرمەستە کوڕیش رێك و پێك و ئامادەیە.

(٢) ئەو عەشقەی تۆ باسی لێوە دەکەی خۆشەویستییەکە دوور لە راستی هەرچەندە خۆتی پێوە ماندوو بکەی بە خۆڕاییە چونکە ئەنجامەکەشی هەر دوور لە راستی یاخود بڵێن خۆشەویستیەکەی تۆ کە خۆت پێوە خەریك کردووە دامەزراوە لەسەر شتی بۆش و هیچ دیارە تەنجامەکەشی هەروا دەبێت یاخود وەکو خانوەك لەسەر گوفەك دروستی بکەی زوو دەرمێ و دەروخێ.

(٣) هەر عەشق و خۆشەویستییەك ئەگەر راست و دروست بێت وەك عەشقی حەریقی کە هەیەتی بۆ خۆشەویستەکەی دەبێت مەیل و ئارەزووی زۆر ورد بێت بۆ ناسینی خوای گەورە، دیارە ئەوەش هەر لە کور دەوەشێتەوە.

تـــەعاروف بـــە ســـیغارە شـــیعاری ئـــەهلی کیبـــار
ســـەبیلی عـــادەتی مەســـدودە بـــۆ رەواجـــی ســـیغار[1]
لـــە قـــاوەی قاوەچـــی هەرکـــەس کـــە مەشـــرەبی چـــا بـــێ
بـــە دودی قەننـــە تەناعـــەت ئـــەکا فقـــیر و هـــەژار[2]
میزاجـــی ئـــادەمی خـــاکی هـــەوا و ئـــاو و بـــادە
عینـــان ســـەبر بـــە دەس باکیشـــتە کـــوورەی نـــار[3]
بـــە مولـــک حیـــدەت ئەگـــەر ئاشـــنایی مـــونکری حـــال
دەزانـــی عـــومری عەبـــەس بـــوو لـــە کوســـرەتی ئـــەغیار[4]

---

(١) تەعاروف: یەکتر ناسین، سیغارە: جگارە، شیعار: دروشم، ئەهلی کیبار: پیاوی گەورە، مەسدود: داخراو، رەواج: برەوپێدان.
واتە برادەرایەتی یەکتر ناسین یان هاونشینی لەگەڵ جگارە ئەو دروشمی کەسانی و پیاوانی گەورەیە کەواتە هەر کەسێك هاوڕێیەتی پیاوانی گەورە بکات دەبێت پێش وەختە لەگەڵ جگارە یەکتریان ناسیبێ.
(٢) مەشرەب: هەڵسوکەوت، دودی: دووکەڵ.
واتە هەرکەسێك لە دیوەخاندا هەڵسوکەوتی باش بێت دەتوانێت لەگەڵ قاوەچی هەڵبکات و قاوە بخواتەوە، کەسانی هەژار و فەقیریش دەتوانێت قەناعەت بکات رازی بێت بە دوکەڵی جگارە کاتێك ئازار دەدرێت بە دووکەڵەکەی.
(٣) میزاج: زەوق، هەوا: ئارەزوو، بادە: نۆش کردن، عینان: ئەو پەتکەی کە وڵاغی پێ لغاو دەکرێت، کورەی نار: ئەو شوێننەی ئاگری تێدا دەکرێتەوە.
واتە بەنی ئادەم زەوق و میزاجی ئەوەها کە خۆشەویستی و ئارەزووی بۆ خاکەکەی دەچێت نەوەکو ئاو نۆش بکات هەتا دەگاتە ئەو کاتە کە پەتکی لغاوی وڵاغەکەی وەکو با دەیگەیەنێتە سەر کورەی ئاگر نزیك دەبێتەوە لە سوتان.
(٤) حیدەت: توند و تیژی، مونکیر: کاری خراپ، عەبەس: کاری بێ سوود، ئەغبار: بێگانە.
واتە: هەموو مولکێك ئەگەر بە توند و تیژی بەدەست بهێنرێت هەروەکو ئەوە وایە کە ئاشنایەتی کەسی خراپ بکەی دیارە هەر کەسێکیش هاونشینی کەسی خراپ بێت حاڵی چۆن دەبێت؟ دیارە حاڵی ئەو کەسە وەکو ئەوە وایە کە تەمەنی خۆی لە بێ هودەیی سەرف بکات یا خزمەتی بێگانە بکات.

زەرەری نـــەبێ ســـەمەرێکی نیـــە دەرختـــی غـــەیر
ئەگـــەر بـــە بـــەرد و پـــلار سەرچـــل بخەیتـــە خـــوار[1]
دەرخـــتی مـــولکی دلم میوەیـــەکی کـــالی هەیـــە
خـــوا بکـــا بـــە تەحـــەمول بگـــا بـــە ســـەبر و قـــەرار[2]
بـــە داغ و حەســـرەت دەچـــمە حەلقـــەی ماتـــەم
ســـەفایەکی نـــەبوو ســـەعییم لـــە تـــەرەف کـــوی نیگـــار[3]
لـــە وەخـــتی عالـــەم ئەرواحـــەوە هـــەتا ئێســـتا
ســـەفەر ئەکـــەم نەگەیشـــتم بـــە مـــەنزلی دڵـــدار[4]

---

(١) زەرەر: زیان، سەمەر: بەرهەم
واتە بێجگە لە زەرەر و زیان درەختی بێگانە مەبەستی خزمەت کردنی خەڵکی بێگانە هیچ سوود و بەرهەمێکی نیە، خۆش و لەزەتیش لەوەدا بەدی ناکرێت کاتێك درەختێك بەری هەبێت و لە بەرزاییدا بێت و خەڵك بە دار و بەرد ئەو بەرهەمە لێ بکاتەوە.
شاعیر لێرەدا فەلسەفەیەکی قولی بەکار هێناوە هەرکاتێك کەسێکی دوژمن و ناحەز بە میللەتەکەی بیکات، دواجار بە بەراورد ریسوا دەبێت ئەو کاتەش ژیان تامێکی نابێت.
(٢) کاڵ: خاو نەگەییو، تەحەمول: ئارام
واتە: ئەو دڵەی من وەکو دارێکی بەردار وایە، بەڵام بەرهەمی هێشتا پێنەگەیشتووە و کاڵە بەڵام ئەگەر خوا حەز بکات سەبر و قەرار و ئارامم پێ ببەخشێت هەتا بەرهەمەکە پێدەگات.
(٣) سەفا: پاك و بێگەرد، سەعی: هەوڵدان، نیگار: خۆشەویست دلبەری جوان.
واتە بە داخ و حەسرەتێکی زۆرەوە دەچمە کۆڕی ماتەم گێڕانەوە، کەچی پاش ئەو هەوڵ و ماندوبوونەم لەلایەنە دولبەری شۆخ و شەنگەوە هیچ پاك و بێگەردییەکی لێ نەدیت.
(٤) واتە هەر لەو رۆژەی خوای گەورە ئەرواحەکانی دروست کرد و کۆیکردنەوە پێی فەرموون ﴿أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ﴾ هەتا ئێستا من لەسەفەردام و دەگەڕێم بۆ ئەوەی بگەم بە کاروانی دڵداران، بەڵامە بە داخەوە هێشتا پێیان نەگەیشتووم.

فیـــــدای زینـــــده دلانـــــی تەریقـــــەت خوبـــــانم
هەمیشـــــە تـــــازە دەبـــــن هەمیشـــــە بـــــەهارە[1]
لەچـــەشمەی ســـاری کـــەی مـــەعاریف نســـیب ئـــەبێ؟
هەمیشـــــە چـــــاو تـــــەڕ و زار و وشـــــک و بـــــۆ بـــــەیار[2]
(حـــەریقی) ئەگـــەر غـــەمی شـــێخ عـــومری ســـووتاند
کـــەبابی ســـینە بـــە ناپوختـــە هاتـــە مەجلیســـی یـــار[3]

---

(١) فیدا: قوربانی، زیندە: دڵی بێ ئاگا وریا، خوبان: جوان شۆخ.
واتە من بە قوربانی تەریقەتی ئەو کەسە شۆخ و شەنگانەم کە هەردەم دڵییان بە ئاگا و وریاییە، ئەو دلانە کە هەردەم تازەن و نوێ دەبنەوە وەکو گوڵی بەهار کە تازە خونچە دەکەن و گەش دەبنەوە.
(٢) چەشمە: کانی، ساری: ئیش کردن لە شتێك کە بە هەموو لایەك بڵاوببێتەوە.
واتە لە سەرچاوەی زانستەوە کە زانست دەگوازرێتەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکەی کەی و چ کاتێك ئەو زانستە بە نسیبت دەبێت. کە هەمیشە و هەردەم ئەوەی داوای زانست دەکات چاو بە فرمێسکەوە زمانی وشکە و لێو بە بارە.
(٣) ئاگری خەم و خەفەت هەموو عومری حەریقی سوتاند و بەبایدا بۆیە بە سینە سووتاوی هەروەکو کەباب زۆر بە نارێکی هاتە کۆڕی دڵداران.

پیتی سین

حـــوزنی مـــن و حوســنی تـــۆ ئەشـــکالە تـــا ئـــاخر نەفـــەس
بـۆ چ زەکـــاتی حوســنی تـــۆ یـــا حـــوزنی مـــن ناگـــا بـــە کـــەس[1]
زاهـــــرەن فەرمووتـــــە وەخـــــتی مـــــردن حـــــازر دەبم
وا لـــە خۆشـــی مـــردنم دەمـــرم! دەســـا ئینســـافە بـــەس[2]
چۆن ئەکـەی مـەنعی دڵـی مـن تـۆ لـە شـەهدی لێـوی خـۆت
لێـــوی تـــۆ وەک شەکرســـتان و دڵـــی مـــن وەکـــی مەگـــەس[3]

---

(١) حوزن: ناخۆشی، حوسن: جوانی.
ناخۆشی و غەم و خەفەتی من و جوانی و رێك و پێکی تۆ گرفتی پەیدا کردووە و بۆتە جێگای گومان تاکو کۆتایی ژیان، بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئەو غەم و ناخۆشییەی من و جوانییەی تۆ بۆ چ زەکاتی لێ نادرێت و ئەو زەکاتەش ناگات بە هیچ کەس، چونکە دەبێت بدرێتە کەسانی هەژار و کەم دەرامەت.
(٢) زاهرەن: بە ئاشکرا، حازر دەبم: ئامادە دەبم.
واتە بە ئاشکرا بە راستی پەیمانت داوە گوتووتە هەر کاتێك کاتی مردنت هات ئەوا لەسەر گیان کێشانت ئامادە دەبم، منیش لە خۆشی ئەو پەیمانەی کە داوتە کە مردنم خەریکە لە خۆشی مردم وا دەمرم، دەی مادام وایە تۆزێك وەفا ئینسافت هەبێت.
(٣) مەنع: قەدەغە، شەهد: هەنگوین.
واتە چۆن بە چ شێوەیەك هەوڵی ئەوە دەدەی کە قەدەغەی دڵی من بە خۆت بکەی لە کاتێکدا ئەو قسانەی لە لێوان دێتە دەرەوە هێندە شیرینە هەر دەڵێی هەنگوینە، هەروەها لێوی تۆ هەروەکو شەکرستانە واتە قسەکانت هێندە خۆشە هەروەکو شەکر، دڵی منیش هەروەکو مێش و مەگەز وایە کە عەشقی شیرینە دەست بەرداری نابێت.

چـاوەکەم لـەو بـاغی حوسـنە مـەنعی چـاوی مـن مەکـە
لازمـە بـۆ پاسـەوانی باغەکـەت جـوتی عەسـعەس[1]
تـازە فەرمووتـە لـەلای کـەس رازی عەشـقی مـن مـەلی
نەت ئەزانی دڵ کە کون بـوو دەنگـی لـێ دی وەک جـەرەس[2]
پێـی بڵـێن زاهـد بـەخیری خـوی لـە وەعـزی مـن گـەری
عەشقی من شوعلە و بڵێسەیە وەعزی ئەو وەکو خار و خەس[3]
خـاڵی سـەوزە داغـی سـەوزە باسـی ناسـوری مەکـەن
تـا زەدی ئـەو بـی احـەریقی قـەت شـفای نـابی بەکـەس[4]

---

(١) حوسن: جوان، لازمە: پێویستە، عەسعەس: پاسەوانی شەو.
واتە چاوەکەم لە باغی جوانیت کە تۆ هەتە، تۆش قەدەغەی چاوی من مەکە لە بینینی ئەو باغی جوانیەت، پێویستە بۆ پاسەوانی باغەکەت پێویست بە دوو پاسەوانی شەو هەیە.
(٢) جەرەس: زەنگ.
واتە تازە خۆت فەرمووت رازی عەشقی من لەلای هیچ کەسێك باسی نەکەم، ئایا ئەوەت نەزانیووە هەر کاتێك دڵ کە کون بوو ئیتر ئەو کون بوونە دەنگ دەداتەوە هەروەکو زەنگ کە هەموو کەس گوێی لێ دەبێت.
(٣) زاهد: خوا پەرست، شوعلە: گڕی ئاگر: بڵێسە: گڵپە.
واتە بڵێن بە ئەو خوا پەرستە بە بەخێری خۆی دەست هەڵبگرێ لە حاڵ و باری من، چونکە عەشقی من وەکو گڵپەی ئاگر جۆشی سەندووە وا بەئاسانی ناکوژێتەوە، حال و باری ئەویش وەکو درك و داڵ وایە بە ئاسانی ئاگری من دەیگاتێ و بە ئاسانی دەسووتێت.
(٤) ناسور: دەرد و بەڵا، زدە: بریندار.
واتە باسی دەرد و بەڵا و ناسۆری مەکە چونکە خاڵ و داغی سەوز و پیرۆزییە، کەواتە باسی بریندارى (حەریقی) مەکە هەرگیز چونکە بە دەستی ئەوەوە بریندارم، جا کەواتە هەر دەبێت ئەو سارێژی برینم بکات، چونکە شیفای من بەدەستی هیچ کەسێك نایەت بە دەستی ئەو نەبێت.

پیتی شین

عالەمێکـــــە پـــــر شـــــەر و شـــــۆر نیـــــزاع و ئیرتهـــــاش
رۆژگارێکـــــە سەراســـــەر میحنـــــەت و پـــــڕ ئیفتشـــــاس[1]
کـــەس نییـــە بـــۆ ئیســـتراحەت ســـەر بنێتـــە ســـەر ســـەرین
کـــەس نییـــە ئاســـوودە بـــی پـــالووی لـــە خـــاری ئـــیفتراش[2]
تـــالبی ئیمســـاکی دەرخســـت روو بـــەروو هاتۆتـــە پـــێش
ســـاحیبی عرفـــان و دانـــش ســـەر بـــە زان و چـــووەتە پـــاش[3]
بـــۆ ســـلوکی رێـــی مـــەعاریف پاڵـــەوانیش ناتـــەوان
بـــۆ تـــەریقی جـــەزب حەیفـــە وەك یەكـــە دەرد و هـــەراش[4]

---

(١) نیـزاع: دووبـەرەكی، ئیرتهـاش: فـرت و فـێڵ، میحنـەت: ئـێش و ئـازار، ئیفتشـاش: غـەل و غەش.
واتە ئەمڕۆلە دونیایەك دەژین پڕ بووە لـە شـەڕ و شـۆڕ و دووبـەرەكی دەسـت بـڕین فـرت و فێڵ، رۆژگارێكە سەراسەر پڕ بووە لە كارەسات و غەل و غەش.
(٢) ئیستراحەت: پشوودان، سەرین: بالیف، پالوو: پەراسوو، ئیفراش: جێگای نوستن.
واتە لەو سەردەمەی تێدا دەژین هیچ كەس نییە شەو بە ئیسراحەتی خۆی بۆ نووستن سـەر بنێتە سەر بالیف و خەوی لێ بكەوێت، هەمدیسـان كـەس نیـە پەراسـووی خـۆی كەلەكـەی خۆی بە ئیسراحەت بخاتە سەر جێگای نووستن.
(٣) ئیسماك: خۆ دوور خستنەوە لە شت و خـواردن، عرفـان: خوانـاس، دانـش: زانسـت، زانـو: ئەژنۆ.
جاران هەردەم داوای خۆ دوورخستنەوەی دەكرد خـۆی دەشـاردەوە، بـەڵام ئێسـتا هاتۆتـە مەیدان و رووبەڕوو خۆی دەرخستووە هاتۆتە پێش، خـاوەنی خوانـاس و زانسـت و زانیـاری لەسەر ئەژنۆ و دەگەڕێتەوە دواوە كەسێك ئەهلی تـەقوا و خواناسـین بێـت خـەڵكی پشـتا و پشت دەگەڕێتەوە دواوە ئەوەش وەكو رێزنان.
(٤) سلوك: رێگەی هەق و پلە و پایـەی گەیشـتن بـە خواپەرسـتی، مـەعاریف: زانیـاری جـەزب: راكێشان.

نـــان و ئـــاوی ئـــەهلی دڵ عوســـەیە و خـــوتبی جگـــەر
دەســـتی بـــەرداوە لـــە عـــەرزە تـــالبی نـــانی بـــەلاش[1]
هەرکەســـی دانگـــی شـــعوری شـــیعرێکی هەیـــە
ئەبلەیی دەنگ بۆتە ساحیب مـولکی شـەش دانـگ مـەعاش[2]
گـــەر بـــە نـــیلا و زۆر نـــەبێ رۆژی وەدەس کـــەس ناکـــەوێ
شـاهیدە بـۆ مـودەعی راسـتی حـوکمی قـازی کـیری جـاش[3]
دیـــن بـــەزایع گـــەر بـــۆی رێـــک بکـــەوێ پیـــاوی ناگـــەهات
وک کـــەلیم اللّٰه خـــوا کردیـــە دەلیلـــی ســـەنگ تـــەراش[4]

واتـە بـۆ گەیشـتن بـە رێگـای هـەق و خواپەرسـتی پێویسـتی بـە زانیـاری هەیـە، ئەگـەر نـا پاڵەوانیش بێت هەر ناتەواوە، جا بۆ رێگای راکێشانی خەڵك بۆ ئەو رێگایە جێگای داخە کـە هەموو بەیەك چاو تەماشا بکەی چونکە ئینسانی دەردەدار و نەخۆش وەکو یەك نین.

(١) غوسە: غەم و خەفەت، عورزە: لێهاتوویی.
واتە خۆراکی ئەو کەسانەی کە دڵیان رۆشن بوویتەوە بە خواپەرستی هەر غەم و خەفتـە و خۆراکیان بۆتە خوێنی جگەر و خوێنی خۆیان دەخۆنەوە دەستیان لە هەموو شتێك و دنیـا پەرستی بەرداوە، پێچەوانەی ئەو کەسانەی کـە هـەردەم خوازیـاری نـانی بەلاشـن چـاو لـە دەستی خەڵکن.

(٢) دانکی: توزێك، هەندێك، شعور: هەست: هۆش، ئەبلە: کەم عەقل و بێ هۆش.
واتـە: هـەر کەسـێك هەنـدێك هەسـت و هۆشـی هـەبێت ئـەوە خـاوەنی داهێنـان و دانـراوی خۆیەتی خاوەنی بیروڕای خۆیە، بەڵام ئەمڕۆ کەسانی بێ هۆش و کەم عـەقڵیش لـە سـایەی هەندێك مووچە بونەتە خاوەن پارە وەکو پاشایان لێهاتووە.

(٣) نیلاو: ماستاو سارکردنەوە و خۆ رەپـێش کـردن نـەبێت رزق و رۆزی دەسـت هـیچ کەسـێك ناکەوێت بەڵگەش ئەوەیە کاتێـك داواکـار دەچـێت داوای مـاڤ خـۆی دەکـات لای قـازی ئـەو مافەی پێشێل دەکرێت چونکە مرۆڤێکی راستە و نازانێت ماستاو بـۆ قـازی سـارد بکاتـەوە ئەویش لەوەڵامدا پێی دەڵێت مافەکەت بە کیری جاش واتە نیە مافت.

(٤) زایع: بەفێڕۆ چوون، ناگـەهان: بـێ ئاگـا، کـەلیم اللّٰه: نازنـاوی حـەزرەتی موسـایە سـەلامی خوای لێ بێت، کە لە کێوی تورِ قسەی لەگەڵ خوای گەورە کـردووە هـەروەکو لـە قورئانـدا باس کراوە ﴿وَكَلَّمَ ٱللَّهُ مُوسَىٰ تَكۡلِيمٗا﴾، سەنگ: قورسایی.

نەک وەکو قازی زەرور و وەک مەلای نەخوێندەوار
یا خەلیفەی کولەتاش و مورشیدی جوهر تەراش[1]
با وەکو من بەخت و تالع، باوەر و یارم نەبوو
جیی موتالا و نۆرە دەرسم بووەتە دەوری نوبە ئاش[2]
وەک ئەرستۆم جهانگیرم، سکەندەر بی نییە
جاری (بابا) رەفیقم بی وەکو یولداشی باش[3]

واتە پیاوی نەزان و بێ ئاگا گەر بۆی رێك بکەوێ دین بە فیڕۆ دەبات و لەناوی دەبا، هەروەکو حەزرەتی موسا کە نازناوی کەلیم الله کاتێك ویستی قسە لەگەڵ خوا بکات تەنها خوای گەورە نوری خۆی پیشان دا لە هۆش خۆی چوو.

(١) مورشید: رێنماکەر ئەو کەسەی رێنمایی خەڵك دەکات بۆ گرتنەبەری ئاین بۆ کەسێك دەگوترێت کە رێگای سوفیزمی گرتبێتە بەر، جەوهەر: شتێکی مەعنەوییە بۆ کەسێك دەگوترێ کە بێ وێنە بێ لە ئازایەتی و پیاوەتیدا، خەلیفە: جێنشین پلەیەکی رێگای سوفیزمە بە واتای جێنشینی شێخ.

واتە نەك وەك قازیەك بە خۆرایی ببێتە قازی و یاخود وەکو مەلایەکی نەخوێندەوار یا وەکو خەلیفەیەکی ئاوارە و دەربەدەر یاخود وەکو مورشیدێکی کە هەرچی جەوهەرە نیەتی.

(٢) تالع: بەخت، موتالا: خوێندنەوە جێگای دەرس گوتنەوە.

واتە پەیوەندی بە درێری پێشوو هەیە یا وەکو کەسێکی وەك من بێ بەخت و شەنس کە یار و یاوەرم نییە کە جێگای خوێندوە و وان گوتنەوەم نیە واتە شوێنی وانە گوتنەوەم نەبێت کە حوجرەیە (دەبێت ئەو کاتە (حەریق) مزگەوتی نەبووە کە وانەی تێدا بڵێتەوە) هەروەکو نورە گرتنی خەڵك کە دەچنە ئاش بۆ لێکردنی باراش.

(٣) ئەرستۆ: فەیلەسوفێکی یۆنانی و مامۆستای ئەسکەندەر بووە، ئەسکەندەری مەقدۆنی کوڕی فلیپ لە ساڵی ٣٣٦ پ. ز هاتە سەر تەختی پاشایەتی، ساڵی ٣٢٣ پ. ز کۆچیی دوایی کردووە لە ساڵی ٣٣٤ پ. ز لە سوپایەکی ٤٠ هەزار کەسی بە مەبەستی داگیرکردنی ئێران هات لە نزیك هەولێر لەگەڵ داریۆش کەوتە جەنگەوە و توانی سەرکەوێ و ئێران داگیر بکات.

واتە وەکو ئەرستۆ حەکیم و زانا و دانام، هەروەکو ئەسکندەریش توانای داگیرکردنی دینام هەیە هەندێك جاریش هاوڕێیەتی پاپا دەکەم و وەکو برادەرێکی باش.

پیتی میم

هەموو کەس با بزانێ من کە سەودای زولفی دووتاتم
لە خانەی گوڵم دا کۆلم بە فەرزی شای و روخت ماتم[1]
ئەگەر چی ساکنی مولکی عەجەم بووم دور لە روم کەوتم
لە سایەی پەرچەمی تۆوە رەئیسی مولکی شاماتم[2]
دڵم هەروەك رەعییەت خۆش نشینی مولکی ئەعزانە
لە هەرجێ دائەنیشی لێی گەڕێ قوربانی بالاتم[3]

---

(١) سەودا: عەشق، کۆلم: شان، کۆلم: بێ زەین وەکو دەڵێن بیر کۆڵ، روخت: دەم و چاو و روومەت، ماتم: کزم.
واتە هەموو کەس با ئەوە بزانێت کە من عەشقی زوڵفتم و لە هیچ کەسیش ناشارمەوە ئەوەتا لە خانەی ئەوەی کە کەوتۆتە سەرشانم من زۆر بێ زەینم، بێ هۆشم بە شادی و خۆشی رازاندنەوەی روت گەلێك کز و ماتم.
لە نێوان کۆڵم و کۆڵم رەگەزی دۆزی تەواو هەیە.
(٢) ساکن: نیشتەجێ، عەجەم: وڵاتی فارس، رۆم: وڵاتی تورك.
واتەمن بەهۆی تۆوە ئێستا نیشتەجێی وڵاتی فارسم و هەر کاتێك لێم دوربی وا هەست دەکەم دەکەومە وڵاتی رۆم، بەڵام بەهۆی جوانی و عەشقی پەرچەمی تۆ ئێستا سەرۆکی هەموو مولکی وڵاتی شامم.
(٣) رەعییەت: هاوڵاتی دەست و پێوەند، ئەعزا: ئەندام
دڵم هەروەکو هاوڵاتیەك چۆن لە وڵاتی خۆی نیشتەجێ دەبێ دڵی ئارامە منیش هەر کاتێك لە ناو ئەندامەکانی خۆم شوێنم دەبێتەوە ئەوا دڵم ئارام دەبێت جا ئەو دڵەی لە هەر شوێنێکی ئەندامەکانی تۆدا نیشتەجێ دەبێت وازی لێ بهێنە و لێی گەڕی با بە قوربانی بالات بم.

موتالای حاشییەی زوڵفی سەری سەفحەی روخی سەعیە
لە بۆم چابوو بە منداڵی لە دەرسی عەشقا راهاتم[1]
ئەگەر راستت ئەوێ سەروی بلند بالا! درۆ ناکەم
لە پاش فەوتی حەیاتیشم بە ئومیدی مولاقاتم[2]
نەوای ناڵەی حەزینم راستە وەک قافیلە حیجازی دێ
وەرە سەر سەیری بەزم و سۆزش و شوری مقاماتم[3]

---

(١) موتالا: خوێندنەوە، حاشیە: رۆخی کتێب، یاخود شەرحی مەتن کە جاران لە کتێبە ئاینیەکان دروست دەکرا، سەفحە: لاپەڕە، سەعب: زەحمەت.
واتە: موتالا کردن و خوێندنەوەی حاشیەی زوڵفت لەسەر لاپەڕەکانی رووت کارێکی زەحمەتە، بەڵام با شیەکەم لەوەدا بوو هەر لە منداڵی راهاتبووم لەسەر عەشقی تۆدا بۆیە لام ئاسانە ئێستا.
(٢) سەروی بڵند: دەرختێکی بەرزە، فەوت: مردن، ملاقات: بەیەک گەیشتن.
واتە ئەگەر راستت دەوێت ئەتۆ بەژن و باڵات هەروەکو درەختی سەرو وایە کە هێندە بەرز و رێك و پێکە واتە باڵا بەرزی ئەوە راستە و درۆی تێدا نیە، هەر بۆیە لە پاش مردنیشم کە لە ژیان دەردەچم هەر بەو ئومێدە دەژیم و دەمرم کە پاش مردنیش لەو دنیا پێت بگەم و بە دیداری باڵات شاد بم.
(٣) نەوا: ئاواز، حەزین: غەمبار، قافلە: کاروان، سوز: سوتان، شور: خوێ، مقامات: کۆڕ و مەجلیس.
واتە: ناڵە و ئاوازی غەمباراویم وەها دەنگی دێت هەروەکو کاروانی رێگای حیجاز وایە، جا وەرە تۆ سەیری سوتانم بکە و پاشان بە چاوی خۆت ببینە ئەو فرمێسکەی وەکو خوێواك سوێرە کاتێك لە چاوم دێت کە لە کۆڕ و مەجلیسەکاندا دادەنیشم.

دەڵێن فەرمووتە یار بێتە موتالای خەتی رەیحانی
بڵێن با شەمعی روخساری باڵا لێی سێنی وا هاتم[1]
بە شیرنی مەزەی لێو خەتی سەبزت دڵم خۆشە
لە مەیخانەی غەمی عیشقت کەوا سەرمەستی سەهباتم[2]
بە یادی مەدرەسەی عیشقت گەلی عیلمم کەسب کردن
ئەمیستا کە لەبەر چاوت شەراب خۆری خرابەاتم[3]

---

(١) خەتی رەیحانی: مووی تازە هاتوو لە روومەتی شۆخ و شەنگان، شەمع: مۆم.
واتە دەڵێن گوتوتە با یار با بێتە تەماشا و مرتالاکردنی و خوێندنەوەی ئەو مووە تازە هاتوانەی کە لە روخساری شۆخ و شەنگی وەکو تۆ هەیە چونکە روخساری رووی تۆ هەروەکو مۆم وایە دەدرەوشێتەوە لە تاریکایدا و بەڵای لێ دوور دەکەوێتەوە وا هاتم.
مەزە: ئەوشتە لەگەڵ عارەف دەخورێتەوە، خەتی سەبز= موی دەمو چاو، مەیخانە= شوێنی عارەق خواردنەوە.
(٢) ئەو کاتەی قسە لە لێوەکانت دێتە دەرەوە کە هێندە شیرینە و دەڵێی شەکرە لەگەل ئەو مووانەی کە تازە لە دەم و چاو و روخسارت هەیە هێندە دڵم خۆشە بۆیە کاتێك لە غەمی عیشقت دا دەژیم هەروەکو ئەوەیە لە مەیخانە دانیشم و مەست بم بەو جامە شەرابەی کە دەیخۆمەوە.
(٣) کەسب کردن: بەدەست هێنان، خرابات: کەلاوە: مەیخانە.
واتە تۆ وەکو قوتابخانەیەك وابوی بۆ من جا لەو قوتابخانە عیشقەی تۆ گەلێك زانست و زانیاری فێر بوون و گەلێك شتیشم بە
دەست هێنا، وا ئێستاش کە دەمبینی و لەبەر چاوتم بوومەتە شەراب خۆر و لە مەیخانەی تۆدا.
شاعیر مەبەستی ئەوەیە کە پێمان بڵێ لە رێگەی ئیرشاد و سلوکی تەریقەتەوە گەلێك لە نهێنییەکانی ژیان فێربوومە ئێستا هەردەم لە گۆشەی خانەقای تۆدا کەوتوم بۆ ئەوەی زیاتر بە هرەمەند بم.

قرانـــی عاشـــقانە کـــەس نـــەما دەرچـــێت و ســـەر دەرکـــا
مەگـــەر بـــۆ موفلیســـی وەک مـــن بـــێ قـــران و بـــەنابانم[1]
کـــەوا پارچـــە غـــەزەل دەبـــڕێ (حـــەریق) ئـــەمڕۆ لـــە دیوانـــت
ئـــەلی هـــەر چـــاوەڕێی دەســـتە خەیانـــەی زولفـــی تاتـــانم[2]
ئـــەی خضـــری ڕێـــی زولمـــەت ســـەری ئـــاوی حـــەیاتم
بـــێ شەمســـی روخـــت ســـاکینی قـــەعری زولومـــانم[3]

---

(١) قران: نەمان، موفلیس: بێ پارە و سامان، قران: جۆرێکە لە پارە ناوی پارەیە.
واتە عاشقان و خۆشەویستان هەموویان فەوتان و کەسیان نەما کە دەرچێتو سەری خۆی دەربهێنێ، مەگەر کەسێکی بێ پارە و پولی وەکو من کە هیچ پارە و پولی نەبێ لە پەنای تۆوە خۆی حەشار بدات یاخود خۆی بهاوێتە پەنای تۆ، لە نێوان قرانی یەکەم و دووەمدا جیناسی تەواو هەیە.
(٢) زولفی دوتا: زولفی لول
واتە ئەمڕۆ من (حەریق) خەریکی ئەوەم لە پارچە غەزەل دەبڕم لە دیوانت وەکو ئەو کەسە وام کە هەردەم چاوەڕێی دەستە و تاقمی خۆی ببێت منیش چاوەڕێی بینینی زولفی خاو لولدراوی تۆم، دەکرێت بڵێین (دیوانت) مەبەستی شوێنی خانەقا بووە و ئەویش خەریکی وەرگرتنی سلوك بووە بۆیە هەردەم چاوەڕێی ئەوە بووە کە شتی تازەتر فێر ببێت.
(٣) خضر: خدری زیندە، زولمت: تاریکی، قەعر: لەبن لە ژێر.
واتە ئەی خدری زیندە کە تۆ ئاوی حەیاتت خواردۆتەوە و هەرگیز نامری، من ڕێگای تاریکیم گرتۆتە بەر و سەرم لێ شێواوە و ڕێگام لێ ون بووە لە تاریکایدا دەی تۆش بە هانام وەرەوە و ڕێگای راستم پیشان بدە، چونکە رووی گەشی تۆ وەکو ڕۆژ وایە ڕێگام بۆ رووناك دەکاتەوە کەوا ئێستا من نیشتەجێی ژێر ژێرەوەی تاریکستانم.

ئەفســـــودەیی ســـــەرمایی حـــــوزور و شـــــەهەواتم
رەنجیـــــــدە و ئـــــارەزوی دەســـــتی خـــــەراباتم[1]
دڵ بۆتـــــە پیـــــادەی جلـــــەوی ئەســـــپی هەناســـــەم
بـــۆ دەوری روخـــی شـــاهی جیهـــان بەیـــدەقی مـــاتم[2]
هەرچـــەندە کـــە هـــەڵاتم وەکـــو بـــوم شـــومی وڵاتم
هـــــەر چـــــاوەڕوانی کـــــەرەمی پـــــیری هـــــیراتم[3]
گەرچـــی وەکـــو ســـەر دەفتـــەر و ســـالاری عوســـاتم
لـــــەم خـــــاکی دەری رەحمەتـــــە مامولـــــە نـــــەجاتم[4]

---

(١) ئەفسودە: غەمگین، شەهەوات: لەزەت، رەنجیدە: دلگران، ئازاردە: ئازار دراو.
واتە من ئێستا خەمبار و غەمگین و ژێردەستەیی بەندەی ئارەزوو و لەزەتی خۆمم هەر بۆیە بوومەتە کەسێکی رەنجا و ئازار درواوم کەوتوومەتە کاولگە بێ ئەوەی کەسێك بەلامەوە بێت.

(٢) جلەوی ئەسپ: ئەو قایشەیە سەرێکی بە دەمی وڵاغەکەوەیە سەرەکی دیکەی بە دەستی کەسە سوار بووەکەیە، بەیدەق: رێگا پیشاندەر.
واتە من ئێستا بوومەتە پیادە جلەوی من بەدەست هەناسەمەوەیە واتە دەسەڵاتم لە دەست خۆمەوە نیەوە نازانم بۆ کوێ دەچم، ئەگەر رووی جوانی شاهی جیهان ببێتە رێگا نیشاندەرم ئەگینا من کەسێکی مات و سەرگەردانم.

(٣) بوم : کوندەپەپوو، شوم: نگبەت، کەرەم: خێر و بەرەکەت، پیر: شێخی تەریقەت یان مورشید، هیرات: ناوی شوێنێکە لە ئێران.
واتە ئەگەرچی من کۆچم کرد و هەڵاتم بەڵام وەکو کوندەپەپوو مابیەی نەگبەتیم جێگا و رێگام کاولگەیە، بەڵام سەرەرای هەموو ئەوانەش نائومێد نیم و چاوەڕوانی خێر و بەرەکەتی چاك و پیری شاری هیراتم بەڵکو بە هانامەوە بێت و رزگارم بکات لەو نەهامەتییە و نەگبەتییە.

(٤) سالار: پێشەوا سەرکردە، عوسات: چەتە و رێگر، مامولە: ئاواتەخواز، نەجات: رزگارکردن.
واتە ئەگەرچی من ئێستا سەرکردە و سوپاسالاری چەتە و رێگر و گوناهکارانم کەواتە لەو

قوربانی سەگت بم شاهی مەیدانی هیدایەت
وەک سالیکی بێ مەسلەک رێی هات و نەهاتم[1]
زەنگی خەتەرە و وەسوەسە و واقەلبی قەلب کرد
هەر مونتەزری گوشەی میرئاتی جەلاتم[2]
حەیران و سەراسیمە وەکو بولبولی بێ گوڵ
ئاشقتە و گیرودەی خاڵی گۆناتم[3]
تەعمیری دڵی باغی لە باغ چاترە قوربان
لەم چاوە منیش موتەزری مائی افوراتم[4]

کات و ساتە و دەورەوبە ئاواتەخواز و مەبەستمە بەر رەحمەت بکەوم و رزگارم بێت.

(١) شاه: گەورە، سالیك: رێگا مەبەست رێگای ئایین، بێ مەسلەك: بێ رێگا نیشاندەری واتە بێ مورشید.

واتە ئەی ئەو کەسەی کە رێگا خۆشکەری بۆ ئەوەی خەڵکی بهێنیە سەر رێگای راست با بەقوربانی سەگی بەردەرگات بم کە پاسەوانیت دەکات چاوی رەحمەتت لێم بێت چونکە من بەبێ رێگانیشاندەر رێگام گرتۆتە بەر کە رێگای هات و نەهاتە.

(٢)قەلب: دل، قەلب: سەراو بن، مونتەزیر: چاوەڕوانی، میرئات: ئاوینە، جەلا: روون و ئاشکرا.

واتە زەنگی مەترسی و وەسوەسەی بەردەوام دڵ و دەروونی سەراوبن کردوومە، بۆیە منیش چاوەڕوانی ئەوەم لە گۆشەی نیگای روون و ئاشکرای تۆوە کە وەکو ئاوێنە وایە بە هانامەوە بێت، لە نێوان قەلب و قەلب جیناسی تەواو هەیە.

(٣) حەیران و سەراسیمە: سەرگەردان، ئاشقتە: پەرێشان، گونا: کولم

واتە حەیران و سەرگەردانم هەروەکو چۆن بولبوڵ کاتێك لە گوڵ دادەبڕێت سەرگەردان دەبێت منیش بولبوڵ ئاسا ئاوها سەرگەردانم بەڵام من پەرۆشی و گیرۆدەیی ئەو خاڵەم کە لەسەر گۆنات هەیە.

(٤) تەعمیر: چاککردنەوە، یاغی: یاخی، مائی فورات: رووباری فورات.

واتە چاککردنەوەی دڵی کەسێکی یاخی بوو گەلێك چاکترە لە چاکردنی باغێك قوربان چونکە ئەو دڵەی یاخی بێت دەست دەکات بە کاری خراپە و گوناه، جا بۆ ئەوەی تووشی ئەو گوناهە نەبین با دەست بە چاککردنی بکەین، منیش هەر چاوەڕوانی ئەوەم بە ئاوی

تـــا مەتلـــەعی کەنعانیـــە نیـــو چـــاە زەمـــیرم
ســـەنگین بـــە ســـەعادەت بـــۆ تـــەرازوی نیشـــانم[1]
بـــۆ دیـــدەی یعقـــوب خـــرد یـــەک نـــەزەری تـــۆ
خاســـیەت پیراهـــەنی کردۆتـــە خـــەلاتم[2]
زانیومـــە کـــە ســـوئی ئەدەبـــە شـــەکوای ئـــەحوال
چ بکـــەم دەســـەلاتم نیـــە بـــێ ســـەبر و ســـەباتم[3]
تـــۆ شـــەمس و منـــیش زەررەی بـــێ جلـــوە بـــە قوربـــان
نیســـبەت هەیـــە عـــەیبی چـــییە جوبـــایی بـــەراتم[4]

رووباری فورات ئەم دڵەم بشۆریتەوە.

(١) مەتلـەع: شـوێنی هـەڵاتن، کـەنعان: دەشـتی کـەنعان شـوێنی نیشـتەجێبوونی حـەزرەتی یەعقوب، چاە: پیر. خرد: ورد، سەنگین گران، سەعادەت: بەختیاری.
واتە لە شوێنی هەڵهاتنی مانگی کەنعان مەبەست لەدایکبوونی حەزرەتی یوسف هـەتا رۆژی فرپدانی بۆ ناوبیر، ئەوە نیشانەی سەنگینی و بە بەختیاری ژیانە.

(٢) پیراهەن: کراس، دیدە: دیتن، خرد: ورد، نەزەر: تەماشا کردن.
واتە یەک تەماشاکردنی تۆ بەسە بۆ چاو رۆشنایی چاوی حەزرەتی یـەعقوب کـە کراسـەکەی یوسفیان بەسەر چاویدا هێنا رۆناکی بۆ چاوی گەڕایەوە ﴿ٱذْهَبُوا۟ بِقَمِيصِى هَٰذَا فَأَلْقُوهُ عَلَىٰ وَجْهِ أَبِى يَأْتِ بَصِيرًا وَأْتُونِى بِأَهْلِكُمْ أَجْمَعِينَ﴾ (یوسف: ٩٣).

(٣) سوئی ئەدەب: بێ ئەدەبی، شەکواە: شکایەت، سەبر و سەبات: بێ ئارامی.
واتە زانیومـە شـکایەتی کردنـی لـە بـار و زروف دەبێتـە بـێ ئـەدەبی، بـەڵام چ بکـەم هـیچ دەسەڵاتم نیە چونکە هیچ ئۆقرە و ئارام و سوکناتیم نەماوە.

(٤) شەمس: رۆژ، زەررە: گرفتار، جلیوە: درەوشانەوەی نوری خوا لەناو دڵی کەسی خوانـاس، نیسبەت: پەیوەنـدی نێـوان دو شـتی بەیـەک چـوو، جوبـایی: رزگـار بـوون، بـەرات: شـەوی نیوەی مانگی شەعبان.
واتە تۆ وەکو رۆژ دەدرەوشێیتەوە و منیش گرفتاری ئـەوەم کـە نـوری خـوا لـە دڵمـا نییـە لەلای ئەهلی سوفیزم تیشکی رۆژ زانست و بەرەکەتی مورشیدە بۆ ناو دل و دەروونی سۆفی ئەو بەیەک چوونە چ عەیبێکی هەیە گەر بێت و لەو بێ درەوشاوەییە رزگارم بێت.

بـــا وەســـفی هـــەموو زیللـــەت و ئـــەحوالی رەزیلـــیم
چـــون مـــونکری تـــو نـــیم و ەکـــو ســـولتانی وولاتم[1]
بـــەم تەلەبـــەی عـــەتتاری خەیالاتـــە حـــەریقی
هـــەر بـــانگ کـــە وەرە موشـــتەری بـــۆ شـــەهدی نـــەباتم[2]
بـــەز اهـــر گـــەر لـــە ئەســـبابی ســـرور و ســـروری تـــۆ دوورم
بـــە شـــوکری نیعمـــەتی وەســـلت لـــە شـــادیدام و مەســـرورم[3]
لە بوک و پێخەسوو بەربووک و پوپ چەرمک نـەبووم ئـەمما
دوعـــا گـــوی دەلیلـــە ئەلبەتـــە لـــەو زەمرەیـــە مەحشـــورم[4]

---

(١) رەزیل: ناکەس، مونکیر: بێ باوەڕ
واتە هەموو وەسفی زیلەت و کاروباری ناکەسیم بۆت بکەم من چۆن باوەڕ و ئومێدم بەتۆ نییە، کە ئێستا لە سایەی باوەڕ بەتۆوە ئێستا بوومەتە سولتان و گەورەی وڵات.
(٢) تەلەب: داواکار، عەتار: دوکاندار، موشتەری: کڕیار، شەهد: هەنگوین، نەجات: گژوگیا لە زەوی دەروێ.
واتە حەریقی ئەو داواکارییەی کابرای شت فرۆش دەیکات هەموو خەیالاتە کە بانگی کڕیار دەکات و دەڵێت وەرە هەنگوینی گژوگیام لێ بکڕە کە هەنگوینی گژوگیا سافە و بێ غەلە و غەشە یاخود هەنگ شیلەی گژوگیای هەڵمژیوە.
(٣) زاهیر: ئاشکرا، ئەسباب: هۆکار، سرور: کەیفی خۆشی، وەسل: بەیەك گەیشتن.
واتە بە ئاشکرا ئەوەی دەبینرێ ئەوەیە کە لە هۆکارەکانی شادی و کەیف خۆشی تۆ گەلێك دوورم، بەڵام سوپاسگوزاری خوا دەکەم لەسەر ئەو نیعمەتەی کە پێت گەیشتم بۆیە ئێستا گەلێك شاد و دڵخۆشم.
(٤) بەربوک: ئەو ئافرەتەی دەچێت بەدوای بوکدا دەهێنێتە ماڵی زاوا، پوپ چەرمك: ریش سپی، دەلیل: بەڵگە، زومرە: دەستە، مەحشورم: هاونشین: هاودەم.
واتە من نەبوومە ریش سپی نێوان بوك و خەسوو هەتا ناوبژیوانی نێوانیان بکەم بەڵام سەرەڕای ئەوەش هەردەم دەستم بەرز کردۆتەوە دوعا دەکەم کە هاونشین و هاودەمی ئەو دەستە و کۆمەڵەیەم.

لـە خەیمـەی سـاحیبی سـەیف و قەلـەم وەزعـی عـیلم وابـوو
سـەدای تـەپلی بەشـارەت بـوو بلـی فـەتحیم و مەنسـورم[1]
بـە نەقـدی گـەر حـەیاتی عـار بـە قابیـل بـە تەقدیمـە
نەسـاری فـەرمودا وابلـیم سـەد شـوکر بـۆ پـارە مـەنزورم[2]
خەیاڵی قەسدی قەسدت بوو کـە دەسـتی نەشـتەرت لـەرزی
لەبـەر پێـی مـودەعی کـەوتووی دڵـی پـاک شـورم[3]
لـە سـۆزی سـینە عـودا مەجمـەری بـەزمی موحیبـانم
لەگەڵ ئەفسوردەیش بـوو گـەرمی مەجلیسـی ئـاگر سـورم[4]

---

(١) خەیمە: رەشماڵ، ساحیبی سەیف: خاوەن شیر، فـەتحیم: رزگـار کـەر، مەنسـور: یارمـەتی دراو.
واتە لە ژێر سایەی خـاوەنی شیر و قەڵـەم وەزعـی زانسـت وای لێهـاتووە دەنـگ بداتـەوە هـەروەکو ئـەو تەپڵـە لـێ دەدرێ بـە ئاشـکرا دەنگـی مـزگێنی بڵاوبۆتـەوە کـە دەڵێـت مـن رزگارکەر و یارمەتی دراوم.
(٢) عار: عەیب نەنگ، قابیل: شایستە.
واتە هەر کەسـێ کـە ژیـانی خـۆی بـە نـەنگی بـەڕیوەببات ئـەو ژیانـەی شایسـتەی ئەوەیـە نەمێنێ چونکە ژیان ئەوەیە بە سەربەرزی بژی بۆیە ئێستا مـن سـەد شـوکری خـوا دەکـەم لەسەر ئەوەی کە شایستەی ئەو ژیانەم.
(٣) قەسد: مەبەست، قەسد: بڕین، مودەعی: ئەوەی داوای لەسەر خەڵك هەیە.
واتە ئەو خەیاڵەی کە تۆ هەتە مەبەست بڕینی دەستی بەرامبەرتە کاتێـك دەتـەوێ دەسـتی نەشتەری لەرزینت ببڕی، بۆیە وا کەوتوی بەسەر دەست و پێی ئەو کەسە کە داوای لەسەر تۆ هەیە، بەوەش سنورت کە دڵ پاك و نسۆراوی من وەرگرتووە.
(٤) عود: دار ئامێری مۆسیقا، موجمەر: ئاگردان، موحیبان: خۆشەویستان.
واتـە ئـەو سـۆز و خۆشەویسـتیەی لـە سـینە و دڵ و دەروونمـدا هەیـە بەرامبـەر بـەزمی خۆشەویستانم وەکو ئەو دارەیە کە دەیهاوێنە ناو ئاگردان چۆن قرچە قرچی لێوە دێت دڵـی منیش هەروایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دڵگران بووی کاتێك لە کۆڕی مەجلیسان دادەنیشـتم گەرم دەبووم وەکو ئاگردان سور هەڵدەگەڕام.

و جودم گەر خراپە رەنجە دڵ، هەر مەخزەنی گەنجە
بۆ سەیرانیش لە لای ئەهلی دەرون ئاباد و مەعمورم[1]
قوتابی نیم لە هەوڵی نان و شەکر و لوقمە قازی
لە ئەهلی تالبی تەحسیل و ذکر و ورد مەئسورم[2]
دەڵێ بیستومە خوانەخواستە گیر نەبووە هیچ تیرت
لە دەست کەوتووی لە بەرپێدا دڵی بێزار و بێ زورم[3]
لە فەتحی بابی خێر وەك ابو الحسن بۆ قەڵای خەیبەر روی
چە خێر بوو وا لەدەس چووی هەر ئەڵێی من تەرکی مامورم[4]

---

(١) وجود: بوون، ئابد و مەعمور: ئاوەدان.
واتە بوونی من گەر سوودی نیە نەبوونی باشترە هەموو رەنج بەفیڕۆ رۆیشت بەڵام لەگەل ئەوەشدا دڵ و دەروونم هێشتا هەر گەنجیەتی پێوە ماوە و دیارە بۆیە لای ئەهلی دەروونناسان کاتێك لە سەیران و رابواردندان هەر ئاوەدانیە.
(٢) تاڵب: داواکار، لوقمەی قازی: جۆرە شیرنیەکە دەخورێت، تەحسیل: بەدەست هێنان، مەئسور: قسە گێرانەوەی پشتا و پشت.
واتە من ئێستا قوتابی نیم هەتا بەدوای ژەمی رۆژانە و شەگر و لوقمەی قازیدا بگەڕێم! جاران قوتابی ئاینی(فەقێ) راتبەیان هەبوو خواردنیان کۆدەکردەوە لە ماڵان دەیانگوت (راتبە و رەحمەت) بەڵام ئێستا شوکر ئەو قۆناغەم بڕیوە ئەهلی زاست و زانیارم و بەدوای بە دەست هێنانی زیکری خودا و قسە و باسی پێشینام.
(٣) زور: فرت و فێڵ
واتە دەڵێت وام بیستووە کە ئەو تیرانەی هاویشتۆتە خوانەخواستە هیچی جێگای خۆی نەگرتووە هیچ لە تیرەکانت جێگای خۆی نەگرتووە، بۆیە ئێستا لە دەست کەوتووی جا مادام وایە ئەوە دڵی بێزار و بێ فرت و فێڵم لەبەر پێدا بێ.
(٤) فەتح: رزگار کردن، بای خێر: دەرگای خێر، ابو الحسن: مەبەست ئیمامی عەلی کوڕی ئەبی تاڵب، قەڵای خەیبەر: شوێنێك بوو نزیك مەدینە جولەکەی تێدا نیشتەجێ بووە لە سەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) بە سەرۆکایەتی عەلی کوڕی ئەبو تاڵب فەتح کرا.

لـه دەعـوا دا یـەدی بـەیزا عەسـای موسـات لـه دەسـتا بـوو
ئیجـازەی مـاری خۆشـت پـێ نـەما فەرمووتـه مەسـحورم [1]
بـه مـەرگی تـۆ دەلیلـی یـا بلدیـه بـوو هـەموو لایـەک
مـەلا دەرس لابـەلا گـاهی سـەرەوخوار گـه سـەرەوژوورم [2]

واته بۆ کردنەەی دەرگای خێر عەلی کوڕی ئـەبو تالـب بـه خـۆی و سـوپاکەی رۆیشـت بـۆ ئەوەی قـەلای خەیبـەر فـەتح بکـات، ئێسـتا چ خێـرە وەهـا لەدەسـت دەرچـووی هـەروەك ئەوەی یەکێك کارێکی پێ راسپێرداربێ و تەرکی کردبێت نەیکا.

(١) یەدی بەیزا: دەستی سپی و درەوشاوە، مەبەست دەسـتی حـەزرەتی موسـایە کـه قورئـان باسی دەکات و دەڵێت هەر کاتێك حەزرەتی موسا دەستی لە باخەڵییا دەنا و دەر دەهێنـا سپی و دەبوو دەدرەو شاوە

﴿وَٱضۡمُمۡ يَدَكَ إِلَىٰ جَنَاحِكَ تَخۡرُجۡ بَيۡضَآءَ مِنۡ غَيۡرِ سُوٓءٍ ءَايَةً أُخۡرَىٰ﴾ (طه: ٢٢).

﴿وَأَدۡخِلۡ يَدَكَ فِي جَيۡبِكَ تَخۡرُجۡ بَيۡضَآءَ مِنۡ غَيۡرِ سُوٓءٖۖ فِي تِسۡعِ ءَايَٰتٍ إِلَىٰ فِرۡعَوۡنَ﴾(النمل: ١٢)

(عەسـای موسـا) گۆپاڵەکـەی موسـا ﴿قَالَ هِيَ عَصَايَ أَتَوَكَّؤُاْ عَلَيۡهَا وَأَهُشُّ بِهَا عَلَىٰ غَنَمِي وَلِيَ فِيهَا مَـَٔارِبُ أُخۡرَىٰ﴾(طه: ١٨) هەرکاتێك گۆپاڵەکەی فڕێ دەدا دەبووە مارێکی گـەورە و مارەکـانی جادوگەرانی فرعەونی قوت دەدا.

﴿وَأَلۡقِ عَصَاكَۚ فَلَمَّا رَءَاهَا تَهۡتَزُّ كَأَنَّهَا جَآنّٞ وَلَّىٰ مُدۡبِرٗا وَلَمۡ يُعَقِّبۡۚ يَٰمُوسَىٰ لَا تَخَفۡ إِنِّي لَا يَخَافُ لَدَيَّ ٱلۡمُرۡسَلُونَ﴾(النمل:١٠).

واته لـه داواکەت هـەردوو بەڵگـەی مـوعجیزەی حـەزرەتی موسـات بەدەسـتەوە بـوو یـەکێکیان گۆپاڵەکەی و ئەوی دیکه موعجیزەی دەست سپی و درەوشاوەی لەکاتێکدا خۆت ئیجـازەی ئـەو مـارەی خـۆت پـێ نـەمابوو دەتگـوت جـادوم لـێ کـراوە پێـك چـونێك هەیـه لـه نێـوان گۆپاڵەکەی حەزرەتی موسا کە هەر کاتێك فڕێـی دەدا دەبـووە مـارێکی گـەورە و هـەروەها مار خۆشت واته زوڵفی رەشت کە بە ماری چواندووە.

(٢) واته بە مەرگی تۆ قەسەم کە دەلیلی هەموو هاوشاریانی بـە هـەموو لایەکدا دێـێو دەچـی منیش وەکو مەلایەك کەوانـەی لابـەلا دەڵێتـەوە جارێـك سـەر بـەرەوژوور دەڕۆم و جـارێکی دیکه سەر بەرەو خوار.

بە قوربان ئێستە هیجرانت دەناسم
کە ناری فیرقەتت بووەتە لیباسم [١]
بەبێ دوکانی حوسنت مودەتێکە
لە بازاری رەواجا من کەساسم [٢]
مشوەش بوو وەکو کالوڵی تۆ
لەف و نەشری خەیاڵتی قیاسم [٣]

---

(١) هیجران: دوور لە دۆست و برادەران، نار: ئاگر، فیرقەت: جیابوونەوە، لیباس: جل و بەرگ
واتە بەقوربان ئێستا دوور لە دۆست و برادەران و خۆشەویستان تۆ دەناسم نرخی تۆم لەلا پەیدا بووە تۆ لەلام گەورەی، کە هەر کاتێکیش لێت جیا دەبمەوە وا هەست دەکەم جل و بەرگی ئاگرینم لەبەردایە و هەردەم لەنێو ئاگری دۆزەخدام.

(٢) حوسن: جوان، مودەتێکە: ماوەیەکە، رەواج: بڕەوپێدان، کەساس: بێ کەس.
واتە ماوەیەکە بەبێ ئەوەی دوکانی خۆت دابنێ و جوانیت بخەیتەڕوو من لێی دوورم ئەگەر چی ئەمڕۆ لە بازاڕدا جوانیت بڕەوی پێ دەدرێت، من کەساسم هۆکارەکەش هەر ئەوەیە کە دوورم لە جوانی تۆ.

(٣) مشوەش: سەرلێشێواو، کاکۆل: پەرچەم ئەو موانەی دێتە سەر نێوچەوان، لەف و نەشر: پێچەوانە و بڵاوبوونەوە لە زاراوی زانستی ئەدەبدا ئەوەیە کە شاعیر چەند وشەیێك یا چەند ناوێك لە دێرە شیعرێك دابهێنێ، وە لە دێرە شیعری داهاتوودا سیفەت و بۆ ئەو وشانە بهێنێ، بەو وشە و ناوانە دەڵێن (لەف)، وە بە سیفەت و بەراوردەکانیشی دەڵێن (نەشر)، لەف و نەشر سێ جۆرە: (١) لەف و نەشری موڕەتەب واتە بە وشەی یەکەمی نەشر پێوەندی بە وشەی یەکەمی لەفەوە دەبێ، وە دووەم بە بە دووەم و سێیەم بە سێیەم تا دوایی (٢) لەف و نەشری مەعکوس واتە وشەی یەکەمی نەشر پەیوەندی بە وشەی دوایی لەففەوە دەبێ (٣) لەف و نەشری موشەوەش ئەوەیە کە تەرتیب و دەستوری تایبەتی و دیارکراوی نییە.
واتە لەف و نەشری هۆنینەوەی هۆنراوەکانم کە بەراوردی دەکەم لەگەڵ بەراورد کردنی خەیاڵتم هەروەکو پەرچەمی نێوچەوانی تۆ ئاڵۆز و پەشۆکاو بووە.

بـــــه تـــــابوری بلـــــوکی نـــــووکی موژگـــــان
شـــــکا تـــــەرتیبی نیزامـــــی حەواســـــم [1]
بـــــه تیرێکـــــت کـــــه جـــــەرگت پـــــارە کـــــردم
مەگـــــەر بـــــەو پـــــارە مـــــن هـــــەربو خەلاســـــم [2]
کـــــه خـــــالی لێـــــوی لـــــەعلت زەهـــــیر بـــــێ
لـــــه خـــــدری زینـــــدە نابـــــێ ئیلتماســـــم [3]
کەشـــــک نابـــــەم گـــــولی رووی لالـــــە رەنگـــــت
ئـــــەوا موحتـــــاجی رووی لالـــــە عەباســـــم [4]

---

(١)تابور: دارەمەیت، درێژ و جوان، موژگان: برژانگ، تابوری موژگان: برژانگی جوان و درێژی یارە، حەواس: هەستەکان.
واتە برژانگی درێژ و جوانی تۆ هێندە نوکی درێژە هەر کاتێك ئەو موژگانە دەهاوێی بۆ من هەرچی هەستەکانم هەیە هەموو دەشکێنی یەك لەدوای یەك وە هەرچی نیزامی هەست هەی دەیشێوێنێ.
(٢)پارە کردم: لەت کردم، خەلاسم: کۆتاییم.
واتە ئەو کاتەی تیری موژگانت تێگرت و دات لە جەرگم و لەت لەتت کرد ئەی هەر ئەو تیرەی دات لە جەرگم لەت لەتت کرد کۆتایی بە ژیانم هێنا.
(٣)لەعل: یەکێکە لە بەردە بەنرخەکان و رەنگی سورە وەکو یاقوت وایە کینایەیە بۆ جوانی لێوی یار، ئیلتماس: داواکردنی شت لە خەڵك، زەهیر: خواردنێکی کوشندەیە.
واتە ئەو خاڵەی کە لەسەر لێوی سور و جوانتە، من بیگەمێ ماچی بکەم با زەهیریش بێت پێی بمرم هەر پێم خۆشە، لەو کاتەش هیچ پێویستم بە خدری زیندە نیە هەتا داوای چابوونەوەی لێ بکەم.
(٤)شك: گومان
واتە بێجگە لە رووی جوانی تۆ کە هێندە گەش و جوانە و هەر دەڵێی گوڵی ئاڵە هیچ شتێکی دیکە شك نابەم، کە رووی تۆشم هەبێت و تەماشای بکەم و دڵم پێی خۆش بێت

لەبـــــەر تەعنـــــە عـــــوام ئەندێشـــــە ناکـــــەم
کـــــە مـــــن عاشـــــق بـــــەگوڵ غونچـــــەی خەواســـــم [1]
بـــــە شـــــەمعی جـــــەمعی روخســـــارت احـــــەریقی
نەســـــیمی ئیلتقـــــای تـــــۆ دەناســـــم [2]

ئەو کاتە هیچ پێویستم بە رووی گوڵی لالە عەباس نیە چونکە دڵم پێی خۆش نابێت.

(١)تەعنـە: شـکاندنەوەی خـەڵك، قسـە پێگـوتن بـە ناهـەق، عـوام: گشـتی: خـەڵکی رەشـۆك، خەواس: خاس کەسانی چاك، کەسانی نزیك لە خۆم.

واتە من لەبەر قسە و قەسڵۆکی خەڵکی رەشۆك هێندە بیرکردنەوەی قـوڵ ناکـەم و گوێیـان پێ نادەم، چونکە ئاشکرایە من عاشق و هاونشین و خۆشەویستی گول و خونچەی کەسـانی باش و نزیك لە خۆمن.

(٢) شەمع: چرا مۆم، نەسیم: شنەبا، ئیلتقا: بەیەك گەیشتن.

واتە بە کۆکردنەوەی چرای جوانیت کە لە روخسارت دا دیارە حەریقی چاك دەتناسمـەوە و هەروەها بەو شنە بایەی کە لەلای تۆوە دێت هـەموویان کۆکراونەتـەوە یـەکیان گرتـووە تـا بەو سیفاتانە دەتناسمەوە.

کـــەی دێیـــەوە ســـەر ڕەحمـــی دڵـــی زار و نـــەزارم
کـــەی دێ قـــەدەمی حـــیرەت لەســـەر خـــاکی مـــەزارم[1]
تاکـــەی لـــە تـــەوافی حـــەرەمی قیبلـــەی ئـــەبرۆت
وەک پەرچـــەمی پیشـــانی ســـەر ئەفگنـــدە و خـــوارم[2]
جـــاری نـــەبوو جـــاری نـــەبێ فرمێســـکی نەدامـــەت
بـــاری نـــەبوو بـــاری نەیـــەنی بـــۆ دڵـــی زارم[3]
قوربـــت ســـەبەبی بوعـــدە لـــە یـــار و لـــە دیـــارم
رازیـــم بـــە جـــەفا گـــەر بـــە وەفـــایی یـــە دیـــارم[4]

---

(١) زار و نەزارم: غەمگین و دەردەدار و مات و مەلولن قەدەمی خێرت: بەخێرهاتنت، مەزار: گۆڕ.
واتە کەی جارێك ڕەحم دەکەی و بێیتە خەیاڵت بەڵکو بەزەیت بە دڵی غەمکین و دەردەدار و مات و مەلوم بێتەوە، چونکە من کوژراوی دەستەی تۆم، هەروەها کەی ئەو ڕۆژە دێت بە خێر و بەرەکەت ڕێگا بکەوێتە سەر خاکی گۆڕەکەم و ئاورم لێ بدەیتەوە.
(٢) تەواف: سوڕانەوە
واتە: من هەتا کەی وەکو ئەو پەرچەمە بم لە هەردەم پەرچەمت شۆڕ بۆتەوە سەر شان و ملت منیش وەکو ئەو پەرچەمە بەرامبەر بە قیبلەی ئەبرۆت ڕاوەستاوم تەواف دەکەم هەروەکو چۆن لە حەرەم تواف دەکرێت.
(٣) جاری: جارێك، جاری: ڕۆیشتوو، نەدامەت: پەشیمانی.
واتە جارێك نەبوو فرمێسکی پەشیمانی نەڕێژی هیچ کاتێکیش نەبوو زەحمەت و ئێش و ئازار و بۆ دڵی غەمگینم نەیەنێ.
(٤) قورب: نزیك، بوعد: دوور، سەبەب: هۆ، جەفا: شتی بێ کەڵك.
نزیك بوونەوەت هۆیە بۆ دووری لە یار و خۆشەویستانم چونکە گەر تۆ لێم نزیك بێیتەوە هەر تۆم لەبەر چاو دەبێت ئاگام لە یار و دیار نامێنێ هەر کاتێکیش ئاگام لێیان نەمێنێ واتە لێیان دوورم، بۆیە من ڕازیم بە جەفا کێشان گەر لە شوێنی خۆم بمێنمەوە بە وەفایی تێدەگەم.

بۆ لەزەتی عەفوت کە جەریئم لە مەعاسی
مەدرێنە دەخیل پەردەی روخساری کارم[1]
چت داوە لە روو ترشی و سرکە دەمی ئەغیار
قەندی لەبت شیرین بە دەمی تاڵی خومارم[2]
ئەی عەرعەری بیستانی هیدایەت وەرە باغان
داغانی قیامەت کە قەد سەروو چنارم[3]

---

(١) لەزەت: خۆشی، جەرئ: بوێری، مەعاسی: کوی عاسی: گوناهکار، دەخیل: دەستە و دامان.
من گەلێك بوێر و چاو نەترسم بۆ ئەنجامدانی گوناه و تاوان ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە چونکە هەر کاتێك تاوان و گوناه ئەنجام دەدەم تۆ لێبووردنم بۆ دەردەکەی منیش تام و چێژ لەو لێبووردنە دەکەم، جا دەی کەوایە دەستەو دامانت بم ئەو پەردەیەی لە نێوان روخسار و کارەکانم دایە مەیدڕێنە.
(٢) رووترش: تووڕەیی، سرکە: شلەیەکە لە هەنار و ترێ دروست دەکرێت تامەکەی ترشە کینایەیە بۆ کەسێك کە تووڕە و توند بێت کەسێك تووڕە و توند بێت پێی دەڵێن (دەڵێی سرکەی دەفرۆشی) واتە قسەی رەق دەکات، ئەغیار: بێگانە، قەند: شەکر واتە قسە خۆش، لەب: لێو، خومار: پاش خواردنەوەی مەی ئەو لەش قورسی و گرانییە و سەر ئێشەی بەسەر مەی خۆر دێت.
واتە تۆ چ پەیوەندیت بە کەسانی بێگانە و تووڕە و توندەوە هەیە کە هەردەم قسەی رەق دەکەن بەرامبەر من تۆ بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوانمان تێك بچێت وەرەوە سەر بەزمی خۆت کە شەکر لە لێوەکانت دەبارێ کە ئەو قەندە شەکرە بۆ دەمی تاڵی من شیرینە.
(٣) عەرعەر: مەبەست بالای بەرز و جوانی یارە، بیسان: باغ، داغانی: داغ ئاسنی گەرم کراو بە لەشی کەسێکەوە بنێ و نیشانەی پێوە دیار بێت، قەد سەروو: دارێکە درێژە پەلکی پانە، چنار: داری چنار دارێکی بەرزە.
واتە ئەی یاری باڵا بەرزی نێو باغی هیدایەت دراوان وەرە نێو باغان، ئێمە داغ بکە بە نیشانەی داغ کراوی رۆژی قیامەت بەڵکو بەو نیشانەوە بناسرێتەوە هەروەکو چۆن داری سەر و چنار لەناو هەموو دارێك دەناسرێتەوە.

گـــوێ مـــەگرە لـــە ئـــەهرار و ئەصـــداری رەقیبـــان
ســـەد غـــەزەبت بـــی مـــن لـــە عـــەفوەت چـــاوەروانم[1]
تـــا دیومـــە لـــە نێـــو مەســـحەفی رووت ســـورەی یوســـف
بـــۆ ئایـــەتی حوســـنت لـــە هـــەموو رەسمـــی کـــەنارم[2]
تاووســـی کـــە لەســـەر زینـــەتی بـــالی ســـەری دانـــا
ئـــەمنیش بـــە پـــر فکـــرەوە بـــی ســـەبر و قـــەرارم[3]
پەروانـــەی شـــەوقت مەخـــەرە ئـــاگری میحنـــەت
شـــەمی دڵەکـــەت هەڵکـــە لـــە بـــۆ بـــەزمی نیگـــارم[4]

---

(١) ئەهرار: ئاژاوە و قسەی ناریّك، ئەصدار: دەرچوون، رەقیب: دوژمن، غەزەب: توڕە.
واتە ئەو دێرە پەیوەندی بە دێری پێشەوە هەیە واتە بەسە چی دیکە گوێ مەگرە لە قسەی ناریّك و هیچ و پوچی دوژمنان کە دەیکەن، تۆ چەند توڕەبیت بەرامبەر بە من، بەڵام من هەر چاوەڕوانی لێ بوردنی تۆم.

(٢) مەسعەف: کتێبی پیرۆز، سورەی یوسف: سورەتێکە لە قورئانی پیرۆز.
واتە من دیومە رووی تۆ لە نێو سورەتی یوسفدا کە لە کتێبی پیرۆزدا هەیە مەبەست جوانی و سیفەتی بەرزی هەیە بۆ ئایەتی جوانیت من بەش بە حاڵی خۆم کەنارم گرتووە لە هەموو وێنەیەك چونکە هیچ جوانیەك ناگاتە جوانی تۆ وەکو ئەو جوانییەی یوسف سەلامی خوای لێ بێت.

(٣) تاووس: باڵندەیەکی پەڕ جوانە، زینە: جوان.
واتە تاووس هێندە بە جوانی خۆی دەنازێ و شانازی بە خۆیەوە دەکرد هەتا کار گەیشتە ئەو رادەیە سەری خۆی لە پێناویدا دابنێ، منیش وەکو تاووس بەڵام نەك بە جوانی بەڵکو هەردەم بیر دەکەمەوە، بەهۆی ئەو بیرکردنەوە لە جوانیت ئارام لێ بڕاوە.

(٤) پەروانە: پەپولە، میحنەت: دەرد و بەڵا، شەمع: مۆم
پەپولە زۆر عەشقی مۆمە هەردەم بە دەوری ئاگرەکەیدا دەسوڕێتەوە و لێی نزیك دەبێتەوە هەتا باڵەکانی لە ئاگرە دەدا و دەسوتێ، تۆش وەکو پەروانە شەوقی ئاگرەکە مەدە با نەسووتێ و خۆت تووش دەرد و بەڵا مەکە، بەڵکو رووناکی دڵەکەت داگیرسێنە بۆ ئەوەی بەزمی نیگارت دەرکەوێ.

مـــورەی دڵـــی بـــەرد زلـــف لـــە بـــۆ تـــەختی ســـینە
لـــەم نـــەردە مـــەلێن مەیـــە دێـــم فێـــری قومـــارم[1]
گـــەر بـــاڵ و پـــەڕی بـــەخت نەســـوتایە (حـــەریقی)
بـــۆ صـــەیدی مـــەعانی بـــە میســـلی بـــازی شـــکارم[2]

---

(١) نەرد: زار کە یاری تاوڵەی پێ دەکرێ
واتە دڵی وەکو بەرد رەقە زوڵفیشی شۆڕ بۆتەوە بۆ سەر تەختی سینەی جا ئەوەش وەکو یاری زار زارێن وایە خەڵکی هیچ نەڵێن دەربارەی من یارم بەڵکو ئەو زارە فڕی دەدەم چونکە من فێری یاری قومار کردنم.

(٢) صەید: ڕاو، باز: باڵندەیەکی گۆشت خۆرە و راوی باڵندە دەکات، شکار: نێچیر.
واتە ئەو دێرە پەیوەندی بە دێری یازمەوە هەیە کاتێك باڵی پەروانە نەسوتابایە کە ئەوەش دەردی بەد بەختییە بۆیە بۆ راوکردن هەروکو ئەو بازە وام کە هەردەم راوی نێچیر دەکات.

بـــۆ جـــەمعی غـــەم و شـــادی نـــەبوو رۆژی مـــەحرەم
رووت بـــەرگی گـــولی شـــادی و زولفـــت شـــەوی ماتـــەم[1]
بـــەم وەجهـــە دەلـــێن مەســـحەف و بـــەو نوقتـــە ئـــەلێن دەم
بـــەو زولفـــە ئـــەلێن قەیـــد و بـــەو حاشـــیە پەرچـــەم[2]
تەفســـیری شـــەوی وصـــل و غـــەمی رۆژی مەزاقـــە
مەشـــهور لـــە دنیـــا بـــە بەهەشـــت و بـــە جەهـــەنم[3]

---

(١) جەمع: کۆکردنەوە، مەحرەم کەسانی نزیك ئەوانەی دەستنوێژییان لەیەك ناشکێت، ماتـەم: پرسە.
واتە بۆ کۆکردنەوەی شتە غەمناگەکان و ناخۆشـەکان لەگـەڵ شـتە خۆشـی و شـادییەکاندا جارێك نەبوو لەگەڵ کەسە نزیکەکانـدا بەیەکـەوە کۆببنـەوە، ئـەویش بـەهۆی ئـەوەی رووت هەروەکو گول گەش و جوانە و شادی دەبەخشێت بـە مـرۆڤ هـەر کـاتێکیش زولفـی رەشـت دێتە خوارەوە و رووت دادەپۆشـێت بـەوە دەبێتـە تـاریکی دیـارە ئـەو تاریکییـەش هێمـای ماتەمینییە.
(٢) وەجهە: روخسار، مەسحەف: کتێب، نوقتە: کەسی دەم جوان، قەید: کۆت و بەنـد حـەپس کردن، حاشیە: ژێری لاپەڕەی کتێب کە شەرعی وشەیەك دەکات.
واتە ئەو روخسارانەی تۆ هێندە گەش و جوانە هـەر دەڵێـی لاپـەڕەی کتێبـە وەکـو ئـەوەی لاپەرەی کتێب هەڵدەدرێتەوە رووشت کاتێك وەردەگێـری بەلایـەکی دیکـەدا دەسـورێنی لـە کتێب دەچێت وە ئـەو نوقتانـەی نـاو کتێبەکـەش وەکـو دەم و ددانـەکانت جوانـە، جووتـە زولفـەکانیش هـەر کاتێـك بەسـەر روخسـار دێتـە خـوارەوە وەك کـۆت و بەنـدی حاشـیەی نووسینی زایە کە پەرچەمت شەرحی کتێبەك دەکات.
(٣) تەفسیر: لێکدانەوە، وەسل: بەیەك گەیشتن، مەزاقك تام و چێژ، مەشهور: بەناوبانگ.
واتە ئەو رۆژە رۆژی ئەوەیە کە بـێین لێکدانـەوە بـۆ شـەوی بەیـەك گەیشـتن بکـەین لەگـەڵ ئەوەی ئەو رۆژەی تام چێژ لەو بەیـەك گەیشـتنە دەکرێـت، هـەروەکو ئـەوە بەناوبانگـە لـە دنیادا کە بەهەشت مایـەی خـۆش و جەهەنـەم مایـەی دڵتـەنگی. جەهەنـەم شـەوی وەسـل بەهەشتیش رۆژی مەزاق.

تەقسیمی ئەزەل وابوو لە دوای من و یارم
بۆ سەیری ئەم و صەید و رەقیب کەلبی موعەلەم[1]
تەسبیحی سەنای زولفی خەیاتە و لەبی مەرجان
سەر رشتەی لە ئێمە دەوی بۆ عەقدی مونەزەم[2]
شادی ئەسەری مەستییە بێ شەرت و وەفایە
بۆ فرسەتی تەنگانە غەمە مونس و مەحرەم[3]
عومری کە ئەساسی هەوەسی بازی نەفەسی بێ

---

(١) ئەزەل: واتە شتێك سەرەتای نەبێت هەرشتێکیش سەرەتای نەبێت کۆتایشی نیە بە بۆچوونی ئاینی خوای گەورە ئەزەلییە چونکە نە سەرەتا و نە کۆتایی هەیە، ئەو وشەیە گەلێك جار لەگەڵ ئەبدی دێت بەڵام جیاوازیان هەیە وشەی ئەبەدی شتێکە سەرەتای هەیە بەڵام کۆتایی نییە وەکو مرۆڤ، صەید: راو، رەقیب: دوژمن.
واتە هەر لە ئەزەلەوە بەشی من و یارم وابووە کە رەقیب هەر بە دوامانەوە بێت و سەیر و چاودێریمان بکات هەروەکو چۆن سەگێکی فێرکراو دەچێت راوی نێچیر دەکات ئەو دوژمنەی ئێمە سەگ ئاسا هەر بەدوامانەوەیە.
(٢) سەنا: ستایش، لەب: لێو، مەرجان: بەردێکی سوری گرانبەهایە لە زەریادا هەیە بۆ کاری زێڕینگەری بەکاردێت، سەر رشتە: دەفتەری حیسابات، مونەزەم: رێك و پێك.
واتە تەسبیحات و ستایش دەبێ بکرێت بۆ ئەو لێوە سورە جوانەی کە وەکو مەرجان وایە کە هەردەم تەسبیحاتی پێ دەکرێت قەسەو ستایشی خەڵکی بێ دەکرێت چونکە رۆژێك دادێت داوای دەفتەری حساباتمان لێ دەکرێت لەبەرامبەر ئەو گرێبەستە رێك و پێکەی کردوومانە.
(٣) ئەسەر: شوێنەوار، مەستی: سەرخۆش، مونس: دڵدەرەوە.
واتە کەسێك کاتێك بە مەی خواردنەوە مەست دەبێت شادی پێوە دیارە، بەڵام ئەو شادییە هەتا سەر نییە، هەر کاتێك مەستییەکە نەما شادییەکەش لەگەڵ دەڕوا و نامێنێ ئەوەش بەڵگەی بێ شەرتی و وەفاییە چونکە هەر کاتێك تەنگانە هات غەم فرسەت وەردەگرێ بەسەریدا زاڵ دەبێت، بەڵام ئەوانەی لەلات دادەنیشن کەسە نزیکەکان دەبنە غەمرەوێن.

قابیـــل نیـــه بـــۆ خێـــوی شـــادی و ئەڵـــەم و غـــەم[1]
بـــێ ســـێبەر و ســـەبرگر شـــەوقێکە مـــودارا
نـــەم دیـــوە لـــە گـــەرما و لـــە ســـەرما دلـــی خـــورەم[2]
بـــۆ دلبـــەری مـــەعنا لـــە حـــەرەمی ئەســـرار
خـــۆی قەڵـــەم مـــاوە (حـــەریق) ئێســـتە بـــە مـــەحرەم[3]

---

(١) قابیل: شایان، ئەلەم: ئازار، عومر: تەمەن، هەوەس بازی: رابواردن.
واتـە هـەر کەسێك کـە تەمـەنی خـۆی لـە هـەوا و هـەوس سـەرف بکـات یـاخود بنچینەی تەمەنەکەی لەو رێگایە سەرف بکات یاخود ملکەچی نەفسی خۆی بێت، دیـارە ئـەو کەسـە یاخود ئەو نەفسە شایانی ئەوەیە کە هەردەم لە ئێش و ئازار و غەم خەفەتدا بێت.
پێکهاتەی کەسایەتی لای فرۆید لە سێ بەش پێکهاتووە:
١-(هو) لەگەڵ مرۆڤدا لەدایك دەبێت، سەرچاوەی چێژ وەرگرتنە، واتە هـەردەم لـە هـەوڵی تێرکردنـی حـەز و ئارەزووەکانیـەتی بـێ ئـەوەی گـوێ بداتـە داب و نـەرێت و بـەها ئەخلاقییەکان.
٢-مـن(Ego) رۆڵـی ناوبـژیوان دەبینێـت لـە نێـوان جیهـانی دەرەوە و خواسـت و ئارەزووەکانی (هو) و هەوڵ دەدات بەپێی واقعی دەوروبەر هەڵسوکەوت بکـات، بـەگوێرەی بۆچوونی دەرونزان فرۆید ئەرکی من گرانە چونکە کـارێکی زەحمـەت و دژوارە کـە بتوانێـت ئەو دوو شتە بگەینێتە یەك چارەسەری گونجاوییان بۆ بدۆزێتەوە.
٣-منی باڵا (Super Ego) دەستکەوتی پەروەردەی تاکە لە ژینگەی کـە تێـدا دەژی بـۆ وەرگرتنی پادداشت و سزا، هەروەها لـە مـنی بـاڵا، مـنی نموونـەیی و ویـژدان هەیـە، مـنی نموونەیی هەردەم لە هەوڵی لەناوبردنی حەز و ئارەزووەکانی (هو) دایە.
(٢) مودرا: رەفتار لەگەڵ خەڵك بە میهرەبانی، خورەم: شاد کەیف خۆش.
واتە بێ سیبەر و بێ پشتیوان و بێ ئارام و بەڵام گـرووتین و شـەوقێکی هەیـە کاتێـك لەگـەڵ مەردومدا دادەنیشێت و بـە میهرەبـانی قسـەیان لەگـەڵ دەکـات نەمـدیوە لـە هـیچ کاتێکدا خۆشی و شادی نە لە گەرما و نە لە سەرما.
(٣) دلبەر: یار، ئەسرار: کۆی سەرە واتە نهێنی.
واتە بۆ یارەکەم نهێنیەکان دەپارێزم هەروەکو چۆن نهێنی خزم و کەسانم دەپارێزم چـونکە

بلبلی دووری گوڵ و توتی شەکەر شەکەنم
قومری سەروی خەرامان و تەرزی چەمەنم[1]
بێ نەواو ساحیب ئاوازی حەزینم بە نەوا
شەمی هەر جەمعم و پەروانەی هەر ئەنجمەنم[2]
سوحبەتی قودسی و سەیری مەلەکوتم دانا
بەعیلاقەی ئەم و ئەو هەمدەمی زاغ و زەغەنم[3]
لەزەتی جەنەتی رووم داوە بە دانەی خالی
ئەمە ئیرسی پدەریمە بە پسر بێ دەکەنم[4]

(حەریق) ئێستا ئەوەی مابیتی لە خزم و کەسانی تەنها خۆی و قەڵەمەکەیەتی کە بتوانێت نهێنییەکان بنووسێتەوە.

(١) توتی: باڵندەیەکە لاسایی دەکاتەوە، بە کەسێکیش دەڵێن هەر قسەی خەڵك دووبارە بکاتەوە، شەکەر شەکەنم: قسەخۆش، قومری: باڵندەیەکە بە کۆتر دەچێت (کوکوختی)، خەرامان: بە نازو فیز رۆیشتن، تەزەرو: ناوی باڵندەیەکە.

واتە تۆ وەکو بوڵبوڵ عەشقی گوڵی بەڵام ئێستا لە گوڵ دوورکەوتوویتەوە، کە چی دەبینم وەکو تووتی هەر دەڵێی و دەڵێیەوە، گوتەکانیشت دەڵێی شەکرە لە لێوت دەبارێ، دیسان وەکو قومری هێند بە ناز و عیشوە خۆت دەلەنگێنی یاخود وەکو تەزەر و نێو باخ و چەمەنی.

(٢) حەزین: غەمناك، نەوا: ئاهەنگ گێڕان، شەمع: چرا، جەمع: دەستە، ئەنجمەن: ئەنجومەن

واتە من ئێستا بێ نەوام لاتم و خاوەنی ئاوازێکی غەمبارم لەو ئاهەنگەدا کە دەیگێڕم، تۆش وەکو چرایەك دەدرەوشێیتەوە دەستە دەستە لە دەور و پشتت دانیشتون هەروەکو چۆن پەپولە لە دەوری چرا دەسوڕێتەوە عەشقی رووناکیەکەیە.

(٣) سوحبەت: هاودەم هاوڕێیەتی، قودس: پیرۆز، زاغ و زەغەن: غەم و خەفەت.

واتە من لەبەر پیرۆزی تۆ بوومەتە هاودەم و هاونشینی تۆ، هەروەکو چۆن سەیری فریشتەکان دەکرێت بە پیرۆزی بەڵام کاتێك لێت دوور دەبم و پەیوەندی لەگەڵ ئەم و ئەودا دەبەستم ئەو کاتانە غەم و خەفەت دامدەگرێت.

(٤) لەزەت: چێژ، جەنەت: بەهەشت، ئیرس: میرات، پدەر: باوك، پسەر: کوڕ .

مـــولکی تەجریـــدی بەجێهێشـــت و بەهەشـــتی دانـــا
ئێســـتە گـــیرۆدەی خـــار و خـــەس و داس و دەوەنم[1]
بـــە هـــەوای ئـــاوی حـــەیاتی دهـــنی و نـــۆش لـــەبی
خـــدری زینـــدەی سەرچـــاوەی چـــاه زەقـــەنم[2]
هـــەر سـەری مشـک و سـەری زولفـە قـەتارەی نەفسـم
مـــالیکی قافلـــەی چـــین و خـــەتا و خوتـــەنم[3]

واتە خۆشی و چێژی بەهەشت لەلای من ئەوەیە کاتێك رووی تێدەکەم ئەو دانە خاڵە دەبینم لەسەر رووەمتی یاخود سیبوری بەهەشتم بەوە دێت کە خاڵی سەر رووی دەبینم کە ئەوەش وەکو میراتی باوك وایە بۆ کوڕ وەریدەگرێ بە راستی ئەوە جێگای پێکەنینە.

(١) تەجرید: رووتبوونەوە و دامالێن، خار و خەس: دڕك و داڵ، داس: ئاسنێکی چەماوەیە دەغڵ و دانی پێ دەدورێتەوە، دەوەن: ئەو شوێنەی دڕك و داڵی تێدایە یان پاشماوەی دەغڵ و دان کاتێك دەدورێتەوە.

واتە هەرچی موڵك هەبوو هەموو لە خۆکردەوە دایڕنی دەستی لێ هەڵگرت، ئەوەش لە پێناو پەیداکردن و بەدەستهێنانی بەهەشت یاخود دنیای کردە قوربانی دوارۆژ بۆیە ئێستا عەشق و گیرۆدەی دڕك و داڵە بەدوای داسەوەیە بۆ ئەوەی لە دەوەن دڕك داڵ بدورێتەوە.

(٢) دەهن: دەم، لەب: لێو، چاه: بیرچاڵ، زەقەن: چاڵی چەناگە.

واتە هەر بەو ئومێدەوە دەژیم کە ئاوی حەیات بخۆمەوەبە لێوەکان نۆشی بکەم هەروەکو خدری زیندە چۆن ئاوی حەیاتی خواردۆتەوە کەواتە خدری زیندە بۆتە سەرچاوەی ئەو چاڵە کە لە چەناگەدا هەیە بۆ من.

(٣) مسك: ماددەیەکی بۆن خۆشە لە ناوکی مامزی موشك دێتە دەرێ، مامزی موشك جۆرە مامزێکە دوو کەڵبی درێژی هەیە وەکو نابی فیل، زۆرتر لە شاخەکانی هیمالایا دەژی لە ژێر سکی کیسەیێکی بچووکی وەکو دوومەڵ هەیە مادەیەکی پەیتی تێدایە کۆدەبێتەوە هەر کاتێك کە کیسەکە پڕ بوو مامزەکە هەست بە ئازار دەکا، ناچار لە بەرد دەخشێنێ تا دۆمەڵەکە دەتەقێ و ئاوی پۆرگەکە دەرژێتە سەر رووی زەوی وشك دەبێتەوە، ئەمە ماددەی موشکی بۆن خۆشە، خەتا و خۆتەن: باکوری وڵاتی چین.

واتە ئەو بۆنە خۆشەی هەر دەڵێی بۆنی مسکە کە لە سەر زولفی ئەوەوە دێت، ئەوە مایەی هەناسەدانی منە بۆیە من بوومەتە خاوەنی کاروانچییەکانی وڵاتی چین و خەتا و خۆتەر کە دەچن بۆ ئەو شوێنە بۆنی مسك لەو وڵاتە دەهێنن.

مەجمەعـــە ســـینە، وە فینجـــان مـــەم وە شـــەربەت دەم
خەلعـــەتی یـــارە کـــە زانیویـــە غـــەریبی وەتـــەنم[1]
قەنـــدی لیـــوی تەلـــەبی چـــانیە ساســـرکە مەکـــە
نـــەک بـــەتاڵی بـــدوی خەســـرەوی شـــیرین ســـوخەنم[2]
وەجـــدی مـــەجنون لـــە پیاڵـــەی غـــەمی لـــەیلا دایـــە
بـــە خـــەیالی لـــەبی شـــیرین (بیســـتون) هەڵدەکـــەنم[3]
شـــادی بێگانەیـــە خـــزمم غەمـــە گـــەر مردیشـــم
ئـــەوە وارس لـــە حیســـابی حـــەق و گـــور و کفـــنم[4]

---

(١) مەجمەعە: ئـەو زەوییـە خـەڵك تێـدا کۆدەبێتـەوە، خەلعـەت: ئـەو جـل و بەرگـەی لەلایـەن گەورەیەکەوە دەدرێت بە کەسێك.
واتە سینەی جێگای کۆبوونەوەی خەڵك واتە هەموو خەڵك لە سینەی جێگای دەبێتـەوە کە هێندە گەورەیە وە ئەو شەربەتەی بەدەم دەخورێتەوە هەردوو فنجانی سەر سینەیەتی کاتێك یار زانی کە من خەڵکی ئەو نیشتمانە نیم غەریبم جل و بەرگی خۆی بۆ ناردم.
(٢) تەندی لێو: قسەی شیرین و خۆش، چاتیە: باش نیە، سرکە مەکە:جوولە مەکـە، سوخەن: گفتوگۆ.
واتە قسەخۆش و شیرینەکانی کە لە لێو دەردەچێت پاش نیە داوای لێ بکەی جا بۆیـە تـۆ واباشە لە جێگای خۆت نەجولێنی ورتە نەیەت ئـەوە زۆر باشـترە لـەوەی بـە قسـەی تـاڵ و ترش بدوێنی چونکە تۆ وەکو خەسرەوی خۆشەویستی شیرین لە قسە و گفتوگۆا.
(٣) وەجد: دڵداری و خۆشەویستی، مەجنون: خۆشەویستی لەیلا.
واتە خۆشەویستی و ئەڤینـداری مـەجنون ئـەوەتا کـە هـەردەم لـە غـەمی لـەیلا دایـە بۆیـە هەردەم پیاڵە بە خەیاڵی لەیلاوە هەلدەدات، منیش بە خەیاڵی قسە خۆشەکانی کە لە لێوی شیرین دێتە دەرێ وەکو فەرهاد دەچم چیای بێستوون هەڵدەکەنم.
(٤)واتە شادی و خۆشی لای من بۆتە بێگانە چۆن کەسێك بێگانـە بێـت نامناسـێت و سـەردان و هاموشۆم ناکات شادیش بە هـەمان شـێوە، خـزمیش غەمـە هـەروەکو چـۆن خـزم هـەردەم هامۆشۆم دەکەن لە دەورمدان غەمیش خزم ئاسا هەردەم لەگەڵمدایە بۆیە ئەگـەر لـە غـەما مردم میرات گرەکانم با حەق و حیسابی کفن و گۆرم لە ئەستۆ بگرن.

گـــەنجی فکـــرم کـــە لـــە نێـــو کـــونجی غـــەما دیویەتـــەوە
مـــوڵکی شـــادیم هەیـــە تـــا ســـاکنی بەیتولحـــەزەنم[1]
تیرەکـــەی بـــێ خەتـــەر بـــاری کـــەمان ئـــەبڕۆ احـــەریق
گـــەر چـــە ئـــەو ڕۆســـتەمە ئەلحـــەق ئـــەمنیش ڕوبیتـــەنم[2]

---

(١)ساکن: نیشتەجێ، بەیتولحەزەن: ماڵی پڕ غەم و خەفەت لە شیعری کلاسیکیدا (بیت الحزن) ئاماژەیە بۆ ماڵی حەزرەتی (یعقوب).

واتە هەرچی گەنجی و جوانی بیرو فکرم هەیە هەمووی لە نێو کونجی غەما دیوەتەوە کەواتە لەو ڕۆژەوە کە خزم ناسیوە هەر لە نێو دەردی غەما بوویمە، موڵکی شادیم کوا هەیە، خۆمن ئێستا لە ماڵی غەمدا هەروەکو ماڵی حەزرەتی یعقوب شەو دەکەمەوە و لەو ماڵە نیشتەجێم.

(٢)خەتەر: ترسناك، ڕوبیتەن: پاڵەوانێکی ئێرانە.

واتە یار کە ئەبڕۆی وەکو کەمان وایە و هەر بەهۆی ئەبڕۆی کەمانی تیرم بۆ دەهاوێت، بەڵام خۆشبەختانە ئەو تیرە مەترسی نیە، چونکە گەر ئەو وەکو ڕۆستەم پاڵەوانە منیش وەکو ڕۆبیتینم.

لە خزمەت قازیا لاریم نیە بۆ سەر چە جای ماڵم
چە حکیمەت بووە ئیشاراتی نەفەرمووی بۆ شیفای حاڵم[1]
فدای تەشریفی ڕێگەت بی خەراجی مولک و جان و دڵ
شاری تۆزی بەرپێت بی ڕەواجی عومری سەد ساڵم[2]
دەمێکە چاوەڕێی سورمەی غوباری کوی خوبانم
بە خاکی مەقدەمی تو نائیل میعراجی ئامالم[3]
لەبەر تەوق وەفا ئەم ووت کە قومری سەروی باڵاتم
لەبەر تەنگی نەفەس حەیفی دڕی جەمعی پەروباڵم[4]

---

(١) واتە من هەر کاتێك لە خزمەت قازیدا بم هیچ لاری و گلەییەکم نییە کە دەرهەق بە من چ بکات و بڵێت ئەگەر بێتو هەموو سەر و ماڵم ببات، بەڵام نازانم بۆچی چ حیکمەتێکی تێدا بووە ؟ کە بەهیچ شێوەیەك ئاماژەکی نەکرد بۆ ئەوەی شیفای حاڵم بێت و لەو ناخۆشی تەنگانەیە ڕزگارم بێت، دیارە بە ئاماژەی ئەو نەبێت چارەی حاڵم ناکرێت.

(٢)فدا: قوربانی، جان: گیان، نسار: قوربانی، ڕەواج: بڕەوپێدان.
واتە هەموو شتێك لە موڵك و گیان و دڵ بە قوربانی ڕێگای هاتنی تشریفت بێت دیسان هەموو شتێك بە قوربانی ئەو تۆزەی بەرپێت بێت بۆ پرە و پێدانی عومری سەد ساڵەم.

(٣) سورمە: کل ماددەیەکی وردە ئافرەتان بۆ جوانی لە چاویان دەکەن، غوبار: تۆز، خوبان: چاك: مەقدە: گەرانەوە لە سەفەر.
واتە ماوەیەکە چاوەڕوانی تۆز و گەردی سورمەم کە لەلایەن چاکانەوە بۆم دێت ئەوەش بە ئومێدی شەوی میعراج و گەڕانەوەت لە سەفەردا.

(٤) وەفات هێندە زۆرە لەسەرتاپای باڵا تەوقی داوە منیش بەخۆم دەگوت من وەکو قومری وا بەسەر بەژن و باڵای بەرزی تۆوە، بەڵام لەبەر نەنگە نەفەسی بەداخەوە هەرچی پەڕوباڵم هەیە هەموو تیاچوو.

بـــه حـــوکمی خۆتـــه ئیمـــزا بـــۆ مولاقـــاتی شـــەرەفیابی
لـــه هـــەر لایـــی دەفـــەرمووی حـــازر و موشـــتاقی بـــالأتم[1]
لـــه خزمـــت خـــان و ســـەرهەنگدا ســـەلامم فـــەوجی ســـەربازه
دوعـــا: ســـلطان و یاوەرمـــه لـــه بـــوو ســـەرتیپی ئـــەقوالم[2]

---

(١) مولاقات: بەیەکگەیشتن، موشتاق: پەرۆش.
خۆت بڕیار بدە ئیمزای بە دەستی خۆتە بۆ بەیەکگەیشتنی هەتا بەدیدارت بەختەوەر و موشرەف بم، من ئامادەم لە هەموو لایەك و شوێنێك من هەردەم پەرۆشی بەژن و بالأتم.
(٢) سەرهەنگ: پلەیەکی سەربازییە، ئەقوال: کۆی قول: گوتن.
واتە من لە خزمەت سەرتیپ و سەرکردەدا گەورەدا سەلا و رێزم هەروەکو ئەوەیە سەربازێك بۆ سەرکردەکەی دەیکات، منیش هەروەکو ئەو سەربازەم، هەروەها منیش دوعا دەکەم کە سوڵتانی بالا دەست هاودەم و یاوەر بێت بۆ سەرتیپی قسەکانم کە گوێی لێ بگیرێ بەڵکو جارێك ئەو دوعایەم قوڵ دەبێت.

لە ئەم عیدە بەعیدم من لە دیداری رەفیقانم
خوا ساتۆ قەریبم کەی لە خوانی وەسلی یارانم[1]
لەلایی عوشرەت و شادی لەلایی گەردەن ئازادی
ئەمن کەوتوومە نیو داوی حەریقی ناری هیجرانم[2]
سەرم قوربانت ئەی ساقی کە تۆ سادەی وەرە سادەی
فدائم دەست و بردێکە ئەجەل نەک بێ بەمیوانم[3]
دڵم کەوتۆتە ظلمات و دەلێ پێم خۆشە تاریکی
بە تاریکی سەری زولفت ئومێدم ماوە وابزانم[4]

---

(١) عید: جەژن، بەعید: دوور، قەریب: نزیك، خوان: سفرە.
واتە لەم جەژنەدا من گەلێك دوورم لە دیتن و چاوپێکەوتنی دۆست و یاران و خۆشەویستان ئەی خوایە دوعا دەکەم ئەگەرچی دوورم لە رەفیقان بەڵام لێت دەپاڕێمەوە کە نزیکم بکەیەوە لەسەر سفرەی خوانی بەیەکگەیشتنی یارانم.
(٢) عوشرەت: ژیانی خۆشی، برادەرایەتی: هیجران دوور لە دۆست و برادەران.
واتە لەلایەن ئەم جەژن و خۆشی و شادییە لەگەڵ دۆستان و برادەران لەلایەکی دیکە ئەم دۆست و برادەر و خۆشەویستانە گەردەن ئازادی لە یەکتری دەکەن، منیش وتومەتە نێوداوی سوتانی ناو ئاگری لێك جودابوونەوەی برادەرەکانم لێم.
(٣) ساقی: مەیگێڕ، سادەی: سادە و ساکار، سادەی: سازووکە.
واتە سەر و ماڵ و گیانم بە قوربانت بێت ئەی مەی گێڕ کە تۆ هیندە سادە و ساکاری وەرە زووکە و فریام کەوە بە قوربان هەتا زووە دەست و برد و پەلە بکە نەوەکو ئەجەل ببێتە میوان، چونکە ئەجەل سات و کاتی نییە هەر کاتێك بێت دێت لە نێوان سادەی و سادەی جیناسی لێکچوو هەیە.
(٤) دڵم کەوتۆتە نێو تاریکایی دەڵێ ئەو تاریکایکایەم گەلێك پێ خۆشە، چونکە هۆی ئەو تاریکیە زولفە رەشەکانتە بەسەر رووت هاتۆتە خوارەوە تاریکایی هێناوە کەواتە هێشتا زولفەکانت رەشە و بە هۆی زوڵفی رەشتەوە منیش ئومێدم هەر بە تۆ ماوە.

خـــوا عـــومرت بـــدا بـــاقی وەرە ســـاقی بـــدە راقـــی
کـــە تـــۆ هـــەمرازمی مـــەی بێنـــە تـــۆ دەرمـــانی دەردانم[1]
هـــەتا کفـــری ســـەری زولفـــت ببیـــنم وا لـــە نێـــو کفـــرانم
کـــە دیـــتم شمعـــی روخســـارت دەڵـــێم ئۆخـــەی موســـڵمانم[2]
بـــە رەنگـــی ئەشـــکی خـــۆیینم کـــە روو ســـورم لـــە قـــاپی هـــەق
لـــە فـــەیزی تۆوەیـــە ســـاقی بـــە جۆشـــە تـــاوی گریـــانم[3]
بـــە خوێنـــاوی دڵـــی زارم وەرە کـــاکۆل حـــەنایی کـــە
مـــەڵێ راوەســـتە تـــا قوربـــان لـــە عیـــدانیا بـــە قوربـــانم[4]

---

(١) هەمزار: هاودەم.
واتە ئەگەر عومر بمێنێ و خوا تەمەنم درێژ بکات دەڵێم ئەی مەی گێر وەرە راحەت بدە نێو دڵەکان کە تۆش هاودەم بیت دەی ساقی مەی بهێنە چونکە تۆ دەرمانی هەموو دەردەکانی و شیفای دەردەکان بە دەستی تۆیە.
(٢) شەمع: چرا، روخسار: روو.
واتە زولفەکانت رەشە ئەوە بۆ من کفرە کاتێك زولفەکانت دێتە سەر روخسارت رەش هەڵبگەڕێت دیارە رەشایەتی واتە تاریکیش کوفرە بۆ من، هەرکاتێکیش زولفەکانت لادەدەی رەشایەتی نامێنێ روخسارت وەکو چرا دەدرەوشێتەوە کاتێك ئەو روخسارەت دەبینم و کوفر و تاریکی نامێنێ روناکی ئیسلام دەردەکەوێ و منیش دەڵێم ئۆخەی ئیسلام.
(٣) ئەشك: فرمێسك، قاپی حەق: خوا، فەیز: بەهرە، بەجۆش: بەخوڕ.
واتە ئەو فرمێسکانەی لە چاوم دیتە خوارەوە کە رەنگی سور هەڵگەڕاوە دیارە فرمێسکی پەشیمانییە من سەر بەرز روو سورم لەبەر دەرگای خوای باڵا دەست، لەبەهرە و بەرەکەتی تۆوەیە ساقی کە ئێستا زۆر بە جۆش و خرۆشمە تاوی گریانم.
(٤) زار: بریندار، کاکول: پرچ، حەنایی: خەناوی، عیدانا: جەژنەکان.
واتە دڵم زامدارە و خوێنی لێ دێ، تۆش پێویست بەوە ناکات خەنە بێنی و پرچت لە خەنە بگری وەرە بە خوێنی دڵی زامدارم کە خوێنی لێ دەتکێ پرچت خەناوی بکە.

لـــه نێـــو ئاتەشـــگدەی عەمـــدا کـــەبابی دڵ بـــرژا
شـــەراب بێنـــە بـــە پێوانـــە تـــەواوە عهـــد و پـــەیمانم[1]
شـــوکر وەســـلم هەیـــە ئـــەمڕۆ لەگـــەڵ پـــەیکان وتیغـــی تـــۆ
کـــە کوشـــتەی تـــیری موژگـــانم کـــە چـــاکە تیـــغ حرمـــان[2]
وت دانـــــەی خـــــەیاڵت بنێـــــرە نیـــــو داوی زولفیـــــنم
ئەگـــەر دەیکـــەم پەرێشـــانم ئەگـــەر نەیکـــەم پەشـــیمان[3]
ســـەفی تـــابوری موژگانـــت لـــە قلعـــەی دڵ کـــە جـــێگیر بـــوو
هـــەتیوی دل نـــەما جێگـــەی لـــەبۆ کـــوێ ڕۆیـــی نـــازانم[4]

---

(١) ئاتەشگەدە: ئاگردان، عەهد: پەیمان.
غەم دەور داوم وەکو ئاگردانی لێهاتووە دڵیش لە نێو ئەو ئاگردانەیە و وەکو کەباب وا تێدا دەبرژێ واتە دڵ کەباب و غەمیش ئاگردان و دەیبرژێنی کەواتە مەی بهێنە بە حساب و پێوانە چونکە من هەر لەسەر عەهد و پەیمانی خۆمم.
(٢) وەسل: گەیشتن، پەیکان: تیر، حرمانی: نا ئومێدی، تیغ: شمشێر.
سوپاس ئەمڕۆ بە یەکگەیشتنم هەیە لەگەڵ تیر و شمشێری مووی برژانگەکانی تۆ کە هێندە تیژە و دەیهاوێی دەم پێکی و دەەمکوژێ ئەوەش دەبێتە جێگای نائومێدی.
(٣) وتت خەیاڵت بنێرە نێو داوی زولفەکانم منیش سەرسام و سەرگەردانم و نازانم چ بکەم چونکە هەر کاتێك خەیاڵم دەنێرم پەرێشان دەبم چونکە زولفەکانت هەروەکو داو وایە کەسێکی تێ بکەوێ دەیگرێ و دەربازی نابێت، وە ئەگەر بە قسەت ناکەم ئەوە پەشیمانی بەدواوەیە.
(٤) سەف: ڕێز، تابور: سوپا و لەشکر، قلعە: قەڵا
واتە سوپا و لەشکری مووی برژانگەکانت وەها ڕێزیان بەستوە لە نێو قەڵای دڵدا خۆیان جێگیر کردووە، دڵیش وەکو منداڵێکی هەتیو جێگە و ڕێگای نەماوە نازانم بۆ کوێ چووە!

حـــەریقی تـــەرکی یـــار ناکـــەم ســـەرم بـــبرن ئەگـــەر فرضـا
نیـــە بـــاکم لەبـــەر تەعنـــەی موریـــدی پـــیری رەنـــدانم[1]

(١) تەعنە: قسە و قسەڵۆك، موريد: سۆفی، رەند: پیاوە قسەخۆش و مەرد
واتە(حەریقی) من هەرگیز ناتوانم تەرکی یار بکەم دەستی لێ هەڵبگرم ئەگەر بێتو بۆ نموونە سەریشم ببڕن، هیچ باکیشم نییە لە قسە و قسەڵۆکی خەڵکی هەرچ دەڵێن با بڵێن و گوێم لێ نییە چونکە من پیاو سۆفی پیاوی مەرد و قسەخۆش و رووخۆشم.

بەشی ناسینی نامەردی لە کەس دا مەردی نابینم
لەلای کە روو گەرمی نەبێ دڵ سەردی نابینم[1]
چە روو سپییەک بە روو سوری لە بۆتەی امتحان دەرچوو
درۆ ناکەم بە وجهی راستی ڕوو زەردی نابینم[2]
لە کەند و رەندی عالەم قەت مەپرسە گەر خیرد مەندی
خودا هەڵناگرێ ڕەندم نەدیوە کەندی نابینم[3]
لە کەس وردیم نەدیوە تا درشتی پێ نمایان بێ
کەسێ بڕویش دەکا و لافی دەقیقە وردی نابینم[4]

---

(١)ئەو کەسانەی یەکتر دەناسن و چاکە و پیاوەتیان لەلا دا نییە کەسانی نامەردن چونکە شتی چاکەیان لێ ناوەشێتەوە بۆیە هەرچی سیفاتی مەردی هەیە تێیاندا نابینم وە هەر کەسێکیش کە رووی گەرم و خۆش لەگەڵ خەڵکیدا دیسان دل ساردییان تێدا نابینم.

(٢)دیارە دیوتانە کە چ کەسێکی روو سپی بە روو سوری لە تاقیکردنەوە دەرچووە منیش هیچ کاتێك درۆم بە زماندا نەهاتووە و بەرووی راستیشدا هیچ روو زەردییەك نابینم ئەوەش لە سایەی راستگۆیمدا.

(٣)کەندو: ئەو شوێنەی جاران ئاردی تێدا هەڵدەگیرا، رەند: زیرەك، خیرومەند: دانا و زانا، کوند: کوندەبوو هێمای شوم و نەگبەتییە.
ئەگەر تۆ کەسێکی دانا و تێگەیشتووی بە هیچ شێوەیەك کە کەندو زیرەکی و لێهاتوویی خەڵك مەپرسە و سەری خۆت پێوە تاڵ مەکە، مرۆڤیش قسەیەك بۆ خوا بکات کەسی زیرەك و ئاقڵم نەدیووە کوندە بە بۆش نابینم.

(٤) وردی: دیقەت، شتی بچووك، درشت: گەروە، شتی پێشان دراو لە هیچ کەس شتی بچووکم نەدیوە هەتا شتی گەورەی پێوە بنێم کەسانی ئەوتۆ هەیە لاف و گەزانی دەقیقەیەك لێ دەدا کەچی شتی بە دیقەتی تێدا نابینم. لە نێوان هەردوو ورد جیناسی تەواو هەیە.

گـەلێ کـەس دەسـتی چـا دەڕوا وەکـو چـا ئـابروی ڕۆیـی
دەڵـێ بـۆ دیـن وەکـو دنیـا بـە دەسـت بـردی نـابینم[1]
دەڵـێ بـۆ دیـن وەکـو دنیـا بەدەسـتو بـردی نـابینم[2]
ئـەوەی عـارف بـێ ئـەیزانی ئـەمن چـم گوتـووە لام باشـە
ئـەڵێم زاهـیر بەدارچـی ئـەمن وەک بابـەرد نـابینم
(حـەریق) دەردی گرانـە حەیفـە هـیچ هـاودەرێ نـابینم[3]

---

(١)چا= باش، چا، چایە شلەیەکە دەخورێتەوە، ، ئابروو= حەیا، دەست و برد= چستو چالاك زۆران کەس هەیە دەستی باش دەڕا ئیشی بێ دەکرێت بەڵام ئەو کەسانە ئابرویان ڕۆیشتووە هەروەکو چا، هەر ئەو کەسانە هێندە ب ژدنیا چوستو چالاکنو بۆ دنیا هەوڵ دەدەن بۆ دین وانین بەپێچەوانەوە سستو تەمبەڵن.

(٢) عارف= پیاوی خواناس و دانا، زاهید= ئەو کەسەی تەرکی دنیا دەکات= سۆفی ئەوکەسەی زاناو دانا خواناس بێت باش دەزانێ من چم گوتووە، ئەوەی گوتوومە ئەوەم لام باشە بۆیە دەڵێم زاهد تۆ بەدارابچی منیش بەردنابینم.

(٣) حەریق دەردی گرنە دەردی بێ هاودەردیە واتە کەسێك هاودەردی من بێت زۆر هەوڵم دا گەڕام بۆ ئەوەی هاودەری خۆم بدۆزمەوە بەڵام سەدحەیفو مخابن هیچ هاودەرێك نابینم.

بە قوربانت بم ئەی ساقی بدە پێم راحەتی روحم
بەبێ ئاوی حەیاتی تۆ جگەر سوتاو و برژاوم[1]
بە شەوقی شەوچرای کولمت فریوت دا کە مورغی دڵ
بە شێوەی زولفت زانیم کە من گیرۆدەی داوم[2]
کە دیتم شەمعی روخسارت بە پەروانەی دلی خۆت ووت
لەناوچەوانی خۆم نووسیوە هەر بەو شەمعە سووتاوم[3]
تەماشای چاوەکەم کردی برۆت فەرمووی ئەمن تاقم
بە شۆخی زولفی لاولاوت دەیەژێ هەر ئەمن لاوم[4]

---

(١) راحە: ئیسراحەت، روح: گیان، ئاوی حەیات: ئاوی نەمری.
ئەی ساقی بە قوربانت بم هەستە هەتا زووە پێم بدە ئیسراحەتی گیانم کە جامێك مەیە، چونکە تۆ بۆ من وەکو ئاوی نەمری وایت هەر کەسێك لە سەرچاوەی ئاوی ژیانی تۆ بخواتەوە تام و چێژی مردن ناکات، بەڵام هەر کاتێك تۆ لێم دوور بیت ئەوە جگەر دەسوتێ و دەبرژێت.
(٢) مورغ: باڵندە.
چرای کوڵمت هێندە بە شەوق بوو کاریگەرییەکی زۆر هەبوو لەسەر دڵ و دەروون، ئەو شەوقە وای کرد باڵندەی دڵ فریو بدرێت، پاشان بە شێوەی جوانی زولفەکەت هەر زوو زانیم و هەستم کرد کە من کەوتوومەتە ناو داو و گیرۆدە بویمە.
(٣) شەمع: مۆم چرا، روخسار: روو، پەروانە: پەپولە.
هەر کاتێك چرای رووی تۆم بینی بە پەپولەی دڵی خۆت گوت تازە حاڵی تۆ هەر سووتان ولەناوچوونە بەهۆی ئەو چرایەی دەدرەوشێتەوە، پەپولە عەشقی چرایە هەر کاتێك چرا دەبینێت بە دوایدا دەسوڕێتەوە و لێی نزیك دەبێتەوە هەتا باڵەکانی لە چراکە دەدات و پەڕوباڵی دەسووتێنێت شاعیر پەروانە و رووی یاریش چرا.
(٤) دەیەژێ: دەڵێ، شۆخی: سوحبەت.
ئەو کاتەی تەماشای چاوەکانم کردی برۆکانت کە لەسەر چاوتەوەن پاسەوانی دەکەن فەرموویان ئەمن وەکو سایە و سێبەری چاوم هەر بە سوحبەت بە زولفە لاولاویەکەش دەڵێت هەر من بە تەنها لاوی شۆخ و شەنگم.

ئـــەڵێن وا جـــەژنی نـــەورۆزە دڵـــم پـــڕ ئاتـــەش و ســـۆزە
وەرە بـــۆ جەژنـــە بـــدەم روحـــم لەبـــەر مـــاوم لەســـەر چـــاوم[1]
وەرە سەرچـــاوەی چـــاوم، دەڵێـــی دەریـــای عەممانـــە
تەماشـــی ئەشـــکی گولنـــارم لـــە ســـایەی چـــاوم خوێنـــاوە[2]
هەموو کەس مەستی بادە و کەیف و شـەوق و بـەزمی جاناتـە
بـــە تـــەنیا هـــەر ئـــەمن ئـــەمڕۆ لـــە خـــاکی میحنـــەتا مـــاوم[3]
نـــەما ئـــاوی بـــەقا بـــادی فـــەنا خـــاکی بـــەباد داوم
کـــە یـــارم ئاتەشـــی دووری لـــە پووشـــی جەســـتە بـــەرداوم[4]

---

(١) ئاتەش: ئاگر
خەڵکی دەڵێن وا جەژنی نەورۆزە، لەو جەژنەشدا دڵ و دەروونم پڕ لە ئاگر و سۆزە جا کەوایە وەرە بۆ لام و بەو بۆنەیەوە جەژنە پیرۆزەم لێ بکە هەتا منیش لەبڕی ئەو جەژنانەیە روحم بدەم بە قوربانی جەژنانەت.
(٢) ئەشك: فرمێسك، گوڵ نار: گوڵی رەنگی سور گوڵی لە رەنگی ئاگر.
وەرە سەر کانی و کانیاوی چاوم هێندەی فرمێسك لێ دێ هەردەڵێی دەریای عەمانە، وەرە تەماشای فرمێسکی چاوەکانم بکە رەنگی هەر دەڵێی رەنگی ئاگرە وەها سور بووە ئەوەش لە سایەی ئەوەی کە چاوم خوێناوی لێ دێ بەهۆی خوێنەکە فرمێسکەکانم سور بووە.
(٣) مەست: سەرخۆش، بادە: مەی، جان: گیان.
ئەمڕۆ هەموو شاد و سەرخۆشی شەرابن و کەیف خۆش بە زەوق و شەوق لەگەڵ برادەران گیانی بە گیانی خەریکی بەزم رەزمن بەڵام ئەمڕۆ بە تەنها من ماومەتەوە لە خاکی ناخۆشی بێ کەسی دوورم لە بەزم و شەوقی سەرخۆشان.
(٤) بەقا: نەمری مانەوە، بادی فەنا: بای لەناوچوون و باد، پووش: درك و داڵ و پوش و پەڵاش، جەستە: لەش.
نەما ئاوی حەیات و مانەوەی هەتا هەتایی و با لەناوچوونیش هات خاکی بەرباد کرد و هەموو بە فیڕۆدا و لەناو چوو ئەویش ئەو کاتە بوو کە یار لێم دوور کەوتۆتەوە ئاگری لە

تەماشی چاوی نێرگز کە بە مەستوری چە مەخمورم
تەماشای پێکەنینی گوڵ بە ئەحواڵی پەشێواوم[1]
دیارە ساقی بێ باقی نیە مەیلی بە دڵداری
ئەڵێم ها نەقدی جان و دڵ ئەڵێ لاچۆ لەبەر چاوم[2]
دەوای هیجرانی گوڵ ئەی دڵ لە شێخ شاباز تەمەنی کە
بڵێ: ئەمرۆ بە ناحەق نەونەمامی جەرگە پێ کاوم[3]
حەقم بستێنە ئەی نەخلی موراد و سەروی ئازادم
وەکو عارەب دەخیلت بم زەلیل و زار و داماوم[4]

هەرچی پوش و پەلاشی جەستەم بەرداوە یاخود چۆن ئاگرێك دێت بە ئاسانی پوش و پەلاش دەسووتێنێ ئەویش بەهۆی دووری ئاگر لە جەستەم بەردەدات.

(١) نێرگز: گوڵێکی سپی بۆن خۆشە لە ئەدەبی کلاسیکی بە مانای چاوی جوانی یار دێت، مەستور: داپۆشراو، مەخمور: مەست و سەرخۆش.
وەرە تەماشای چاوە مەست و جوانەکانی یار بکە کە چۆن پۆشتەیە و داپۆشراوە مەست و سەرخۆشە هەمدیسان وەرە تەماشای پێکەنینی گوڵ بکە کە چۆن بە پێکەنینی ماڵ و حاڵم دەشێوێنێ.

(٢) دیارە مەی گێڕ هەتا سەرنابێ و نامێنێ ئەو مەیلە کە هەیەتی بەرامبەر بە دڵداری ئەویش هەتاسەر نییە، بۆیە منیش دەڵێم ها ئەوە گیان و دڵم تەسلیمت بکەم بەڵام ئەو لە جیاتی ئەوەی لێم وەربگرێ پێم دەڵێت لاچۆ لەبەر چاوم.

(٣) دەوا: دەرمان، هیجران: لێك دابڕانی دۆست و خۆشەویستان، تەمەنی: داوا بکە.
واتە هەستە دەرمانی دەردی لێك جودا بوونەوەی دۆست و خۆشەویستان لە شێخ شاباز داوا بکە و پێی بڵێ ئەمڕۆ بەناهەق جەرگی تازە پێگەیشتووی پێکاوم و لە ناوی برد.

(٤) نەخلی موراد: هیوا و ئارەزوو خۆش
وەکو عەرەب دەست و دامێنت بم من زەلیل و بریندار و داماو و بێ کەسم داوات لێ دەکەم کە هەقم بستێنی ئەی ئەو کەسەی وەکو درەخت سەربەرز و ئازادی چونکەتۆ جێگای مەبەست و هیوا و ئارەزوو خۆشی منی.

احـــەریق‌ای نـــاری هیجـــران و غـــەریقی ئەشـــکی حیرمـــانم
لـــە خـــاک و بـــاد و عالـــەم دا ئەنیســـی ئـــاگر و ئـــاوم[1]

---

(١) نار: ئاگر، ئەنیس: هاودەم
حەریق بەهۆی دووری جیابوونەوەی یار لەناو ئاگرە و نقومی فرمێسکی نائومێدی بووە بۆیە لە خاک و ئاو هەوای جیهاندا من هاودەم و هاونشینی ئاگر و ئاو.

پیتی نون

ئەی تۆبە لە دەس رۆژی فراق و شەوی هیجران
وەی روو لە هەرا و کەشمە کەشی ساعتی حیرمان
هەر خۆزگە بە چاوم لە فراقی غەمی یارم
هەر چاوەنوارم لە نیگای دیدە غزالان[1]
جاران بۆ کەمالم دەچوو باقی بوو کەمالم
ئەم جارە بە جاری سەرومالم چوو بە تالان[2]
تا سنبلی زولفت بووە پەرژینی گوڵی رووت
نەم دیوە لە دەرویشەوە عیشە و خەت خالان[3]

---

(١) فراق: جیابوونەوەی دوو دڵدار لە یەکتری، هیجران: دوور لە خۆشەویستان، کەشمەکەش: گۆتە گۆت.

تۆبەو داد و بێ داد لە دەست ئەو رۆژەی کە لەگەڵ دڵدارەکەم جیا دەبمەوە هەروەها داد و بێ داد لە دەست ئەو شەوەی لێك دوور دەکەوینەوە کەواتە هەردەم ئاه و ناڵەیەتی بەشەو بەرۆژ لە دەست دووری یار هەروەها هاوار لە دەست ئەو شوێنەی کە هەرا و گۆتە گۆت و حەوت هەشتی تێدایە لە دەست نائومێدی کە چ تاڵ و خۆشە.

(٢) غزالان: کۆی (غزال)ە مامز

سەد خۆزگە بە پار دەخوازم (ساڵ بە ساڵ خۆزگە بە پار) چونکە ساڵی پار غەمم نەدەخوارد بەڵام ئێستا غەم سەرتاپای دڵ و دەوونی داگرتووم ئەویش لە غەمی جیابوونەوەی یارم هەر چاوەڕوانم لە وێنە و بینینی چاوی جوانی یار بەڵکو خوا دەکات بەدیداری شاد ببم.

(٣) کەمال: تەواو، باقی: ماوە.

جارانی زوو پێشو لە هەوڵی ئەودا بووم بۆ تەواوکردنی بچم چونکە هیشتا زۆرم مابووم بگەم بە کەمال و خەریکی تەواوکردنی بووم، بەڵام ئێستا بە پێچەوانەوەی جاران خەت و خاڵ مەبەست چاو برۆی یارە.

بۆ سەبزەی نەوخێز خەتی لالە روخانم
هەوری خەفەتم حازرە بۆ دیدەی گریان[1] .
غونچەی ئەمەلم چونکە نەپشکوتووە ئەم ساڵ
بلبل بەدڵم دەبێژی کە سەد خۆزگە بەساڵان[2] .
بۆ تاری سەری زولف و منیش ئەشکی بەحەسرەت
خۆش بەیەکا رشتەی دام و دانەو مەرجان[3] .

زولفەکانت هەروەکو گوڵە گەنم بۆتە پەرژین لێ ناگەڕێت رووت ببینم کە دەڵێ گوڵە، جا لەوکاتەوە کە زولفت بۆتە پەرژین دوور بە دووریش خۆشی و لەزەتم وەرگرتووە بە بینینی چاو و برۆکانت.

(١) سەبزە: گژوگیا مەبەست ئەو موویە لەسەر رووی لاوان دێت، نەوخێز: گەنج تازە پێگەیشتوو، رووخان: روو.
ئەو مووە تازانەی کە لەرووی گەنجانی تازە پێگەیشتوو دێت هەروەکو لالەو چرا وایە لەروویان دەدرەوشێتەوەو روونـاکی دەبەخشێت بە دەورووبەر منیش هەردەم لەغەم و خەفەتدام دەگریم و چاوەکانم ئامادەیە فرمێسکییان لێ بڕژێت هەروەکو چۆن هەور بارانی لێ دێت چاوەکانی منیش وەکو باران فرمێسکییان لێ دێت.

(٢) غونچە: گوڵی تازە پێگەیشتوو، ئەمەل: هیوا ئومێد، دەبێژێ: دەڵێ
هێشتا هیواو ئاواتەکانم پێنەگەیشتوون هەروەکو چۆن خونچە دەمی نەکردبێتەوە بۆ ژیان منیش هێشتا هیوام بۆ ژیان نەپشکوتووە ئەمساڵ دیارە هێشتا زووە بولبولیش بە دەنگ و ئاوازی خۆی پێم دەڵێت سەد خۆزگە بە ساڵانی رابردوو.

(٣) تار: رەش، ئەشك: فرمێسك، حەسرەت: ئاخ هەڵکێشان، رشتە: رستە، دام: داو، مەرجان: بەردێکی سورە لەناو دەریا هەیەو بەنرخە.
مووی زوڵفەکانی رەشە کاتێك دەبینم بەداخ و خەفەتەوە فرمێسکی بۆ هەڵدەرێژم زۆر بەئاسانی و بەخۆشی رستەی هەڵخستووە بەمووەکانی زوڵفی دانە دانەی مەرجانی تێخستووە یاخود دانەی مەرجانی لەمووەکانی خستووە و کردوویە بە تەزبیح.

قەترەی ئارەقی شینم بەرگی گوڵی رووت بوو
ئەم زانی کە مەرجانە لەسەر لەعلی بەدخشان[1].
تا رشتەی زولفت بووە دامی دڵی مەیلم
مەجنونی دووجەلیم لەهەموو قەومی هەراسان[2].
جەرگم بەدەمی تیغی بڕۆت بڕە بەشەرتێ
بدوری بەتەلی زولف و بەتای سوژنی موژگان[3].
لەو چاکە کەوا دیومە کەوا چاکی دوو گیرفان
گیرفانی دەروونم بەخەیال پڕبوو لەعیرفان[4].

---

(١) قەترە: دڵۆپ، ئارەقی شین: ئارەقی ماندووبوون و هیلاکی، لەعل: بەردێکی بەنرخە وەکو یاقوت، بەدخشان: ناوچەیەکە لە تورکمانستان بە لەعل بەناوبانگە.
هەر دڵۆپێکی ئارەقی هیلاك و ماندووبوونم دەبووە بەرگێك بۆ ئەو گوڵانەی کەلەسەر رووت پەیدا دەبوو، دەمزانی هەر دانە مەرجانێکیش کەلەسەر لەعل کە بەردێکی سوورو گران بەهایە وەکو لەعلەکانی وڵاتی بەدخشان دەچێت لەجوان و گرانیدا.
(٢) مەیل: حەز، مەجنون: (قەیسی عامری حەزی لە لەیلای ئامۆزای کردووە، بەڵام لەبەر هەرهۆیەك بێت پێنەگەیشتووە، بەکێو و بیابان کەوتووە لەتاو خۆشەویستەکەی) هەراسان: ترسان، توڕەبوون.
هەتا رستەو تەناف مووی زوڵفەکانت ببێتە داوو تەلە بۆمن ئەوە هەردەم دڵم حەزی لەو تاڵە مووانەی زوڵفتە هەروەکو مەجنون (قەیسی عامری) منیش گەر پێت نەگەم تووڕە دەبم لەهەموو دۆستان و لێیان دوور دەکەومەوە.
(٣) سوژن: دەرزی گەورە شتی ئەستووری پێ دەدرووێتەوە وەکو گوش، موژگان: برژانگ، وەرە جەرگم بەنووکی تیژی برۆت ببڕە بەڵام بەمەرجێك جەرگم بدوریەوە بەتاڵە مووەکانی زوڵفت و یان بەسوژنی برژانگەکان.
(٤) عرفان: خواناسی، ئاگاداربوون لە وردەکانی نهێنییەکانی شت.
لەوشتە چاك و باشانەی کەوا من دیتومە باشی و چاکی خاوەن دوو گیرفانە یەکێکیان گیرفانی دەروونمە بەخەیاڵ ئەو گیرفانە پڕ بووە لە نهێنییەکان و وردەکارییەکانی خوداپەرستی.

دڵ بۆیە سەودای بووە وە زوو لەخەتی تۆ
منالْ بوو کە فێربو لەخەتی لەوحەی جانان[١] .
تا ئایەتی حسنی لەخەتی مصحفی رووت خواند
صاحبە سەودا و خەتە ناطق بوو بەقورئان[٢] .
تەشریح خەیاڵی ملک الاعظمي وجهت
تەسویر بەبێ گۆی ذقنت نایەتە ویجدان[٣] .

---

(١) سەودا: خۆشەویستی، ئالودەبوون، رەشایی، لەوحە: هەرشتی یان گەورەو لووس شتی لەسەر بنووسرێ یان لێی هەڵبواسرێ، جانان، جان گیان.
دڵ بۆیە هێندە بووە ئالوودەو خۆشەویستی تۆ هەر زوو بووە عەشقی رووت چونکە هەر لەمندالیدا فێرکرابو لە روو تۆ لێ راهاتبو لەسەر لەوحەی دڵ و گیان تێڕابمێنێ خۆشەویستی فێرببێت.
(٢) ئایەت: نیشانە، حسنی: جوانی، خەتی مصحف: خەتی کتێب: بەمانای کتێبی ئاسمانی قورئان دێت، صاحبە: خاوەن، سەواد: فێربوون، ناگق: قسەزان.
نیشانەی جوانی ناسکیت لەسەر خەتی کتێب رووت خۆی وا پێشان داوە، ئاسانی دەخوێندرێتەوە، خاوەنی ئەو کتێبە بۆ فێربوونی خەتەکانی ناو ئەو کتێبە کە قسەکانی بەهەموو بەقورئانە.
ناطق بەقورئان دەبێت مەبەست پێغەمبەر (ﷺ) چونکە هەموو کارو کردەوەو قسەکانی هەموو وەکو قورئان بوو، یاخود هەرکەسێك سیفاتی قورئانی هەبێت .
(٣) تەشریح: پارچە پارچەکردن، فلك الاعظمی: ئاسمان، وجهت: رووت، تەسویر: وێنەکردنی کەسێك یان درووست وێنەی کەسێك، ژقن: چەناگە.
رووت هەروەکو ئاسمانی گەورە وایە کە پارچە پارچەبووە بۆ چەند بەشێك بەڵام ناکرێت وێنەی رووت بکێشرێت و درووست بکرێت بەبێ گۆنانی خرت ئەوەش ویژدان قبووڵی ناکات وێنەی رووت بکێشرێت بەبێ گۆنای خرت.

خاڵت لە روخت نقتەیە بۆ مەرکەزی عالەم
زوڵفی وەکو قەترەت بەکۆشش هاتنە جەولان[1].
بۆ مەتلەعی بورجی قەمەرو شەمسی جەمالت
کەوتۆتە رەسەد خانەی نیو چاه زنەخدان[2].
وەک مەنعی منی کرد لە تەوافی حەرەمی رووت
سا رەبی لەئیمان بێ سەرداری لە ئیمان[3].
بازاڕی جەهل گەرم و هونەر سارده رەواجی
عەسری خەزفە حەیفە گەوهەر بێنینە مەیدان[4].

---

(١) خاڵ: نوقتەیەکی رەشە لەسەر پێستی مرۆڤدا هەیە، مەرکەزی عالەم: چەقی دنیا.
خاڵی سەر رووت وەکو نوقتەیەکە بۆ چەقی زەوی، زوڵفیشت هەروەکو قەتران رەشە خەڵکی بۆ سوڕانەوە بەدەوریا هەوڵ و کۆشش دەکەن.
دەبێت مەبەستی شاعیر ئەوەبێت خاڵی رەش کەعبەی پیرۆزبێت، کە کەوتونە چەقی زەوی خەڵکیش هەوڵ و کۆشش دەکات بۆئەوەی بگەنە ئەو شوێنە و تەواف بەدەوردا بکەن.
(٢) مەتلەع: شوێنی هەڵاتنی مانگ و رۆژ، بورج: یەك لەدوازده بەشەکەی ئاسمان کە زەوی بەدەوریدا دەسووڕێتەوە، هەرکاتێك زەوی یەکێکیانی بڕی مانگێك تەواو دەبێت، شەمس: رۆژ، جەمال: جوان، رەسەد: کەمین شوێنی خۆ پەنادانی کەسێك بۆ نێچیرەکەی، جاه: بیر–چاڵ، زنەخدان: چەناگە.
رووت هەروەکو مانگ و رۆژ جوان جا بۆ هەڵاتنی شێوەی جوانت لەنێو بورجەکانی ئاسماندا ئەو جوانییەت کەوتۆتە ناو کەمینی چاڵی چەناگەوە.
(٣) مەنع: قەدەغە، تەواف: سوڕانەوە.
هەروەکو چۆن قەدەغەی منیان کرد لە سوڕانەوە بەدەوری حەرەمی رووی جوانیت ئەی خوایە ئیمانی نەبێ ئەوکەسە چونکە ئەوکەسەی گەورەو سەرداری ئیمانە.
(٤) جەهل: نەزانین، رەواج: برەوپێدان، عەسر: سەردەم.

هەریەک پەلی فرزەندی دەژی شیعری (حەریقی)
تۆ بۆچی لەکیس خۆتی ئەدەی موشتەری نادان[1] .

بازاڕی نەزانین گەرم و گوڕە بەپێچەوانەوە بازاڕی هونەر ساردو کەساسە و برەوی نییە ئەمڕۆ سەردەمی لەناوچوونە بەداخەوە گەوهەرو شتی گران بەها بێتە مەیدانەوە.

(١) فرزەند: منداڵ، لەکیس خۆتی ئەدەی: لەدەست خۆتی ئەدەی، موشتەری: کڕیار.

هەریەکێك لەئێوە وەکو منداڵ دەژی لەگەڵ شیعرەکانی حەریقی وەکو ئەوەی پەروەردە بکرێت لەشیعری تەڕو باراوی حەریقی، جا کەوایە تۆ بۆ وا بەئاسانی لەدەست خۆتی دەدەی ئەی کڕیاری نەزان.

ئـــەم تاقمـــە شـــیرینە لـــە مەکتـــەب دیـــارن
جـــەلادی دڵـــی عالـــەم و ئاشـــووبی دیـــارن[١].
شـــیرین ســـەنەم و دولبـــەرو فـــەتان و عـــەیارن
خـــاڵی لـــە خەلـــەل جوملـــە وەکـــو نەقـــدی عـــەیارن[٢].
شـــۆخن هـــەموو شـــەنگن هـــەموو گـــوڵ ئاتەشـــی رەنگـــن
ئامـــادەی جـــەنگن هـــەموو ســـەیادی شـــکارن[٣].
اهـــو رەووش و مـــەهوش و شـــیرین حـــەرەکاتن
ناســـک بـــەدەن و ســـیم تـــەن و لالـــە عـــەزارن[٤].

---

(١) تاقم: دەستە، جەلاد: ئەو کەسەی ئازارو ئەشکەنجەی خەڵك دەدات، ئاشوب: ئاژاوە.
ئەو دەستە جوان و قسە شیرینانە کە دەیانبینی لەمەکتەب فێری ئەو خوڕەوشتە بوینەو جێگایان لەناو خەڵکدا دیارە، هەر ئەوانە بونەتە ئازارو ئەشکەنجە دەری دڵی خەڵکی ئاژاوە گێڕ کە ئەوانیش هەر دیارن لەناو خەڵکدا ئاژاوە دەنێنەوە.
(٢) سەنەم: بت، فەتان: جوان و دڵڕفێن، عەیار: زۆرزان–زمان لووس، خالی: بۆش– بێ عەیب، خەلەل: کەم و کوڕی، نەقد: جیاکردنەوەی شتی باش لەشتی خراپ.
هەر ئەو دەستەیە دەڵێی بتن بەمەبەست درووست کراون هێندە دولبەرو جوان و دڵڕفێنن زۆرزان و قسە شیرینن لەهەموو خەوشێك بێ عەیبن واتە بەکورتی بەئاسانی دەتوانی لەکەسانی دیکە جیایان بکەیەوە.
(٣) ئاتەش: ئاگر، سەیاد: راوکەر.
هێندەن جوانن لە شۆخ و شەنگی هەموویان هەر دەڵێی گوڵن رەنگیان رەنگی ئاگرە هەموو کاتێکیش ئامادەن بۆ جەنگ هەردەڵێی راوکەرن خۆیان ئامادە کردووە بۆ راوی نێچیر.
(٤) اهو: ئاسك–مامز، مەهوش: رووی جوان وەکو مانگ، حەرەکە: جوولانەوە، بەدەن: لەش، سیم تەن: لەشی سپی و جوان وەکو زیو، لالە: گوڵاڵە.
ئەو دەستە جوانە وەکو مامز ڕێك و جوانن –روویان هەر دەڵێی مانگی چوارده شەوەیە لەجوانیدا هەرچی جموجۆڵ و جوولانەوەیان زۆر شیرینەو لەش و لاریان ناسکەو سپی و جوانە هەردەڵێی زیوە بۆن و بەرامەشیان وەکو گوڵی گوڵزار و گوڵاڵە سوورەیە.

گاهی دەبنە رەهزەنی ئیمان و دڵ و دین
گاهی وەکو سوفی هەموو مایل بەکەنارن[1] .
گاهی ئەنوێنن روخ و روونـاک ئەکەن رۆژ
گاهی بە دوو زوڵفینی سیا وەک شەوی تارن[2] .
زوڵف و روخ و پەرچەم لەگەڵ ئەگریجە و کاکوڵ
ئیعلانی حەربیانە کەئیسلام و کوفارن[3] .
خاڵ و خەتی بێ حەد کە هەموو جومعەلەسەرخۆ
وەک زەنگی لەگەڵ خورو وەکو زاغ و عەتارن[4] .

---

(١) رەهزەن: چاو ساغ رێگا پێشاندەر، مایل: مەیل، کەنار: گۆشەگیر.
ئەوکاتەی دەبنە چاوساغ و رێگا پێشاندەری ئیمان و دڵ و دین هەندێك جاریش وەکو سۆفی لەگۆشەی خانەقا گۆشەگیر دەبن دوور دەکەونەوە لەخەڵکی.
(٢) زولفینی سیا: دوو زولفی رەش، شەوی تار: شەوی تاریك.
ئەوکاتانەی رووی جوانی پێشان دەدات دنیای رووناك دەکاتەوە وەکو رۆژو ئەوکاتانەش کە زولفە رەشەکانی دەهێنێتە سەر رووی تاریك دادێت و دەبێتە شەوی تاریك، رووی رووناك وەکو رۆژ زولفی رەش شەوە.
(٣) روخ: روو، پەرچەم: ئەو موانەی دێنە سەر نێوچەوان، کاکول: پرچ، ئیعلان: راگەیاندە، حەرب: شەڕ.
زوڵف و کاکول پەرچەم لەلایەك و لەلایەکی دیکە روو شەڕیان لەگەڵ یەك راگەیاندوون هەر دەڵێی سوپای ئیسلام لەلایەك و سوپای کافران لەلایەکی دیکەوە، رووی جوان وەکو رۆژ رووناکە سوپای ئیسلام پرچ و زولف رەشە هێمای کۆفرە.
(٤) بێ حەد: بێ سنوور، جەمعە: کۆبوونەوە، لەسەرخەد: لەسەر روو، زاغ: قەلەڕەش، حور: حۆری، عەقار: کەرستەی ماڵ، شەراب، زەنگی: رەشی.
ئەو خاڵ و تازە مووانەی کەهەموو بەیەکەوە کۆبوونەتەوە لەسەر رووی وەکو ئەوەیە کە چۆن جیاوازی دەکرێت لەنێوان کەسێکی رەش لەگەڵ حۆریەك ئەوەش هەروەکو قەڵەڕەش و شەڕابە زەنگ و قەلەڕەش رەشن کە جێگای کەلاوەیە حۆریش و شەڕابیش خۆراکی بەهشتییەکان.

کـــێ حـــەدی هەیـــە تـــالبی گـــەنجی روخیـــان بـــێ؟
یـــەک یـــەک کەهـــەموو ســـاحیبی زولفـــی وەکـــو مـــارن[١].
مومتـــازی جیهـــانن هـــەموو هـــەم مونتەخـــەبی شـــار
ئاغالـــــەر و بـــــەگزادەو ئەســـــتاف و کیبـــــارن[٢].
وەخـــتێ کـــە ئەکـــەن جلـــوە لەمەیـــدانی حوســـندا
وەک کبکـــی خـــەرامان وەکـــو ئـــاهوی تـــەتارن[٣].
مـــەوزون و لـــەتیف و خـــۆش خورشـــیدو ســـەعیدن
مـــەتبوع و رەشـــیدن بەئوســـول و بـــەویقارن[٤].

---

(١) حەد: توان بەشێوەی هەڕەشەکردن، تالب: داوا، زولفی وەکو مار: زوڵفی پێچاوپێچ.
کێ توانای هەیە کە داواکاری رووی جوانی گەنجان بێبت کە هەرهەموویان یەکەیەکە کە تەماشایان بکەی خاوەنی جووتە زوڵفی پێچاوپێچن هەردەڵێی مارە خۆیان لول لول داوە.
(٢) مومتاز: چاك، مونتەخەب: هەڵبژاردە.
ئەو دەستەو تاقمە هەڵبژاردەی شارن لەجوانی و بەتوانایی و لێ هاتوویی هەربۆیە ئەوانە دەستەی هەرە چاکەکانی جیهانن، چ ئاغازادە بێت یاخود بەگزادە ئەوانە دەستەو پۆلی گەورەکانن.
(٣) جلوە: ئاشکراکردن لە ئەدەبی سوفیزم درەوشانەوەی نووری خوا لەناو دڵی خواناساندا، حوسن: جوانی، کبك قبج: کەو، خەرامان: رۆیشتن بەناز و لەنجەولار، ئاهوی تەتار: مامزی وڵاتی تەتەرستان.
هەرکاتێك ئەوانە خۆیان بەدیار دەخەن لەمەیدانی جوانیدا هەردەڵێی کەون کاتێك لەرۆیشتندا زۆر بەلەنجەولار دەرۆن یاخود دەڵێی مامزەکانی وڵاتی تەتەرستانن.
(٤) مەوزون: گران و سەنگین، لەتیف: نەرم و نیان، خورسەندو سەعید: کامەران و بەختیار، مەتبوع: پەیڕەوکراو، ویقار: هێمن و لەسەرخۆ.
ئەو دەستەیە لە رۆیشتندا هێندە گران و سەنگین و نەرم و لەسەرخۆن و کامەران و بەختیارن هەروەها پەیراوی کراوی پیاوی گەورەن گەلێك ئازاو بەئوسوڵ و هێمن و گەورەو لەسەرخۆن.

وەك مـــوعجیزەی مســـتەفا واتـــە لـــەلای مـــن
بـــەو لـــەعلی نمـــەك ریـــزە كـــەوا شـــەكر ئـــەبارن[١] .
هـــەر ئەحمـــەد و مـــەحموده خـــەیاڵی و شـــەو و ڕۆژم
لـــەم مەكتـــەبی روشـــدیە كـــەوا پـــڕ لـــەنیگارن[٢] .
هەرچـــەندە كـــە ســـووڵتانی جیهـــانن لەحوســـندا
بـــۆ شـــیری ڕەقیـــبم حەســـەن و حوســـەینی هـــەژارن[٣] .
بـــەم هەیئـــەتی دەرویشـــییە رازیـــم و ڕەقیبـــان
دەســـتم لەیەخـــە ناكەنـــەوە چـــەندە شـــەڕارن[٤] .

---

(١) موعجیزە: ئەوشتانەی لەدەسەڵاتی مرۆڤ بەدەرە جگە لە پێغەمبەران (سڵاوی خوایان لێ بێت) مستەفا: مەبەست پێغەمبەری ئیسلامە(ﷺ) لەعل: لێوی سورو جوان، نمەك: جوانی و ئێسك سووك.
هەروەكوموعجیزەی پێغەمبەرە(ﷺ) لای كە ئەوقسە شیرینانەی لەلێوی سورو جوانی دەبارێت چونكە قسە شیرینەكانی هەروەكو قسەی پێغەمبەر(ﷺ) جوان و شیرینە یاخود قسەكانی بەتەواوی هاوجووتە لەگەڵ قسەكانی پێغەمبەر(ﷺ).
(٢) ئەحمەد و محمود: مەبەست پێغەمبەرە(ﷺ) خەیاڵ: بیركردنەوە، مەكتەبی روشدیە: قوتابخانەی سەرەتایی سەردەمی عوسمانییەكان، نیگار: وێنە.
بەشەو و بەرۆژ هەر بیرو هۆشم لەلای پێغەمبەرە(ﷺ) بیر لەهیچ شتێكی دیكە ناكەمەوە جگە لە ئەو لەمەكتەبی روشدیە كەجێگای فێربوونە پڕە لەوێنەی ئەو دەستەیە.
(٣) سووڵتانی جیهان: گەورەی جیهان، حوسن: جوانی، شبری: بكوژی حوسین كوڕی عەلی (خوای لێ ڕازی بێت) لەساڵی ٤١ كۆچی لەنزیك كوفەی عێراق، ڕەقیب: دوژمن حەسەن و حوسین كوڕی علی كوڕی ئەبی تاڵیب.
ئەو دەستە تازەیە گەورەو سەرداری جیهانن لەجوانیدا بەڵام بۆ شبری كە دوژمنمە چونكە بكوژی حوسینە وەكو ئەوان هەژارن.
(٤) هیئەت: شێوە، شەڕار: شەڕانگێز.
هەرچۆنێك بێت من بەو شێوەی دەرویشیە كە ژیانی ساكارو سادەیە رازیم ئەی دوژمنەكان هێشتا دەستم لێ ناكەنەوەو وازم لێ ناهێنن ئەوانە چەندە كەسانی شەڕاوی و شەڕانگێزن.

عـــازر بـــوو لەســـەر عازریـــان زولفـــی پەرێشـــان
بـــێ عـــەینی ئـــەڵێی حـــاڵ و مـــەحاڵ و لـــەیل و نـــەهارن[1] .
پەیوەســـتە وەکـــو دەســـتە گـــوڵی بـــاغی جینـــان
وەک غونچـــەی نەشـــوکفتەی نـــەوروزی بـــەهارن[2] .
ئـــەما لەگـــەڵ ئـــەو حوســـنە نییـــە حوســـنی وەفایـــان
حـــەیفێ کـــە لەســـەرنجی دڵـــی عاشـــقی زارن[3] .
پـــارەی جگـــەرم کـــردە کـــەباب و مـــەزە بۆیـــان
تادیومـــە کـــەوا ســـاحێبی دووچـــاوی خومـــارن[4] .

---

(١) عازر: دەم و چاو و رووخسار، پەرێشان: شێواو، لەیل و نەهار: شەو و رۆژ.
ئەگەرچی زولفی شێواوی بووە رێگر لەسەر دەرخستنی رووخساری جوانی بەڵام لەگەڵ ئەوەش رووی سپی هەر دیاربوو جوان بوو، بێ چاوی بێت رووخساری جوانی بەدیار دەکەوێت دەڵێی رۆژە دەدرەوشێت وە کاتێکیش زولفی دەبێتە رێگر رووخساری دادەپۆشێت تاریکی دادێت هەر دەڵێی شەوە.
(٢) جینان: بەهەشت.
جوانیو رووخساری یار پەیوەستە بەگوڵە جوانەکانی بەهەشت، بەڵام چ گوڵێك دەڵێی خونچەی نەپشکوفتووە هەروەکو خونچەکانی نەورۆزو بەهار.
(٣) زار: بێ هێز.
لەگەڵ ئەو جوانیانەی کە هەیەتی بەڵام سەد حەیف جوانی وەفای لەسەر دڵی عاشقان زۆر بێ هێزن گرانە لەسەر دڵیان.
(٤) چاوی خومار: چاوی مەست.
جەرگم پارچەپارچە کردووە بۆیان برژاندم و کردوومە کەباب و مەزە لەبەر دەمیانم دانا ئەوانەش خاوەنی دووچاوی مەستە چاو مەستیە سەرخۆش دەکا.

لەوحی دڵیان ساده لەمیهرو لەوەفایە
بەمیهرو موحبەت هەموو بێ شەرت و قەرارن[1] .
هەرچەندە کە بێ تالع و بەدبەختە (حەریقی)
ئەشعار بەئەشعار عەجەب پڕلە شیعارن[2] .

---

(١) پەڕەی دڵیان ساف و سادەیە پڕە لە میهرو وەفا بەڵام بەبێ میهرەبانی خۆشەویستی هەموو دەبێتە هۆی بێ شەرتی بێ قەراری.

(٢) تالیع: بەخت، بەدبەخت: بێ بەخت، ئەشعار بەئەشعار: دێربەدێر، شیعار: دروشم.
ئەگەرچی حەریق کەسێکی بێ بەخت و چارە رەشە بەڵام هۆنراوەکانی دێربەدێر هەموو جێگای سەرسوڕمانە کە پڕیەتی لەدروشمی چاك و پوختە.

ماهی تەمامە، ماهی تەمامم نەدیوە من
ئیشی تەمامە حەیفی کە جێگەم نەدیوە من[1].
هەروەك بەدری هیلال لەبەر جەوری پەرچەمی
چاوی ئەزانی، شاهیدە قەدەم چەمیوە من[2].
بۆ رۆژی عازری وەکو رۆژت گوڵی کەرەم
شەمسی جەمالت لەتەڵعەتی تۆم قەد نەدیوە من[3].
لەعلی یەمانی و حەلقەی مەرجانی یا عەقد
ئەشك لەلالەی مەردەمی دیدەم چەکیوە من[4].

---

(١) ماه: مانگ، تەمام: تەواو چواردەشەو.
یار دەڵێی مانگی چواردەشەو هێندە جوانەو دەدرەوشێتەوە ئەوە بۆ مانگێك دەچێت ئەو مانگەم نەدیوە، چونکە مانگی تەواو ئیش و کارەکانی هێندە تەواو هەروەکو چۆن مانگ کە گەیشتە چواردەشەو تەواو دەبێت ئیشی ئەویش تەواو بەڵام سەد حەیف و مخابن کە جێگاو رێگای ئەو مانگەم نەدیوە.
(٢) بەدری هیلال: مانگی یەکشەوە، جەور: زوڵم و ستەم.
هەروەکو چۆن مانگی یەکشەوە وەکوە دەمی داس وایەو چەماوەتەوە، منیش هەروەکو مانگی یەك شەوە پشتم چەماوەتەوە ئەویش لەبەر زوڵم و ستەمی پەرچەمی کە ئەزیەت و ئازارێکی زۆرم دەدات، چاوەکانیشی باش ئەوە دەزانن شاهیدن لەسەر ئەوەی باڵام چەماوەتەوە.
(٣) عازر: پیشاندانی روخسار، شەمس: رۆژ، جەمال: جوان، تەلعەت: دەرکەوتن.
ئەورۆژەی کە روخسارت پێشاندا کەهەر دەتگووت گوڵ کەرەمت کرد لەورۆژەوە رووی جوانی تۆ وەکو رۆژ دەدرەوشایەوە، جا لەبەر تیشکی جوانیت قەدەغەی بینینی رۆژم لێ دەکات.
(٤) لەعلی یەمانی: مەبەست جوانی لێوی یارە، عەقد: ملوانکە.
لێوی جوانی یار دەڵێی لەعلی یەمەنەو هەروەها زنجیرەو ملوانکەی گەردنی ملی هەروەکو مەرجانە ئەوانە رایان کردووە فرمێسك لەچاوەکانم قەتیس ماون و نایەنە خوار.

خـــــاڵی دەمێکـــــــە خـــــــەیاڵم لـــــــەخاڵی رووی
مـــەنعم مەکـــەن لەپـــەردەی عـــارم دریـــوە مـــن[١] .
فەســـلی خەزانـــەو وەخـــتی خـــەزان بەســـەر رەوان
ســـەرمای ســـاردی میهـــری یـــارم چێشـــتووە مـــن[٢] .
گەرچـــە زولفـــت خەزانـــە بـــۆ وەرقـــی ســـەبزی ســـەر رەزان
زانـــیم کـــە حـــوجرە ســـاردە تفـــاقم کرپـــوە مـــن[٣] .

---

(١) مانع: قەدەغە، عار: شەرم.
دەمێکە خەیاڵم لەلای خاڵی رووی نەماوە بۆیە قەدەغەم مەکەن کەمن پەردەی شەرمم درپیوە، بێ شەرمانە قسە دەکەم.
(٢) فەسلی خەزان: وەرزی گەڵا هەڵوەرین، رەوان: گیان، بەسەر رەوان: باڵای بەرز و رێکی لەرۆیشتنی یار.
ئێستا وەرزی هەڵوەرینی گەڵاکان واتە لێك دابڕانی خۆشەویستان لەگەڵ یار ئەو یارەی باڵای بەرزەو جوان دەڕوات لەرۆیشتندا، یاریش لەگەڵمدا ساردە بۆیە ئەو سەرماو ساردییەی کەیار لەگەڵمدا هەیەتی بۆتە دووری لە سۆزو میهرەبانی ئەوەش وای کردووە بەجێی بهێڵم.
(٣) وەرق: گەڵا، سەبز: رواني موو لە رووخساری گەنجان یاخود سەوزەو گژوگیا، رەزان: میوە، حوجرە: شوێنی حەوانەوەی فەقێیان، تفاق: کەلوپەل.
هەرچەندە لوتفی تۆ لێك دابڕانە و حەز بەو دەکەی وازم لێ بهێنی هە روەکو چۆن لە وەرزی خەزان گەڵا لە دارو میوە هەڵدەورەیێ، بەوەش هەستم بەوە کرد کە حوجرە ساردە بۆیە کەلوپەلم کرپی.

لەو وەختەوە لەخزمەتی تۆ پێم بڕێوە من
وەك من بەشانسیت و رەنگ بریوە من[1].
من پڕ دەكەم تەنووری موحبەت لەناری شەوقی
تۆش ئاشی لێ بنێ كە دڵم دەرپەڕیوە من[2].
فەرمووی وەرە كە خۆشی غەزەل لەدەم و لێوت
جەرگ و دڵم بەناری موحیبەت كوڵیوە من[3].

---

(١) لەوكاتەوەی لەخزمەتی تۆدا پێم لێ بریوی هاتوچۆت ناكەم لەبەهرەو سۆزو میهرت بێ بەش بویمە، تۆش وەكو من خەفەتباری و هەرچی رەنگ هەیە لەروخسارت بریوم رەنگم تێدا نەماوە لەتاو دووریت.

(٢) نار: ئاگر، شەوق: بریسكەدار، ئاش: چێشت– ئامێری هارینی دانەوێڵە.
من دڵم پڕ دەكەم لە تەندووری خۆشەویستی ئەویش بەئاگری بڵێسەدارت تۆش هەستە چێشتێك لێ بنێ من وا دڵم تەقیوەو دەرپەڕێوە.

(٣) غەزەل لەدەم و لێوت: قسەی خۆش لە دەم و لێوت دێتە دەرەوە، ناری موحیبەت: ئاگری خۆشەویستی.
فەرمووی وەرە بەو خۆشیەی لەقسە لە دەم و لێوت دەباری، بەو قسە خۆشانەت جەرگم و دڵم بەئاگری خۆشەویستیت كوڵاوە.

پیتی هاء

دەرچوونی گەلێ موشکلە دەرچوون قریبە
روح و دڵەکەم ماوە بەتەنیا وەرە بیبە[١].
قوربانی ویسالت بم ئەوا کوشتمی هیجرانت
خۆت وارس و حەق دارمی قاتل کە رەقیبە[٢].
خۆت دیوتە لەنێو مسری مەلاحەت چەغریبی
سا رەحمێ بەحاڵی دڵەکەم کە کە غەریبە[٣].
هەردوو گوڵی زوڵف و روخی نارت سببە وا
ئەشکم کە پەیاپەی دێ و دەروونم بەلەهیبە[٤].

---

(١) موشکلە: زەحمەت، قریب: نزیك.
دەرچوونی خۆشەویستی ئەو لەدڵم گەلێك زەحمەتە، هەربۆیە دەرچوونی من گەلێك نزیك بۆتەوە، بەتەنهاش رۆح و دڵم بەردا ماوە وەرە ئەویش ببەو با ئەوانیش نەمێنێت.
(٢) ویسال: بەیەکگەیشتن، هیجران: دوورکەوتنەوە لە دۆست و یاران، واریس: میرات گر، قاتل: بکوژ، رەقیب: دوژمن.
هەرکاتێك پێت دەگەم دڵم خۆش دەبێت بۆیە دەمەوێت خۆم بەقوربانی ئەو بەیەك گەیشتنەت بکەم چونکە جیابونەوەت لێم دەمکوژێت، بۆیە هەردەم حەز بە بەیەك گەیشتنت دەکەم چونکە تۆ میراتگری حەق داری منی دوژمنیش بکوژمە.
(٣) مسری مەلاحەت: جوانی دلبەری مسر مەبەست حەزرەتی یوسف و زولەیخایە.
خۆت دیوە لەنێو جوانانی وڵاتی میسری چەندە غەریب و کەساسی، تۆش وەرە هەندێك رەحم بەو دڵەی غەریبی من بکە کەزۆر کەساس و بێ کەسە.
(٤) روخ: رووخسار، نار: ئاگر، سبب: هۆ، ئەشك: فرمێسك، پەیاپەی: لەدوای یەك بەردەوام، لەهیب: ئاگری بلێسەدار.
هەردوو گوڵی زوڵف و روخساری گەش و جوانت هۆکارن بۆئەوەی بەفرمێسکم بەبەردەوامی و یەك لەدوای یەك لەچاوانم دێتە خوارێ دەروونیشم بۆتە یەك پارچە ئاگری بلێسەدار.

رەبی بەخەندەگی خەمی دووری دڵ کون بێ
هەرکەس لەنیگاهت کە بەئارام و شەکیبە [1].
وازەن مەبە گیان سەخت و سەمەرگم کە نەمردووم
ئومێدی ویسالت وەکو لوقمانی تەبیبە [2].
تابوری موژەت چەندە بە تەرتیب و نیزامە
بۆ سەف شکەنی دڵ چە سوپاهێکە مەهیبە [3].
وا لەشکری ئاهم چووە سەر کافری زوڵفت
گەر شاهی روخت لێی بگەڕێ سەیری عەجیبە [4].

---

(١) خەدەنگ: برژانگ، شەکیب: ئارام و لەسەرخۆ.
یاخوا بەبرژانگە تیژەکانت دڵم کون کون بێت واتە هاویشتنی هەر تیرێکی برژانگت ئاراستەی دڵم بکەی کونی بکەی هەرکەسێك بەوێنەی جوانیت ئارام و سەبری هەبێت.
(٢) وازەن مەبە: واهەست مەکە، لوقمانی تەبیب: لوقمانی حەکیم کە قورئان باسی دەکات ﴿ وَإِذْ قَالَ لُقْمَٰنُ لِٱبْنِهِۦ وَهُوَ يَعِظُهُۥ يَٰبُنَىَّ لَا تُشْرِكْ بِٱللَّهِ ۖ إِنَّ ٱلشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ ﴾ (لقمان: ١٣).
وا هەست مەکە کە گیانم زۆر سەختە لەحالی سەرەمەرگدا هێشتا نەمردووم چونکە هەر ئومێدم بەیەك گەیشتن هەیە هەرکاتێك تۆ پێم بگەی و بێیە لام تۆ بۆمن وەکو لقمانی حەکیمی.
(٣) تابور: لەشکر، موژە: برژانگ، تەرتیب و نیزامە: رێك و پێك، مەهیبە: بەهەیبەت.
لەشکری برژانگت زۆر بەرێك و پێکی وەستاون و خۆیان ئامادە کردووە بۆ هێرش کردنە سەر دڵم وەرە سەیربکە ریزەکانییان بۆتە سوپایەکی بەهەیبەت بەترس بۆ هێرش کردن.
(٤) ئاه: هەناسەی ئائومێدی، شاه: پاشا، عەجیبە: سەیرە.
ئاهو هەناسەم بۆتە لەشکرێکی شکست خواردوو ناچاری ئەوە بوو بێتە سەر تاریکایی زوڵفەکانت بەمەرجێك گەر بێتو رووخساری جوان و گەشاوەت لێ بگەڕێت و رازی بێت ئەوەش شتێکی سەیرو سەمەرەیە.

بۆ مشکی خەتا چوو بەخەتا نێو چین
لەو بونەوە زوڵمەتە شامی بە نەسیبە[١].
قوربانی وجوە و ئومەنای شاهی روخت بم
هەریەکە لەجێی خۆی چە ئەمرێکی ئەدیبە[٢].
تەسکینی دڵت هاتووە ئۆخەی کە حەریقی
یارب کە بەخوێنی جگەرت کەفی حەزینە[٣].

---

(١) مشکی خەتا: مشك بۆنی خۆش وڵاتی خەتا کە دەکات باکووری وڵاتی چین، خەتا: گوناه، زولمەت: تاریکی، شام: سەرتایی تاریکی داهاتن، نەسیب: قسمەت بەش.
بۆ وەدەست هێنانی بۆنی خۆشی وڵاتی خەتا، بەڵام بە هەڵەو بێ گوناه کەوتە وڵاتی چین و لەوێ خۆی دیتەوە، جا لەو بۆنەوە هەموو زولمەت و داهاتنی تاریکییەکە دەبێتە بەش و قسمەتی.
(٢) وجوە: روو رووخسار، ئومەنا: دەست پاکی و ئەمین.
بەقوربانی روو رووخساری ئەمینت بم کە چ دەست پاکە لەگەڵ رووخساری شاهانەت کە دەدرەوشێتەوە کە هەریەکێك لەوانە زۆر بە ئەدەبەوە فەرمان دەکەن.
(٣) تەسکین: فەرامۆش، کەفی خەزیب: دەست خەناوی.
ئۆخەی وا دڵت داکەوت حەریقی فەرامۆشی دڵیشت هات چونکە بەخوێنی جگەرم یارەکەم دەستی خەناوی دەکات یاخود دەست لەجەرگم وەردەدات و دەستەکانی سوور دەبێت هەردەڵێی لەخەنەی ناوە.

لـەئادەم تـا بەخاتـەم جوملـەی عالـەم پـڕ سـەداو سـەیدە
بەعەشقی حەزرەتی لەولاک ئـەوەی زینـدو نـەبێت مەیتـە[1].
تەتیمـەی هـەر سـەلات و خاتیمـەی حەمـدو تەحیـەی حـەق
سـەنا بـۆ ئـال و بەیتـە بـاقی هـەر ئەفسـانەو بەیتـە[2].

---

(١) ئادەم: باوکی گەورەی مرۆڤ خوای گـەورە درووسـتی کـردووە لـە قـوڕ، وەکـو لەفـەرموودە هاتووە (هەمووتان لەئادەم و ئادەمیش لەقوڕ) خاتەم: کۆتایی مەبەست پێغەمبەرە (ﷺ) جوملەی عالەم: هەموو خەڵک، سەداو سـەیتە: دەنـگ دانـەوە، حـەزرەتی لـولاک: مەبەسـت پێغەمبەرە (ﷺ) کەلە فەرموودەیەک هاتووە (لولاك لولاك لما خلقت افلاك) مەیت: مردوو.
هەر لـەو رۆژەی خـوای گـەورە ئـادەمی لەسـەر زەوی درووسـت کـرد (إِنِّي جَاعِلٌ فِي ٱلْأَرْضِ خَلِيفَةً) بقرە، هەتا دەگاتە کۆتایی پێغەمبەران کە محمدە(ﷺ) لەناو سـەرتاپای خەڵکدا ئەو دەنگ و ئاواز هەیە و دەنگ دەداتەوە بەعەشق و خۆشەویستی حـەزرەتی محمـد(ﷺ) ئەو زیندو نەبێت مردووە.
زانایان دەڵێن (مردن) بریتییە لە نـەبوونی ژیـان واتـە عـدم شـتی عـەدەمی خـەلق و ئیجـاد رووی تێ ناکا، وەڵام بۆ ئەوانە هەندێك دەڵێن: خـەلق بـەمانا تەقـدیرە وە مـردن هەرچـەند عەدەمی بێ هەر موقەدەرەو مەعلومەو لەلایەن خوداوە بڕیاردراوە، هەنـدێکی دیکـە دەڵـێن شتی عـەدەمی هەرچـەند لـەبوونی زاتـی خۆیـدا پێویسـتی بـە خـەلق و ئیجـاد نییـە، بـەڵام لەکردنی هـەر روحـی بـە مەحـەل بـۆ پەیوەنـدی مـەوت موحتاجـە بەخـەلق، بـەڵام زانایـان فەرموویانە دەلیلێکی قەگعی لەسەر ئەوە نییە کە مردن عەدەمی بێت هەڵدەگرێ شـتێکی وجودی بێ لەبەرامبەر ژیان وەکو با لەبەرامبەر چرا وەکو چۆن روونـاکی بـەبا ئەکوژێتـەوە وەها ژیانی گیانلەبەریش بەو مردنە کە هێزێکی موعاریچی ژیان بێ بەرباد ئـەبێ (تەفسـیری نامی بەرگی ٧، ل٩٩).
(٢) تـتم: تـەواو، خـاتیم: کۆتـایی، تەحیـە: سـەلام، سـەنا: سـتایش، ئـال و بـەیت: بنەماڵـەی پێغەمبەر(ﷺ)، باقی: ئەوەی ماوە، ئەفسانەو بەیت: پەندو بالورە.
کۆتایی و تەواوبوونی هەرناردی سەلات و سەلامە بۆ گیـانی ئـەو پێغەمبـەرە بۆیـە جگـە لـە ستایش کردنی ئەو ئال و بەیتی ئەوەی دیکە هەموو قسەی بـێ سـوودو بـێ کەلکـەو پەنـدو بالورەی کۆنە.

لەپاش سیفەی تەرازی و ئایەتی تەتهیری سەحب و ئال
بەقورئان مەدحیان نایێ بەجوملە زیتەو کیتە [١].
کەتۆش لەو نەسلیە جەددت رەزابێ شێر بەگوێ دەگرێ
وەکو رێوی زەلیلی گورگی نەفسم سا لەبۆ کێتە [٢].
لەخۆت و جدی خۆت و نەسلی پاکت چاوەڕێی لوتفم
لەڕێی حەقدا موعینم بن لەغەوغای رۆژی یالیتە [٣].
بەشاهێدبن سەگی قافلەی تەریقی ئال و ئەسحابم
هەمیشە گوێ قولاغی بانگی هەی هەیمەو سەدای هەیتە [٤].

---

(١) سیفەی تەرازی: شێوە و چۆنییەتی، تەتهیر: خاوێن کردنەوە.
لەپاش شێوەو چۆنییەتی خاوێن کردنەوەی کەس و کارو یاوەرانی پێغەمبەر (ﷺ) بەقورئان نەبێت مەدحیان ناکرێت گەر هەموو خەڵك دانیشن مەدحیان تەواو نابێت.

(٢) نەسل: رەچەڵەك، جەد: باپیر.
کەتۆ رەنگ و رەچەڵەکت لەو باپیرەوە بێت دەتوانی شێر بە گوێیەکانی بگری منیش هەروەکو چۆن رێوی لەبەردەم گورگدا زەلیلە منیش لەبەردەم نەفسی خۆم ئەوها زەلیلم خۆی رێوی و نەفسیش گورگ لەچاو برسییە.

(٣) موعینم: یارمەتیدەر، غەوغا: ئاژاوە، یالیت: هاوارە.
داواکارم لەخۆت و باپیرت نەسلی پاك و خاوێن (رەچەڵەکی پێغەمبەران خاوێنە) چاوەڕێی لوتف و میهرەبانیم لەرێگای هەق و راستیدا یارمەتی دەرم بن لەو رۆژەی ئاژاوەو هەرای رۆژی هاوارو واوەیلایە، لەکاتی کۆکردنەوەی بەنی ئادەم لەرۆژی مەحشەردا کە رۆژێکی زۆر تەنگانەیە هەرکەس کتابی کردەوەی دەدرێتێ کەهەموو کردەوەکانی خۆیانی تێدایە ئاماژەیە بۆ سوورەتی کهف ﴿يَٰوَيۡلَتَنَا مَالِ هَٰذَا ٱلۡكِتَٰبِ لَا يُغَادِرُ صَغِيرَةٗ وَلَا كَبِيرَةً إِلَّآ أَحۡصَىٰهَاۚ﴾ (الكهف: ٤٩).

(٤) بەشاهێدبن هەرهەمووتان من سەگی کاروانی رێگای راستی ئال و ئەسحابی پێغەمبەرم کە ئاینی ئیسلامە هەموو کاتێکیش گوێی خۆم سووك کردووە بۆبانگی هەی هەیمە دەنگەدەنگی هەیتە.

بەئیســـتمداد و لـــوتفی بابـــە شـــێخ و هیمـــەتی کـــاکی
گروگـــالی ئەکـــەم دا بڵـــێن پێـــی کـــوێرو شـــەلان پەیتـــە [1].
ئەگەرنا من لەفرشی خاکی ئـال و جێـی فـەوقی عـەرش پـاک
مسـافەی عـەرش و فـەرش وەکـو زاهـرا بـێ روون زەیتـە [2].
کەسـێ صـالح بـێ بـۆ زیکـرو دوعـا گۆبیـت بـەبێ چـاوی
هـەزار چـاو سـاغی وا دێـنێ بەچـاو زینـد بـەدڵ مەیتـە [3].
لـەبۆ تەشـریفی رێمـە معراجـی جـدت بـۆ ئـەدای هـاتف
تعـــال یـــا حبیـــب اللّٰه تمنـــی ماتمنیـــت [4].
دەری رەحمەت گوشادو بابی تۆبە واسع رێگەی رجا کیدە واسع
دەسا تۆش هیمەتێ کـە جەعفـەری تـۆ روکـنی ئـەو بەیتـە [5].

---

(١) ئیستمداد: داوای یارمەتی کردن، گروگال: گالول.
هەروەها داوای یارمەتی و لوتفی بابەشێخ (دەبێت شێخ شمس الدین) بێت، هیمەتی کاکی دەکەم ئێستاش وەکو منداڵ گالولکی دەکەم و پێویستم بەدەست گرتنی ئەوان هەیە بۆئەوەی دەستم بگرن و بەسەرپێ بکەوم.
(٢) ئەی ئەو بەیتە پەیوەندی هەیە لەبەیتی پێشوو ئەگەرمن لەفەرش و رایەخی خاکی ئال و بەیتن عەرشی بەرزی کە ئەو عەرشە وەکو ئەستێرەی زوهرا گەش و روناکە.
(٣) صالح: پیاوچاك، مەیت مردوو.
هەرکەسێك گەر کردەوەی چاکی هەبێت بۆ زیکرو دوعاو خواپەرستی بەبێ چاویش بێت، ئا ئەوکەسە هەزار چاوساغی بەقوربان بێت، چونکە ئەگەر چاوی ساغە بەڵام بەدڵ مردووە ئەو بەیتە ئاماژەیە بۆ ئایەتی ﴿فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى ٱلْأَبْصَٰرُ وَلَٰكِن تَعْمَى ٱلْقُلُوبُ ٱلَّتِى فِى ٱلصُّدُورِ﴾(الحج:٤٦).
(٤) میعراج: شەوڕەو، ئەدای هاتف: بانگ کردن.
بۆ تەشریفی رێگای شەوڕەوی پێغەمبەر (ﷺ) کە باپیرتە بانگ دەکاو دەڵێت وەرە ئەی خۆشەویستی خوا ئەو داوای دەکەی داوای بکەو جێبەجێ دەبێت.
(٥) واسع: فراوان، بابی تۆبە: دەرگای تۆبە، رێگای رجا: رێگای پاڕانەوە.
دەرگای رەحمەتی گوشادو کراوەو بەئارام بێت و دەرگای تۆبە کردنیش فراوانە واتە

لەسینەی چاکی خۆت وەک شانە خەتی موو بە موویەنە
مەڵێن تا غەیبەتە باسی جەمالی روو بەروو بینە [١].
جزوبەندی کتابی عومرو شیرازەی سەحیفەی دڵ
بەرشتەی ئولفەتی یارانە گەر ئازای دەزوو بێنە [٢].
تەهارەتییان بەخوێنی جەرگە مەردانی ڕێی مەقسەد
هەتا قەترەیێ لەچاوتا ماوە، تۆش ئاوی وضوبێنە [٣].
نەوەک مەیخانە خالی بێ، هەتا پیری موغان ماوە
سەرم قوربانت ئەی ساقی، گەلێ تێنوم سەبو بێنە [٤].

کراوەیە بۆ تۆبەکاران و ڕێگای پاڕانەوەش کراوەیە، کەواتە تۆش جەعفەری هیمەتێك بکە چونکە ئەو پازنەی بەرپێتە.

(١) لەدڵ چاکی و سینە پاکی خۆت وەرە خەتی موو بەموو شانە بکە زۆر بەوردی بیکە هەتا نەڵێن باس کردنی جوانیت غەیبەتە وەرە بەرامبەرو رو بەروو بیبینە.

(٢) جزوبەند: دورینەوەی کتێب بە بەش بەش، سەحیفەی دڵ: لاپەڕەی دڵ، پەرشتە: دەفتەری حساب، ئولفەت: راهاتن، دەزوو: داو، خێرا.
کتابی تەمەن وا دەڕوا و شیرازەی لاپەڕەی دڵیش خەریکە پڕدەبێتەوە کاتیان بەسەرچووە بەڵام دەفتەری کردەوەکانیش راهاتییە لەگەڵ یاران و خۆشەویستییان کەواتە ئەگەر تۆ کەسێکی ئازای هەستە داو و دەزوو بێنە بۆ دوورینەوەی جزوبەندکردنی دەفتەری کردەوەکان چونکە کات بەسەرچووە.

(٣) تەهارەت: خاوێن-پاك، مەقسوود: مەبەست، قەترە: دڵۆپ، وچو: دەستنوێژ خۆ خاوێنکردنەوە یان لەجیاتی بەئاو بێت بەخوێنی جەرگە ئەوکەسانەی کە مەردی ڕێگای خودان و ڕێگای خوایان مەبەستە، کەواتە ژیانی مەردانی خوا بەئێش و ئازارە، جا کەواتە تۆش هەتا یەك دڵۆپە ئاو لەچاوتا مابێت هەوڵ بدە بۆ وەدەستهێنانی ئاوی دەست نوێژ.

(٤) مەیخانە: شوێنی ئارەق خواردنەوە، خالی: چۆڵ، پیری موغان: پێشەوای ئاینی، ساقی: مەیگێڕ، سەبو: گۆزە مەی تێدا دەکرێ.
هەتا پێشەواو ڕێبەر لەمەیخانەدا ماوە چونکە ئەو بڕوات مەیخانە کەسی تێدا نامێنێ کەواتە بەقوربانت بم ساقی ئەو هەلە لەدەست مەدەو منیش گەلێك تێنوم هەستە گۆزە بهێنە با تۆش بکەم.

کتـــابی ئولفـــەتی جـــام و شـــەرابی جەرگـــە نامـــەردان
دەخیلـــت بم وەرە مـــوترب روبابـــەت زوو بـــەزوو بێنـــە[1].
دهـــانی شیشـــە بەســـتە ســـوحبەتی نـــا ئەهلـــە لـــەم بەزمـــە
موغـــەنی ئـــەدای ناکـــات لـــەناو پـــەردەی گـــەرو بێنـــە[2].
دەڵـــێن بـــەردی ئەجـــەل مینـــا شـــکێنە و تەفرقـــە خێـــزە
(حـــەریقی) ئەگـــەر شـــێت نیـــت دەســـا بـــارێ کـــدو بێنـــە[3].

---

(١) جام و شەراب: پیاڵەی مەی، دەخیلت بم: بەقوربانت بم، موترب: گۆرانی بێژ، روباب: ئامێرێکی مۆسیقایە.
کەسانی نامەرد بزانن کتێبی ئێمە کە ئولفەتمان پێوە گرتووەو لەگەڵی راهاتووین جام و شەرابی جەرگە کە خوێنی لێوە دێت جا موترب گۆرانیبێژ تۆش هەستەو خێراکە روبابەکەت لێدە بۆئەوەی ببێتە مەزە بۆمان پێوەی مەست بین.
(٢) دەهان: دەموزار، شیشە: شووشە، سوحبەت: قسەکردن، نائەهل: بێ ئەسل و نەسەب، موغەنی: گۆرانیبێژ، نەوا: دەنگ.
دەمی شووشە بەستراوە هیچی لێ نایەتە دەرەوە ئەوقسانەش کە دەکرێت قسەی کەسانی بێ ئەسڵ و نەسەبن، دەی گۆرانیبێژ تۆش بۆچی دەنگت لێ نایەت هەستە لەناو پەردەی گەرووتدا سەدات بێنە.
(٣) مینا: ئاوێنە کەرۆکی بەمادەی جیوە روپۆش کراوە، تەفرەقە: پەرتەوازە، خیزە: کات، کدو: کودی خواردن.
واباوە کەدەڵێن هەرکاتێك ئەجەل هات ناگەڕێتەوە هەروەکو چۆن بەرد لەئاوێنە دەگری کاتێك پێی دەکەوێ دەشکێت ئەجەلیش بەوشێوەیە لەهەمانکاتیشدا ئەجەل دەبێتە هۆی لێك جودابوونەوەی خۆشەویستان، جا حەریقی ئەگەر شێت نیت هەستە بارێك کودی بهێنە.

چاوەڕێی مژدەی نەسیمم تا لەگوڵشەن دێتەوە
بەڵکە فەرمایش بکا گوڵ، بولبولم بابێتەوە [1].
وا وەعیدەی بەفری زستانی فیراقت کەوتە دڵ
هەر بەبای وەعدەی ویسالت کێوی دڵ رەش بێتەوە [2].
میروەحەی زوڵفت لەدەوری ئاتەشی رووت بێ، چلۆن
ئاگری عیشقت بەئاوی چاوی من ئەکوژێتەوە [3].
سووچی زوڵفت بوو کە پەروانەی دڵ رووی کردە رووت
ئاگری وەسڵی شەم و پەروانە شەو دەگرێتەوە [4].

---

(١) نەسیم: شنەبا، گوڵشەن: ئەو جێگایەی گوڵی زۆری لێیە گوڵستان.
چاوەڕێی موژدەی هاتنی شنەبام هەتا لەگوڵستان دێتەوە، چونکە هەرکاتێك ئەو شنەبایە بەسەر ئەو گوڵستانە تێپەڕ دەبێت بۆنی گوڵەکان هەڵدەگرێت واتە شنەبایەکە دەبێتە گوڵاو، بۆئەوەی گوڵ فەرمان بکات بولبول بێتەوە لەسەر گوڵەکان بخوێنێت.
(٢) بەفری زستان: دابڕانی دوو خۆشەویست مەبەستە، فیراق: جیابوونەوە، ویسالت: بەیەکگەیشتن.
وا لێك دابڕانی خۆشەویستم هاتە نێو دڵم، جا ئەگەر بێتو وەعدەو کاتی ئەو لێك دابڕانە کۆتایی بێت و بەیەك بگەین و ئەو چیا گەورەیەی دڵ بەجارێك رەش بێتەوە.
(٣) میروەحە: پانکە، ئاتەش: ئاگردان، ئاوی چاو: فرمێسك.
زوڵفت هەروەکو پانکە بەولاو بەولادا دەسووڕێتەوە وەکو فێنك کەرەوە ئاگردانی رووت فێنك دەکاتەوە چونکە رووت وەکو ئاگر وایە، ئاگری خۆشەویستیشت گڕی گرتووە بەفرمێسکی چاوەکانم دەکوژێتەوە.
(٤) سووچ: گوناه، پەروانە: پەپوولە، وەسڵ: گەیشتن، شەم و پەروانە: مۆم و پەپوولە.
گوناهی زوڵفەکانت بوو کە لەسەر رووت وەلاکەت و رووت بەدیار کەوت دەتگووت چرایە دەدرەوشێتەوە منیش وام هەست کرد کە چرایە دڵیشم وەك پەپوولە ئاسا هەر لە دەرەوەی رووت دەسووڕایەوە هەتا خۆی لەئاگرە دەدات و لەعەشقی ئاگردا دەسووتێ دیارە چراش شەو دادەگیرسێت جارێکی دیکە چاوەڕێ دەکەم هەتا شەوێکی دیکە دێتەوە.

خەت و موهری زوڵف و خاڵت حوجەتی مۆڵکی دڵە
نەخشی ئەو مۆرە بەئاوی اخور خوراه ناچێتەوە[1].
دڵ لەترسی چاوی رووی کردبووە میحرابی بروی
ئێستە بیستوومە لەچینی زوڵف جێی نابێتەوە[2].
کێوی هیجرت خستە سەر شانی دڵم پێی خستووە
تا نەگا دەستی بەزوڵفت زەحمەتە هەستێتەوە[3].
سەد کەرەت خستمتە گێژو مەهلەکەی بەحری فراق
ئاخری موژگانی قولاییت دەرم دێنێتەوە[4].

---

(١) حوجەت: هەنجەت–بیانو، مۆڵکی دڵ: مەبەست هێز و توانای دڵە.
خەت و خاڵی موهری زوڵف و هەموویان بیانۆیە (هەنجەت) لەسەر توانـاو هێزی دڵ چونکە ئەو نەخشی مۆرە کە هەیە لەسەر دڵ بەهیچ شتێك هەتا ئاوی خورخورین لێ ناچێت نافەوتێ.
(٢) دڵ لەتەسی چاوی روو لەسەر برۆ کەونییەکەی بوو، گوایە ئێستاش لەنێو زوڵفی چین چینی جێگای نابێتەوە.
(٣)بەجێی هێشتی تۆ بۆمن بۆتە گرانایی بەقەد کێوێك ئەو گرانابیەش کەوتۆتە سەرشانی دڵ و دەروونم لەپێی خستووم، هەتا دەستی بە زوڵفەکانت ئەگات توانای هەستانەوەی نییە، بەڵام هەرکاتێك دەستی بە زوڵفەکان گەیشت بەهێزی زوڵفەکاندا هێز پەیدا دەکات و هەڵدەستێتەوە
(٤) مەهلەکە: جێگای لەناو چوون، بەحری فراق: مەبەست لێك جیابوونەوەیە، موژگان: برژانگ، قولاب: چەنگال.
سەد جاران منت خستە ناو گێژاو جێگای لەناو چوون دەریای لێك جیابوونەوە، هەتا کار گەیشتە ئەوە بەبرژانگەکانت کە وەکو چەنگاڵ تیژو چەماوەی لێم گیربکەی و جارێکی دیکە لەو جێگای لەناوچوونەوە دەرم بهێنیتەوەو رزگارم بکەی.

مەزرەعەی موهرو موحبەت توخمی وەسلی شین نەکرد
گوڵ بەشادی دائەچێنم خاری غەم ئەڕوێتەوە [١].
خۆت ئەزانی مدەتێکە گەردی پامالی جەفام
کەی وەکو نەقشی قەدەم سەردێنێتە ژێر پێتەوە [٢].
دڵ ئەوا کەوتۆتە زینداني غەمت قوربانتم
تایەکەی زوڵفت بنێرە بەڵکە بۆم دەربێتەوە [٣].
توخودا کەی لەتاریکی شەوی هیجرانی تۆ
دەستەو ئەژنۆ دابنیشم رەبی کەی رۆژ بێتەوە [٤].

---

(١) مەزرەعە: کێڵگە، موهرو موحبەت: خۆشەویستی و میهرەبانی، خار: درك و داڵ.
زۆر هەوڵمدا و هیلاك بووم خەریکی چاندنی میهرو خۆشەویستی بووم کەچی بەو خۆشەویستییە نەگەیشتم و هیچی لێ شین نەبوو، من هەر خەریکی چاندنی گوڵی شادی بووم کەچی ئێستا درك و داڵی غەم و خەفەت دەڕوی بۆم.

(٢) خۆت دەزانی ماوەیەك دەگەڕێم ئەزیەت و ئازار دەچێژم، جا نازانم کەی نەخشی بەری مل کەچ دەبێت دێتەژێر بارو خۆی تەسلیم دەکات و دێتە ژێر پێتەوە.

(٣) تایەی زوڵف: مووی زوڵف.
دڵ دەمێکە کەوتۆتە نێو زیندان لەغەم خەفەتتدایە، دەی قوربانتم بۆ ئەوەی لەسەر خەم غەفەتی زیندان رزگارم بێت تالە موویەکی زوڵفتم بۆ بنێرە هەتا دڵمی لێ گیر بکەم بەڵکو دڵم رزگاری بێت.

(٤) هیجرانی تۆ بۆمن وەکو شەو وایە، توخوا هەتاکەی لێم دوور دەبیت بەتەنها بژیم چونکە شەوی تاریك بەسەر ناچێت ئەی خودایە هەتاکەی دەست بەئەژنۆ دابنیشم بەتەنهایی خودایە دەبێت کەی رۆژ ببێتەوە، کاتێك هیجرانی ئەو نامێنێت دەبێتە رۆژو رۆژ هەڵدێت کاتێك ئەوم لێ بزربێت ئاوا دەبێت و دەبێتە شەو.

بێ ئیشارەی حکمەت العین شیفات نابێ شیفام
خۆت دەزانی زامی دووری سەختە خۆش نابێتەوە[1].
فکری من چونکە دەقیقە عاشقی قەدی ئەوە
موو لەموو گیراوە چیبکەم لێک جوێ نابێتەوە[2].
زەخمی دڵ بێ مەرهەمی وەسڵی بەناسوور کەوتووە
ئەی (حەریق) باسی مەکە توخوا بەلا نەکولێتەوە[3].

---

(١) حکمت العین: حکمەتی چاو، زام: برین، خۆش نابێتەوت: چاك نابێتەوە.
بەبێ ئامازە پێکردنی حکمەتی چاو شیفات نابێ، چونکە خۆت چاك دەزانی زام و برینی دووری دەردێکی گرانە و قورسە وا بەئاسانی ئەو برینە سارێژ نابێت.
(٢) فکر: بیر، دەقیق: ورد، قەد: باڵا، موو لەموو: موو تێك ئاڵاون.
بیری من گەلێك وردە هەردەم لەفرکو خەیاڵی ئەوە منیش عاشقی قەدو باڵای ئەو بەجۆرێك ئەو عەشقە وەها تێکەڵاو بووە وەکو دوو موو تێك ئاڵاوی وەها بەئاسانی ناتوانرێ لێك جیا بکرێتەوە واتە زەحمەتە لەفکر دەرچێت خۆشەویستی ئەو.
(٣) زەخم: برین.
برینی دڵی من بەناسوور کەوتووە چاری ناکرێت بەبێ مەرهەم، دیارە مەرهەمی برینی دڵیش گەیشت بەیار بۆیە گەر پێم بگات ئەوە چاری برینمە دڵم دەکرێت گەرنا زەحمەتە چارەسەری ئەو برینە، جا کە وایە حەریقی باسی لێوە مەکە بائەو برینە نەکولێتەوە.

مـــوژده بـــێ بولبـــولی دڵ گـــوڵ لـــەباغان هاتـــەوە
قومری عومری خۆی سـەرف کـا سـەروی بوسـتان هاتـەوە [١] .
شاســـواری عەرســـەیی مەیـــدانی مـــەردان هاتـــەوە
دلبـــەری جانـــان لەخزمـــەت جـــانی جانـــان هاتـــەوە [٢] .
پـــیری روشـــن دڵ وەکـــو خورشـــیدی تابـــان هاتـــەوە
نـــایبی عوسمـــانی ئـــانـــی خـــۆش بەســـامان هاتـــەوە [٣] .
وا موعەتتـــەر بـــوو دەمـــاغی ئـــەهلی نیســـبەت هـــەر دەڵێـــی
نیســـبەتی پیراهـــەنی یوســـف بەکـــەنعان هاتـــەوە [٤] .

---

(١) قومری: کوکوختی–مەلێکە لە کۆتر دەچێت، سەرو بوستان: درەختی جوانی دارستان باخچە.
موژدەت لێ بێت ئەی دڵ کە هەردەم وەکو بولبول داوای گوڵ دەکەی ئەوا دیسان گوڵ جارێکی دیکە لەباغان هاتەوە، هەروەکو چۆن قومری تەمەنی خۆی لە دارو درەختە جوانەکانی باخچە بەسەر دەبات.
(٢) عەرسە: گۆڕەپانی حەوشەی ماڵ، جان: گیان، جانی جانان: گیانی گیانان.
سوارچاکی گۆڕەپانی مەیدان مەردی مەیدان هاتەوە یارو دولبەرو خۆشەویستی گیانم لەخزمەت گیانی گیانانم هاتەوە.
(٣) پیری روشن دڵ: شێخی دڵ و دەروون روونـاك خـاوەن کەشف و کەرامەت، خورشیدی تابان: رۆژی روناك، نائب: جێگر، وەسمانی پانی: وەسمانی دووەم.
پیری تەریقەتی دڵ و دەروون روناك ئەوە هاتەوە هەر دەڵێی رۆژی روناکە ئەوەش جێنشینی دەبێت عثمانی یەکەم عثماني کوڕی عفان بێت هی دووەمیش شێخ عیمان سیراجەددین تەوێلە بێت، ئەمەش بەسامانێکی زۆری بەرەکەتدا هاتەوە.
(٤) موعەتەر بو: بۆن خۆش بوو، پیراهەنی یوسف: کراسەکەی یوسف، کەنعان: مەبەست دەستی کەنعان کە یوسفیان تێدا بزرکرد.
وا هەموو دڵ و دەماع بۆن خۆش بوون بەهاتنی بە پیرە بەبەرەکەتە نسبەتی ئەو بۆنە هەروەکو نیسبەتی کراسەکەی یوسفە کاتێك بۆباوکی نارد کاتێك باوکی یوسف کراسەکەی پێگەیشت گـــووتی﴿ وَلَمَّا فَصَلَتِ ٱلْعِيرُ قَالَ أَبُوهُمْ إِنِّي لَأَجِدُ رِيحَ يُوسُفَ لَوْلَآ أَن تُفَنِّدُونِ﴾

بـۆ ئیفـادەی نەشـری فـەیزی لوتـف و بـۆ ئیرشـادی دیـن
وا لەقەسـری عارفـان یـەنبوعی عیرفـان هاتـەوە[1].
غونچـە سەرپۆشـی لـەروو لادا بەعـەزمی دیـدەنی
بولبـولی تـەبعی منـیش بۆیـە غـەزەل خـوان هاتـەوە[2].
سەرخۆشـی کـاس الکـرم سەرمەسـتی سـەهبای قـەدەم
باشـکوە و بـا حەشـەم، مـەجزوبی رەحمـان هاتـەوە[3].
مـودەتیٚ بـۆ ئـەم هـەوارە بـیٚ سـەداو هـاوار بـوو
تـا بەجەزبـەی حـەق بەسـائی نـەی بـە ئـەفغان هاتـەوە[4].

(یوسف: ٩٤).

(١) ئیفادە: فیز، وەڵام دانەوەی ئەو کەسەی پرسیاری لیٚ دەکریٚت، فـەیز: بـەهرە، ئـاوی زۆر، ئیرشاد: ریٚگا پیٚشاندەر، عارف: خواناس، نەشر: بڵاوکردنەوە.
بۆ وەڵام دانەوە بڵاوکردنمـەوەی بـەهرەی لوتـف و ریٚگـا پیٚشـاندانی ئـایین وا دڵـە قەسـری خواناسان سەرچاوەی خواناس هاتەوە.

(٢) غـەزەل: جـۆرە شـعریٚکە لـەرووی رووخسـارەوە لەسـەریەك کیٚشـی عـەروزو و یـەك قافیـە لەنیٚوان حەوت و دیٚرو یازدە دایە.
غوچە دەمی کرایەوە ئەو سەرپۆشەی لەسەری بوو فریٚیدا بەنیازی دیدەنی کردنـی بولبـولی تەبعی منیش کاتیٚك دیتی غونچە کرایـەوە ئـەویش لەخۆشـیاندا دەسـتی کـرد بـە خویٚنـدنی غەزەل گووتن.

(٣) هەر بەیادی جاران و پیٚشان سەرخۆش و مەستی پیاڵەیەکی شەرابی ئەوم کە ببینم کـەرەم بکات هەتا سەرخۆش و مەست بم کەس و کاریش با گلـەیی و گازانـدە بکـەن ئـەو عەشـق و سەودا سەری خوای گەورە هاتەوە.

(٤) جذبە: حاڵ لـیٚ هـاتن سـۆفییەکان لـەکاتی خواپەرسـتی حاڵیـان لـیٚ دیٚـت، سـەدا: دەنـگ، ئەفغان: ئاهو ناڵە.
ماوەیەك بوو ئەو شویٚن و هەوارە بیٚ دەنگ بوو تاکو بەحاڵ لیٚهاتی حـەق راسـتی بـەدەنگی نای بەئاهو ناڵەی هاتەوە.

خاتری موخلیس بە دیدارت وەکو تەبعی (حەریق)
غونچەی مەقسوود پشکوتووە بە خەندان هاتەوە[1].
هێندە بێزاری کە زانیومە بەزاری نایەوە
دوور لە بالاکەت سەرینی نائومێدیم نایەوە[2].
بولبولێکی خۆش نەوا بووم بۆ نەوای دەوری گوڵت
کێ وەکو هودهود حیکایەتی سەبای گێڕایەوە[3].

---

(١) بۆ خاتری دڵسۆزیت ئەوا جارێکی دیکە بەدیداری تەبعی حەریقی گەیشت چونکە غونچە بەمەبەستی خۆی پشکوتووە بۆئەوەی دەم بە خەندە هاتەوە.

(٢) زانیومە کەتۆ گەلێك بێزاری بریاری نەهاتنەوەت داوە، هێندە ئاسان نییە کە تۆ تەنها بەقسەیەك کە لەدەم دەربێت بێیتەوە، منیش دوور لەبەژنوبالات بەنائومێدی سەرم نایە سەر بالیف.

(٣) نەوا: دەنگ و ئاواز، هودهود: پەپوسولەیمان مەلێکی جوانە، حکایەتی سەباو: لەقورئانی پیرۆزدا ئەو بەسەرهاتە هاتووە ﴿وَتَفَقَّدَ ٱلطَّيْرَ فَقَالَ مَا لِيَ لَآ أَرَى ٱلْهُدْهُدَ أَمْ كَانَ مِنَ ٱلْغَآئِبِينَ ﴿٢٠﴾ لَأُعَذِّبَنَّهُۥ عَذَابًا شَدِيدًا أَوْ لَأَاْذْبَحَنَّهُۥٓ أَوْ لَيَأْتِيَنِّي بِسُلْطَٰنٍ مُّبِينٍ ﴿٢١﴾ فَمَكَثَ غَيْرَ بَعِيدٍ فَقَالَ أَحَطتُ بِمَا لَمْ تُحِطْ بِهِۦ وَجِئْتُكَ مِن سَبَإٍۭ بِنَبَإٍ يَقِينٍ ﴿٢٢﴾ إِنِّي وَجَدتُّ ٱمْرَأَةً تَمْلِكُهُمْ وَأُوتِيَتْ مِن كُلِّ شَيْءٍ وَلَهَا عَرْشٌ عَظِيمٌ ﴿٢٣﴾ وَجَدتُّهَا وَقَوْمَهَا يَسْجُدُونَ لِلشَّمْسِ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَزَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَعْمَٰلَهُمْ فَصَدَّهُمْ عَنِ ٱلسَّبِيلِ فَهُمْ لَا يَهْتَدُونَ﴾(النمل: ٢٠-٢٤).
کەسێکی خۆش خوان بوو وەکو بولبول بەدەوری گوڵت دەمخوێند، ئایا کەس هەیە وەکو هودهود (پەپوسولەیمان) بەسەرهاتی شارژن بەلقیس کەشارژنی سەبەو بوو بەسەرهاتەکەی بۆ حەزرەتی سلیمان بگێڕێتەوە.

بـۆ پیاڵـەی مـەیلی لـەیلا قـەلبی مـەجنون قابیلـە
شۆڕشـی شـیرین لەناڵـەی کوهکـەن فامایـەوە[1].
حـەیفێ هێنـدەت دەربـەدەر کـرد دڵ لـەئیقلیمی ویسـاڵ
شـیری منـداڵیت بـەژەهری هیجرانـت هێنایـەوە[2].
بـۆ کـەناری سـەوزەی دەوری گـوڵی رووت شـین ئەکـەم
خـاکی کـوی عیشـقت بـە بیزنگـی سـەرم بیژاوەیـە[3].

---

(١) مەجنون: قیس عامری لەبەنی عامر دەگێڕنەوە لەمنداڵیەوە لەیلای ئامۆزای خۆشویستووە، بەڵام دایك و باوکی رازی نەبووینە لەیلای بدەنێ، قـەیس شـێت دەبێـت روو دەکاتـە بیابـان لەگەڵ گیانلەبەراندا دەژی، لـەیلی لەبـەر دووری مـەجنون نـەخۆش دەکـەوێت و دەمرێـت، کاتێك مەجنون بەو هەواڵە دەزانێت خۆی گەیاندە سەرگۆڕی لیلی گەلێك شیعری بـۆ گـووت و شین و زاری بۆ کرد تا گیانی دەرچـوو، لـەنزیك دولبەرەکـەی بـەخاك سـپێردرا، لـەبارەی سەردەمەکەی گووتراوە، ساڵانی ٦٥–٦٨ی کۆچی بووە.
قابلە: شایستە، شـیرین: دولبـەری فـەرهاد، کوهکـەن: کێـو هەڵکەنـدن مەبەسـت فـەرهادە قارەمـانی ناسـراوی داسـتانی خوسـرەو و شـیرینە، زۆر شـەیدای شـیرین بـوو، بـەڵام بەئارەزووی خۆی نەگەیشت دوای ئـەوەی کـەکێوی بێسـتوونی لـەپێناو شـیریندا هەڵکەنـد، فەرهەنگی دیوانی شاعیران (سالم، نالی، کوردی) د. محمد نوری پیاڵەیەك بەدەستی لـەیلی شایستەی دڵی مەجنونە هەروەکو ئەو شۆڕشەی لەپێناو شیریندا کرا کـە هەڵکەنـدی کێـوی بێستوون بوو.
(٢) ئیقلیم: هەرێم.
بەشیرو هێز هێندەت ئاوارەو دەربەدەر کرد لـە هـەرێمی دڵ و دەروون پێـت نەگەیشـتن جـا لەتاو دووری ئەو شیرەی لەمنداڵی خواردبوون هەموو بووە ژەهرو هێناتەوە.
(٣) کەنار: لەباوەش گرتن.
بۆ لەباوەش گرتنی هەر سەوزایی هەیە کە دەوری گوڵیان داوە شین و واوەیلا دەکـەم خـاك و خۆڵی گەڕەك و کۆڵانەکانی عیشقت بە بێژینگی سەرم بێژینگ ئەکەم.

کـەوتووە سـەر خـەرمانی عـومرم ئـاگری تـولی ئەمـەل
سـەد کـەرەت بـارانی وەعـزی لـێ درا نەکوژایـەوە[١] .
شـیری ئـەبرۆ تـیری موژگـان تـاق و جـووت ئـەنوێنێ پـێم
تـابزانم روحـی شـیرینت چـلۆن کێشـایەوە[٢] .
جێـی نـەزەر بـوو حاشـیەی زوڵفـت لەسـەر ئایـاتی رووت
زۆر موتـالام کـرد وەکـو دەورو تەسەسـول مایـەوە[٣] .
تـاقی هیجرانـی بـرۆت جێـی نـازە بـۆ ئـەهلی نیـاز
سـوفی وابزانـێ کچـە هێنـدە کـەر بـوو خـۆی گێرایـەوە[٤] .

---

(١) خەرمان: بەدەست هێنانی ئارەزوو، تولی ئەمەل: زیادبوونی هیواو ئاوات.
زیادبوونی و درێژبوونی هیواو ئاواتم کەوتۆتە سەر بۆ بەدەست هێنانی تەمەنی زیاتر تەمەن گەر بێتو سەد جاریش بارانی بەندو ئامۆژگاری بکرێم بێ سوودە ئەو ئاگرەی لەدەروونم پەیدابووە ناکوژێتەوە ئەو هیواو ئاوات و درێژبوونە لەدڵم ناچێتەدەر.
(٢) شیر: شمشێر، تیری موژگان: مووی برژانگ وەکو تیرە.
شیری ئەبرۆی کە کەوانەو مووی برژانگەکانیشی هێندە تیژن هەروەکو تیر وایە جارجار هەردووکیان پێم نیشان دەدات و جار جاریش بەتەنها یەکێکیان هەر بۆ ئەوەیەتی کەبزانم روحی شیرین چۆن و بەچ شێوەیەك دەکشێتەوە لێم.
(٣) نەزەر: جێگای بایەخ پێدان، حاشیە: قەراغی شت وەکو جل و بەرگ یان کتێب کە شەرحی مەتنی بۆ دەکرێت، موتالا: خوێندنەوە، دەور: پیاچوونەوە، تەسەسول: زنجیرەیەك لەدوا یەك.
جێگای بایەخ پێدان بوو قەراغی زوڵفت چونکە ئایەت و نیشان هەبوو لەسەر رووت، لەرووت شت دەخوێنرایەوە بەڵام من گەلێك لێی ورد بوومەوەو خوێندمەوە هیچی لێ حاڵی نەبووم بۆیە وەکو خۆی بەریزبەندی و یەك لەدوای یەك مایەوە.
(٤) میحرابی برۆت: مەبەست ئەبرۆی کەوانە، ئەهل نیاز: ئەوکەسانەی داوای مراز دەکەن.

شـەمعی خوبـان پرتەوێکـە شەمسـی رووی تـۆی لـێ کـەوت
هێنـــدە حـــەیاو شـــەرمی بەخۆیـــە بـــەجارێ توایـــەوە[1].
گـــوڵ بژێرێکـــە زەریفـــم کـــرد لـــەنێو بـــاخی خـــەیاڵ
خۆزگـــە مـــەردێکی رشـــید بـــۆ شـــێخی بخوێندایـــەوە[2].

ئەبرۆی کەوانت بۆتە جێگای خەڵکی و دێن داوای مرازی خۆیان دەکـەن، سـۆفی وای هەسـت کرد باسی کچ دەکرێت لەوەش سەیرتر خۆی ئەو باسەی گێڕایەوە.

(١) خوبان: شۆخ و شەنگ، شەمع: مۆم، پرتەو: گەشانەوە، شەمس: رۆژ.
شـۆخ و شـەنگی مـۆم پرتـەوێك بـوو لەئەنجامـدا رووی گـەش و جـوانی تـۆی لێکەوتـەوە هەردەڵێی رۆژە هێندە بەشەوقە جا بۆیە مۆم کە ئەوەی دیت شـەرم و حـەیای بـەخۆ بـوو لەشەرماندا توایەوە.

(٢) لەنێو باغی هیواو ئاواتەکانمدا بژێرێکی زۆر جوان و زەریفم کرد، جا خۆزگە کەسێکی مـەرد دەهاتە مەیدان ئەو گوڵ بژاردەیەم بۆ شێخی دەگێڕایەوە.

بـــەنی ئـــادەم خـــوا وای کـــردووە رۆژێکـــی تامـــاوە
سەراسـەر عـومری سـەرفی سـەرف نـەحوی زەرف تیامـاوە[١].
مـــەداری تـــولی ئومێـــدم خـــەیاڵی گـــەردن و زولفـــە
بـەلی سـەودا سـەری عاشـق لەسـەر هەودایـەکی خـاوە[٢].
بیســـتانی پەرچـــەمی ئاشـــقە ســـەرگەردان و ژولیـــدە
بەمیســلی زوڵفــی ســونبول دڵ هەمیشــە حــاڵی شــێواوە[٣].
هــەوای تافــەی غەزالــە رێــی خوتــەن تووشــی خــەتای کــردم
بــەیادی موشــکی زوڵفــی روم لەچــینی پەرچــەمی مــاوە[٤].

---

(١) سەراسە: سەرتاپا، عومر: تەمەن، سەرف: خەرجکردن، زانستی صرف، نەحو: زانستی ئیعراب، زەرف: قاپ و قاچاخ.
خوای گەورە وای کردووە هەتا ئادەمیزاد رۆژێکی لەدنیادا مابێ سەرتاپای تەمەنی خۆی سەرف دەکا بۆ فێرکردنی خۆی هەروەکو چۆن بەدرێژایی تەمەنی کەسابەتی دەکات هەموو بۆ ئەوەیە کە بیکاتە خواردن و لەناو قاپ و قاچاخی بکات.
(٢) مەدار: جێگای سوڕانەوە، تولی ئومێد، بەدرێژی ئومێد، سەودا: ئارەزووی زۆر، هەودا: تاڵ تاڵی موو.
جێگای سوڕانەوەی ئومێدم هەردەم لەخەیاڵی گەردەن و زوڵفی یارە بەڵی ئەوکەسەی ئارەزووەکی زۆری عاشق لەسەر تاڵ تاڵی مووی زوڵفی خاوی یارە.
(٣) ئاشوفتە شێواو: پەرێشان، ژولیدە: لێقەوماو، سونبول: گوڵێکی بۆن خۆشە.
پەرچەمی یار شێواو و پەرێشانە سەرگەردان و خەمگێن لێقەوماوە هەروەکو گوڵی سونبول زوڵفەکانی بۆنی خۆشە جا لەبەر شێواوی زوڵفی دڵی منیش حاڵی پەرێشان و شێواوە.
(٤) نافەی غەزال: ناوکی مامزی و لای موشك، خوتەن: ناوچەیەکە لەباکووری چین، موشك: مەبەست لەو ناوچەی موشکە لەباکووری وڵاتی چین، چین: ریز.
ئارەزووی گرتنە رێگای وڵاتی خوتەنم کەوتە مێشکی بۆ بەدەست هێنانی بۆنی موشك کەهی مامزەکانی وڵاتی خوتەنە ئەمەش وای کرد کە تووشی گوناهی کردم، جا هەر بەیادی ئەمەوە زوڵفی بۆنی موشکی لێ دێت و لەچین چینی پەرچەمی ئەوبۆنە هەرماوە.

چـراغی عـومری عاشـق بـای فـەنای هیجرانـی لـێ هـەل بـوو
لەفانووسی ئەدەبدا حیفـزی کـە یـەک دوو نەفەسـی مـاوە[1].
دەمێکـە چـاوەڕێی سـوورمەی غوبـاری موقـەدەمی یـارم
لـەکوی خوبانـەوە ئـەمڕۆ نەسـیم تـۆزێکی هێنـاوە[2].
کتـێبی عیشـقی مـەجنون ئایـەتی رووخسـاری لەیلایـە
لەسـوڕەی یوسـفا دەرسـی جنـونی ئێمـە نووسـراوە[3].
سـەرم کاسـەی شـەرابی سـوحبەتی کاسـەی دڵـی غـەیرە
لـەدەردی دەردی ئـەم جامـە پـەنام بـۆ سـاقی هێنـاوە[4].

---

(١) چراغ: چرا، فەنا: لەناوچوون، حیفز: پاراستن.
هەرچی رووناکی و چرای تەمەنی کەسی عاشق هەموو بەبای لەناوچوون و لێك دابڕانەوە لەناوچوو فەوتا جا کەوایە لەنێو رووناکی فانووسدا کە ئەدەب هەموو بپارێزە چونکە هەریەك دوو نەفەس ماوە.
(٢) سورمە: کل–مادەیەکە لەچاو دەکرێت و چاوی پێ رەش دەکرێت، غوبار: تۆزو گەرد، مقدم: کات هاتن، خوبان: جوان، نەسیم: شنە.
ماوەیەکە چاوەڕوانی ئەوەم کە ئەو تۆزو گەردەی لەژێر پێی یارەوە هەڵدەستێ کە دەڵێی کلە لەچاو دەکرێت جا لەبەر کوی ئەو جوان و شۆخ و شەنگ شنەبا هەندێکی لەگەڵ خۆیدا هێناوە.
(٣) کتاب: بەسەرهات، مەجنون: عامری قەیسی، سورە: وێنە، یوسف: کوڕی یعقوب پێغەمبەر سەلامیان لێ بێ، مجنون: شێت.
لەبەسەرهاتی خۆشەویستی مەجنون لەروخساری لەیلای خۆشەویستی رەنگی داوەتەوە لەوێنەی جوانی یوسفیشدا باسی بەسەرهاتی شێتی ئێمە نووسراوە.
(٤) کاسە: جام، سوحبەت: قسە، غەیر: خەڵکانی بێگانە.
سەرم بۆتە کاسەی شەراب خەڵکی شەرابی تێدا دەکەن لەگەڵ مەستی ئەوکەسانە قسەو باسی من بۆتە مەزە لەگەڵ شەرابدا دەیخۆنەوە جا لەبەر دەردی ئەو جامە شەرابە داوام لە مەیگێڕ کردووە بۆئەوەی پەنام بدا.

کەسێ فیترەت بڵندبێ بۆ رەواجی سکەی دینی
خەراجی مصری قەلبی خۆی بەحوسنی یوسفی داوە[١] .
لەسەر سەودای قوماری شاه خوبان پیری بورهانی
بەچۆگانی ئیرادەت گوی سەرم بۆ بازی داناوە[٢] .
نیراح و روح و حەیاتی من بەجلوەی ساقی یە باقی
نەوەك وەك سپلە بۆ سفرە لەدوی نان چاوی پڕئاوە[٣] .
بەقوربانت بم ئەی پیری خەراباتی جیهان ئاباد
بەشاهیدبە کەوا روحم لەرەهنی قوربی تۆ ناوە[٤] .

---

(١) فیترەا: سروشتی، رەواج: برەوپێدان، خەراج: باج، حوسن: جوان.
هەرکەسێك ئەگەر بێت سروشت و ئەخلاقی بەرزی هەبێت ئەوەندە دەهێنێ کە برەوی پێ بدەی بەشتی بزانێ ئەی ئەوەنییە هەرچی باج و موڵکی وڵاتی میسر هەیە گۆڕیویانەتەوە بەجوانی حەزرەتی یوسف سڵاوی خوای لێ بێت.
(٢) سەودا: ئارەزوو مەیل، شاه خوبان: شای جوانان، پیری بورهان: پیرو شێخی بورهان، کە شاعیر سوفی ئەو پیرەبوو، جۆگان: گۆپاڵ، ئیرادەت: خۆ بەکەمزانین لە دڵسۆزی و خۆشەویستیدا.
لەسەر ئارەزوو مەیلی شای جوانان کە شێخ بورهانە کە چۆن پەنای بەو گۆپاڵە دەدات و پێوەی دەڕوا منیش بۆ بەربونەوەی خۆم دەکەمە بەردەبازو بەسەرمدا بپەڕێتەوە.
(٣) نیزا: پاڕانەوە، جلوە: خۆپێشاندان، ساقی: مەیگێڕ، باقی: ماوە، سپلە: بێ وەفا، سفرە: خوان: چاوپڕ لەئاو: چاو پڕ لەفرمێسك.
پاڕانەوەی روح و گیانی من هەر بەساقی ماوە کە خۆی بەمن پێشان دەدات و دەبێتە هۆی ئارامی دڵ و گیانم و خۆشی بەخشی روحم، نەوەك وەکو کەسێکی بێ وەفا هەر بەدوای سفرەو خواندا بگەڕێت و بۆ نانێك بگری و فرمێسك بڕێژێ.
(٤) خەرابات: مەیخانە لەوشەی (خربات)ی عەرەبی هاتووە بەمانای کاولگە، بەڵام لەئەدەبی سوفیزمدا لەناوچوونی خورەوشتی نەفس خراپ جێگەی خواپەرستان، کەسی خەرابات بۆ کەسێك دەگووترێ کە گەیشتبێتە پلەی بەرزی خواپەرستی، ئاباد: ئاوەدانکردنەوە، رەهەن: دانانی شتێك لەجیاتی ئەو پارەیەی بەوقەرز وەردەگیرێ.

شا مولکی یەقین شاهنشە دین پیری با تەمکین
رەئیسی ئەولیا رەحمی هەتا دڵ ڕێی نەبەستراوە[1].
لەدار الحوزنی میحنەت ناجێیە وەك پیری کەنعانی
بەبوی پیراهەنی یوسف کەسێ چاوی هەڵێناوە[2].
حوزوری تۆ بەهەشتی ئادەم و دڵی ئەهلی حەسەد شەیتان
بەبوی دانە تەمەع کێشاویەتە ناو دامی دنیاوە[3].

بەقورابانت بم ئەی ئەو پیرەی کەهەموو خۆشەویستی دنیات وەلاناوە و گەیشتوینە پلەی بەرزی خودا پەرستی هەموو دنیات بەنووری خۆت ئاوەدان کردۆتەوە، جا وەرە بەشاهیدبە کەوا هیچ شتێك لەروح خۆشەویستتر نیە ئەوە لەرەهنی تۆ داناوە.

(١) تەمکین: توانا، رەئیسی ئەولیا: سەرۆکی پیاوچاکان، یەقین: بڕوای تەواو.
ئەی ئەوکەسەی کە بڕواو یەقینی تەواوت هەیە بەو هۆیەوەش بوویتە خاوەنی هەموو بڕوای تەواو ئەو کەسەش شاهەنشایە ئەو پیرە بەتوانایە سەرۆکی هەموو پیاوچاکان رەحمێ بکە هەتا ڕێگای دڵ و دەروون نەبەسترایە.

(٢) دار الحوزن: لەئەدەبی کلاسیکی کوردی مەبەست ماڵی حەزرەتی یعقوبە، میحنەت: دەردوبەڵا، پیری کەنعان: مەبەست حەزرەتی یعقوبە سڵاوی خوای لێ بێت، پیراهەن یوسف: کراسی یوسف.
لەخانەی خەم و خەفەت دەردو بەڵادا وەکو حەزرەتی یعقوب کە کەوتە ناو جێگاو چاوەکانی کوێربوو لەتاو یوسفی کوڕی بەڵام ئەوکاتەی یوسف کراسەکەی بۆ ناردو بەسەر چاویدادا روناکی بۆ چاوی گەڕایەوە ﴿اذْهَبُوا بِقَمِيصِي هَٰذَا فَأَلْقُوهُ عَلَىٰ وَجْهِ أَبِي يَأْتِ بَصِيرًا وَأْتُونِي بِأَهْلِكُمْ أَجْمَعِينَ﴾ (یوسف: ٩٣).

(٣) حوزور: ئامادەبوون، دامی دنیاوە: جوانی و رازاوەکانی دنیا.
ئامادەبوونی تۆ وەکو ئامادەبوونی ئامادەمە لەبەهەشت هەروەها دڵ و دەروونی کەسانی حەسوود وەکو شەیتانە جا بەبۆن و بەرامەی تەماعی دنیاوە رایکێشاونە نێو جوانی رازاوەکانی و خۆشی و لەزەتی دنیاوە.

شەرابی سوحبەتت ئەکسیری خالی مەعدەنی روحە
لەکارخانەی سەعادەت لوقمەی لوقمانی ناوە[1].
عەدو با هەروەکو عەقرەب بەکلکی نیشی خۆی دانێ
شوکر تۆزێ حەیای بوو وا بەچاویا دیارە داینـاوە[2].
هەتا گوێی پێوە بوو مونکیر لەزەلکاوی حەسادەتدا
هەزاری کلکی بگرێ کەلکی ناگرێ تازە خنکاوە[3].
وەکو پەروانە بۆ شەمعی جەمالی تۆ (حەریق) ئەمڕۆ
چرای شەوقی بگیرێت تەیبت خۆشی هەڵساوە[4].

---

(١) شەراب: مەی، سوحبەت: قسەکردنە، ئیکسیر: مادەیەکە شت دەگۆڕێت وەکو گۆڕینی مس بۆ زێڕ، کارخانە: کارگە، سەعادەت: خۆشی و بەختیاری، لوقمە: پارو، لوقمان: لوقمانی حەکیم.
قسەو گفتوگۆی دەم و لوتفت هەردەڵێی مادەی ئیکسیرە خەڵك دەگۆڕێت و دەیانهێنێتە سەر رێگای راست هەروەها ئەو قسانەت خۆراکی گیانە لەو کارخانەش بەختیاری خۆشی دەست دەکەوێت هەروەکو ئەو ئامۆژگاریانەی حەزرەتی لوقمان کەمرۆڤ پەندیان لێ وەردەگرێت.
(٢) عەدو: دوژمن، عەقرەب: دووپشك، نیشی: ژەهر، حەیا: شەرم.
با دوژمن هەروەکو دووپشك پێوەبدات بەکلکی ژەهرەکەی خۆی برێژی و بمکوژێ سوپاس دیارە تۆزێك شەرم و حەیای هەبوو چونکە ئێستا چاوی شۆڕە
(٣) مونکر: پیاوی خراپ.
هەتا پیاوی خراپ گوێی پێوە بوو بۆ وەرگرتن و قسە هێنان و بردن خنکابوو لەزەلکاوی حەسوودیدا ئاگای لەخۆ نەمابوو ئێستاش گەر بێتو هەزار جار کلکی بگری بێ سوودە کەڵکی نییە چونکە کار لەکار ترازاوەو خنکاوە.
(٤) پەروانە: پەپوولە، شەمع: مۆم.
وەکو پەروانە چۆن عەشقی چرای مۆمەو هەربە دەوروپشتی ئاگرەکەیدا دێت و دەچێت هەتا لێی نزیك دەبێتەوەو باڵەکانی لەئاگرەکە دەدات و خۆی دەسووتێنێ جا منیش وەکو ئەو پەپوولەیە عەشقی جوانی تۆم و گەر شەوقی چرایەکەشت بگری بەخۆشیت خۆش

موعتـــادی فەلـــەک دایمـــە هـــەر جـــەورو جەفایـــە
خـــۆ خاســـە لەگـــەڵ ئـــەهلی وەفایـــان بـــێ وەفایـــە[1].
یـــارەب رەقیـــب تووشـــی بـــەڵاو دەردو غـــەمی بـــێ
بـــەو دەردەوە بنـــاڵێنێ هـــەتا رۆژی جەزایـــە[2].
بـــەو ریشـــەوە ئێســـتاکە رەئیســـێکە لـــەلای خـــۆی
تەرکیزکـــە تـــەزویرە لەســـەر دامـــی خەتایـــە[3].
بۆماچـــی دەمـــی ســـالیکە ســـۆفی لـــە رەهنـــدا
ئیمـــانی بـــەخت کـــردووە و شـــوکر ماچـــی نەدایـــە[4].

هەڵساوە.

(١) موعتاد: خووگرتن بەشتێك، جەورو جەفا: زوڵم و ستەم، خۆخاسە: خۆی دەگونجێنێ، فەلەك: گەردوون.
گەردوون خووی وا گرتووە هەردەم هەر زوڵم و ستەم بووە واهاتووە، هەرئەو گەردوونە سروشتی وایە خۆی دەگونجێنێ لەگەڵ خەڵکیدا بەلام لەگەڵ کەسانی بەوەفا گەلێك بێ وەفایە.

(٢) رەب: خوا، رەقیب: دوژمن، رۆژی جەزا: رۆژی مەحشەر و لێپرسینەوە.
خوایە کەسانی دوژمن و ناحەز تووشی دەردو بەڵا و غەم و خەفەت بێت هەردەم بەو دەردو ئێش و ئازارەوە بناڵێنێ هەتا ئەو رۆژە دادێ کە لێپرسینەوە لەگەڵ خەڵکاندا دەکرێت و هەرکەس پاداشتی خۆی وەردەگرێتەوە.

(٣) تەرکیز: هەستت لەلای شتێك بێت، تەزویر: فرت و فێڵ، دام: تەڵە نانەوە.
بەو ریشەی کە هێشتینیەوە ئێستاکە بۆ خۆی سەرۆکێکە بەلای خۆیەوە ئەو بەبیر هێنانەوەیە کە فرۆفێڵە لەسەر دانانەوەی تەڵەی گوناهکردن.

(٤) سالیك: مورید پەیرەو کەری رێبازی سوفیزم.
سالیك و سۆفی ماچی دەمی خۆی لەرەهن دانا و ئیمانیشی بەخت کرد بۆ بەدەست هێنانی ماچێك کەچی سوپاس ماچێکی پێ نەدا.

زاهیـد مەکـە مـەنعم کـە دەکـەم وەسـفی گـوڵی خـۆم
گـوڵ غونچـەی مـن لایقـە موشـتەق لەسـەفایە[1].
هەرچـەندە بەسـن تـوفلی عـاقلی قوربـان
تێـی هەڵـدە بەشـەق ئـەکورە عـەینی بەلایـە[2].
هـەر شـوکری خـوا بێنـە جـێ تـۆ کـە (حـەریقی)
رامـالی رەقیـب کـە هـەموو جـەورو جەفایـە[3].

---

(١) زاهید: خواناس، مەنع: قەدەغە، لایق: شایستە.
خواناس و پیاوانی خوا تکایە قەدەغەم مەکەن کاتێك وەسفی گوڵی خۆم دەکەم کە خۆشەویستەکەمە ئەو گوڵ خونچەیەی من شایستەی ئەوەیە وەسفی بکەم لەبەر ئەوەی ئو گوڵە وەرگیرایە لە پاکوخاوێنی و رووناکی.
(٢) بەسن: بەتەمەن، توفل: منداڵ، ئەکورە: خێل.
هەرچەندە تۆ بەتەمەن بچووك و منداڵی بەڵام شوکر بەعەقڵ کەسێکی کامل و تەواوی جا کەوایە ئەو خێلە بدە بەر شەق تێی هەڵدە چونکە بەلایەکە بۆخۆی.
(٣) حەریق تۆ هەردەم شوکری خوابکەو شوکرانەی خۆت بێنەجێ باکەسی ناحەزو دوژمن هەموو رامالی چونکە هەموو زوڵم و ستەم و ناخۆشیە پێویستە ناحەز رامالین لەگەڵ رامالینی ناحەزو رەقیب ئەو جەورو جەنایەش نامێنێ.

لەقەیدی زید و عەمرانیم و دڵ یا بەستەیی تۆیە
لەهەر وەختێ رەهابێ پێ دەزانم رستەیی تۆیە[1].
دەبێتە ئیفتراو بوختان ئەگەر نیسبەت وەغەیری دەم
بەهاژەی زوڵفەکەت زانیم کە ماران گەستەیی تۆیە[2].
سەراسەر رەخنەی چاوم نیشانەی تیری موژگانە
لەلای خۆی چەشمەسارو سەبزەی ئەو رستەی تۆیە[3].
حوبابی ئەشک و حەسرەت بوەتە فنجانی سەرو سینەم
لەجێی دەستەگوڵا لێدەن ئەڵێن گوڵ دەستەی تۆیە[4].
گلێ بێنی بەسەرماکەی، گوڵێ بێنێ بەسەر کەی

---

(١) قەید: کۆت و بەند، رستە: داو، زەید و عەمر: لەحوجرەکان و دانەوەی قواعد نموونەیان بە زەید عەمر دەهێنایەوە.
من لە کۆت و بەندی زەیدو عەمر نیم و دڵیش بەتۆوە نەبەستراوەتەوە هەرکاتێك رزگارو ئازاد بوویت من ئەوە دەزانم داوی تۆیە و دات ناوەتەوە.

(٢) ئیفترا: قسەهەڵبەستن بەخەڵك، بوختان: لەپاش ملە باسی خەڵك کردن، هاژە: سەرلێ شێواو، ماران گەست: یەکێك فێڵ لەیەکێکی دیکە بکات دەڵێن مارانگەستە.
هەر قسەیەك بکەم دەبێتە قسە هەڵبەستن قسەو باسکردن دەربارەی تۆ ئەگەر نسبەت بە غەیری دەم بدەم چونکە دەزانم بەشێواوی زوڵفەکەت شێت و شەیدا بووە بەشێواوی زوڵفت مار گەزیویەتی.

(٣) سەراسەر: سەرتاپا، چەشمەسار: شوێنێك کانیاوی زۆری لێ بێت.
سەرتاپای رەخنەی چاوم ئەوە ماوەیەکە چاوم بۆتە نیشانە مووە باریك و تیژەکانی برژانگەکانتە چونکە ئەو لەلای خۆیە چاوەکان بۆتە جێگای کانیاو سەرچاوە جا بەئاوی ئەو سەرچاوتەو کانیاوانە سەوزایی نەورستەیی تۆیە.

(٤) حوباب: بلقی سەرئاو، ئەشك: فرمێسك.
فرمێسکی چاوەکان و ئاهو حەسرەت وەکو بلقی سەرئاوی لێهاتووە کاتێك ئەو فرمێسکانە لەفنجانی سەرو سینەم دەکرێت جا کەوایە دەستەگوڵ لێدەن دەڵێن تۆ وەکو دەستە گوڵی.

غـــەم و شـــادی ســـەرپا هەرچـــی بـــێ وا بەســـتەیی تۆیـــە [١] .
دڵـــم ئیشـــەی شـــەرابی رووتـــە ســـرکەی غـــەیری گەرتێکـــەم
گـــوڵاویش بـــێ گـــلاو بـــێ شیشـــە چـــۆن بەربەســـتەیی تۆیـــە [٢] .
شکســـتەی دەســـت بەســـتەی چـــاوەکەم جـــەبری لـــەلای تۆیـــە
مـــەلێ کەســـرە بەشـــانم چـــۆن شکســـتەو بەســـتەی تۆیـــە [٣] .
تـــــەنافی زولفەکـــــەت لادە خـــــەیابانی خـــــەیاڵم راســـــت

---

(١) گڵ: خۆڵ، وابەستە: بەتۆوەیە.
خۆڵ بهێنە بەسەرماکەو پاشان گوڵ بهێنە سەرماکە، غەم واتە گل بەسەردا کردن کاتێك مرۆڤ غەم دەیگرێ دەڵێ خۆڵی بەسەرداکردووە، کاتێکیش شادی دەیگرێ و شادی بەسەردا دێت هەردەڵێی گوڵە دەگەشێتەوە، جا هەر چییەك بێت هەموو بەتۆوە بەستراوەتەوە.

(٢) شیشە: شوشە، سرکە: شلەیەکی ترشە لە ترێ و هەنار درووست دەکرێت، گوڵاو: ئاوی گوڵ بۆنێکی خۆشە.
دڵم بۆتە شوشە رووی جوانی تۆش وەکو شەراب وایە دیارە شەرابیش لەشوشە دەکرێت واتە هەرکاتێك تۆ دەبینم دڵم شاد دەبێت جا کە سرکەی ترشی خەڵکی تێ بکەم، ئەو سرکەیە گوڵاویش بێت دیارە هەر سوودی نابێت چونکە گەر شووشە نەبێت گوڵاو لەچ بکرێت!

(٣) شکستە: شکان، جەبر: دەست گرتنەوەی دەستی شکاو، کەسرە: غەم و خەفەت.
دەستم بەهۆی تۆوە شکاوە چاوەکەم ئەو دەستە شکاوەم هەر بەدەستی تۆوە چاك دەبێتەوە هەرگیز مەڵێ غەم و خەفەت بەرۆکی گرتووم چۆن ئەو شکانە بەمن بەستراوەتەوە.

بـــەبالای ســەروی مـــەوزون و قـــەدی بەرجەســتەی تۆیـــە [1] .
ئـــەتبیا حـــەبیان مـــەسموم و دانـــە حـــەبیان پووچـــە
ئـــەوە مەغزێکـــە بـــێ ئـــەمرو رەهـــانی بەســـتەی تۆیـــە [2] .
بەئومێـــدی دەوا بـــوو لـــەزەتی دەوری دڵـــم دەردیـــە
ئـــەزانم چـــۆن گوســـتەی تـــۆ هـــەموو پەیوەســـتی تۆیـــە [3] .
ئەگـــەر دەردت نەدایـــە نیســـبەتت چـــۆن ئـــەبوو دەرمـــانم
هەرکەســـێ بـــێ بڵـــێ قوربـــان (حـــەریقی) خەســـتەی تۆیـــە [4] .
خـــەونم لـــەخوا چـــونکە لەبـــەر غـــەیری خوایـــە

---

(١) تەناف: رستە جلی لەسەر هەڵدەخەن، خیابان: شەقام، سەروی مەوزون: بەژن و بالای رێك و پێك، قەد: کەمەر.
زوڵفت وەکو تەناف بەسەر رووتدا هاتۆتە خوارەوە جا ئەو زوڵفە لادەبا راستە شەقامی خەیاڵم هەردەم بەستراوەتەوە بە بەژن و بالای رێك و پێکت کە ئەو بەژن و بالا جوانەت لەخەیاڵم بەرجەستە بووە.
(٢) ئەتبیا: کۆی تەبیبە پزیشك، مەسموم: ژەهراوی.
پزیشکەکان چارەوسەریان کە بریتییە لە حەب ئەوە چارەسەرنییە بەڵکو ئەوە ژەهرەو کوشندەیەو هەر دانەیەك لەو حەبە پووچ و بێ کەڵکە ئەوە مێشێکە بەبێ ئەمروفەرمان رێگای تۆی گرتۆتەبەر چونکە بەتۆوە بەستراوەتەوە.
(٣) دەوا: دەرمان.
دەردی دڵم گەلێك گرانە بۆیە لەزەتی ئەو دەردەم هەر دەردە سەریە جا بە ئومێدی دەرمان بوم کەتۆی بەڵکو لەو دەردە رزگارم بێت، چونکە دەزانم ئەو دەردە بەهۆی تۆوەیە.
(٤) نیسبەت: شتێك بخرێتە پاڵ شتێکی دیکە.
ئەگەر تۆ هۆی دەردی من نەبی چۆن دەبوو ببیە دەرمانی من کەواتە من نەخۆشی تۆم و هەرتۆش دەرمانی منی نیسبەتی دەرد دراوەتە پاڵ دەرمان، جا هەرکەسێك بابێت و بڵێت حەریقی نەخۆشی دەستی تۆیە.

دیمـــەنم بـــەد روو ســـورەت وەك خـــەوف و رجایـــە [1] .
پـــالی رەحـــەتی داوەتـــەوە نەفســـی خەسیســـم
یـــا ئـــەمنی غینـــا یـــا ئەســـری یـــەئس و هەوایـــە [2] .
گـــەر تالیـــب بـــوو یوســـف خـــۆت نەفســـی عـــەجوزە
زوو بێنـــە دە زوو بێنـــە دەڵـــێن ئـــەهلی وەفایـــە [3] .
ئینکـــاری ســـیرایەت مەکـــە ئـــەی مـــونکری مـــوفلس

---

(١) خەوف: ترس، رەجا: پاڕانەوە.
لەبەر ئەوەی ترسانم لەخوا بۆ غەیری خوایە بۆکەسانی دیکەیە، ئەوەش وای کردووە شێوەو دیمەنم بەدو خراپ بێت وێنە وەك ئەوەیە ترس و لەخوا پاڕانەوە بێت.
(٢) خەسیس: پیس، ئەمنی غینا: ئاسایشی و دەوڵمەنەدی–دڵخۆشی و گۆرانی، ئەسەر: شوێنەوار، یەئس: نائومێدی، عەجوز: پیر.
نەفسی پیس و ناپاکم زۆر بەئیسراحەت پاڵی داوەتەوە چونکە من ئامادەم ئارەزووەکانی جێبەجێ بکەم جا ئەو ئیسراحەتیە بۆ ئەوەیە کە هێمنی و ئارامی خۆشی یە یاخود شوێنەواری نائومێدی و کەیف و سەیف و رابواردنە (نەفسی خەسیس ئامازەیە بۆ سوورەتی یوسف ﴿إِنَّ ٱلنَّفۡسَ لَأَمَّارَةُۢ بِٱلسُّوٓءِ﴾ (یوسف: ٥٣).
(٣) تالب: داواکار، یوسف: حەزرەتی یوسف کوڕی یعقوب، نەفس عجوز: نەفسی پیر، زوو بێنە: خێرا بهێنە، دە زوو بێنە: داوو دەرزی.
گەر تۆ داواکاری یوسفی و کڕیاری ئەی نەفسی پیرو بێ کەڵك دەزووکە خێراکە بهێنە چونکە ئەوکەسەی تۆ کڕیاری ئەوە کەسێکە ئەهلی وەفایە.
عەجوز دەکرێت مەبەستی ئەو پیرەژنە بێت کاتێك حەزرەتی یوسفیان دەفرۆشت لەبازاڕی میسر ئەو پیرێژنە هات کلافەیەك داوی پێ بوو کە بەو کلافە داوە یوسف بکڕێت بەڵام نرخی یوسف لەوە گرانترە.

بـێ سـەیری قەمەرکـە، چـە بەشـەوق و بەزیایـە[1].
مـونکر بـە مەسـەل شـەیپەرە بـێ نـوری هیدایـەت
خـۆی تـالبی زولمـەت بـو خـودا نـوری نەدایـە[2].
هـەر مەزبەلـە، هـەر مەشـعەلە، جێـی پرتـەوەی شەمسـە
یـەک جێگـەیی فـەزل، یـەکێ جێگـەی فوزەلایـە[3].
تێفکـرە لـە ئـەجزایی عەناسـیر بەتەبیعـەت
یـەک مـاییلی مەرکـەز، یـەکێ ماییـل بەهەوایـە[4].
بـارانی بەرەحمـەت لەتـەرەف مەبـدەئی فـەیباز

---

(١) ئینکـار: حاشـا، سـیرایەت: شـەو رەو، بلاوبوونـەوەی شـت، قـەدەر: مـانگ، بەزیایـە: پڕشنگدارە.
حاشا لەشەو رۆیشتن مەکە ئەی ئەوکەسەی کە هەربەدوای خراپـەدا دەگـەڕێی هـیچ شـتێك شـك نابـەی و نیتـە وەرە سـەیری مـانگ بکـە و بزانـە چـەند بەشـەو گـەش و جـوان و پڕشنگدارە.
(٢) مونکر: کاری خراپ، مەسەل: وەکو، پەیپەر: شاپەڕی باڵندە.
کاری خراپ و نابەجێ کەکەسانی خـراپ ئـەنجامی دەدەن هـەروەکو شـاپەڕی باڵنـدە گـەر بێتو نووری هیدایەتی لەگەڵدا نەبێت، چونکە خۆی بەدوای کاری خراپ دەگەڕا بۆیـە خـوای گەورەش هیچ تروسکایەك نووری پێ نەبەخشی.
(٣) مەزبەل: زبڵدان، مەشعەل: شوێنی چرا داگیرساندن چرادان، پرتەو: بلێسە، شەمسـە: رۆژ- کورتکراوەی ناوی شێخ شەمسەددین.
هەر جێگای زبڵدان و جێگای ئاگردان و چرا داگیرساندنە جێگای گڕو بلێسە پرتـەوەی نـورو بەرەکەی شێخ شمس الدینە یەکێکیان بۆتە جێگای پاشماوەی خۆراك کە مەزبەلەیـە ئـەوی دیکەیان جێگای پیاوانی زاناو دانایان کە چرای تێدا هەڵگیرساوە.
(٤) ئەجزا: شتێك لەچەند بەشێك پێك هاتبێ، عناسیر: کۆی عنسر-رەگەز، مایل: ئارەزوو.
تۆ ورد بەرەوەو تێبفکرە کە ئەو دنیایەی کە دەیبینی لەچەند شـت پێـك هـاتووە هـەروەکو سروشـت کەچـەند رەگـەزە جـا ئەوانـەی هەنـدێکییان ئارەزوویـان بـەلای خـوداوە هەیـە و هەندێکی دیکەیان بەدوای ئارەزووی هەواو نەفسی خۆیانن.

قەترەی ئەسەری سونبول و یەک چقڵ و گیایە[١].
نوقسان لە تەرەف قابلە نەک فاعلی موختار
ئەم قەولی منە رەئی جەمعی حوکەمایە[٢].
بورهانە لەسەر جەهلی عەدو شەمسی حەقیقەت
تالع بووە ئەو ئەحمەقە جویای چرایە[٣].
چاوی بەتەمەع پڕ بووە، تەلبی بە حەسادەت

---

(١) تەرەف: لەلایەن، مەبدەو: بنەما، فەییاز: ئاودار پڕ ئاو بەرەکەت.
کاتێك بارانی رەحمەت دەبارێت لەلایەن خواوە هەر قەترەیەکی ئەو ئاوە دەبێتە هۆی رواندنی گوڵی سونبول بە دڵۆپێکی دیکەی دەبێتە هۆی شین بوونی دڕك و گیا واتە رەحمەتی و بەرەکەی خوا لەدنیادا بۆکەسانی باش و خراپە کەسانی باش گوڵی سونبول کەسی خراپ چقڵ و گیا.
(٢) نوقسان: کەمی، لەتەرەف: لەلایەن، فاعلی موختار: مەبەست خوایە، قول: قسە، جەمیع: سەرجەم، حوکمایە: کۆی (حکیم)ە زانا.
کەموکوڕی لەلای بەرامبەرەوەیە کە ناتوانێت کاروبارەکانی بەتەواوی جێبەجێ بکات نەك لەلایەن خالقی کاریەجێ، دیارە ئەو قسەیەی کەمن دەیکەم قسەی سەرجەم زانایانە کە ئەوانیش هەروا دەڵێن.
(٣) بورهان: سەلماندن–شێخ بورهان شێخ شمس الدین، جەهل: نەفام، عەدو: دوژمن، شمس: رۆژ–کورتکراوەی شێخ بورهان شمس الدین پیری شاعیر، حقیقت: راستی، تالع: بەدیارکەوتن، ئەحمەق: نەزان–گێل، جویا: گەڕان بەدوای شت.
هەڵاتنی رۆژ بەڵگەی بەهێزەو پێویستی بە سەلماندن ناکات کە دوژمن نەفامە چونکە ئەو نەفامە وەها دەرکەوتووە کە بەدوای چرادا دەگەڕێت، یاخود شێخ بورهانە وەکو رۆژی رووناکی راستی وایە بۆ دوژمنی نەفام هەتا بێت و بەختی یاوەر بێت ئیتر چ پێویست دەکات بەدوای چرادا بگەڕێت چونکە شێخ بورهان رۆژی رووناکەو لەچرا بەشەوق ترە.

وەك بـــــەهائیم، رەحـــــەتی هـــــەر لەشـــــەودایە[١].
هینـــــدو نیـــــە ئـــــایینی لەئاوێنـــــە تەعنـــــدا
ئاوێنـــــە چـــــە سووچـــــی هەیـــــە ئـــــەو رووی ســـــیایە[٢].
پەروانـــــەی هـــــەر جـــــەمعی نـــــەبێ چـــــاکە (حـــــەریقی)
خـــــۆت بنێـــــرە نێـــــو زومرەیـــــی ئـــــەم شەمســـــی هودایـــــە[٣].

---

(١) قەلب: دڵ، بەهائیم: کۆی بهیم– ئاژەڵی چوارپێ، رەحەت: پشوودان پەیوەندی بەدێری پێش خۆیەوە هەیە واتە کەسی نەفام هێندە چاوی بەتەماعەئەو پڕنابێتەوە، دڵیش پڕ لە حەسادەت بۆیە وەکو ئاژەڵە کەبەڕۆژ هەر باری لێ بار دەکرێت بۆیە شەو پشوو دەدات ئەویش هەر بەشەو پشوو دەدات.

(٢) هیندو: هیندوستان بۆ زوڵفی رەشیش بەکاردێت، تەعن: بەدیارخستنی عەیبی خەڵك، سووچ: گوناه–سیا=رەش.
ئایینی ئەو هیندوسی نییە هەتا بێت ئاوێنە تاوانبار بکات عەیبی ئاوێنە بەدیاربخات چونکە ئاوێنە هیچ گوناهی نییە ئەو خۆی زوڵفی هاتۆتە سەر رووی و رووخساری رەش بووە.

(٣) پەروانە: پەپوولە، جەمع: شتی پەرت و بڵاو کۆبکرێتەوە، زومرە: دەستە، هودایە: رێ پێشاندەر.
وا باش و چاکە حەریق هەروەکو پەپوولە چۆن بەدەوری چرا کۆدەبنەوە تۆش وەرە ناو ئەو دەستەی شێخ (شمس الدین)ە، چونکە ئەوە رێگا پێشاندەر.

خـــەیاڵت مونحەســـیر بـــوو ئـــەی دڵـــە غافـــل لـــە دنیایـــە
نەدامـــەت بـــوو نەتیجـــەی ئـــاخری ئـــەم شـــورو غەوغایـــە[1] .
ئـــەوا لازم بـــوو سەرخۆشـــی لـــەتۆ ئـــەی دڵ کـــە سەربۆشـــی
بـــەبادەی غـــافلی بـــێ هۆشـــی دەردت قـــەت شـــیفای نایـــە[2] .
عەجـــەب بـــۆت بۆتـــە زســـتان زەمهـــەریری بـــاری عوســـیانت
کەشک نابەی چـــە ســـەرمایە ئـــەلێ وەی وەی چـــە ســـەرمایە[3] .
بەدەســـتی دێـــوی نەفســـم دڵ وەکـــو مـــورغی بـــێ پـــەڕ وایـــە
وەکو پەروانەی بـــۆ شـــەمعی تەلـــەسمی ئـــەو بـــێ پـــەڕ وایـــە[4] .

---

(١) مونحەسیر: راوەستان لەسەر شتێك لە چوارچێوەیەکی دیاری کراو، نەدامەت: پەشیمانی، نەتیجە: ئەنجام، شورو غەوغا: ئاژاوە.
خەیاڵت لەچوارچێوەیەکی تەسکدا ئابلووقەدار بوو ئەی دڵە تۆش غافل و بێ ئاگا بووی هەموو خەیاڵت بەدنیاوە بوو نابێ ئاگابوو لەشتی دیکە ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە پەشیمان ببیەوە چونکە ئەنجامی ئەو ئاژاوەو پەشێویە هەر پەشیمانییە.
(٢) لازم: پێویست، بادە: مەی.
ئەوە پێویست بوو کەتۆ سەرخۆش بی و ئاگات لەخۆت نەمێنێ هەر ئەوەش وای کرد دڵت پەردەیەکی بەسەردا بێت سەرتاپای دڵت دابگرێت ئەو سەرخۆشی و غافل بوونەت بەهۆی (مەی)یەوە بووە کەبێ هۆشی کردی دیارە بەمەی غافلی و بێ هۆشی ئەو دەردەی هەتە شیفای نایەو چاك نابێتەوە.
(٣) عەجەب: سەیرە، زەمهەریر: سەرمای زۆر سەخت، عوسیان: یاخی بوون–هەڵگەڕانەوە، سەرمایە: موڵك و ماڵ.
جێگای سەرسوڕمانە کە ئەو زستانە ساردو دژوارە بۆتە هۆی ئەوەی یاخی ببی هەڵبگەڕێیتەوە لەکاتێکدا هیچ شتێك شك نابەوی لەماڵ و موڵکل دنیاو دەڵێی هەی هاوار چ سەرمایە! لەنێوان سەرمایەو سەرمایە جناس پێك چوو هەیە.
(٤) مورغ: باڵندە، بێ پەڕ: بێ باڵ، پەروانە: پەپوولە، شەمع: مۆم، تەسلیم: ئەو کاغەزەی فاڵچییەکان بەکاری دەهێنن بۆ دوعا کردن.
من گیرۆدەی ئەو نەفسە بەدخوەی خۆمم هەردەڵێی دێوەو دەسەڵاتم بەسەریدا نییە دڵیش هەروەکو باڵندەیەی بێ پەڕ وایەو ناتوانێت بفڕێت پەپوولەش بۆ چرا وەکو تەلسمێکە

کە طفلی عیشقی بێ مەشقم لەنێو بازاڕی سەودایە
بەئەو سەودایە سەرخۆشە ئەڵێ کارم لەسەودایە[1].
هەتا شەیتان مودبر بێ مۆدب نەفسی زاڵم بێ
عەجەب کەوتوتە دەست زاڵم ئومورت عەینی زوڵمایە[2].
خوا رەبی نەجاتم دەی لەدەست ئەو دێوی بێ رەحمە
کەوا وەک دوژمنی خوێنین بەدایم لێم بەداوایە[3].
خەیاڵات هەموو بەشمە وەکو ریس و گوریس وایە
هەرچی دەکەی دەڵێن هەیەی فلانی چەندە ریسوایە[4].

گەلێك عەودالیەتی بۆی بێ سەودایە.

(١) طفل: منداڵ، سەودا: ئالوێر–هەواو هەوەس.
لەنێو بازاڕی هەواو هەوەسدا وەکو منداڵێك وام کە بچێتە نێو بازاڕی عەشق و هیچ شتێك لەو عەشقە نەزانێت و مەشق و راهێنانی نەکردبێ، جا ئەو جۆرە عەشقە بێ سوودەو وەکو کەسێکی سەرخۆش دێتە مەیدان کە ئاگاداری عەشق نەبێت و هەر دەڵێی کاری من لەو ئالووێریە دایە.

(٢) مودبر: نەخشەدانەر، مۆدب: بەڕەوشت، ئومور: ئیش و کار.
هەتا شەیتان نەخشە دارێژەربێت و کەسی بەڕەوشتیش نەفسەکەی زاڵم بێت هەوڵی ئەمەی لەگەڵ بدات و بۆئەوەی کاری خراپ ئەنجام بدات ئەوە جێگای سەرسوڕمانە کەتۆ کەوتوویەتیە دەست کەسێکی زۆردارو هەتا واش بێت ئیش و کارەکانت هەر گومڕایی و رەشایی و زوڵمانییە.

(٣) خوایە دەپارێمەوە لێت کە رزگارم بکەی لەدەستی ئەو دێوە کە نەفسی بەدکارە هەردەڵێی کەسێکم لێی کوشتووە بەدوای خوێنی خۆیدا دەگەڕێت هەمووکات بەدوامەوەیەو داوای خوێنی خۆی دەکات.

(٤) پەشم: خوری، ریس و گوریس: خوری کاتێك دەڕێسرێ دەبێتە داوێکی ئەستوور گوریسی لێ درووست دەکرێت، ریسوا: شەرمەزار.
خەیاڵات و بیرکردنەوەت هەروەکو خوری وایە کاتێك دەڕێسرێ، ریس و گوریسی لێ درووست دەکرێت جا هەر شتێك دەکەی کەس لێت رازی نییە و دەڵێن سەیرکە فلانەکەس

کەخالی بێ دڵی عاشق لەبارەی حوبی مەعشوقی
بەخۆرایت نەوێ چاکە وەکو شوشەی شکاو وایە[1].
مەبە تالب بەزولفینی بەمیثلی شکلی لاوایە
ئەگەر لەولایە خۆت لادەی لەلام تحقیقە ئەولایە[2].
لەقاپی ئاستانەی مورشیدی ئەرشد عەلی عالی
لەوێ رۆحت فیداکە کەتۆ نەجاتت هەر لەوێ دایە[3].
وەکو پەروانە بۆ شەمعی جەمالی ئەو کە موشتاقم
بەتەصویری (حەریقی) هێندە سۆزی ئەو لەدڵدایە[4].

چەندە شەرمەزارە.

(١) خالی: بۆش–چۆل، بادە:مەی، حوب: خۆشەویست، مەعشوق: دلبەرەکەی.
گەرهاتوو دڵی عاشق چۆڵ و هۆڵ بوو لەبادەی خۆشەویستی دڵدارەکەی ئەوکاتە هەروا لەهیچ و خۆڕایی شوشەی شکاوت نەوێ چونکە ئەوها چاکە.

(٢) تالب: داوا، شکل: وێنە، تحقیق: مسۆگەر.
تۆ داوای زولفەکانی مەکە چونکە هەروەکو لا وایە جا ئەگەر هاتوو زولفی ئەو لاییەی لادا دیارنەبو بەمسۆگەری لەلایەکەی دیکە دایە.

(٣) قاپی: دەرگا، مورشید: رێ پێشاندەر، ئەرشەد: ئازاتر لە هاوڕێکانی.
لەبەر دەرگای گەورەو رێ پێشاندەری کەسێکی ئازاو گەورەی وەکو عەلی دام و جا تۆش روحت لەو رێگایە فیداکە چونکە رێگای رزگاری لەوێوەیە.

(٤) پەروانە: پەپوولە، شەمع: مۆم، موشتاق: پەرۆش، تەسویر: وێنە.
هەروەکو چۆن پەروانە عەشقی چراو مۆمە هەر بەدەوریدا دەسووڕێتەوە هەتا باڵەکانی لەئاگرە کە دەدات و لەعەشقی ئاگرەکە دەسووتێ منیش عاشق و پەرۆشی جوانی ئەوم و ئەویش بەوێنەی حەریقی سۆزو خۆشەویستی لە دڵدایە.

سـەری هـەر مـوو زبـانی شـوکرە دەسـتی تەمەنایـە
دوعـای پێویسـتە بـۆ حـەبل ئـەلمتین عـومری ئاغایـە[1].
بەعـەقلی موشـگاف و تـەبعی حیکمـەت بـاقی هـەر ئەوصـاف
دوتـای رشـتەی فنـا بـوو حوسـنی نـەزم و دوری یەکتایـە[2].
بـەڵێ هـەموو پەیوەنـدو بەسـتەو ئولفـەتی کلـە
قـوای ئەعچـای بەسـەرداری رەئیسـی کـول ئەجزایـە[3].
دوعـاگۆ و چـاکەرو فـەراش و نـازر جوملـە مـەنزورە
لەسـەر خـوانی عـەتای ئیحسـان و بـەزلی ئـەو موهیایـە[4].

---

(١) سەری هەموو کاتێك بەقەدەرایی موویەك بەرز ناکەوەو زمانیشی هەردەم شوکر دەکات و دەستیشی هەردەم بەرزکردۆتەوە لەبەر خوا دەپارێتەوە چونکە لای وایە ئەوشتانەی پێی دراوە پێویست بەدوعا دەکات بۆئەوەی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی لەگەڵدا نەبڕێت بەوەش ژیانی پڕ تەمەنی بەخۆشی و شادی دەژیت هەروەکو ژیانی ئاغایان.

(٢) موشگاف: بیرتیژ، حیکمەت: دانایی، باف: ئاوێنە، ئەوصاف: سیفات، دوتا: دوو تال دوولا، رشتە: رستە، فەنابوو: لەناوچوو، دوورییە یەکتا: مرواری بێ هاوتا.
بەعـەقلی و بیرتیـژی و خـاوەنی ئـەو داناییـەی کەهەیـەتی هـەردەڵێی ئاوێنەیـەو هـەموو سیفەتەکانی رەنگـی داوەتـەوە بـەدوو مـووی ئـەولاو ئـەولای هەرچـی هـەیبوو لـەدوری بـێ هاوتاو جوانی هۆنینەوەی هەموو لەناوچوو.

(٣) ئولفەت: خوو پێوەگرتن، کول: گشت، ئەجزاو: کۆی جزو بەش.
بەڵێ هەموو پەیوەند پێکەوە بەستان خوویان بەیەکەوە گرتووە کەئـەویش کۆتـایی هـەموو شـتێك گلـەو بـۆ گـڵ دەگەڕێتـەوە هەرچـی هێـزی دڵـیش هەیـە ئـەوە سـەرداری هـەموو ئەندامەکانی دیکەیە.

(٤) جوملـە: گشـت، مـەترور: ئـەوەی دەبینـرێ، عـەتا: بەخشـندە، ئیحسـان: چـاکە، موهیـا: ئامادە.
هەرچی کەسانی دەست بە دوعاو چاکەکارو خێرخواز هەرهەموویان بەگشتی دیارن و لەبەر چاون و ئامادە لەسەر سفرەو خوانی چونکە ئـەو کەسـێکی بەخشـندەو چـاك و نـان دەرە بۆیە هەمووشت ئامادە کراوە.

سەر ئامەد بۆ ئەدەب وەک عەقل و جودە سەر مەخفی بوو
تومەز ئیسمی لەگەڵ هەرسێ موافق یەک مسمایە[1] .
بەپەنجە تۆبەتی سەردار ئەگەر بەحری کەرەم دەرهات
ئەڵێ دەریاو جۆش هات و کەفی کرد لەو مەعمایە[2] .
لەپاش مەوج و تەلاتوم تیکی سەرفی حسابم وت
تەماشای کرد لەگەڵ میللەت وەکو بەحری کەرەم وایە[3] .
بەنۆش عەدلی تەلعەت یوسفی میسری عەزیزانە
بەپێش قەهری سەیف الدین و سەیف اللّٰه ئەعدایە[4] .

---

(١) ئاماد: هامۆشۆکەر، مەخفی: بەنهێنی، مسما: ناو.
هاموشۆکەرانی پیاو چاکان و کۆڕو دیوەخانی ئەدەب هەروەکو کەسێکی عاقڵ و خاوەن جود هەربەنهێنی ئەنجام دەدرێت چونکە ناوی ئەوان لەگەڵ هەرسێکان یەک ناوە یاخود هەرسێکان لێ پێك دێت.
(٢) بەحر: دەریا، کەرەم: چاوتێر، بەحری کەرەم: دەڵێی دەریایە لەچاو تێری نان بدەیی.
بەپەنجەکانی گەر بیەوێت سەرداری و گەورەیی بنوێنێ ئاسانە چونکە ئەو خاوەنی دەریایەك کەرەمە لەچاوتێری و نان بدەیی هەروەکو ئەوەی دەریا جۆش بدات و لەگەڵ ئەو جۆش و خرۆشییەی دەریا کەفی لێ هەستێت، دەبێت ئەو بەیتە ئاماژە بێت بەئەو موعجیزەی پێغەمبەر(ﷺ) کاتێك ئاو لەنێو پەنجەکانی هاتووە.
(٣) مەوج: شەپۆل، تەلاتوم: دەنگەدەنگ هاژەهاژی ئاو.
لەپاش ئەوەی دەریا شەپۆلی کردو هاژەی لێوەهات منیش حسابی خۆم کردو تەماشام کرد لەگەڵ دەوروپشتم ئەو هەروەکو دەریایەکی بەخشندە وایە.
(٤) عەدل: داد، تەلعەت، دەرکەوتن، ئەعدا: دوژمن.
لەژێر سایەو سێبەری دادپەروەری دەرکەوتنی یوسفی میسر (سەلامی خوای لێ بێت) ئەو شوێنە بۆتە جێگای عەزیزان ئەوەش پێش ئەوەی تورەیی و سیف الدین و سیف اللّٰه دوژمنییان بێت.

هەزار رەحمەت لەروحی پاکی ئەو ئابائو ئەجداده
کە ئەولادی وەکو ئەجدادی عەدل و همرایە[1].
دوعام کرد سلسلەی ئەم ئەصل و فەرعە هەر موسلسل بی
جەوابم بیت دوعای زنجیری عەدلت حوکمی ممضایە[2].
لەبەر شیرینی پەیوەند نییە تا عەزیزان
لەلامم فایقە وەك ئیشکەر شەهدو مونایە[3].
ئەگەرچی ئەمتعەی فکرم لەبەرچاوە بەئاوا چوو
دلم غەواس جەزبی گەوهەری دەریای مەعنایە[4].

---

(١) ئابائو ئەجداده: باب‌و باپیران، ئەولاد: منداڵ، ممضایە: ئیمزاکراوە.
هەزار رەحمەت لەگیانی پاکی باب و باپیرانی بێت هەروەها منداڵەکانیشی وەکو خۆی باپیرانی پەروەردە کردووە کەلە دادپەروەریدا هەر رای یەکترن.
(٢) سلسلە: زنجیرە مەبەست نەوە دوای نەوە، موسلسل: بەردەوام بێت.
هەردەم دەستم بەرز کردۆتەوەو روو لەخوا دەکەم و دەپارێمەوە ئەصل و نەسەبی هەر بەو شێوەیە بێت و بەردەوام بێت بۆئەوەی داد پەروەریت بەردەوام بێت و بەئیمزا کراوی بمێنێتەوەو دوعام گیرابێت.
(٣) شەهد: هەنگوین، فائق: دەگمەنە چاك.
لەبەر شیرینی ئەو پەیوەندییەی کە هەیە لەنێوان عەزیزاندا، قسەو گفتم گەلێك چاك و شیرینە هەروەکو هەنگوینی پاڵفتە کراوە وایە.
(٤) ئەمتعە: کەلوپەل، غەواص: ئامێرێکە لەژێرئاودا دەڕوا، جەزب: راکێشان، گەوهەر: مادەیەکی بەنرخە.
ئەگەرچی کەلوپەلەکانی کەلە مێشکمدایە دێت و دەچێت لەبەرچاوم هەموو رۆیشت و بەئاودا چوو بەڵام دڵم وەکو غەواسە ئەوهەموو شتانە بۆلای خۆی رادەکێشێت چونکە بیروفکرم هەروەکو گەوهەرە کەلەناو دەریا دایەیاخود گفتەکانم پڕ بە گەوهەری دەریا مانای هەیە.

پیتی یێ

لەگەڵ مانگی موبارەک بێ قەزابێ سازشم نابێ
لەتەکلیفی ئەدای بێ موهلەتی گونجایشم نابێ[1].
حەکیمانە قەراری چا نەفەرمووی گەر بەشیرینی
ئەوەندە دەم تاڵە قەت رۆژ ئەمن ئاسایشم نابێ[2].
بێ قەزابی رەمەزان هینده بەتەکلیفە ئەدای
سورو ساتێکی ئەوی خالییە تاقەتی بەوەفابێ[3].
گەر بەحەکیمانە بەشیرینی نەفەرمووی چابێ
هێندە دەم تاڵە بەروو ترشی لەخەوف و رەجایە[4].
باسی دەرویشی ئەکەم دەعوەتی بروشی ئەکەم
ئەو لەرەسما نیەتی هەیئەتی تەشریف و لیقای[5].

---

(١) لەگەڵ هاتنی مانگی موبارەك كە مانگی رەمەزانە بێ وەی بی سازیشم نابێ بەهیچ جۆرێك لەداواكردنی و جێبەجێكردنی مولەتی ناوی گونجانیش نابێت.

(٢) وەكو كەسێكی حەكیم بڕیاری چا نەدەی گەر بەشیرینی نەبێت دەكرێت بڕیاری چاك بدەی بەشیرینی یاخود هەركاتێك چا هەبوو دەبێت شیرین بێت هێندە دەم تاڵە هەرگیز بەرۆژ ئارام و ئاسایشم نابێ

(٣) بێ وەی بی رەمەزان هێندە بەزەحمەتی بۆ جێبەجێكردن هیچ ساتێك ئەوەی دەستی خالیەو بۆشە دەبێت وەفای هەبێت بۆ جێبەجێكردنی.

(٤) گەر بەدانایی و حەكیمی بەشیرینی نەلێی چانابێ یاخود چا بێ شیرینی نابێت دەمیش هێندە تاڵە بەتوڕەیی و رووترشیە لەترس و پاڕانەوەدایە.

(٥) بروش: گەنم دەهاڕێ دەێتە بروش كفتەی لێ درووست دەكرێت، هەیئە: شێوە، لیقا: بەیەكگەیشتن.

بەر وەلا عەرزی بکا بۆچی وەکو سنفی مەلای
تۆ کە خۆت مەمسەکی و واعزی ئیحسان و عەتای[1].
ئیختساسی نییە بۆ ئەهلی تنعم بێ زەوال
هەرکەسی موسلیمی مومتازە بەتەشریفی لیقای[2].

باسی دەروێشێك دەکەم و دەعوەتی دەکەم بروشی ئەدەمێ بەڵام ئەو لەوێنەدا شێوەی نییە هەتا تەشریفی پێی بگا.

(١)عەتا: بەخشندە، ئیحسان: چاکە، واعز: ئەوەی ئامۆژگاری خەڵك دەکا.
پێش ئەوەی مەلا عەرزی بکا کە بۆچی لەرێزو هاوشانی مەلادایت تۆ کەخۆت پێوەگرتووە ئامۆژگاری چاك و بەخشندەی.

(٢) ئیختساسی: پسپۆری،، تنعم: نعمەت پێدراو، زەوال: ئاوابوون.
پسپۆری نییە بۆ کەسانێك کە نعمەتی لەگەڵدا کرابێت ئەو نعمەت ئاوا نابێت و لەناو ناچێت هەرکەسێك موسڵمانێکی باشە خۆشی لە بەگەیشتنی تەشریفی.

بـــێ جێیـــە قســـەکردنی بـــێ رێ و بـــەبێ جـــێ
بـــێ یاریـــەی یـــارم ئـــەمن نایەمـــە ســـەر رێ[1] .
وەك شـــەمعی ســـەحەر چـــاوەڕوانی نەفەســـێکم
کـەی بـێ لەتـەرەف غونچـە دەمـێکم کـە دەمـێ بـێ[2] .
مـــەحرومی حـــوزوری مـــەدنی و خـــاکی مەدینـــەم
بـەم حالـەوە قـەت رووم نییـە بـەینی مـەدەنی بـێ[3] .
پـــەیکانی مـــوژەت بـــو ســـوپەری ســـینە رەوانکـــە
نامـــەرد ئـــەوەبێ کـــە لەبـــەر ئـــەوتیرە ببـــزوێ[4] .

---

(١) بێ جێیە: بێ مەعنایە، قسەکردنی بێ رێ و جێ: قسەی بێ سەروبەر.
قسەکردنی بێ رێ و جێ گەلێك بێ مەعنایە گەر لەکات و شوێنی خۆی نەبێت، منیش بەبێ پرس و رای خۆشەویستەکەم نایەمە سەر رێگای راست.
(٢) شەمع: چرا، سەحەر: بەرەبەری بەیانی، لەتەرەف: لەلایەن، دەمێك: دەم، دەمێ: ساتێ.
هەروەکو چرا بەرەبەیانی کە هەڵدێ و دنیا رووناك دەکاتەوە لەچرکە ساتێکدا منیش بەنیازی چاوەڕوای یەك نەفەسم کەلەلای ئەوەوە بێت هەروەکو چۆن غونچە تازە دەمی دەکاتەوە بەدەم ژیانەوە منیش چاوەڕوای ئەوەم ساتێ.
(٣) مەحروم: بێ بەش، حوزور: ئامادەبوو.
من بێ بەش بووم لەو سەردەمەی ئەو تێدا دەژیا و ئێستاش هەر بێبەشم لەخاکی پیرۆزی مەدینە کە گۆڕی تۆی تێدایە، جا بەوە شێوەیە چۆن رووم هەیە بێمە حوزورت کەخاکی مەدینەیە.
(٤) پەیکان: سەرەتیر، مووژە: برژانگ، سوپەر: ئامرازێکی جەنگی بوو جاران جەنگاوەران بەکاریان دەهێنا بۆ خۆپاراستن لەتیری دوژمنان.
سەرەتیری برژانگەکان رەوان بکە بۆ سەر سوپەری من نامەردم ئەگەر لەبەر ئەوتیرە رابکەم کەتۆ بۆمن دەهاوێی واتە ئەو خۆشەویستەو بزەی سەر لێوت کە بۆمن رەوان دەکەن نامەردم ئەگەر لەبەر ئەو خۆشەویستییەت هەڵبێم.

موحتـــاجی بەمـــەودای دەمـــی تیغـــی بـــرۆت دڵ
بـــینێ لـــەملم شـــەرت کـــە ئـــایم نـــەبێ ئیســـتێ[1] .
ئـــەغیارو رەقیـــب شـــادو ئـــەمن هەمـــدەمی فریـــاد
یـــارەب خواکـــەی بـــێ کـــەوەختی هـــەلی مـــن بـــێ[2] .
زۆرم وت ئـــەی دڵ مەبـــە ســـەرکەس لـــەحوزوری
زۆر موســـتەحەقی خـــوێری دەبـــا وات بەســـەربێ[3] .
تـــوبی و ســـەری خـــۆت عەبـــدێکی زۆر چـــاکە (حـــەریقی)
ئـــازادی مەکـــە ئـــاخری بۆتـــۆ بەعەمـــەل دێ[4] .

---

(١) موحتاج: پێویست، مەودا: دەمی چەقۆ، ئایم: ئاه.
تیغی برۆکانت هێندە تیژە وەکو دەمی چەقۆ دڵ پێویستییەتی، جا ئەو تیغە تیژە بهێنە بە ملماو شەرتیش بێت من ئاهێك نەکەم بەهیچ جۆرێك بەمل شەرت بێت ئاهو ناڵە نەکەم و نەڵێم ئۆف.
(٢) ئەغیار: بێگانە، رەقیب: دوژمن، هەمدەم: هاودەم هاونشین، هەل: نۆبەت.
ئێستا بێگانە و دوژمن هەرهەموویان شادو بەدڵ خۆشی بەتەنها من هاودەم و هاونشینم نییەو بەتەنهام، دەی خوایە دەبێت کەی بێت هەلێك بۆمن هەڵکەوێ نۆرەی من بێت.
(٣) سەرکەش: لاڕێ، موستەحەقی: شایانی ئەوەی، بەلا: موسیبەت ناخۆشی.
زۆر بەدڵم گوت بەسە واز بهێنە هێندە لەلاڕێ دەرمەچوو لەرێگای ئەو لامەدە بەگوێت نەکردم جا کەواتە خوێری شایانی ئەو بەلایەت بەسەربێ.
(٤)سوێند بەسەری خۆت (حەریق) عەبدێکی زۆرچاکە عەیبی نییە، تۆش دەستی خۆتی لێ مەکەوە چونکە دوواجار هەر کەڵکێکی دەبێ بۆت.

قەمەر کەوتە میزانی خەیالم موشتەری بابێ
لەعەقدی نەزم و نەسرم تالبی عەقدی سریابێ[١] .
جەمالی دولبەری فکرم لەخەلوەتایە تائێستا
بلا با دولبەر ئاسابێ قەبوولی ئەهلی ئارابێ[٢] .
لەدوکانی خەیاڵم بۆ عروس دڵ غەزەل دێنم
گرانجانی بەکار نایەت کەس سەوادی لەسەردابێ[٣] .
لەموژدەی نەوبەهاری غەلغەلەی بولبول لەدەوری گوڵ
وەکو قومری دەبێ تەوقی وەفای سەردەم لەمل دابێ[٤] .

---

(١) قەمەر: مانگ، میزان: تەرازوو بروجی حەوتەی ئاسمان، موشتری: کرپار ناوی یەکێکە لە گەورەترین هەسارەکانی خۆر، عەقد= ملوانکە
مانگ کەوتە نێو بروجی حەوتەمی ئاسمان خەیاڵم پێوەی گیرۆدە بوو دەبا کرپاربێت یاخود دولبەرم هێندە جوانە کەوتۆتە نێو ئەستێرەی حەوتەوانەی خەیاڵم ئینجا تۆرەی هەسارەی موشتەریە بابێت چونکە هۆنینەوەی هۆنراوەو پەخشانم هێندە درەوشاوەن هەروەکو ئەستێرە گەشەکانی ئاسمان کەیەکیان گرتووەو شێوەی ملوانکەیان پێك هێناوە.
(٢) خەلوەت: گۆشەنشینی، بالا: بەژن، ئارایی: جوان و گەشاوە.
بیرو هۆشم هەر دەڵێی دولبەرەکەمە و هێندە جوانە وا هەتا ئێستا هەر لە گۆشەنشینی دایە جوانی و بەژن و باڵای رازاوە لەلای خاوەن جوانان پەسندە.
(٣) گرانجان: گران فرۆش، سەودا: ئالوێر، عروس: بوك.
لەبیرو هۆشی خەیاڵمدا لەبۆ بوکێ دڵ ئەوەی دڵ دەیەوێ حەزی لێ دەکات غەزەل دەهێنم گران فرۆشی بەکەڵك نایەت هەرکەسێك سەوداو ئالوێری لەبیرو مێشکدا هەبێت.
(٤) غەلغەلە بولبول: ئاوازی بولبول، قومری: کوکوختی، تەوق: کۆت و بەند.
موژدە بێت وا بەهار هات بە بەڵگەی ئەوە گوڵ پشکوتو غونچە دەمیان کرایەوەو بولبولیش لەسەر ئەو گوڵانە دەخوێنن بەڵام قومری ئاسا هەر دەبێت کوت و بەندی وەفایان لەمل دابێت.

نەفەس دەم دیدە پڕ ئاب و سەماوەری سینە جەرگ ئاتەش
کەلامم قەندە گەر ساتی لەگەڵ من ئارەزووی چابی[١].
سەرم سەمتوورو سینەم سازو ئەشکم تارە بەو شەرتە
بدا ساقی مەیی نابیٚ بڵیٚ موتریب بڵێی نابی[٢].
لەدامێنی خەیالمدا منی گول بچنە ئەی شاهید
بەشەرتیٚ شاهی شمس الدین لەدڵما جلوە ئارابی[٣].
لە کەرەمی لوتفی مەولاوە نییە ساردی لەمەولاوە
بەسەرما رویدە سەرما نیە باکم بە سەرمابی[٤].

---

(١) دیدە: چاو، ئاتەش: ئاگر، قەند: شەکر، چا: باش–شلەیەکە دەخورێتەوە.
هەناسەی دەمم ئاوی چاو گەلێك تەڕو ئاودارن سینەشم هەروەکو سەماوەرە جەرگیشم ئاگر ئاسا قسەو گوفتارم وەکو قەندی شەکر شیرینە جا ئەگەر ساقی ئارەزووی لەگەڵمدا چاك بێت یاخود فرمێسکی چاوم لەناو سەماوەری سینەم دەکرێ بەئاگری جەرگیشم دێتە کوڵ و قسەم گوفتاریشم وەکو شەکر وایە ئەگەر ساقی ئارەزووی لەچا خواردنەوە بێت.
(٢) سەمتوورو ساز: دوو ئامێری مۆسیقانە، موتریب: گۆرانی بێژ.
سەرم وەکو سەمتوورو سینەشم ساز ئاسا فرمێسکم بێ! مۆسیقایە و بەو مەرجەی ساقی پیاڵەیەك مەیم بداتیٚ گۆرانی بێژیش نابێت بڵیٚ نا تەنها مەی بۆمنە.
(٣) جلوە: درەوشانەوە نووری خوا لەدڵی خواناسان.
وەرە ئەی شاهید لە بیرو خەیاڵی مندا گوڵ بچنە چونکە خەیاڵی من وەکو باخچە وایەو پڕە لەگوڵ، بەڵام بەو مەرجەی نووری شێخ و پیری شمس الدین بێتە دڵم و بدرەوشێتەوە.
(٤) کەرەم: بەرەکەت، مەولا: گەورە، لەمەولاوە: لەوە بەدواوە.
لەسایەی کەرەم و بەرەکەت و لوتفی گەورەم شمس الدین هیچ ساردیە نایەت لەوە بەدواوە، چونکە سەرما بەسەرمدا تێپەڕیوە بۆیە هیچ باکم نییە هەرچیم بەسەر دێت، لەنێوان مەولاوە و لەمەولاوە جناس وێ چوو هەیە.

خـــەلاتی شـــاه نـــەورۆزی نیشـــانەی اتـــش ئـــەفروزی
نەســـیم هـــێنی بەدڵســـۆزی دڵێـــی ســـوزی جـــەفا نـــابێ[1] .
رەئیسی هەورو توپچـی رەعـدو تـۆپ و بـەرق و نیـزام بـاران
نەســیم پـێش رەو تەلیعـە تـەرزە فـەراش دەبـێ بـابێ[2] .
شـــەماڵ ســـەرتیپ تـــەرتبی خولامانـــەی غولامانـــە
جنـــوبی یـــاوەری فـــەوجی شـــەدەو دەسمـــاڵی والابـــی[3] .
بەڵەك بو كێو و سەحرا وەك دەڵـەك خـۆی دزیـەوە زسـتان
زەیسـتان ئیتفاقـە چـۆن بـەری خسـت هێـزی پێـی نـابێ[4] .

---

(١) ئاتەش ئەفرۆز: ئاگر هەڵگیرسێن، نەسیم: شنە.
پاداشت وحەلاتی شاه بۆ نەورۆز كەیەكەم رۆژی ساڵی نوێی كوردیە نیشانەیە بۆ گۆڕانی وەرز بەوەش ئاگر دەكرێتەوە شنەبای هێنانی بە دڵسۆزی ئەو خەلاتەی هێنا كە جەفاو سۆز بەیەكەوە كۆنابنەوە.
(٢) تەلیە: پێشڕەو.
هەور هەروەكو تۆپ دەگرمێنێ بروسكەش دەشریقێنێ بۆ نیزامی باران باریت بەلام پێش ئەو باران بارینە شنەبایەك دێت كەپێشڕەوی ئەو هەورو بروسكە بارانەیە پاش ئەوە چی دێ بابێ، مەبەست باران بارینە كە دەبێتە هۆی بەرەكەت و پیت و بەرەكەی زەوی.
(٣) بای شەماڵ وەكو سەرتیپ خۆی رێكخست هەروەكو چۆن غولام كەلوپەلی خۆی و گەورەكەی رێك دەخات شەدەو دەسماڵی سەریشی والا كردووە هەردەڵێی یاوەری بۆخۆی راگرتووە.
(٤) بەڵەك رای كرد بۆ كێو و سەحرا و خۆی دزیەوە لەترسی سەرما هەروەكو دەڵەك ئەوە لەگەڵ زستان رێك كەوتن باری خۆی خست وەكو ئەوەی پێی نەمابێ.

لـەدەنگی رەعـدو رەنگـی بـەرق و نالـەی هـەورو گرمـەی بـا
کەڕو کوێر لەفەرنایـەن مـەر هەناسـەی سـاردی پـێ مـابێ[١].
لەشەوقی گوڵ لەزەوقی مەل عەجـەب سەرخۆشـە ئـەهلی دڵ
دەبێـــژن تایفـــەی خوبـــان مەگـــەر جەنـــەت بـــەدنیابێ[٢].
حەجەر هەروەک شەجەر ناتق بەسـڕری قـودرەتی حـەق بـوو
کەســێ حــاڵی بــبێ حــاڵی دەبــێ گــەر ئــەهلی بینــابێ[٣].

---

(١) رەعـد: گرمـەی هـەور، بـەرق: بروسـکە، فـەر: گـەورەیی تیشـکی خواوەنـد لـەدڵی کەسـێك هەڵگیرسێ، مەر: کورتکراوەی مەگەر.
لەگرمە گرم و دەنگی هەورو رەنگی بروسك کە ئـاگری لـێ هەڵدەسـتێ نالـەنالی گڤـەگڤی بـا ئاست ئەوانەدا هەموو کەڕو کوێر نەدەبیستن و نـەدەبینن ئـا ئەوانـە تیشـکی خـوا لـەدڵیان داناگرسێ هەتا نائومێد ببێت لـەرەحمی خـوا (دەبێـت ئامـاژە بێـت بـۆ ئایـەتی ﴿وَلَقَدْ ذَرَأْنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيرًا مِّنَ الْجِنِّ وَالْإِنسِ ۖ لَهُمْ قُلُوبٌ لَّا يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لَّا يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ آذَانٌ لَّا يَسْمَعُونَ بِهَا ۚ أُولَٰئِكَ كَالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ ۚ أُولَٰئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ﴾ (الاعراف: ١٧٩).
(٢) خوبان: جوان، زەوق: ئارەزوو، ئەهلی دڵ: ئەهلی خواناسان.
لەشەوق و جوانی گوڵ لەئارەزووی مـەل کەلەسـەر گـوڵان دەخـوێنن جێگـای سەرسـوڕمانە کەئەهلی دڵ کە مەست و سەرخۆشە دەستەو تائیفەی جوانان دەڵـێن دنیـا بەوانـەوە بۆتـە بەهەشت.
(٣) حەجەر: بەرد، شەجەر: دار و درەخت، ناتق: قسەکەر، سڕی: نهێنی، قودرەت: دەسـەڵات، ئەهلی بینا: دووربین.
بەردیش هەروەکو دارو درەخت بەقسەهات ئەوەش لەسڕو قـودرەت و دەسـەڵات حـەق بـوو کە ئەو توانایەی پێ بەخشی بوو جا هەرکەسێك حـاڵی بـێ حـاڵی دەبـێ لەکەسـێك ئـەهلی بینابێ.

نیشانەی نیعمەتی عوقبا لەدنیادا هووەیدا بوو
کەسێ باوەڕ بەمن ناکا لەرەنگی سەوزە جویابێ[١].
عەتای موتلەق بەغەیری خالقی حەق بوو درەختی رەق
بەکێ ئەکرێ هەموو ساتێ شکۆفەی سەبز پەیدابێ[٢].
نەباتاتی زەمین نو خێرو جامی لەب ریز
لەخەو بێدار بوو نێرگس هات بەخێربێ مالی ئاوابێ[٣].
بەعەزمی دەست بوسی دەستە دەستە هاتنە خدمەت
هەموو مەخمور نیسبەت وەک کەسی سەرمەستی صهبا بێ[٤].

---

(١) عوقبا: دوای هەرکاتێك یاداشت وەرگری، هویدا: ئاشکرا.
نیشانەو بەڵگەکانی پاداشتی کردەوەکان لەدنیادا ئاشکرابوو بەدیارکەوت هیچ کەسێك باوەڕ بەمن ناکات ئەو لەمن جودا بۆوە کاتێك رەنگی سەوزبوو.
(٢) عەتا: بەخشندە، موتلەق: رەها، خالقی حەق: خوا، شکۆفە: خونچە کاتێك میوە لەپێش گەڵا دەپشکوی، سەبز: سەوز.
لەسایەو بەخشندەی خوای میهرەبان بەشێوەی رەها لەدرەختێکی رەقدا توانی بەری میوە درووست بکمات سەوزبێت ئایا بەئەو نەبێ بەکێ دەکرێت.
(٣) نەبات: روەك، نەوخێز: تازە پێگەیشتوو، جامی لەب ریز: مەبەست لێوی جوانە.
سەرتاپای روەکی سەرزەمین تازە پێگەیشتوو سەریان لەزەوی دەرهێنا هێندە جوانە وەکو دەم و لێوی یار تازەش چاوە مەستی نێرگس ئاسا لەخەو بەخەبەر هات دەبا بەخێربێ و ماڵی ئاوابێ.
(٤) بوسە: ماچ، مەخمور: مەست، صهباو: پیاڵەی سەراب.
بەهەموو دڵەوە و قەناعەتی تەواو خەڵکی دەستە دەستە دەهاتنە خزمەتی و دەستییان ماچ دەکرد و هەموویان بەبینینی مەست و سەرخۆش بوون وەکو ئەوکەسەی پیاڵەی مەی هەڵقورێنی سەرخۆش بێت.

وەنەوشـــە بـــۆ غـــولامی خـــالی خوبـــان گـــەردنی کـــەچ کـــرد
بەوەجهـــە وەجهـــی وەك مـــۆمـــن لەبـــەر ســـجدە بەســـیمابیٚ[1].
ســـەفینەی فکـــرتم رووچـــوو دەفینـــەی حکمـــتی تـــووش بـــوو
سەلەف حوزی خەلەف هەروەك سەدەف بوو دورِ مهیـا بـیٚ[2].
نموونـــەی ئینقیـــادو ســـەرکەش بـــۆ ســـاردی و گـــەرمی
کە مخلس حـالی گـەرم و مـونکرِیش دلٚ سـاردە تـا مـابیٚ[3].
سراح الـدین بـەنووری حـەق بەهـەر شەخسـیٚ بـەهای دابـیٚ
بەشەمسـی رووی حسـام الـدین وەفـا کـا بـیٚ زییـا نـابیٚ[4].

---

(١) گولّە وەنەوشە بۆ غولامەکەی کە هێندە جوان و چاکە گەردەنی کەچ کرد رووبەرووش وەك کەسێکی ئیماندار هەردەم نێوچەوانی لەسوجدە دابیٚ.

(٢) دەفینە شـاراوە–گەنجینـەی شـاراوە، سـەفینە: پـاپۆر، سـەلەف: پێشـینەکان، سـەدەف: گیانلەبەرێکی ئاویە، حرزی: شوێنی شت لیٚ پاراست، خەلەف: لەپاش هاتووە.
بیرکردنەوەی من هەروەکو پاپۆر وایە ئێستا بەئاودا روچووە بەلاّم گەنجینەی دانایی تووش هات کە پێشینەکان وەکو گەنجینە وانەو بیر لە دەرهێنانی ئەو گیانلەبەر بچووکەو بەنرخـە دەکاتەوە لەناو دەریادا.

(٣) ئینقیاد: شت گرتنە ئەستۆ–خۆ بەکەم زانین، سەرکەش: سەرکێش.
نموونەی کەسێکی شت لەئەستۆ بگرێت و خۆی بەکەم بزانێت لەگەلّ کەسێکی سەرکێش بۆ سـلاّوی گـەرمی وەکـو کەسـێکی دلّسـۆزە کـە هـەردەم مـالی گـەرم بێـت و بیرکردنەوەشـی هەناسە ساردیە هەتا دنیا مابیٚ.

(٤) سراج الدین: مەبەست شێخ عوسمـان سـیراج الـدین تەوێلّەیـە، بـەها: نـرخ، شـەمس: رۆژ–مەبەست تیشکی رۆژە، حسام الدین: کوڕی شێخ عوسمانە، زیا: رووناکی.
شێخ عوسمان سراج اتلدین بەو نووری هەق و راستیەی کە هەیبوو جا ئـەو نـوورەی بەهـەر کەسێك دابێت ئەوکەسە بەهرەی لێوەرگرتبیٚ، ئەو تیشکە رووناکیـە پەرِیوەتـەوە بـۆ رووی حسام الدین کوڕی جا دەبێت مرۆڤ وەفا بکات بەو تروسکاییەی کە هەیەتی.

بەســـەر خـــاکی وجـــودی تالیبـــان ئیکســـیری ئیلتفـــات
مســی قــەلب قلــبی فــالس نــەکا گــەر عەکســی تێــدابێ[1] .
لـــە دیباجـــەی کتـــابی حســـنی عالـــەم هـــەر وەرەق لادەم
ئەبینم مبحەسی وەسـفت لەهـەر فەسـلی وە لەهـەر لایـی[2] .
لەگـــەڵ نەفســی یەزیـــد وەک بایەزیـــدە هـــەر ئـــەڵێی بۆتـــۆ
موتیـــع و ئـــەهل و دانـــا بـــی ســـەری تەســـلیمی دانـــابێ[3] .

---

(١) وجود: هەبوون: تالب: داواکار، ئەکسیر: چارەسەری هەموو نەخۆشی–لێرەدا مەبەست زاراوەی سوفیزمە لە مورشید قەناعەتی خەڵك بگۆڕێت، نەژادو و ئەصلی شتێك بگۆڕێت بۆ شتێکی دیکە قلب: خراپ بێ کەلك، قلب: سەراو ژێرکردن.
بەسەر پێی و خاکی هەبوونی ئەو کەسانەی داوای شت دەکەن بۆئەوەی ئاوڕیان لێ بدەیتەوە دڵ و دەروونییان بگۆڕی هەروەکو دڵیان وەکو پارچە مسێکی خراپ و بێ کەڵك وایە بیان گۆڕی بۆ دڵێکی پوختە ئەگەر ئەو دڵە پێچەوانەی بیروباوەڕی تۆی تێدابێ.
(٢) دیباجە: شەرح کتیب لەزمانی عەرەبی– بە (روو) دێت، حسن: جوانی، وەرەق: پەڕ، میجەس: گەڕان بەدوای شت، فەسل: وەرز.
لەسەرتای شەرحی کتێبی جوانی عالەمدا یەك یەکە لاپەڕە هەڵدەدەمەوە دەگەڕێم بەدوای شتێکدا بەڵام لەهەموو وەرزو هەموولایەك وەسفی تۆی تێدا دەبینم یاخود لاپەڕەی جوانی هەڵدەدەمەوە هیچ لاپەڕەیەك نییە کەباسی جوانی تۆی تێدانەبێت.
(٣) یەزید: یەزیدی کوڕی معاویە، بایەزید: بایەزیدی بەسگامی عارف خواناس، موتیع: گوێ رایەڵ.
لەگەڵ نەفسی یەزید کە بەکوشتاری شەڕی کەربلا ناسراوە نەوەی پێغەمبەری (ﷺ) کوشت، بایەزید یوسف کە گوێرایەڵی هەبوو بۆ ئەهلی بەیت خۆی تەسلیمی دانایی کردو سەری خۆی لەپێناوی ئەهلی بەیت دانا.

بەنـــەحو ســـەرفی دڵ تـــا ذوالفقـارت گرتـــە نێـــو چـــەنگ
وەکـــو حەیـــدەر لەفـــەتحی خەیبـــەردا شمشـــێری کێشـــابێ[1] .
بەعشـــقی شـــای ســـراج الـــدین و شـــومی بوالبهـــا جانـــا
کـــەرەم فـــەرموو وەکـــو ئیـــژەن نەزانســـتم بـــەزانایی[2] .
حـــەریقی روشـــتەی جانـــت فتیلـــەی شـــەمعی جانانـــە
لەبـــەزمی پـــیری مەیخانـــە کـــزەی دڵ بـــێ مـــەزە نـــابێ[3] .

---

(١) ذوالفقار: ناوی شیری ئیمامی (عەلی)یە رەزای خوای لێ بێت (لا الفتـی الا علـي لا سـیف الا ذوالفقـار) ئـەوە فـەرموودەی پێغەمبـەرە(ﷺ) دەربـارەی عـەلی شمشـێرەکەی، حەیـدەر: مەبەسـت (علـی کـوڕی ئـەبی تاڵیـب)ە کـە سـەرکردەی سـوپای موسـڵمانان بـوو لەشـەڕی خەیبەر لەگەڵ جولەکەکان بە لێکدانەوەو نەحو سەرڤ دڵم ژوالفقار دڵمی گرتە نێـو جـەنگی خۆی هەروەکو عەلی ی کوڕی ئەبی تاڵبیش کە سەرکردەی موسڵمانان بوو شـەڕی خەیبـەر خەیبەری خستە بەردەستی موسڵمانەکان.

(٢) بەعەشقی: بەخۆشەویستی، سیراج الدین: نازناوی شێخ عوسمان توێلەیە، شوم: نەگبـەت- ناریك، بوالبها: رێبازی بهائی سەرۆکی بەهائییەکان.
لەبەر عەشق و خۆشەویستی شێخ عوسمانی سـراج الـدین و نەگبـەتی و نـارێکی بوالبهـا تـۆ کەرەم بکەو وەکو دەڵێن زانستم نیە بەقەد زانستی ئەو سراج الدینە.

(٣) روشتە: رستە، جان: گیان، فتیلە: ئەو پارچە دەزووە کەلە نـاو مـوم هەیـە، شـەمع: مـۆم، پیری مەیخانە: لەئەدەبی سوفیزم پیری تەریقەتە.
حەریقی رستە گیانت وەکو رستەی نیو مۆم وایە کە دەسووتێ بـەوەش گیـانی گـڕی تێبـەر دەبێت پیری مەیخانەش بەزمی بادە دەگرێت کزەی دڵ دێتـە جـۆش بـەڵام کەسـێك بچـێتە مەیخانە دەبێت مەزەی پێ بێت ئەگینا دڵ کزەی لێوە نایەت.

تـــا لێـــوی شـــیرینی زەمانـــە بەمـــەزاقت نـــابێ
چـــا نییـــە ســـاقی بـــدا بـــادەو تـــۆ بڵێـــی نـــابێ[١].
بـــەزوخالی جگـــەرو دودکەشـــی ئـــاهی ســـینەت
هـــەر بـــەجۆش دەبـــو چـــا بـــەنێو دەمـــی کێشـــابێ[٢].
ســـاقی جـــامی کـــەرەم دەوری عـــەتای شـــیرینە
بـــا بەتالیشـــی بـــدا، روح لـــەلات بیجـــابێ[٣].
پـــیری مەیخانـــە ئـــەڵێ نـــەزم و مـــەقامت ئـــەوەبێ
هەرکەســـێ دەردی نـــەبێ ســـاف و گـــەوارا نـــابێ[٤].

---

(١) مەزاق: زەوق، بادە: مەی، چا نییە: باش نییە.
هەتا زەمانە قسەی خۆشت لەگەڵدا بکات قسە شیرینەکانی لەلێوی بێتەدەر بەڵام ئەوە هەتاسەر بەزەوق ئارەزو نابێت بۆیە باش نییە ئەگەر هاتوو ساقی جامێك لەمەی بەتۆدا توش دەستی ساقی رەت بکەیتەوەو بڵێی نابێ.
(٢) زوخال: پاشماوەی ئاگر، دود: دووکەڵ.
بەجگەر سووتاویش کە بۆتە زوخاڵ و لەگەڵ ئەو ئاهو هەناسەت تێکەڵاو بووە بۆت دووکەلێکی رەش لەسینەت دێتە دەرەوە، ئاو بەو جۆش و خرۆشەوە چا دەبوو ئەگەر بەنێو دەمی کێشابێ.
(٣) عەتا: بەخشین.
مەیگێڕ ئەگەر بێتو جامێك مەی پێم بدا ئەوە دەبێتە بەخشندەو لەلام گەلێك شیرینە با ئەو جامە مەی تێدابێ بەتاڵیش بێت ئەوە هەر لەلام چاکەو باشە.
(٤) پیری مەیخانە: مەبەست پیری تەریقەت، دەرو: ناخۆشی بەڵا نەخۆشی.
پیری تەریقەت دەڵێ هەتا نەزم و مەقامت ئەوەبێ و هەرکەسێکیش دەرو بەلای نەیتە رێ دڵ و دەروونی ساف و بێ گەرد نابێت بۆیە دەڵێن ئەگەر کەسێك تووشی دەردو بەڵا نەبێت لەئیمانی بترسێت.

نەقشـــی نامـــەی قەلـــەمی قـــودرەتی ئیبـــداع وجـــود
زشـــتی تێـــدا نییـــە گـــەر تـــۆ نـــەزەرت زیبـــا بـــێ[1].
بەکەمەنـــدی غـــەمی دنیـــا کەســـی خـــۆی پێچـــابێ
موتلـــەقی قەیـــدی نـــەکا لیفەکـــەی خـــۆی پـــێ چـــابێ[2].
جلیـــوەی ســـاقی و نەشـــئەی مـــەی و لەهمبـــەی مـــوترب
فـــەرەحی مەجلســـە تـــا جـــامی ئـــەدەب نـــەرژابێ[3].
سەرخۆشـــی چـــاو ئـــەوەی مـــەکرە لەســـرکەی ئـــەبرۆی
قەنـــدی لێـــوی مەزەیـــە مەشـــرەبی تـــۆ گـــەر چـــابێ[4].

---

(١) قودرەت: دەسەڵات، ئیبداع: داهێنان، وجود: بوون، نەزەر: بینین، زیبا: جوان شۆخ و شەنگ.
قەڵەمی قودرەت و دەسەڵاتی خوا هەموو شتەکانی کۆتایی پێ هێناوە هەموو شتێك براوەتەوە هیچ گومانی تێدانییە ئەگەر بێتو تۆ تەماشا کردنت جوان بێت.

(٢) کەمەند: ئەو گوریسەی مرۆڤی پێ دەبەسترێتەوە، قەید: بەند کردن.
هەرکەسێك خۆی بپێچێتەوە بەگوریسی غەمی دنیاوە پێویست ناکات خۆی بەشێوەیەکی رەها بەند نەکات واباشە لەجیاتی ئەمە خۆی لەلێفەکەی خۆی بپێچێتەوە.

(٣) نەشئە: گەشەکردن، جلوە: خۆپێشاندان، فەرەح: خۆشی.
خۆ بەدیارخستنی مەیگێڕ و گەشەکردن مەی و نەغمەو ئاوازی گۆرانیبێژ خۆشی و بەزمی خستۆتە کۆڕو مەجلسی مەی نۆشان هەتا جامی ئەدەب نەڕژاوە.

(٤) سرکەی ئەبرۆ: سرکە شلەیەکی ترشە لەترێ یان هەنار درووست دەکرێت مەبەست برۆکانی بەڕکەوەو تووڕەییەوە سەرنجی دەدات، قەند: شەکر–مەبەست شیرینییە.
چاوە پڕ لە مەکرەکانی خەڵك سەرخۆشی دەکات و بەبرۆکانیشی دەڵێی سرکەدەفرۆشێت بەڵام ئەو قسانەی لەسەر لێوەکانیەتی هێندە شیرینە دەڵێی قەندە شەکرە خۆش گرفتاری تۆش مەزەیە گەر لەگەڵم باش بێت.

مـــن لەبـــەر چـــاوی وتم بـــۆ مـــەزە چـــا بـــوو لێـــوت
ئـــەو ئـــەڵێ جـــامی مەیـــە چـــا نیـــە بۆتـــۆ نـــابێ[1] .
بـــێ نەواکـــەی بـــۆ ســـەدای کـــرد و وتـــی گۆیـــابێ
بـــەرەزای پـــیری موغـــان مـــوترب ئەگـــەر گویـــابێ[2] .
ئـــاوی عـــامی تەمەعـــە کەوتۆتـــە حـــالی چـــاو
چـــۆن لەبـــەر ریـــس و گوریســـی لەغـــەزەل جویـــابی[3] .
حیکمەتـــە شـــیعری مـــن و دەولـــەتی ئـــەهلی ئیمســـاک
وەک تەلەسمێکـــە کـــەریی مەســـرەفی بـــۆ نەشـــکابێ[1] .

---

(١) مەزە: ئەوشتەی لەگەڵ مەی دەخورێت.
من لەبەر چاوی کەمەست بووم پێم وت لێوەکانت کە وەکو قەندی شەکر وایە قسەی شیرینی لێ دێتە دەرو دەبێتە مەزە، ئەویش دەڵێت نا ئەوە جامی مەیە بۆتۆ باش نییەو نابێت یاخود لێوەکانی دەڵێی قەندە شەکرەو شیرینە هەر بۆ چا باشەو لەگەڵی بخوورێتەوە ئەو دەی نائەو چانییە بەڵکو مەیەو خەڵك سەرخۆش دەکات و بۆتۆ دەست نادات.
(٢) نەوا: ئاهەنگ، پیری موغان: پیاوانی ئایینی زەردەشت.
بەبێ ئاهەنگ و بەزم و شادی ئەو دەستی پێکردو سەدای خۆی بڵاوکردەوە پێی گوت دەست پێ بکەو بڵێ بەرەزامەندی گەورەو سەرداری و گەورانی پیاوانی ئایینی زەردەشتی گۆرانیبێژ دەست بە گووتنی بکە.
(٣) تەمەع: چاوبرسی تەماعکار، جویا: ئەوەی بەدوای شتدا دەگەڕێت، فام: پێنەگەیشتوو.
هێشتا لەسەرەتادایەو پێنەگەیشتووە بەڵام چونکە زۆر تەماعکارە ئێستا کەوتۆتە حالی ئەوە کە چاوتێر نەبێت هەروەکو چۆن کەسێك هەر خەریکی ریس و گوریش بێت بەدوای شتی کۆندا بگەڕێت کەونەکا بەبا بکات.
(١) حیکمەت: دانایی، ئەهلی ئیحسان: مەبەست موسڵمانان ئەهلی ئیسلامە کە رەمەزانان بەرۆژو دەبن و ئیمساك دەکەن، تەلسم: ئەوپارچە کاغەزەی فاڵچییەکان شتی لەسەر دەنووسن و نوشتەی پێ دەکەن.
شیعرەکانی من هەموو پڕە لەدانایی لەگەڵ موسڵمانان ئیسلام یەك دەگرنەوە و وەکو یەك

گەرچی دەردی سەرییە تولی کەلامی خەڵکی
من کەوا بێ غەزەلم چاکە کە سەرتاپابێ[1] .
بۆ کەسی چاکە سەفینەی غەزەلی بەحری (حەریق)
گەوهەری ئەشکی هەموو رشکی دلی دەریابێ[2] .

وەکو ئەو تەلسەمەی کە هیچ مەسرەفی لێ نەکرابێ و نەخشە تێدا نەبێ.

(١) دەردەسەری: بەزەحمەت–ناخۆشی، تول: درێژ، کەلام: قسە.

ئەگەرچی زۆر گوتن و درێژەپێدانی قسەی خەڵکی هەر دەردەسەری و ناخۆشییە بەڵام من بێ قسەم و ئەوە چاکە ئەوە هەتا سەربێ.

(٢) سەفینە: کەشتی، بەحر: دەریا، گەوهەر: مادەیەکی بەنرخە، ئەشک: فرمێسک، رەشک: حەسوودی.

بۆکەسێك ئەوە باشە کەکەشتی قسەو غەزەلی لەدەریابێ حریقی چونکە دەریا گەوهەری تێدایە هەموو فرمێسکی چاویش حەسوودی پێ دەبردرێ گەر بەقەد ئاوی دەریابێ.

ئیقتباسی نەفەسی هیمەتی ئەولادی بەتول
وەکو میسباحە کەس مالی دڵی ئاوابێ[1] .
نەک وەکو زاهیدی وشک بەتەواوی ریابێ
هێندە ناپاکە بەسەد ئاوی بشۆی پانابێ[2] .
وەفای من بێ بەها بوو بۆ رەواجی مامەڵەی یارم
رەزام یارم کەداویە بەچیت و فیتی بازاری[3] .
لەسەودا دا رەشیدە تالبی قازانجی ئەشیایە
هەتا زووتر لەناوچی چاکە ئەجناسی وەفاداری[4] .
مەتاعی مەعریفەت جنسی وەفا فەسلی نەما فەوتا
ئەمن نابودی ئەو بووم نا بەلەد بوومە خریداری[5] .

---

(١) ئقتباسی: وەرگرتن، ئەولادی بەتول: منداڵی فاطمە کچی محمد (ﷺ) میسباح: چرا.
هەرکەسێك نەفەسێکی لەمنداڵانی حەزرەتی فاطمە (حسن و حسین) وەرگرتبێت وەکو ئەوەیە چرایەکی لەمالی خۆی هەڵگیرساندووە و بەوەش مالی ئاوەدان دەبێت.
(٢) زاهید: خواناس، ریا: بۆ غەیری خوا، پانابێ: کورتکراوەی پاك نابێ.
نەك وەکو کەسێکی خواپەرستی وشك کە بەتەواوی ئیش و کارەکانی بۆ غەیری خوایە ئەوەش هێندە پیس و ناپاکە ئەگەر بێتو بەسەد ئاوی بشۆی خاوێن نابێت.
(٣) بێ بەها بوو: بێ سوود بوو، رەواج: برەو پێدان.
ئەو سۆزو وەفاییەی کە هەمبو بەرامبەر سەوداو مامەڵەی یارم بێ سوود بوو رازیم بەو چیت و فیتەی بازاڕ کە یارم هەمووی فرۆشت و لەناوی برد.
(٤) سەودا: ئالووێر، رەشید: ئازا، ئەشیا: کەلوپەل، ئەجناس: کۆی جنس–رەگەز.
لەئالووێر مامەڵەدا گەلێك ئازاو بوێرە و هەردەم داوای قازانجی کەلوپەل دەکات هەتا زووتر لەنابچێ و نەمێنێ باشترە وەفاداری.
(٥) مەتاع: کەلوپەل، نابود: گزول بێ دەسەڵات، خریدای: کڕیار.
هەرچی کەلوپەلی زانست هەیە لەرەگەزی وەفا هیچی نەماو هەموو فەوتاو رۆیشت، ئەمن بێ دەسەڵاتی ئەوبووم بەنا بەدڵی بووم بەکڕیاری.

رەواجی نەقدی عەهدی سکەی دیرینە فەوتاوە
بە ئەسکەناسە ئیستە مامەلەی بازاری مەکاری [1] .
بینای خانەی وەفا وەك تاقی کیسرا گونگرەی رووخا
ئەمن تازە تەنافی جووت ئەکەم بۆ تەرحی مەعماری [2] .
قسەی ترش و قسەی خۆشم وریٚنەری حالی ناخۆشە
بەبیٚ کەیفی لە زۆرو کەم خەبەر دارینم لەمیقداری [3] .
لە دەسگای نەگبەتا هەرکەس چووە سەر تەختی بەدبەختی
نەدیم ئیقبالی ناگا بۆ وەزارەت بەسیە ئیدباری [4] .

---

(١) رەواج: بڕەو، نەقد: پاك کردنەوە، ئەسکەناسی: پارەی کاغەز.
ئەو رەواجەو بڕەوەی کە جاران هەبو بۆ پارەی سەردەمی کۆن و دێرین بە پارەی کاغەزی ئێستە کە هەیە کرین و فرۆشتنی بازاڕی پێدەکرێت.

(٢) تاقی کیسرا: بەناوبانگترین کۆشکی پاشایەتی بنەماڵەی پاشاکانی ساسانی بووە گوایە خوسرەوی یەکەم درووستی کردووە هەندێکی دیکە دەڵێن هی یەکەمە، ئەو تاقە درێژی ٤٠٠م و پانیەکەی ٣٠٠ م، تا ساڵی ١٨٨٨ز دیمەنی هۆڵی گەورەی ناوەند مابوو ئەو هۆڵە ٢٥,٦٣ پانیەتی و ٤٣,٧٢ درێژیەتی، نزیك بغدادیە لەسەلمان پاك.
هەرچی وەفا هەبوو هیچی نەماو رووخا هەروەکو تاقی کیسرا چەند پتەو بوو رووخا، منیش تازە بەتازە رستە رێك دەخەم کەچۆن بینا درووست بکەم.

(٣) قسەی خۆش و ناخۆشم هەروەکو ئەوەیە کەسێك ئاگای لەخۆی نەبێت و قسەبکات کە وریٚنە پیٚ دەڵێن بەبیٚ کەیف و خۆشی کەم و زۆر ئاگادار نیم.

(٤) ئیقبال: پێشوازی کردن، ئیدبار: پشت تێکردن و روو لیٚ وەرگێڕان.
لە دام و دەزگاکانی نەگبەتیدا هەرکەسێك چووە سەرتەخت بەدبەختی یەخەی دەگرێت نەمدیوە کەسیش پێشوازی لەو وەزارەتە بکات ئیتر بەسیە هەتا کەی ئەو پشت تێکردن و روو لیٚ وەرگێڕانە.

شەوانە لازمە تەشریفی مەنزل بۆ کەسانێکە
خەریکی ئیسراحەت بن بەنازو نیعمەتی ساری[1] .
هەزار حەیفی (حەریقی) کە بەزەوقی خۆم نەبوو جارێ
بڵێ بەخوا زەریفت وت بەمەستی یا بەهوشیاری[2] .
بەخەیاڵی شەوی وەسڵت خەوی هیجرانم دی
بە شەمیمی نەفەست سروەی حیرمانم دی[3] .
چاوی بیمارت ئیشارەتی شیفا ئەنوێنێ
لەخەتی مەسحەفی رووت ئایەتی لوقمانم دی[4] .
سەیری زوڵفت کە لەسەر ئاگری زوڵفت ویستاوە
حەیی بێ جانە لەبەر چاو و بەپەیمانم دی[5] .

---

(١) شەو لازمەو پێویستە هەرکەسێك تەشریف بکات و بێتە میوانی ماڵەوە ئەگەرنا دەبێت ئەوانیش لەشەودا ماوەی حەسانەوەیان هەبێت بەو نازو نیعمەتە بەردەوامەکەی کە هەیە.

(٢) حەیف: بەداخەوە: مەست: بێ هۆش، هەشیاری: بەئاگایی.
هەزار جار بەداخەوە حەریقی کەهیچ جارێك لەجاران بەزەوق مەبەستی خۆم نەبوو هەتا بڵێن دەمت خۆش زۆر باشت گووت بەبێ هۆشی چ بە ئاگایی و هوشیاری.

(٣) وەسل: گەیشتن، هیجران: دووری لەدۆستان، شەمیم: بۆن، سروە: شنەبا، حیرمان: بێ ئومێد.
بەدرێژایی شەو هەردەم لەفکرو خەیاڵی ئەوەمە کە پێت بگەم تاکو خەوم لێ کەوت لەخەوما خەونم بەدووری تۆوە دی بەڵام بەبۆنی نەفەست تووشی نائومێدی کردم.

(٤) بیمار: نەخۆش، مەسحەف: کتێب، ئایەت: نیشانە، لوقمان: لوقمانی حەکیم.
بەئاماژە کردنی چاوی نەخۆشت کەوا شیفای بۆدێت لە یەکە یەکەی دێرەکانی کتێبی رووت کە هەموو شتی تێدا نووسراوەتەوە نیشانەو ئامۆژگاریەکانی لوقمانی حکیم بینی.

(٥) حەیی: مار، بێ جانە بەبێ گیانە.
وەرە سەیری زوڵفت بکە کە چۆن شۆڕ بۆتەوە بەسەر رووت رێك و راست راوەستاوە بەسەر رووی ئاگریت کە دەدرەوشێتەوە ئەوەش هەردەڵێی مارێکی بێ گیانە لەبەرچاو بۆیە داوای پەیمانم لێ کرد.

بەهـــەوای عەرعـــەری قـــەددت لەخـــەیابانی خـــەیال
شـــیعری بەرجەســـتە وەکـــو ســـەروی خـــەرمانم دی[1].
روخـــی نـــەورۆزی نـــەبو خێـــز خـــەتی ماتـــەمی گـــرت
رۆژی ئیمســـاک و شـــەوی قـــەدری حـــەبیبانم دی[2].
بەخـــەیاڵ چـــوومە گولســـتانی ئـــیرەم بـــێ گـــولی روت
دوور لـــە شـــەوقی روخـــی تـــۆ کەلبـــەی ئـــەحزانم دی[3].
گەوهـــەری مـــەعنا لـــە دەریاچـــەی دڵ دێنمـــەدەر
تـــا لەحوقفـــەیی دەهنـــت لـــەعلی بەدخشـــانم دی[4].

---

(١) عەرعەر: لوتکەی دار لەئەدبیات بەقەدی جوانی یار دەگوترێ، خەیابان: شەقام.
هـەر بەخۆشەویستی قـەدی باریـك و رێـك و جوانـت لەسـەر شـەقامی خـەیاڵ دەرۆم ئـەو شیعرانەش هەموو بەرجەستە کراوە کە ئەو قەدو باڵات هەروەکو داری سـەرو بـەرز و جـوان یاخود ئەو هێلە گەشەیە کە چواردەوری مانگی داوە.

(٢) روخ: روو دەمـو چـاو، نـەوخێز: تازەپێگەیشـتوو، رۆژی ئیمسـاك: رۆژی رەمـەزان، شـەوی قەدر دە رۆژە تاکەکانی مانگی رەمەزان، حەبیب: خۆشەویست.
دەموچاوی گەشی وەکـو ئـاگری نـەورۆز دەدرەوشـێتەوە ئـەو دەموچـاوە گەشـە کـە تـازە پێگەیشتووە خەریکی ماتەم گرتنە رۆژی رەمەزان و شـەوی قـەدر لەهـەردووکیان دۆسـت و خۆشەویستان دەبینم.

(٣) گولسـتانی ئـیرەم: باغچـەی ئـیرەم شـەدادی کـوڕی عـاد درووسـتی کـردووە بەبەهەشـتی شەدادیش بەناوبانگە بە خەیاڵی خۆی ئەوەی لەبەهەشت هەیە لەوێش هەیە، ئەحزان: خـەم و خەفەت.
بەخەیاڵ چوومە باغچەی ئیرەم بەڵام بێ ئەوەی گوڵی روت لەگەڵمدا بێت هەروەها دوور لە شەوق و جوانی روو و دەموچاوی تۆ سەگی خەم و خەفەتم دی.

(٤) حوقە: سندوقێکی بچووك کە شتی گرانبەهای تێدا هەڵدەگیرێ، دەهن: دەم.
هەرچی شتی گران بەها هەیە وەکـو گەوهـەر لـەدەریای دڵ دەیهێنمـە دەرەوە دەمـت هـەر دەڵێی ئـەو سـندوقەیە کەشـتی گرنـی تێـدا هەڵـدەگیرێ واتـە ئـەو شـتانەی لـەدەمت دێتـە دەرەوە هەروەکو لەعلی بەدخشان وایە.

هەر بەئاودا چوو سەفینەی غەزەلی بەحری خەیاڵ
لەجیاتی سوودی مەتاعم زەرەرو زیانم دی[١] .
لەیەکن دیدەی فتیلەی مژدەو روغن ئاه
بۆ شەوی وەسلی لە سەدلاوە چراخانم دی[٢] .
لەنەوای تەغنیە بولبولی دەوری گوڵ رووت
لەهەموو مورغی چەمەن ناڵەو ئەفغانم دی[٣] .
گەوهەری نەزم و دوری مەعناو لەفزی سەدەفم
بردە بازاڕی نەزەر موشتەری نادانم دی[١] .

---

(١) خەیاڵم وەکو دەریایە و سەفینە غەزەل تێدا هاتوچۆ دەکات جا ئەو شتانەی کە هەم بوو هەموو بەئاودا رۆیشت جا لەجیاتی ئەو سوود لە کەلوپەلەکان وەربگرم زەرەرو زیانێکی گەورەم کرد.

(٢) دیدە: چاو، فتیلە: ئەو دەزوەی لەناو نەوت دایەو ئاگری تێبەر دەدرێت بۆ رووناکی، روغن: رون، چرا: رووناکی.
هەردوو وەکو یەکن فتیلەو چراو لەگەڵ ئەو رۆنەی کە دەسووتێ ئا لەو شەوەی کە بەتۆ گەیشتم تۆم بینی لەسەدلاوە چرام دی گە دەوروپشتی رووناك کردبنەوە ئەوشەوە بەهۆی چراخانی تۆوە بدە رۆژەی رووناك.

(٣) نەوا: ئاواز، تەغنیە: گۆرانی، مرغ: باڵندە، ئەفغان: گریان و شیوەن.
لەئاوازی گۆرانی بولبول کە دەڵێ بەگوڵی رووت لەهەموو باڵندەکانی چەمەن گوێم لەدەنگی ناڵەو گریان و شیوەن بوو.

(١) هۆزنینەوەم هەروەکو گەوهەرە لەماناشدا هەروەکو دوڕە دەبرینیشم وەکو گیانداری سەدەف وایە لەناو دەریادا ئەوانەم هەموو بردە بازاڕ بۆ ئەوەی بییان فرۆشم بەڵام کڕیار نەبوو.

لەقوبالـــەی کـــەرەمی ئـــەهلی هونـــەر تـــێ فکـــریم
وەکـــو ئەشـــعاری (حـــەریقی) خـــەتی بـــوتلانم دی[1] .

(١) قوباله: بەرامبەر، کەرەم: بەخشندە، ئەشعار: دروشم.
لەبەرامبەر ئەو کەرەم و بەخشندەی ئـەهلی هونـەر ورد بوومـەوە تـێ فکـریم ئەوانـە وەکـو دروشمەکانی حەریقی وان بۆیە خەتی خوارو خێچم بینی کەمووی تازە هـاتووی دەموچـاوی گەنجانە.

لەخەرمانی ئەمەل مێروی عەمەل جەزبی نەکرد دانێ
لەزەیقەت خانەدا ترسم هەیە ئاخر سەری دانی[١].
ئەڵێن جەردەی ئەجەل رێگا بەکاروانی نەفەس ئەگرێ
شەقامی سینە دەبڕێ بۆ مەتاعی دیدە ئەڕوانی[٢].
تەریدەی نەفس و شەیتان قافلەی تاعاتی غارەت کرد
ئەگەر جاسووسی ئیمان نەبێ دەرناچێ ئینسانی[٣].
تەرازووی تاعەت لەنگە هەتاکەی ئەم سەرو ئەوسەرتە
بەپار سەنگی حەیا دەس هەڵبڕە بنواڕە میزانی[٤].

---

(١) خەرمانی ئەمەل: دەست کەوتنی هیواو ئارەزوو، جەزب: راکێشان، زەیقەتخانە: ماڵی تەنگ و ناخۆش.
لەبەدەست هێنانی و دەست کەوتنی هیواو ئارەزوو کردەوەکاندا ئەو هەموو ئیشە بۆلای خۆی رانەکێشا ترسی زۆرم هەیە لەو ماڵە تەنگ و تاریکەدا دواجار سەری خۆی تێدا دانێ (دەبێت ماڵی تەنگ و تاریك مەبەستی گۆڕ) بێت.
(٢) جەردە: رێگر، مەتاع: کەلوپەل.
دەڵێن ئەجەل رێگرەو هەرجارێ رێگا بەکاروانی نەفس دەگرێ و دەیکوژێ هەربۆیە شەقامی سینە دەبڕی و چاو دەگێڕێ بۆ کەلوپەلی بەرچاو تاکو بیگرێت.
(٣) تەریدە: دزو رێگر، قافلە: کاروان، غارەت: تاڵان کردن.
دزو جەردەو رێگری نەفس و شەیتان هەرچی کاروانی تاعەت هەبوو هەمووی بەتاڵان برد، جا ئەگەر جاسووی ئیمان نەبێ هیچ کەسێك لەو دزو جەردەیە رزگاری نابێت.
(٤) تەرازوو: کێشانە، لەنگە: ناهاوسەنگ، پارسەنگ: هاوسەنگی راگرتن.
کێشانەی تاعەت و خواپەرستی نا هاوسەگە جا هەتاکەی ئەو سەرو ئەوسەری دەکەی کێشانەکە هاوسەنگ ناکەی جا پارسەنگی حەیاو شەرم بگرەو دەست هەڵبڕە ئینجا تەماشای کێشانە بکە.

بـــەس بـــێ تاعـــەتی رووکـــەش مەڵـــەک ســـەرافی ئەعمالـــە
موحەســـیل نەقـــدی قـــەلب و نـــارەوا ناباتـــە دیـــوانی[١] .
ئـــەوا بـــەردی ئەجـــەل هـــات و لەشوشـــەی عومریداســـاقی
بـــەقوربانی پیالـــەی چـــاوەکەت بم تێکـــە فنجـــانی[٢] .
حـــەیات خـــۆ چـــوو لـــەنیو جامـــەی حـــەیاتی عاریـــەت بـــی عـــار
ئـــەوا داوای ئەکـــەن چ بکـــەم (حـــەریقی) رێگـــەی رجـــا کـــوانی[٣] .

---

(١) رووکەش: بەرچاو ریا، مەلەك: مەلائکەی گیان کێشان، موحەسیل: بەدەست هاتوو، نقدی قلب: جیاکردنەوەی پارەی تەزویر لەپارەی دیکە.
بەسە هەتاکەی خواپەرستی لەبۆ ریایی ئەوە مەلائکەی گیان کێشان هەموو کردەوەکانی خوردەکاتەوە کردەوەی چاك لەهی خراپ جیادەکاتەوە جا ئەوەی بەدەست دێت پارەی دروستەو ئەوەی دیکە ناباتە دیوان کردەوەش هەروایە ئەوەی بۆ خوایە وەردەگیرێ ئەوەی دیکە بەرووبدا دەدرێتەوە.

(٢) بەردی ئەجەل هات لەشوشەی دڵی داو شکاندی هەروەکو چۆن بەرد بەشوشە دەکەوێت و دەشکێت ئەجەلیش هات دڵی لەلێدان راوەستاند جا ساقی بەقوربانت بم تێکە فنجانێك هەتا ئەو بەردە نەهاتووەو بەشوشەی دڵم بکەوێ.

(٣) ژیان هەموو تێدا چوو لەنێو جامەی ژیانی رووتی رەجالی ئەی کەسی بێ عار ئەوا داوام لێ دەکەن ئێستا چ بکەم حەریقی کوا ئێستا کاتی رجایە کاتی رجاش بەسەر چووە.

لەگۆشەی گولخەنی تەن تابەکەی ئیمانی حوسیانی
بەئیمانی شەهودی بێرە نێو ئەسراری سوبحانی[١] .
مەڵێ تاریکە رێگەم پەرچەمی پڕ خەم دەبەستی ئەم
شوکر وەک رۆژی رووناکە سفیدەی سوبحی پیشانی[٢] .
دەمێکە هەروەکو بولبول لەسەر چڵ سەرچلی شێتی
زەمانێکیش وەرە سەیری نەمامی باغی عوسمانی[٣] .
ختورەت رێی حوزوری بەستوی بو مەجلس باقی
دەترسم قەد نەبێ لاقی کەوا تاقی دڵە فانی[٤] .

---

(١) گوڵخەن: کورخانی گەرماو، شهود: کۆی شاهیدە دلبەر، ئەوەی شت دەبینی دەگێڕێتەوە، سوبحان: بەدڵسۆزی یادی خواکردن، ئەسرار: کۆی سرە نهێنی.
هەتاکەی لەگۆشەی کولخانی گەرماودا ئیمان بە بە ئەسل و نەسەب بێت بەئیمانی ئەوەیە شتێك ببینێ لە دلبەرەکەت کە هیچ شتێك بەنهێنی نابێت تەنها خودا پەرستی نەبێت.
(٢) سەفیدەی سوبح: رووناکی بەرەبەیانی.
مەڵێ رێگا تاریکە چونکە دولبەر پەرچەمی رێگا دەگرێت چونکە پەرچەم رەشەو تاریکایی لەرەشەوە هاتووە، ئەو پەرچەم رێگای خەم دەبەستێ شوکرو سوپاس بۆ خوای گەورە رۆژەکەی گەش و رووناکی هەروەکو رووناکی بەرەبەیانی.
(٣)هەروەکو چۆن بولبول شێت و شەیدای سەرچلە بۆ ئەوەی لەسەر ئەوچڵ بخوێنێ تۆش بولبول ئاسا شێتی سەرچڵی، کەوایە ماوەیەکیش وەرە و سەیری نەمامی باغی عوسمان بکە.
دەبێت باغی عوسمان مەبەست ئەو کەسانە بێت بەتایبەتی شێخ یوسف شمس الدین کە پیری حەریقی بووە باغی عوسمان مەبەست شێخ عوسمان سیراجەددین بووە لەبەردەستی پێگەیشتووە.
(٤) ختوورەت: بەبیرهاتنەوە، حزوری: ئامادەبوون.
بەبیرهاتنەوەی تۆ رێگای بەستووە و گیراوە لەئامادەبوونی تۆدا کە بچیتە ناو کۆڕو مەجلیس لەوە دەترسم قەد لاقی نەبێت بۆئەوە بگاتە ئەو دڵە لەناو چووەی خۆی.

هەتاکـــەی تـــۆ لەغەفلـــەت دا دەنۆشـــی ژەهـــری خاموشـــی
ئەگـــەر عـــەقڵت هـــەبێ بەســـیە زەمـــانی جـــەهل و نـــادانی[1].
وەکـــو شـــانە هـــەتا جەمعـــە خـــەیاڵت بـــۆ پەرێشـــانی
بەدیـــدارت قەســـەم ئـــاخر پەرێشـــان و پەشـــیمانی[2].
دەبیـــنم هەرکەســـێ توحفـــەی خولوســـیەت لەگـــەڵ تاعـــەت
دەبـــا بـــۆ خزمـــەتی مورشـــید بەقـــەلبی پـــاکی نـــورانی[3].
منـــیش بـــاری خەجالـــەت وا لەسەرشـــانم کـــە نـــاتوانم
لـــەژێر پـــاپی لەبـــەردپێ نـــێم خـــودا هـــەرتۆ کـــە رەحمـــانی[4].

---

(١) خامۆش: هێمن و ئارامی ئاگر کە گڵپەی نەمێنێ دەڵێن ئاگرەکە خامۆش بووە.
هەتاکەی تۆ لەبێ ئاگاییدا دەژی و لەنێو خۆتدا ژەهری بێ دەنگی و ئارامی دەنۆشی هەروەکو ئەو ئاگرەی گڕی گەرمی تێدا نەمابێ تەنها ئاگردانێکی ساردو سڕە جا ئەگەر تۆزێك عەقڵت هەبێ بەسەو سەردەمی نەزانی و نادانای بەسەرچوو.
(٢) پەرێشان: بەرش و بڵاو لەئەدەبیات بۆ زولفی ئاڵۆزو شێواو بەکاردێت.
هەروەکو شانە چۆن موەکانی سەر رێك دەخات بیری تۆش ئەوها کۆبۆتەوە لەسەریەك شت چاکە وایە بۆ هێندە پەراگەندەی سوێند بە دیدارت بێت کۆتاییەکەی ئەوها پەرش و بڵاو دەبێت هەتا پەشیمان دەبێتەوە ئەوکاتەش پەشیمانی سوودی نابێت.
(٣) توحفە: شتی بچووك و بەنرخ، خلوسیەت: دلسۆزی.
هەرکەسێك من دەبینم شتێك بەدڵسۆزی بکات وەکو شتێکی بچووك و بەنرخ لەگەڵ خوداپەرستی ئەوشتانە دەبات بۆ خزمەت مورشیدی بەدڵێکی پاك و نوورانی.
(٤) خەجالەت: شەرمەزاری، رەحمان: میهرەبان یەکێکە لەناوە جوانەکانی خوا.
من بارێك شەرمەزاری لەسەر شانمە، کە ناتوانم ئەوپارە هەڵبگرم جا وا باشە ئەوانە هەموو لەژێر پێدا بنێم خودایە تۆش پشت و پەنام بیت چونکە خۆت میهرەبانی.

خیتابـــاتی جـــەدەل ئـــەمڕۆ یەقینـــە ســـەختەی مـــەحزە
نەتیجـــەی ئـــەوەلی فکـــرم قیـــاس کەوتـــە بورهـــانی [١] .
ئـــەڵێن هاتۆتـــەوە شەخســـی بـــە ئیســـمی ئەشـــرەفی عالـــەم
جـــەنابی ســـەیدی ئـــەکرەم شـــەفیعی قـــاس و دانـــی [٢] .
لەکەعبـــەی عارفـــان هەرئـــەو لـــەبۆ زومـــرەی موریـــدانی
فیـــوزاتی نەســـیبی عالـــەم موشـــتاقی خـــۆی هـــانی [٣] .
بچـــین بـــۆ خزمـــەتی چـــاکە بـــە ئیســـلاحێکی مەردانـــە
دوعامـــان بـــۆ بکـــا بەلکـــە لەشـــەڕی نەفســـی زولمـــانی [٤] .

---

(١) ختابات: کۆی ختاب قسەو وتوویژ، جەدەل: گفتوگۆی تیژو تون، مەحزە: بەخالسی پاك.
ئەمڕۆ قسەو وتوێژی تیژوتوند بەخالسی بۆ شتی هیچ و نادروستە دەرەنجامی یەکەمی بیرکردنەوەم وەکو پێوەرێك کەوتە سەلماندنی قسەکان دەکرێت بورهانی مەبەستی شێخ بورهانیش بێت کە بیرکردنەوەی جاری یەکەمی راست دەرچووبێت کە شێخ بورهان دوورە لە گفتوگۆی نادرووست.

(٢) دانی: نزیك، قاسی: توندوتیژ، ئیسمی ئەشرەفی عالەم: ناوی گەورەی جیهان.
دەڵێن هاتۆتەوە کەسێك بەناوی گەورەی هەموو جیهان بەرێز گەورەی رێزگیراو تکاکاری نزیك دوور دەبێت مەبەستی پێغەمبەر بێت (ﷺ).

(٣) عارفان: خواناسان (کۆی عارف)ە، زومر : کۆمەڵ–دەستە، خویز: بەهرە، موشتاق: پەرۆش–ئارەزوومەند.
لەکەعبەی خواناساندا هەر ئەو لەدەستەو کۆمەڵەی موریدانەو بەهرەو نەسیبی جیهان ئارەزوومەندانی خۆی بۆ هێناین.

(٤) ئیسلاح: چاك خواز.
واباشە بچین بۆ خزمەتی بە هیواو چاکە خوازێکی مەردانە دوعامان بۆبکات بەلکە لەشەڕی نەفسی زاڵمان بمان پارێزی.

وەکـــو پەروانـــە هـــەر لـــەحزە (حریقـــی) شـــەمعی جـــەمعێکم
خـــوا کـــەی منـــەوەربم بـــەنووری مـــاهی تابـــانی[١].

(١) ماه: مانگ، تابان: درەوشاوە، هەر لەحزە: هەرکاتێك.
من هەروەکو پەپوولە لەهەرکاتێك حەریقی وەکو مومێکم کەکۆیان دەکەمەوە هەروەکو چۆن پەپوولە لەدەوری مۆم دەسووڕێتەوە عەشقی ئاگرە تاکو خۆی دەسووتێنێ خوایە کە درەوشاوەبم بەو رووناکییەی وەکو مانگی درەوشاوەیە.

خـــوا لەدەســـت شـــۆخی کـــەوەختی عیشـــوە ئـــەنوێنێ
ســـرری تۆبـــەی مـــەلاو راهیـــد بەنۆبـــەی جلـــوە ئەشـــکێنێ[1] .
ســـــتوونی قامـــــەتت راگرتـــــووە بـــــەخیوەتی دیـــــنم
خـــوا بـــۆ طـــولی عـــومرت ئـــەو تـــەناف و دارە ناپســـێنێ[2] .
لـــە رەمـــزا حکمـــە العـــین ئیشـــارەی چـــاوی بیمـــاری
بـــەقانوونی ئـــەدەب ئایـــەی شـــیفا بۆئێمـــە ئـــەخوێنێ[3] .
نەخۆشـــی دەردی هیجـــرانم، وســـالی تۆیـــە دەرمـــانم
شـــیفام نـــایی مەگـــەر بـــۆنی نەســـیمی پەرچـــەمت بـــێنێ[4] .

---

(١) عیشوە: ناز فرۆشتن یان کاری شاراوە، جلوە: ئاشکرا کردن.
هاوار خوایە لەدەست شۆخێکی جوان و ناسك کەکاتێك ناز دەفرۆشێ خۆی بەناز پێشان دەدات، بەونازەی خۆی هەرچی نهێنی تۆبەی مەلاو زاهیدان هەیە ئەوجارە بەئاشکرا کردن دەشکێنێ.
(٢) گول عومرت: تەمەن درێژی، تەناف: رستە.
قەدو بالات هێندن رێك و پێکە هەروەکو کۆڵەگە وایە کاتێك دەدرێتە ژێر رەشماڵ و رەشماڵی پێ رادەگیرێ ئایینی منیش وەکو ئەو رەشماڵە وایەو تۆش بویتە ئەو کۆڵەگەیە بۆ راگرتنی دینم، خوای گەورەش تەمەن درێژیت ئەو رستەو کۆڵەگەیە ناپسێنێ و راگیری دەکات.
(٣) رەمز: رازی نهێنی، حکمە العین: دانایی و ئاماژەکردن بەچاو تێگەین لە ئاماژەکردنی چاو، بیمار: نەخۆش.
بەدانایی و تێگەیشتن و فەلسەفەی چاوەکانی هەرچی رازی نهێنیەکانی چاوی ئیشارەی کرد کە نەخۆشەو پێویستی بە شیفا هەیە بۆیە بەیاسای ئەدەب ئایەتی شیفا هەیە دەخوێنێ
(٤) هیجران: دووری، وسال: بەیەك گەیشتن، نەسیم: شنەبا.
نەخۆشم دەردی جودایی تۆم هەیە، دەرمانی ئەو نەخۆشیەم بەیەك گەیشتنی تۆیە شفام نابێ تەنها بەهاتنی شنەی بایەی کە بۆنی پەرچەمتی لێوە دێت.

خەیالی نەو بەهارو سەیری گولزاری عزیزانم
گەهی بو رووی گوڵ گاهێ لەبۆ سەبزەی خەتم دێنی[١].
زرێی زوڵف و موژەی تیرو بڕۆی شمشێری راکێشا
لەزومرەی عاشقانی خوێن بەهای روخساری دەستێنی[٢].
لەرێی بادەی پیاڵەی چاو شوشەیی گەردن ساقی
کەسی گەر ئابروی بێ رەنگە جامی عەیشی بڕژێنی[٣].
ئەزانێ بۆ تەرازوی زولفی سەرناکا لەهیچ لاوە
بە پارسەنگی حەیا دەستی لەمیزانا ئەبزوێنی[٤].

---

(١) خەیاڵ و بیروهۆشم هەر لەلای بەهاری تازەو جواندایە کەسەیری ئەو بەهرە دەکرێت لەدۆست و برادەرانی خۆشەویستم جارێکی بۆ رووی گوڵ دەروانم و جارێکیش بۆ سەوزەگیانی تازە سەردەرهاتووی سەردەردێنێ.

(٢) زرێ: ئەو ئاسنەی شەڕکەر بەسەر سنگیدا دەهێنێ بۆپاراستنی لەتیری دوژمن، موژە: برژانگ، خوێن بەها: نرخی خوێن.
زولفەکانی هەروەکو زرێ وایە بۆ پاراستنی رووی گەشی و مووی برژانگەکانیشی هەروەکو تیر وایە و کاتێك تیر دەهاوێت جەرگ دەپێکێ و برۆکانیشی شیری لێ راکێشا لە دەستەو تاقمەی عاشقان داوای نرخی خوێن لەروخساری دەکات.

(٣) بادە: مەی، عەیش: کامەرانی و خۆشی.
لەرێگای پیاڵەی چاو و گەردەنی شوشەیی ساقی پیالە پڕ لە مەی بکە، گەر هەر کەسێك ئابرووی هەبێت رەنگە خۆشی و کامەرانی لەوکاتەدا برژێنێ.

(٤) تەرازوو: کۆمەڵە ئەستێرەیەکە لەئاسمان بورجی حەوتەم.
ئەزانی زولفی ئەولاو ئەولا ناکات لەنێوان ئەستێرەکانی ئاسماندا چونکە پارسەنگی حەیای راگرتووە دەستی لەناوەراستدا ئەبزوێنێ.

(حـــەریقی) نـــاری هیجـــران و غـــەریقی ئەشـــکی حیرمـــانم
ئەگـــەر ئـــەم بـــێ ئـــەختکێنێ ئەگـــەر ئـــەوبێ ئەســـووتێنێ[1] .

(١) نار: ئاگر، هیجران: جودایی، غەریق: نقوم بوو، ئەشك: فرمێسك، حیرمان: نائومێدی.
حەریقی کەوتۆتە ناو ئاگری دووری جودایی لەلایەك لەلایەکی دیکەوە نقوومی فرمێسکی نائومێدی بووە جا ئەگەر نقومی فرمێسکی نائومێدی دەبێت ئەوە دەخنکێ و ئەگەر لەناو ئاگرە ئەوە دەسووتێ.

لەلام وابوو کە تۆ سەید رەشید یار بۆ یاری
لەمولکی میهرەبانیدا لە یارانی وەفاداری[1].
لەگەڵ هەر زەرە بۆ جلیوەی جەلای میهری جیهان ئارا
لەشۆقی مشتەری نووری قەمەر وەک زوهرە سەبیاری[2].
جیواری رەحمەت و دەسگاه پیشتگای عەدل و ئینسافی
لە دەربارەی فەقیران راست ئەمین و ئەهلی دەرباری[3].
لە زومرەی چاوەشانی بارەگای باری سەلای عامی
لە حەلقەی مەهوشان سەرخۆش و هەم مەست و هوشیاری[4].

---

(١) باس لە کەسێك دەکات کەناوی (سەید رەشید)ە.
من وا هەستم دەکرد سەید رەشید کە تۆ یارێکی بۆیاری کردن بوو، لەبەخشندەیی و میهرەبانیدا لە دۆستە وەفا دارەکانی، لەنێوان یاری و یاری جناس مطابق هەیە.
(٢) جلیوە: خۆ بەدیارخستن، جەلا: ئاشکرابوون، جهان ئارا: جیهان رازاوە، قەمەر: مانگ، زوهرە: یەکێکە لە ئەستێرەکانی کۆمەڵەی خۆر، میهر: خۆشەویستی.
لەگەڵ بەدیارخستن و ئاشکراکردنی هەر زەرەیەك لە خۆشەویستی ئەو جیهانەی کە رازاوەتەوە لەشەوقی موشتەری رووناکی مانگ و هەروەکو زوهرە لە هاتوجودایی.
(٣) جیوار: بەناو دالدەدان.
ئەتۆ کەسێکی پەنان و دالدەی رەحمەتی و دەزگای خێرو پیشاندانی دادپەروەری ئەهلی وەفاو ئیحسانی دەربارەی هەژارو بێ کەسانیش کەسێکی راست و ئەمین ئەهلی چاکەی.
(٤) سەلا: بانگ کردن بۆ نوێژ.
تۆ لە دەستەو تاقمەی چاوەشاندا و لەبارەگای حەق هەر بانگی گشت دەکەی لەناو کۆری بێ هۆشاندا سەرخۆشی و هەمدیسان مەست و هوشیاری.

تەلیعەی فەوجی ئەوج و یاوەری سوڵتان و سەرهەنگی
لەسەربازانی مومتازی لەسەر عەسکەر قوماندارى[1] .
چەخێر بوو دەوری بەزمت بێ سەدای شاباش چاوەش چوو
نەوای تارت چەنێ تاربوو دەمی پێک ساز نەهات باری[2] .
نەوەک من دوورە رێ بێ چاوەڕێ ماوم لەبەر چاوان
لەدەس چووم لەپێ کەوتووم بەسەر زیندووم بە بیماری[3] .
نەقورعەی من لەجیبی جامەخانەی مەرحەمەت دەرهات
نەروقعەی تۆ بەرەسمی توحفە دیداری بووە دیاری[4] .

---

(١) تەلیعە: پێشڕەو، فەوج: کۆمەڵ، ئەوج: شوێنی بلند.
کۆمەڵ کۆمەڵ و دەستە دەستە دێن تۆش پێشڕەویانی و لەبەرزترین پلەی هەر تۆ یاوەری و سولتان و سەرهەنگی لەنێو سەربازانیشدا گەلێك چاپووك و دیاری لەسەر سەربازانیش تۆ فەرماندەیانی.

(٢) سەدا: دەنگ و ئاواز، شاباش: ئەو دیارییەی دەدرێتە زورنا لێدەر لەشاییدا، چاوەش: زورنا لێدەر، نەوای تار: دەنگی تاڵی مۆسیقا، تار: تاڵ، پیك: ئامێرێکە لەقامیش درووست دەکرێت و لەناو زورنا دادەنرێت بەهەوا دەنگی لێوەدێت.
چ خێربوو دووری ئەو بەزم و رەزمەت بەبێ دەنگ و ئاوازی شاباشی چاوەش بوو دەنگی ئامێری تاری مۆسیقا گەلێك تاڵ بوو چونکە پیکەکە ساز نەکرابوو.

(٣) نەوەکو وەکو من رێگای دووربێت هەر لەچاوەڕوانی دام لەبەر چاوان دیارم بەهۆی ئەوەشەوە لەدەست چووم و لەپێش کەوتوم تەنها بەسەر زیندووم ئەگینا ئەوا مایمەوە بەنەخۆش پەك کەوتوویی.

(٤) قورعە: بە هەڵبژاردن تیروپشك، روقعە: نامە–جۆرە خەتێکە.
بەتیرو پشك لەباخەلی مندا جامە دەرهات کەوتە نێو خانەی مەرحەمەتەوە بەهۆی ئەو نامەوە کەتۆ بەشێوەیەکی رەسمی ناردت بۆمن بووە شتێکی گەلێك بەنرخ ئەوە بووە گەورەترین دیاری.

دراهـــم ســـەرفی مـــەمنوع و ئیضـافـــە جـــورمی مفتـــوح
لەبـــەختی رەش کـــەوتم روو ســـورو مـــن روو زەردی[1] .
کـەتۆش هـیچ بـووی، وەکـو مـن بـا لەمـەولا روو لەوەلاکـەم
بەخوا غـەیری مـن و تـۆ وەك مـن و تـۆ بـوون مـەددکاری[2] .

---

(١) دراهم: کۆی درهەمە–پارە، سەرفی مەمنوع ئیضافە: بابەتی نەحوی عەرەبی.
مەسەلەی دراهم واتە پارەو سەرفی مەمنوع شتی دیکە بونە مایەی بەختی رەشی مـن بـەلام ئێستا شوکر بەختی رەشم لەسەر لاچووە و ئێستا روو سووری دنیاو قیامەتم.
(٢) لەمەولا: لەمەودوا، لەمەولاکەم: روو لەخوا بکەم، مەدد: یارمەتی دار.
کەتۆ هیچ بووی وەکو مـن بـا لەمـەودوا روو لـەخوای گـەورە بکـەین چـونکە بەغـەیری خـوا کەسی دیکە وەکو من و تۆ نابیتە یارمەتی دەری.

پیربووم و ژیر نەبووم بۆ تەجرەبەی کاران
بارانی فرمێسکم باراند لەدوری یاران[١] .
سەرتاپام شین کرد سەوزەی رووی گوڵزاری
ئاوی چاوم سوور بوو بۆ سەروی جۆباری[٢] .
لەخەوی غەفلەتا هاتمەوە بێداری
دیسانەوە چوومە سەر شیوەن و زاری[٣] .
تۆ ئەنۆشی سوحبەت و رازی شەوی وەسلت
تۆ دەنیشی فیرقەت و زاری رۆژی فەسلت[٤] .

---

(١) تەجرەبە: ئەزموون، یاران: برادەران و خۆشەویستان.
پیربوم و کەوتمە ساڵەوە تۆزێك عەقڵ فێرنەبووم و ژیری فێرنەبووم لەکەسانی خاوەن ئەزموون و دنیادیدە بۆیە ئێستا پەشیمان بوومەتەوەو فرمێسك دەبارێنم هەروەکو باران ئەویش لەدوای دۆست و خۆشەویستانەوە.
(٢) سەرد: درەختێکی گەڵا باریکەو هەمیشە سەوزە، جوبار: چۆگەلە زێی بچووك.
سەرتاپای تەمەنم هەر شین کردن بوو بۆ رووخساری کە هەروەکو گوڵزار وایە ئاوی چاویشم سوور هەڵگەڕا و بووە جۆگەیەك بۆئەوەی قەدی جوانی باریکی کە وەکو دار سەرو وایە هەتا ئاوی بدات هەربەو ئاوەش بۆیە هەردەم سەوزە.
(٣) غەفلەت: بێ ئاگایی، بێداری: بەئاگا هاتنەوە، شیوەن و زار: شیوەن و گریان.
لەخەوی بەئاگایدا بەخۆ هاتمەوە و کەوتمەوە سەر هۆش خۆم، کاتێك بەئاگا هاتمەوە دیسان کە کەوتمەوە سەر شیوەن و گریان.
(٤) سوحبەت: هاوڕێیەتی و تووێژ، فیرقەت: دووری جیابوونەوە، فەسل: لێك دابڕان.
ئەتۆ هاوڕێیەتی وتووێژ دەنۆشی و رازەکانی شەوی بەیەکگەیشتن دەدرکێنی دیسان تۆ دەنۆشی دەردی دووری و جیابوونەوەو شین و گریانی رۆژی لێك دابڕان دەنۆشی.

بـــه پـــەیکانی مـــوژەت چـــەند جـــارت پێکـــاوم
لـــەمیحرابی ئـــەبرۆت بەســـتم و گـــیراوم[١].
تـــۆ وە ئەگریجـــەی خـــاوت تـــۆ وە زولفـــی لاولاوت
بـــەبێ دانـــەی خاڵـــت مەخـــەرە نێـــو داوت[٢].
بـــە پـــەرژینی زوڵفـــت رووی گوڵـــت شـــاردەوە
دڵـــم نـــارد بـــەدیاری.. بۆچـــیت نـــاردەوە[٣].
یـــاخوا بـــێ قـــەزابی لـــوتفی تـــۆ هەروایـــە
درێغـــیم لـــێ ئەکـــەی بـــۆ تاقـــە هەودایـــە[٤].

---

(١) پەیکان: سەرە تیر.
چەند جار بەسەرە تیری مووی برژانگەکانت جەرگ و دڵمت پێکاوە ئێستا جووتە برۆکانت هەردوو میحراب وایە لەوێدا من بەستاوەتەوە منت گرتووە.
(٢) زولف: کەزی= بسك.
سوێند بەپەرچەمی خاوت و بەهەردوو کەزیت کە وەکو لاولاو شۆڕ بوونەتەوە وە بێ دانەی خاڵت من بەبێ گوناه مەخەرە داوی خۆتەوە.
(٣) پەرژین: شورە بەدەوری باخدا درووست دەکرێت.
زولفەکانت شۆڕ کردبۆوەبەسەر روومەتەکاندا، روومەتت گەش و جوان هەروەکو گوڵ وایە جا زولفەکانت کردە پەرژین بۆ رووی گوڵت و گوڵەکان شاردرانەوە منیش لەبری ئەوە دڵم نارد بەدیاری بۆتۆ، بۆ قبووڵت نەکردو بۆت گەڕاندمەوە.
(٤) هەودا: تاڵەموو.
یاخوا بێ قەزاو بێ وەی و سەلامەت بی تۆ بەرامبەر بەمن لوتفت هەروایە، بەڵام ئێستا دەڵێم درێغی و کەمتەرخەمیم لێ نەکەی بۆ تاڵە موویەك، رەوانە ئەگەر تالە موویەکیش بنێریت بۆمن هەر بەزۆری تێدەگەم.

تۆ وە جامی لەب ریزت تۆ وە غەمزەی خوێن ڕێژت
تۆ وە دەست پارێزت بابەس بێ گریزت[١] .
تۆ وە ریزەکەی زارت تۆ وە چاوەکەی بازت
تۆ وە تیرەکەی نازت بەس بێ گیرو گازت[٢] .
لەبەر جلوەت مردم نیقابی رووت لادە
لەبەر عیشوەت مرم چاە پیاڵەی بادە[٣] .
ئاوڕێکم لێ وەدەوە حەیاتم تازەکە
جەرگت پارە کردم بەتیرە تازەکە[٤] .
بەوەعدەی خیلافت گۆی سەرت شکاندم
بەچۆگانی زولفت دڵت لێ فڕاندم[٥] .

---

(١) لەب: دەم، غەمزە: ناز، قسەکردن بەچاو و برۆ.
سوێند بەو جامەی بەسەر لێوتەوەیەو دیسان سوێند بەو چاوەی کە بەنازەوەقسەی پێ دەکەی و دەمکوژیت و دەبێتە هۆی خوێن ڕشتن توخوا دیسان سوێند بەو دەستە کە خۆت دەپارێزی بابەس بێت خۆ لادان لەمن چیتر بەرگە ناگرم.
(٢) سوێند بەگریان و شیوەنت کە فرمێسك لەچاوە جوانەکانت دێتە خوارێ هەر دەڵێی چاوی بازە سوێند بەو تیرەی کە بەناز دەهاوێی بەسە هەراو هۆریا.
(٣) نیقاب: پەچە، عیشوە: باز فرۆش، بادە: مەی.
لەبەر خۆپیشان دان و ئاشکرا کردنی چاوەکانت بمرم بەسە ئیتر ئەو پەچەیە لەسەر رووت لادە دیسان لەبەر نازو عیشوەت بمرم چاوت هەر دەڵێی پیاڵەیەو پڕە مەی و منی پێ مەست دەکەی.
(٤) تەنها ئاوڕێکم لێ بدەوە چونکە بەئاوڕدانەوەی تۆ ژیانم نوێ دەبێتەوە جەرگت پارچە پارچە کردم ئەو تیرەی کە نازە بۆت هاوێشتم جەرگی پێکام.
(٥) وەعد: پەیمان، خیلاف: جیاوازی، وەعدەی خیلافت: وەعدت نەگەیاندە جێ، چۆگان: گۆچان.
بەو پەیمانەی کە نەت گەیاندە جێ سەرت شکاندم بە زولفت کەوەکو گۆچان چەماوەتەوە کە هێندە جوانە و دڵڕفێنە دڵت بردم.

تـــۆ وە تاریکـــە شـــەو، هیجرانـــی چـــەند ســـاڵەم
تـــۆ وە رۆژی روونـــاك کـــۆچ مـــاڵ ئـــەو ماڵـــەم[١].
تـــۆ وە بـــاڵای عەرعـــەرت زولفـــت لاولاوکـــە
تـــۆ وە نیگـــای دولبـــەرت جـــاریٚ لـــیٚم لاوەکـــە[٢].
تـــۆ وە دەروونـــی گـــەرم و تـــۆ وە هەناســـەی ســـەردم
تـــۆ وە دڵـــەی پـــڕ دەرد و تـــۆ وە روخســـاری زەردم[٣].
لەســـەر شـــانی دڵـــم بـــاری غـــەم خـــوار مەکـــە
تـــۆ راســـتی باڵاکـــەت، شـــەدەکەت لار مەکـــە[٤].
ئـــەمجار نۆبـــەی عەکســـی تەجـــەللای ســـیفاتە
ئـــەمجا نۆبـــەی جلـــوەی جـــامی خـــۆش ســـەفایە[٥].

---

(١) تۆ بەتاریکە شەو کەچەند ساڵە لێم جیابوویەوە بەتەنها دەژیم رۆژیش کە روونـاك دەبێت ئەو ماڵ دەکەم و بەدواتا دەگەڕێم و ناتدۆزمەوە.

(٢) عەرعەر: قەدو باڵای دولبەر.
تۆ کە ئەو بەژن و باڵایەت هەیە کەهەر دەڵێی داری عەرعەری توخوا زولفو گەزیزەکانت لاولاو بکەو بەوێنەی جوانی دولبەرت هەر بۆ جارێك ئەو زولفە لادەو رووخسارت ببینم.

(٣) تۆ دڵ و دەروونێکی گەرم و منیش بەهەناسەی سارد تۆ بەدڵێکی پڕ دەردو غەم و خەفەت و منیش بەرەنگ و رووخسارێکی زەرد لەناو دڵەی پڕ خەفەتی تۆ.

(٤) شەدە: ئەو پارچە پەرۆکەیە کە جاران ئافرەت لەسەریان دەکرد وەکو جەمەدانی پیاوان.
غەم و خەفەتێکی گەلێك زۆر لەسەر شانمە و تۆش باری ئەو غەمە خوارمەکە سوێند بە قەدو باڵای راست چی دیکە شەدەکەی سەرت خوارمەکە و مەمکوژە بەلەنجەو لاری شەدەی سەرت.

(٥) تەجەللا: ئاشکرابوون و دەرکەوتن، جلوە: درەوشانەوەی نووری خواناسان.
ئێستا نۆبەی ئەوەیە هەرچی سیفات هەیە بەدیاری بخەین و ئاشکرای بکەین بە پێچەوانەی جاران کە بەنهێنی دەمانهێشتەوە ئێستا نۆرەی ئەوەیە کە درەوشانەوەی نووری خوا دەربکەوێت جامی خۆشی سەفایە بێتە گۆڕێ.

وەك خـــــەتی مشـــــکینت تاکـــــەی پەرێشـــــانی
وەك پـــــەرگاری زولفـــــت تاکـــــەی ســـــەرگەردانی[١] .
روو زەردی ئیشـــــراقی خورشـــــیدی جـــــەمالم
شـــــەرمەندەی بارەگـــــای زولـــــف و خـــــەت و خـــــاڵم[٢] .
ئـــــاوارەی وەتـــــەن و غـــــەریبی کـــــۆی یـــــارم
میحنـــــەت زەردەی دەســـــتی رەقیـــــب و ئـــــەغیارم[٣] .
تـــــۆ وە کەعبـــــەی مـــــورادت قیبلـــــەی دنیـــــاو دیـــــنم
جـــــارێ دەرکـــــەوە بـــــا بـــــاڵات ببیـــــنم[٤] .
مـــــەقامی عاشـــــقان ســـــەدای قـــــەد قامەتـــــە
بەنـــــەوای حـــــەزینم راســـــتی قیامەتـــــە[٥] .

---

(١) خەتی موشکین: مووی تازە رواوی رەش و بۆن خۆش، پەرگار: پەرگال بۆ راکێشانی بازنە بەکاردێت، سەرگەردان: دەربەدەر ئاوارە، پەرێشان: پەرش و بڵاو.
وەك ئەو مووە تازە رەش و بۆن خۆشانەی کە لەرووی گەنجان هەیە پەرش و بڵاوە دەبی هەروەك پەرگال بسك و زولفت کەلول لول و بازنەیە تاکەی سەرگەردان و ئاوارە دەبێ.
(٢) خورشید: رۆژ، ئیشراق: روناك بوون، جەمال: جوان، شەرمەند: شەرمن.
من روو زەردی روناکی بوونی ئەو رۆژە جوانەم کەتیشکی زێڕینی پەخش دەکات بەسەر دنیادا دیسان شەرمەزاری بارەگای بسك و کەزی خەت و خاڵم.
(٣) میحنەت زەدە: دەردو بەڵا و پەرێشانی، رەقیب: دوژمن، ئەغیار: بێگانە.
ئاوارە و دەربەدەری نیشتمانم دوورو غەریبی دۆست و برادەرانم دەردو بەڵا پەرێشانی دەستی دوژمن بێگانەم.
(٤) مورادت: هیوا–ئامانج.
سوێند بەکەعبە کە هیواو ئامانجتە تۆ قیبلەی دین و دنیام واتە تۆ رێگا پێشاندەی رێگا ئاسانکاری دین و دنیامی، جارێك دەرکەوەو خۆت نیشان بدە با قەدو باڵات ببینم.
(٥) سەدا: دەنگ، قەد قامت: قامەتی نوێژکردن، نەوا: دەنگ ئاواز، حەزین: غەمناك.
شوێن و مەقامی دۆستانی خوا هەر دەنگی قەد قامەتە بەدەنگە و ئاوازی غەمباراویم راستی وەستانی رۆژی قیامەتە.

بەشـــیۆەی شـــیرینت ســـەد فـــەرهاد کەیلـــە
هـــەزار مـــەجنون ســـەودای زولفـــی لەیلـــە[١].
بـــۆچ هـــەر ئـــەمن مـــەخموری بـــادەی مەســـتم
یـــا هـــەر مـــن سەرمەســـت جـــامی ئەلەســـتم[٢].
لـــەلای خـــۆی (حـــەریق) شـــەمعی رووی خوبـــانم
گـــیرۆدەی زنجـــیری پیرەکـــەی بورهـــانم[٣].

---

(١) کەیل: پڕ لێواو لێو.
هەرکە شێوەی شیرینت بەدیار دەکەوێت سەد فەرهاد لێواو لێوی عەشقی دەبێت هەزار مەجنونیش عەشقی زولفی لەیلا دەبێت.

(٢) ئەلەست: بەشێوەی پرسیار خوا دەفەرمووێت: ﴿أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ﴾ مرۆڤەکانیش وەلامیان دایەوە ﴿قَالُوا بَلَىٰ﴾ مەخمور: سەرخۆش، بادە:مەی.
لەبەرچی هەرمن سەرخۆشی مەی و بەو مەیە سەرخۆش و مەستم یان هەر بەتەنها سەرمەستی ئەو پەیمانەم کە رۆژەکەی ئەلەست بە خوامان دابوو.

(٣) خوبان: جوان شۆخ، شەمع: مۆم، پیر: شێخی تەریقەت- شێخ بورهان یوسف شمس الدین پیری حەریقی.
لەلای خۆی بە مەزەندەی خۆی حەریقی مۆمی روو گەنج و جوان و شۆخانە گیرۆدەو عەوداڵی زنجیری پیرەکەیەتی کە شێخ یوسف شمس الدینە.

چوارینەکان

چۆن بەسەرکەم زەرفی ئەو قەومە بەسونەیە
جامی عەیشی ئەکل و شوربی باکیان بەسوینەیە[١].
خۆ لە قورنی هەرکەسێ ئەمرۆ لەقوردا نەبێ
دەس لەخۆی بەردا کەسێ بەردی زەلامی پێ نەیە[٢].

کاغەزی وا زۆر دەهاتن زوو لە هەورامانەوە
وەک گەلا تالو هەموومان خستە ئاگردانەوە[٣].
دوێنێ دەتگووت یوسفی سدیقی میسری دین ئەوە
ئەمرۆ بات داوە، چ عەیبێکی هەیە بادانەوە[٤].

---

(١) عەیش: خۆشیو بەختیاری، ئەکل و شورب: خواردن و خواردنەوە.
چۆن بێنمە بەرچاو بارو زروف ئەو قەومە کە هێندە بەسونەیە، جامی خۆشی و کامەرانی و بەختیاری تەنها خواردن و خواردنەوە باکیان بەهیچ شتێك نییە سوینە نەبێت.
(٢) خۆی لە قورِ نێت هەرکەسێك خۆی لەقورِ نەناوە، دەست لەخۆی بەردا و دەستی لەخۆی بشوات کەسێك بەردی گەورەی پێ نەبێت.
(٣) کاغەز: نامە، تالۆ: جۆرە دارێکە زوو دەسووتێت ئاگر دەگرێت.
جاران زوو زوو نامە لە هەورامانەوە بۆمان دەهات، ئەو کاغەزانە هێندە بایەخیان نەبوو دەمانخستە ناو ئاگردان لەگەڵ گەلای تالۆ خۆمان پێ گەرم دەکردەوەو ئاگرمان پێ خۆشدەکرد.
(٤) یوسف ی راستگۆ: یوسفی کوڕی یعقوب سلاوی خوایان لێ بێت.
هەتا دوێنێ دەتگووت ئاین هەر ئاینی حەزرەتی یوسفی راستگۆیە، کەچی ئەمرۆ پێچەوانەی دوێنێ لەقسەکان پەشیمان بویەوە، جا ئەوە چ عەیبێکی هەیە باداوەو پەشیمان بوونەوە.

عیلمـــی جـــەلب و کەســـبی دونیـــا بۆتـــە ئـــەجزای کیمیـــا
بـــــۆمنی ســـــەودا زەردە ســـــەودایەکی ســـــەمفونیا[١].
هـــاو دەرس بـــووم مـــن لەگـــەڵ زاهیـــد لـــە دیپاچـــەی کتێـــب
مـــن نەگەیمـــە فەســـڵی تـــەزویر ئـــەو چـــوو بـــۆ بـــابی ریبـــا[٢].

عـــەزیزم تـــۆ دەزانـــی مـــن لەبـــەر چـــاوت کـــەڕو گێـــژم
لەبـــەر ناپیـــاوی خـــەڵمکی تێدەگـــەی موحتـــاجی گوێدرێـــژم[٣].
ســـوارنیم و پیـــادەم چـــۆن ئـــەبێ وەســـل و مولاقـــاتم
ولاغ دەست ناکەوێ هـــەر بـــۆ تەبـــەروک خـــۆ ســـەر ئاوێـــژم[٤].

---

(١) جەلب: راکێشان، ئەجزا: کۆی جزو بەش.
راکێشانی زانست و پەیداکردنی لەگەڵ کەسایەتی دنیا بۆتە بەشەکانی کیمیا بۆ کەسێکی وەکو منی سەودا سەر کە سەودای سەمفۆنیامە.
(٢) زاهید: خواترس: دیپاچە: سەرەتای کتێب، تەزویر: فرت و فێڵ، ریبا: ئیش کردن بۆ دنیاو غەیری خوا.
هاودەرس بووم لەگەڵ خواناسێك کە لەسەرەتای کتێب بووین من نەگەیشتمە بەشی تەزویر و فرت و فێڵ ئەو گەیشتە بەشی ریبا.
(٣) خۆشەویستم تۆ دەزانی من لەبەرتۆ کەڕم گوێم لەهیچ نابێت و گێژم و لە هیچ شتێك ناگەم ئێستا لەبەر ناپیاوی خەڵکی چاك بزانە پێویستم بە گوێدرێژەك هەیە بۆئەوەی پێویستەکانی خۆمی پێ جێبەجێ بکەم.
(٤) وەسڵ و مولاقات: بەیەکگەیشتن.
سوارنیم واتە سواری ولاغ نیم و بەپێی خۆم دەڕۆم کەواتە ناتوانم پێت بگەم چونکە دیارە پیادە وەکو سوارە خۆش ناڕوا لەرێگا ئەوەش هۆی ئەوەیە کە ولاغ دەست ناکەوێت هەر بۆ جارێکیش بۆ موبارەکی سواری ببم.

هەروەکو بیستومە بەینێکە لەئەم بەر ئەم بەری
بۆمەلای مزگەوتی سوور واچاکە تۆبی لەوبەری[١].
بێ لەحاشا بۆ لەگەڵ من مەحکەمەی قازی دەچوو
کاکی سەردەشتی بە تەڕدەستی وەسەر جێگا پەڕی[٢].

بەپشکێ رازییە قازیلەهەر ماڵی کە دووپشکە
لەماڵی خۆی لەبۆ خەڵکی هەمیشە حیسە دووپشکە[٣].
بەڵێ مونعیم دەبێ وابێ خودا کا ماڵی ئاوابێ
نەوەك خەڵکی کە ماڵیان ژەهری مارونێشی دووپشکە[٤].

---

(١) هەروەکو گوێ بیستی ئەوە بویمە ماوەیەکە خەریکی ئەو بەرو ئەوبەری واتە خەریکی هاتووچۆکردنی ئەم بەرو ئەوبەری جا بۆ ئەوەی ببیە مەلای مزگەوتی سوور واباشترە بۆتۆ لەوبەربیت.

(٢) لەگەڵ مندا هەرخەریکی هاتووچۆ بوویت بۆئەوەی لای قازی دادگایی بکرێین جا برای خەڵکی سەردەشت زۆر بە تەڕدەستی لەسەر جێگادا پەڕی.

(٣) پشك: بەش حصە، دوو پشك: دووبەش، حیسە: بەش، مونعیم:باوکی کەریم قازی کە دووپشك پێوەی داوە.
قازی بەشی پشکێکە کەچی لەماڵی خەڵکی دووپشك پێوەی داوە لەماڵی خۆی کە بیداتە خەڵکی هەریەکە دوو پشکی پێدەدا.

(٤) بەڵێ کەسێکی وەکو مونعیم دەکرێ مەبەستی کەسێکی خوا پێداو بێت جگە لە قازی مونعیم دەبێت ئاوا بەخشندە بێت لەماڵی خۆی ببەخشێت خوا ماڵی ئاوا بکات نەك وەك ئەوەی خەڵکی بچێتە ماڵیان ژەهری دووپشکی بدرێتێ بەهۆی ئەوەی دووپشك پێوەی بدات.

بابێ کوڕێکی بوو، چ کوڕ، ئەربابی مەعنەوی
دەیگووت لەرووی نەسیحەتەوە دایمەن بەوی[1].
وەك جەردەبێ، دە رۆڵە لەعەمری منت کەوی
نەی دەیتەوە بەمفتی ئەفەندی گلنبوی[2].

چوومە جەرگەی ئەهلی دڵ جەرگێکی بێ داغم نەدی
نالەی بولبول لەباغا بێ قرە زاغم نەدی[3].
عالەمێکی پڕ لە ناساغ و یەکێکی ساغم نەدی
دوور لەمەردانی خوا غەیری قورمساغم نەدی[4].

---

(١) بابێ: مەبەست باوکی شاعیرە، کوڕێك: مەبەست شاعیر، ئەرباب: گەورەو بەڕێز، نەسیحەت: ئامۆژگاری، دایمەن: بەردەوام، بەوی: بەئەو.
باوکێك کوڕێکی هەبوو بەڵام چ کوڕ کوڕێکی گەورەو بەڕێز لەرووی داناییەوە هەموو جارێك ئەو باوکە هەموو کاتێك بەبەردەوامی ئامۆژگای کوڕەکەی دەکرد.
(٢) جەردە: ڕێگر، موفتی ئەفەندی: مەبەست عزیز موفتییە، گلنبوی: کتێبێکە جاران فەقێیان لەدوا قۆناغی خوێندنیاندا لەمزگەوت دەیانخوێند باس لە علمی کلام.
دەکات وەك ڕێگربە ڕۆڵە لەعومری منت کەوی ئەو کتێبە کە گلنبوی یەو هی موفتی عزیزە نەیدەیتەوە.
(٣) زاغ: قەڵەڕەش.
چوومە ناو ئەهلی دڵ ئەوانەی بەدڵ سەیری خەڵك دەکەن هیچ کەسێکم نەدیت کە جەرگی داغ نەکرابێت، لەناو باغیشدا هیچ نالەی بولبولێکم نەدیت کە قرەقری قەڵەڕەشی لەگەڵدا نەبێت.
(٤) دنیا سەرتاپا هەموو ناساغە و کەس لەگەڵ کەس ساغ نییە هەرهەموو ناساغە، بێجگە لە مەردانی خواپەرستان ئەوانی دیکە هەرهەموو قورمساغن.

تکاکان

لـــەعوزرا بـــوو مـــەلا بۆیـــە جـــووابی دا گـــووتی نـــادەم
ولاغ دەست ناکەوێ عەیبی نییە چـش گـەر منـیش پیـادەم[1] .

ســـواری مەرەکـــەبی فکـــرم لـــەدەوری مـــوڵکی مـــەحاڵ
ســـواری تەوســـەنی هیمـــەت نـــەما **فحـط** الرجـــال[2] .

عـــەزیزم تـــۆ ئـــەزانی مـــن لەبـــەر چـــاوت روو گێـــژم
لەبـەر ناپیـاوی خـەڵکی تـێ ئەگـەی موحتـاجی گوێدرێـژم[3] .

تـــاڵ و شـــیرین پێکـــەوە نـــەم دیـــوە چـــا، نـــەبێ
هەرکەســێکی هـــەم نشـــینی چـــا نـــەبێ، پێـــت چـــانەبێ[4] .

---

(١) عوزر: داوای بورین لەئەنجام نەدانی کارێك.
شاعیر داوای گوێدرێژێك لەمەلایەکی هاوڕێی دەکات کە کاری خۆی پـێ جێبـەجێ بکـات و دوایی بۆی بگەڕێنێتەوە کەچی کابرا عوزر دەهێنێتەوە کە ناتوانێت پێی بدات.
داوای ولاغێکم کرد لەمەلا کە بەئەمانەت پێم بدا کەچی عوزری هێنایەوەو نەیدا پـێم دیـارە قاتی ولاغەو دەست ناکەوێت هیچ عەیبێکی نییە گەرمن پیادەبم.
(٢) مەرکەب: هەرشتێك سواری ببی، مەحال: مستحیل، قحگ الرجال: قاتی پیاو.
سواری بیرو فکری خۆمم ئێستا ئەوەی هەمە تەنها فکرم و مـولکی دنیـام نییـە بۆیـە بـڕوام هیمەتم بەو هەیە ئێستا قاتی پیاوە لەو سەردەمە.
(٣) خۆشەویستم تۆ دەزانی بۆچی لەبەر چاوی تۆدا هێندە گێژو وێـژم بـا پێـت بڵـێم هۆیەکـەی لەبەر ناپیاوی خەڵکە چونکە من ئێستا خاوەنی گوێدرێژ نیم.

گـوتم بوسـەم دەوێ رووی خـۆم بـەئاوی رووت گـولاو ناکـەم
گووتی بوسەت ئەوێ شێتە ئەمنیش رووی خۆم گـلاو ناکـەم[٢].

سوپاس بۆخوا
لەشەرحی بوومەوە
سەرلەبەیانی ٢٠١١/٢/٢١
بەرامبەر ١٨ ربیع الاول ١٤٣٢

---

(١) چا: شلەیەکە دەخورێتەوە لەگەڵ شەکر، پێت چانابێ: لات باش نابێت.
نەمدیوە هیچ شتێك تاڵ و شیرینی کۆیان بکاتەوە جگە لە چا نەبێت، کەخۆی تاڵەو شەکری شیرینی تێدەکرێت، جا هەرکەسێك لەکۆڕو مەجلیسی چا خۆرەوەکان نەبێت و لەگەڵیان هەڵنەستێتو دانەنیشێت لات باش نەبێت.
(٢) بوسە: ماچ، گلاو: سەگ دەمی لەهەر شتێك بدات گلاو دەبێت بۆ خاوێن کردنەوەی دەبێت ئەوشتە حەوت جار بشورێ جاری حەوتەم بە خۆڵ بێت.
گوتم ماچێکم بدەرێ یا رووی خۆم بەئاوی رووت گولاو نەکەم ئەویش گووتی شێتە ماچت دەوێ چۆن رووی خۆم بەدەمی تۆ پیس و گلاو بکەم!.

ناوەڕۆك

پێشەکی ٥

هونەری شیعری حەریق ١٢

پیتی (أ) ١٨

پیتی تاء ٢٦

پیتی دال ٤١

پیتی راء ٤٦

پیتی سین ٥٥

پیتی شین ٥٧

پیتی میم ٦٠

پیتی نون ٩٨

پیتی هاء ١١٣

پیتی یێ ١٥١

چوارینەکان ١٩١

تکاکان ١٩٥

ناوەڕۆك ١٩٧



نەوزاد کەلهور

- لە ساڵی ١٩٦٠ ز لە هەولێر لە دایك بووە.
- دەرچوی کۆلیژی پەروەردە ، بەشی پەروەردەی دەرونزانیە.
- ئەندامی یەکێتی نوسەران و سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی نێودەوڵەتیە.

چاپکراوەکانی

١- ڕەهەندی ئایین لە شیعری کلاسیکی کوردی .
٢- گەشەکردنی منداڵ.
٣- پینەدۆز و دراوسێکەی.
٤- زێوەر — لێکۆڵینەوەو لێکدانەوە.

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر توتیلی شیرین بالاس
Mob:00964 750 460 51 22
Tel: 0964 750 25 18 138
www.tafseer-pub.com
tafseeroffice@yahoo.com
Designer